# ئازادی لەنێوان عەقڵو یاسادا

نووسەر/ هێرقی بۆیلۆت
وەرگێڕان/عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە

# ئازادى لەنێوان عەقڵو یاسادا

ن/ هێرڤی بۆیلۆت

## پەیمان

پەیمان لە بنەڕەتدا چەمکێکی قەزاییە، بەڵام لەسەرەتای سەدەی حەڤدەهەمەوە چۆتە مەیدانی فەلسەفەوەو بووەتە ئەو مۆدێلەی لە ئێستا بەدواوە بواری کارکردنی بۆ دەرەخسێت لە کۆی پراکتیزەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا، هەر بەوەش بۆ خۆی بۆتە ئەو پەیوەستگەلانەی مرۆڤ بەتەواوی ویستی خۆی وەریان دەگرێتو بەشەرعیبوونیش وەسف دەکرێت.

پەیمان ئاماژەیە بۆ بەرجەستەو مەعریفەی تاك وەك کیانێکی سەربەخۆ، ئازاد لەپابەندوونەکانیدا، لەم چوارچێوەیەشدا هەموو پەیوەندییە تەقلیدییەکان لە ملکەچبوونو زۆرە ملێو ناچارکردندا نا شەرعی دەبن. لەمەشەوە تێدەگەین پەیمان بەهەموو رەهەندەکانیەوە دەچێتە نێو چوارچێوەی فەلسەفەی سیاسیەوە.خودی دەسەڵاتی سیاسیش بەوە دانراوە کەلەسەر پەیمان دامەزراوە. چونکە هیچ شەرعیەتێك نیە تاکەکان لەسەری قایل بنو ئیشکردن بە (خۆڕسك ـــ فگرە) وا دەکات هەر لەسەرەتاوە تاکەکان یەکسانن، بگرە تەنانەت لایەنگرانی پاشایەتی رەهاش(هۆبز) لەسەر بنەماو رێسای پەیمانی کۆمەڵایەتی دامەزراندنی بۆ دەکەن.

هاوکات ئەوەش راستە ئەگەر بڵێین تیۆرە دیموکراتیو لیبرالیزمەکانی تیۆریستانی وەك (جۆن لۆك)و (رۆسۆ)ش پەرەسەندنێکی روونتری ئەو بیرۆکەیەن. چەمکی پەیمان تائێستا تەواوی ماناکانی بەکارنەبراوە، بەم دواییە دەبینین(جۆن راولز)ی فەیلەسووفی ئەمریکی ئەم چەمکە دەکاتە بنەمایەك بۆ تیۆرەکەی لەبارەی دادپەروەری کۆمەڵگە.

رەنگە کوتوپڕیەك بێت کاتێك دەزانین وشەی پەیمان یەك لە دەستەواژە بنچینەییەکانە لە فەلسەفەدا. چونکە چەمکەکە بنچینەیەکی قەزایی هەیەو بەو مانایەش دێت کە: رێکەوتنێکە بەپێی ئەم رێکەوتنە دەبێت( کەسێ یان کەسانێك پابەندبن بە پێدان یان کردنی یا نەکردنی کارێك یان شتێك) . ئەمە پێناسەی پەیمانە لە رووی یاسای مەدەنییەوە. هەموو کردەو چالاکیە مرۆییەکانیش لەگۆڕینەوەو مامەڵەکان لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا لە شێوەی پەیماندا ئەنجام دەدرێن( گرێبەستی فرۆشتن، کارکردن، هاوسەرگیری.. هتد) کەواتە دەکرێت بپرسین، ئەم چەمکە بۆ لەسەر فەلسەفە حیساب کراوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش دوو هۆکارە:

١)هەمان پێناسە بۆ پەیمان بیرۆکەی پابەندبوونکردن دەگرێتەوە خۆ بە وردەکارییەکی زیاترەوە لەپابەندبوونی خودی( ئەو پابەندبوونەمان مەبەستە کە مرۆڤ لەسەر خۆی فەرز دەکات وەك پەیماندانێك بۆ نموونە) بەرجەستەو پیادەکردنی پەیمان خۆی لەدەرەنجامدا ئەولەویەت دەدات. بەهەمان چەمك ، واتە چەمکی مرۆڤی ئازاد بە پابەندبوونەکانیەوە، چونکە لەمبارەدا دەبێ رەزامەندیی بەهەند وەربگیرێت لەهەموو ئەو شتانەدا کە بەکەسانی دیکەوەی دەبەستێتەوە.کەواتە فۆرمی پەیمانەکە لەچەمکی نوێی هاوچەرخ نامۆ نیە.

٢)فۆرمی پەیمانبەستن بۆتە بارێکی گشتی لەکاتێکدا کەلەسەرەتادا سنووردار بوو بۆ مامەڵە تایبەتەکانو گۆڕینەوەی داراییو کەسەکان. پەیمان لەسەرەتای سەدەی هەژدەهەمەوە چووە بواری بەکارهێنانەوە، وەك مۆدێلێك کەلە پەیوەندیە مرۆییەکاندا پێشتر بەکارهێنرابوو. ژیانی سیاسیش هاوکات لەسەر بنەمای پەیمان

لەنێوان تاکەکاندا بونیادنراوە. هەر ئەوەشە سیمای پەیمانی کۆمەڵایەتی کە فەلسەفە بایەخی پێداوەو دواتر دەبێتە ناونیشانی ناودارترین نوسینەکانی(رۆسۆ) لێرەشدا باس لە هەردوو رواڵەتەکەی چەمکی پەیمان دەکەین لە فیکری فەلسەفیدا.

## پەیمان: ئاماژەی دەرکەوتنی مێژوویی

پەیمان پەیوەندییە مرۆییەکانی نێو کۆمەڵگە بەرێژە جیاوازەکان رێکدەخات. لەکۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا پەیمان بوونی نیە، لەوێدا کەتاك لەدەرەوەی چوارچێوەی کۆمەڵە، یان گروپدا بوونی نیە، زۆرجاریش وتراوە گرنگترین ئاماژە جیاکەرەوەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵگاکانی خۆرئاوایە. لەدوا سەدەکاندا وەرچەرخانی پلە بە پلەی تاك وەرچەرخا بۆ کیانێکی سەربەخۆ، بەمانای وەرچەرخانی وردە وردەی بۆ تاکێکی تەنیا.

لەبەرامبەر ئەوەشدا، تاك لە کۆمەڵگەی تەقلیدیدا، ئەو کۆمەڵگەیەی لەسەر نەسەقێکی دیاریکراو یان لەسەر رێسای چینەکان دامەزراوە، هەست بەناهەمواریو خراپە دەکات لەکاتی بوونیدا لە دەرەوەی چوارچێوەی چینەکەیدا کە پێگەی لەنێو دەسەڵاتدا بۆ دیاری دەکاتو دەبێ ئەویش رێزی لێبگرێتو پابەندی بێت. ئەوەش سیستمی کۆیلایەتیە لە ژێردەسەڵاتی دەرەبەگو کۆیلە لەژێر دەسەڵاتی .. هتد. کۆمەڵگە نوێیەکان کراوەترن لە کۆمەڵگە تەقلیدییە بەهێز داخراوەکان کەلەسەر نەسەقێکی پلە بە پلە دامەزراون. (ئەمەش هەرگیز ئەوە ناگەیەنێت کەلە کۆمەڵگە دیموکراتەکاندا داخران نیە( بەڵام دەکرێت تیایدا تێبینی نائامادەیی پشتبەستن بە (لەدایکبوون) بکرێت وەك ئاماژەیەك بۆ جوداخوازیی کۆمەڵایەتی. بۆ نموونە لە یۆنانی کۆندا، هەروەك لە رۆماشدا، مرۆڤ بە کۆیلەیی لەدایك دەبوو، لەسایەی سیستمە کۆنەکەشدا مرۆڤ بەخانەدان یان وەك رەعیەتە گشتیەکە لەدایك دەبوو، کە ئەو کات سووكو ئاسان پرسێکی وەك لەدایکبوون پێگەی مرۆڤی دیاریدەکرد ئەگەر تەواوی چارەنووسیشی دیارینەکردایە. بۆ نموونە مرۆڤێکی ئاسایی نەیدەتوانی ببێتە ئەفسەر لە سوپادا، چ جای ئەوەی بەکۆیلەیی لەدایك دەبوو، ئەمیان جگە لە کۆیلایەتی هیچی تری لەبەردەمدا نەدەبوو، پەیمان لەکۆمەڵگە نوێیەکاندا. زەمینە بۆ جۆرێکی تر لە پەیوەندیەکان لەنێوان خەڵکیدا دەسازێنێت، ئەو کۆمەڵگانەی لەسەر چەمکێکی بنچینەیی دادەمەزرێن کە بریتیە لە دانان بە تاکدا وەك کائینکێکی ئازادی خاوەن ئازادیەك بتوانێت لەگەڵ کێدا بخوازێت پەیمان ببەستێتو پابەندبێت پێیەوە. بەم ئاراستەیەشدا دەکرێت بڵێین جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان کۆیلەی سەردەمی کۆنو کرێکارانی ئەم سەردەمەمان، هەرچەندە ئەو کارانەی ئەمەی دوایی دەیکات هەمان گرانیو قورساییان هەیەو لەرووی کۆمەڵایەتیشەوە لەلایەن خاوەن کارەکانەوە بەسووك بۆی دەڕوانرێت، کرێکاری ئەمڕۆ دەتوانێت ئەو کەسە بگۆڕێت کاری لادەکات، چونکە سەرەڕای ئیرادەی لەئاستی کەسێکدا دەتوانێت ملکەچ نەبێت بەوەی داوای ئەوەی لێبکات بەهەمو کارێك هەڵبسێت، تا ئەمڕۆش ئەمجۆرە پەیوەندیانە لەکارکردندا هەیە، چونکە ئەمڕۆ جۆرێکی تر لە کۆیلایەتی هاتۆتە ئارا، بەڵام ئەم کۆیلایەتیە دەکەوێتە دەرەوەی(پەیمان)، یان بە پەیمانی ناڕەوا ئەنجام دەدرێت. پەیمان بۆ خۆی لە بنچینەدا چەمکی(تاك)ی ئازاد ئەگرێتەوە کە پێشتر لەسەر رەزامەندی خۆیو بەتەواوی ویستی خۆی نەبێت بەکارێك لەکارەکان هەڵناسێت، کەواتە پەیمان ناچاری پابەندبوونی زۆرەملێمان ناکات لە ئاستی بەرامبەردا، بەڵکو خۆپابەندکردنێکی ئازادانەیە. تاکە مەرجیش وا دەکات پەیمان بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەوەیە بەتەواوی بۆ جێبەجێکردنو پابەندبوون پێیەوە قبوڵ کرابێت. ئەو پەیمانانەی دەبەسترێت بێئەوەی

پەیمانبەست ئاگاداری زانیارییەکانی بێتو بەروونی خاڵەکانی نەزانراوبێتو نەشزانێ لەئاکامی ئەو پەیمانبەستنە چی دەکەوێتە سەری، بەپەیمانی گەمژەکان ناسراوە. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی دوا پرسیار بکەین: ئایا دەکرێت پەیمان هەموو شتێك رێکبخات؟ دواتر وەلامی ئەم پرسیارە ئەدەینەوە، بەلام دەکرێت ئێستا ئاماژە بدەین (رۆسۆ) بەتەواوی رونیکردۆتەوە کە سنوورەکانی بابەتی پەیمان دەبێ چۆن بێت. ئەگەر پەیمانێکی بەتاڵ(ناڕەوا) هەبێت، ئەو پەیمانەیە کە بەپێی پەیمانەکە مرۆڤێك، کەسێك خۆی دەداتە دەستی کەسێکی تر. بەوەش ئازادی خۆی دەگوزەرێنێت یالە دەست دەدات. رێککەوتنێك لەسەر کۆیلایەتیەکی لەو جۆرە لەسەر ئاستی دەستەواژەکانی، ناکۆکیەك لەخۆ دەگرێت، بۆیە دەبێ رەتبکرێتەوەو بەرێکەوتنێکی ساختە دابنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بزانین(پەیمان)گەلێکی لەو جۆرە تا ئەمرۆشمان لەچەندین ولاتی جیهاندا دەبەسترێت. کەواتە پەیمانی (بەتاڵ، پووچ، ناڕەوا) ئەو پەیمانەیە وادەکات مرۆڤێك بەهۆی قەرزدانەوە بەباوکێك مناڵەکانی لەکاردا بڕەتێنێت. لەم رێگەیەشەوە لەهیندستان هەزاران مناڵ بەکۆیلە دەکرێن. لێرەدا ئەوە روونە کە ئێمە لەئاستی کۆمەڵە پەیمانێکی (بەتاڵ)داین، چونکە کەس نیە ئازادی کەسێکی تر کۆتوبەند بکات، تەنانەت باوکیش لە ئاستی مندالەکانیدا، بۆ ئەوەی (پەیمان) دروستو رەوا بێت، مەرج ئەوەیە دەبێ پەیمان بەست لە تەواوی رەزامەندیدا بێت بە پەیمانەکەو دوور بێت لە ناچارکردنو زۆرملێ. کەواتە پەیمان کردەی ئازادنەی مرۆڤی ئازادەو بەوەش ناکۆك دەبێت لەگەڵ هەر شتێك بەناوی ئەوەوە بکرێت وەك چەمك ئەگەر ببێتە مایەی لەدەستدانی ئازادی.

## پەیمانی کۆمەڵایەتی: بنچینەی دەسەلاتی سیاسیی شەرعی

کاتێك لەکۆمەلگەیەکدا هۆشیاری تەواو دەبێت بەچەمکی سەربەخۆیی تاکەکان، ئەوکات لەو کۆمەلگەیەدا ناڕەزایی دروست دەبێت بە فۆرمە تەقلیدییەکانی دەسەلات، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەوێدا گەڕانێك دەبێت بەدوای فۆرمی نوێی دەسەلاتێك تەبا بێت لەگەڵ ئازادی تاکەکەسیدا. ئەوکات وادەردەکەوێت تاکە دەسەلاتی رێگەپێدراو، بەشێوەیەك لە شێوەکان، ئەو تاکە دەسەلاتە دەبێت کەلەناخی تاکەکانەوە سەرچاوەی گرتبێت. لێرەشەوەیە دابڕان هاتە نێوان فیکری نوێو فیکری گریکی کۆن. بۆ نموونە ئەرستۆ پێیوایە دەوڵەت بەشێك لەواقیعی سروشتی پێکدەهێنێت، هەمووشمان وتە بەناوبانگەکەیمان بیستووە کە دەڵێت:" مرۆڤ بە سروشتی خۆی زیندەوەرێکی سیاسیە".

لە فیکرێکی لەو جۆرەشدا لە سروشتدا دەگەڕێین بۆ بنچینەی ژیانی سیاسی نەك لەو رێکەوتنەدا کە تاکەکان بەپێی ئەو بەئازادی یەکدەگرن، بەو جۆرەش کۆمەلگەی هاولاتیان وەك حەقیقەتێکی پێشینەییو سەرەتایی: بەکۆمەلگەیەکی سروشتی دەبینرێت. بەلایەنی فیکری نوێشەوە بەپێچەوانەوە، لەوێدا تاك لەپێشەوەیە، چونکە لەمبارەدا مرۆڤ(تاك)ە بەر لەوەی هاولاتی بێت.

فەیلەسووفانو مافناسان لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمەوە، لە پەیماندا ئەو چەمکەیان پەیپێبرد کە رێگە دەدات بەڕوانین بۆ شەرعیەتی دەسەلاتێکی سیاسی لە میانەی ملکەچبوونی تاکەکانەوە بۆی بەرەزامەندی خۆیان، دواجاریش روانین بۆ دەسەلات وەك گواستنەوەی دەسەلات بەئارەزوو ئازادی خۆیان بۆ دەستی دەسەلاتدار(دەسەلاتدار دەکرێت کەسێك، کۆمەڵە کەسانێك، خودی گەل، بەپێی پۆلینە یۆنانیەکەش: پاشایەتی، ئەرستۆکراتی، یا کۆماری بێت، بەمانایەکی تر، سەرچاوەی دەسەلاتی حاکم ـ دەسەلاتی دەوڵەت،، بوونی نابێت

لەمیانــەی دەســەڵاتی ئــەو تاکانــەوە نــەبێت کــە بەسرووشــت لەســەر خۆیــانو کەســانی تــر هەیانــەو دواجــار دەستبەرداری بەشێکی دەبن، کاتێك لەبەرامبەر ئاسایشو ئارامی گۆڕینەوەدا دەیخەنە دەستی دەسەڵاتدارەوە.
کەواتە ئەو پەیمانی کۆمەڵایەتییەی ئەستونەکانی کۆمەڵگەیەکی سیاسی دەچەسپێنێت، لەهەر کۆمەڵگەیەکی وەك ئەم کۆمەڵگەیەمان دەچێتە ژێر باری یاساو دەسەڵاتی گشتییەوە، پەیمانێکی بەرقەرارە لەسەر بارێکی سروشتی.

## باری خۆڕسك(حالة الفطرة)

خۆڕسك(فطرة) بریتییە لەو:" هەڵسوکەوتەی مرۆڤ وەك پێویستی دەیگرێتە خۆی ئەگەر هیچ دەسەڵاتێکی نەبێت یان نەتوانێت ڕێزی یاساو پەیمانەکان دەستەبەر بکات"بۆ ئەوەی بکرێت بیرۆکەیەکی وەك حاڵەتی خۆڕسك پێکبهێنین بەپێی (هۆبز) ئەوەندەمان لەسەرە وێنەو دیمەنەکانی جەنگێکی ناوخۆ بێنینە بەرچاومان: دەبینین ئاژاوەو شەڕو توندوتیژییە. ئاژاوەو توندوتیژیش وا لەخەڵکی دەکات کۆمەڵگەیەکی سیاسی پێکبهێنن کە ژێرباری دەسەڵاتو هێز بێتو سیفەتی جێبەجێکاریش بەم دەسەڵاتە بدرێت. بەڵام دەبێ لەو باوەڕەدانەبین خۆڕسك (فطرة) خاڵە دیارەکانی ژیانی کۆمەڵگە سەرەتاییەکانە. واتە، نابێ وا بڕوانینە خۆڕسك کە بارێکی باو بووە لە سەردەمە مێژوویی‌و بەرلەمێژوویەکاندا، چونکە هەوڵدان بۆ لکاندنی سیفەتی لەو جۆرە بەسەردەمەکانەوە وا دەکات دەستەواژەی (فسطرة) حەقیقەتێکی مێژوویی لێبخوێنرێتەوە. بەهەرحاڵ، خۆڕسك(گریمانەیەکی لۆژیکییە نەك خەملاندێکی مێژوویی ـــ ماکفرسۆن). هەریەك لە(هۆبز، رۆسۆ)ش هەمان بۆچوونیان هەیە، بەڵام رۆسۆ لەوەمان ئاگاداردەکاتەوە کە وەك شتێکی زادەی خەیاڵ بڕوانینە خۆڕسك، باشتروایە خۆڕسك وەك حاڵەتێك بناسین کە خەڵکی تیایدا دەژیان گەر شتێك نەبوایەتە ڕێگری رەوتی هەڵسوکەوتی سروشتییان، بەڵام هەمان خواستو ئارەزوو، کە هۆکاری جیاوازییە لەنێوان خەڵکیدا، ئارەزووگەلێکی تایبەتبوو بە خەڵکانی شارستانی، وەك ئارەزووی داگیرکردنی ماڵوموڵکی خەڵکی، نەبوونی متمانە لەنێو خەڵکیداو ئەوەش ناچارمان دەکات دەرگاکانمان بەکلیل کڵۆم بدەین.
کەواتە دەبێ بە تایبەتی وا تێنەگەین کە خۆڕسك حاڵەتێکی بەر لە کۆمەڵگەی سیاسی بووە، بەڵکو ئارەزوو نەزعە ناوەکیەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی ئاسایی مەیلییان بەلای تێکدانو کاولکارییەوە هەیە ئەگەر دەسەڵاتێکی گشتی جڵەویان نەگرێت، لەو بارەیەوە(تۆماس هۆبز) دوور نەڕۆیشتەوە کە بەدوای ئەمجۆرە نەزعانەدا گەڕایەوە، چونکە هەر لای کەسانی سەردەمی خۆی نموونەی لەو جۆرەی دەرك پێکردووە، بەڵام گریمانەی بوونی ئەم خواستو مەیلانە لای مرۆڤ چ سوودێکمان پێدەگەیەنێت؟ پرسەکە بەلای ((هۆبز)ەوە روونە کەلەوەدا پاساوی پەنابردنی بۆ دەسەڵات دۆزیوەتەوە کە رۆڵی دەبێت لە پاراستنی ئاسایشو ئاشتیدا، ئەوەش لەلایەکەوە قوربانیدان بەئازادیە تاکەکان دەگەیەنێت، کەواتە گریمانەی خۆڕسك پشتگیری لە چەمکی پەیمانی کۆمەڵایەتی دەکاتو لەدەرەنجامیشدا پشتگیری لە بوونی دەسەڵاتی سیاسی دەکات. بەڵام (رۆسۆ) کەلەپەیمانی کۆمەڵایەتیدا فۆرمێکی ئازادی بەدیدەکات نەك ئاسایش، ئارەزوومەندی مرۆڤ بۆ دوودڵی‌و ململانێ نایگێڕێتەوە بۆ سروشت، هەروەك (هۆبز)یش هەمان بۆچوونی هەبووە. بەمجۆرەش بیرۆکەی (باری خۆڕسك) وەك سێبەر هاوپەیوەستی تیۆرەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی بوو، چونکە تەنانەت ئەو نەزعانەش کە بەسرووشت ناسراون بریتین لە رەنگدانەوەی ئەو ئارەزووانەی دەکرێت لەم کۆمەڵگانەشدا دەرکیان پێبکەین کە بەکۆمەڵگەی

ململانێو خواستی تاکەکەسی ناسراوە. با ئێستا بچینە نێو ئەم گەمە گچکەیەوە، تۆ پێم بڵێ چۆن وەسفی خۆڕسك دەکەیت، منیش پێت دەڵێم چ جۆرە بۆتەیەك دەدەیت بە پەیمانی کۆمەڵایەتی. زۆرجار ئەوە قبوڵدەکەین ئەو خێرەی بەهەڵە بەخۆڕسکی ناوبراوە لە گریمانە بەو لاوە چی تر نیە، بەڵام لەوەشدا بەهیچ دەرەنجامێك ناگەیەن، ئەگەر هەروا سەرپێی بیرمان لە حاڵەتێك کردەوە کە خەڵکی تیایدا گەیشتن بە پەیمانێك .. ئەوکات ئەم حاڵەتە وامان لێدەکات بڵێین: ئەگەر خەڵکی لەسەر یەك فیترەت نەبوونایە نەدەگەیشتن بەو پەیمانە، بەجۆرێك ناچار دەبین ئەو حوکمە هەڵهێنجێنین کە حاڵەتی خۆڕسكو پەیمانی کۆمەڵایەتیش خەملاندنێکی مێژوویی نین. هۆکاری زۆری رەواش هەن دەمانخەنە ئەو بڕوایەوە لەمێژوودا کۆمەڵگەی سیاسی نیە کەلەسەر بنەمای پەیمانی کۆمەڵایەتی دامەزرابێت، خۆڕسكو پەیمانی کۆمەڵایەتی دوو ڕووی یەك گریمانەن بەوەی پەیمانێکی ناواخنی، یان رانەگەیەنراو هەن کە دەبێتە بنەمای دەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵگەدا. وێڕای ئەوەش، نووسەران ئەوەش قبوڵ دەکەن کە پەیمانی کۆمەڵایەتی تەنها پەیمانێکی رانەگەیەنراو بووە. بۆیە لەوەڵامی چۆن مامەڵەکردنی خەڵکیدا لەباری نەبوونی دەسەڵاتێکی گشتیدا، گریمانەیەك وەڵام دەداتەوە کەلەو بارەدا دەبێ وا بۆ کۆمەڵگەی سیاسی بڕوانین کەلەسەر بنەمای پەیمان دامەزرابێت، بەو جۆرەش هەر گریمانیەك لەوی ترەوە مانای خۆی بەدەست دەکەوێت ، کەواتە خۆڕسكو پەیمانی کۆمەڵایەتی دواجار هەمان گریمانەن.ئێستاش ئەوە دەبینین کە مانای پەیمانی کۆمەڵایەتی گریمانەی خۆڕسکمان لێدەخوازێت، چونکە(چەمکەکانی خۆڕسكو پەیمانی کۆمەڵایەتی کە سوودیان دەبێت لە پەردەهەڵدانەوە لەسەر رەگوڕیشەی کۆمەڵگە، پەیوەست نین بە وەسفکردنی حەقیقەتێك لەکۆنو داهاتوودا، بەڵکو بنەما لەم دوو چەمکەدا ئەوەیە ئەرکی رەخنەگرتن لە چەمکە تەقلیدیەکانی دەسەڵات لە ئەستۆ دەگرن .. فێرگەی مافی سروشتی بەتەواوەتی پەیوەندی بڕیوە لەگەڵ تیۆرە تەقلیدیەکانی دەسەڵات، ئەو تیۆرانەی دەسەڵات دەخەنە نێوان(خواوەند) یان (باوکسالار)ییەوە بەمجۆرەش ئەگەر لە گۆشەنیگایەکی وەسفکردنەوە بڕوانین .. دەبینین خۆڕسك واتە بوونی ئارەزووی جۆراوجۆر لە سروشتی مرۆڤەکاندا ..لای هەموو نووسەرانیش هەمان مانای هەیە.

شتێکی سروشتیە هەوو تاکێك کۆمەڵێك مافی هەبێت، ئەو مافانەی کە مەبەست لێیان سەروەری خۆیەتی بەسەر خۆیو کەسانی تریشدا. کەواتە دەسەڵاتی دەسەڵاتدارو مافەکانی بەسەر ئەندامەکانی کۆمەڵگەوە، بوونی نابێت تا ئەو دەمەی تاکەکان دەسەڵاتو مافەکانی خۆیانی پێدەبەخشن، دواجاریش، جووتبوونی خۆڕسكو پەیمانی کۆمەڵایەتی مانایەکی سیاسی دەبێت:" بنەمای حەق لەدەسەڵاتدا بەبێ ویستی ئازادی جەماوەری بوونی نابێت"

## پەیمان لەنێوان پاشایەتیو کۆماریخوازاندا

دەسەڵاتی سیاسی نوێ بۆ ئەوەی شەرعی بێت، دەبێ فۆرمێکی پەیمانبەستن لەخۆبگرێت ئەوکات قبوڵکراو دەبێت، ئەم پەیمانە، دەکرێت لەسەر شێوازەکەی "هۆبز" خەڵکانێك بێنینە بەرچاومان کەلەنێو خۆیاندا بە پەیمانێك لەسەر ئەوە رێکدەکەون دەسەڵاتێك بخەنە بەردەستی لایەنی سێهەمو وازهێنانی تاکەکان لە دەسەڵاتی خۆیان بۆ ئەم لایەنی سێهەمەش دەبێتە بنچینە لە دەسەڵاتەکەیدا، "هۆبز" ئەم حاڵەتە بە "دروستکراوی دەسەڵاتی گواستراوە"ناودەبات. بەپێی "هۆبز" چەند کەسێك لەنێوان خۆیاندا لەسەر ئەوە رێکدەکەون کە بە

زیان پێگەیاندن واز لە توانا سروشتیەکانیان بهێنن، ئەو توانایەی لەباری سروشتیدا بەرپرسیارە لەوەی هۆبز بە حاڵەتەکانی جەنگی ناو دەبات کە دەشێت تاکەکان لە ئاستی یەکتردا بەرپای بکەن، بەمجۆرەش گواستنەوە لە حاڵەتی خۆڕسکەوە بۆ کۆمەڵگەی سیاسی بە قبوڵکردنی تاکەکان دەبێت بە تەنازولکردن لە ئازادیەکانیان‌و هاوکات نەمانی ئارامی‌و ئاسایش کە دەبێتە هۆی سەپاندنی سێبەری توندوتیژی بەسەر ئەم ئازادیەدا.

دەزگاکانی کۆمەڵی مەدەنی دەکرێت ببنە بابەتێکی سەرەکی لە پەیماندا، چونکە تەوەری ئەم پەیمانە بریتی دەبێت لە دەستبەرداربوونی تاکەکان لە ئازادی خۆیان بەرامبەر دەستکەوتنی ئارامی‌و ئاسایش، بەو جۆرەش دەسەڵات دەبێ سەروەریی ئارامی‌و ئاسایشی تاکەکان دەستەبەر بکات‌و شەرعیەت لەدەست دەدات ئەگەر لەوەدا شکست بخوات، یان خۆی ببێتە سەرچاوەی هەڕەشەو نەمانی ئاسایش.

ئەوە دەمێنێتەوە، بەلای "هۆبز"ەوە، کە تاکەکان لە بەرامبەر یەکتردا دەستبەرداری سەروەری سرووشتییان ببن‌و لەنێو یەکتریدا رێکبکەون، نەك لەگەڵ خاوەن دەسەڵاتدا، کە سنووری دەسەڵاتی ئەمەی دوایی دیاری بکەن، بەڵام بەشێوەیەك کە ئەم حاکمە بتوانێت، تاکە کەسێك بێت یان کۆمەڵە کەسانێك، هەموو دەسەڵاتەکان لەخودی خۆیدا چڕ بکاتەوە، بەڵام بێئەوەی لەئاستی ئەندامانی کۆمەڵگە سیاسییەکەدا بەهیچ پابەندبوونێك ناچار بکرێت، بەمجۆرە "هۆبز" کە تەواو ئاگاداری ئاژاوەکانی وڵاتەکەی بووە لەو سەردەمەدا، بنەما "پەیمان"یەکانی دەسەڵاتی سیاسی دەچەسپێنێت، بێئەوەی خودی پەیمانەکە هیچ ئاماژەیەك بۆ پێویستبوونی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات لەخۆبگرێت، "هۆبز" سەر بە گرووپی داکۆکیکاران بوو لە خاوەنداریێتی رەها، لەکاتێکدا داکۆکیکاران لە پاشایەتی دەستووری لەو سەردەمەدا بە پێچەوانەوە بانگەشەیان دەکرد بۆ کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکار لەرێی پەرلەمانەوە، وێرای دەسەڵاتی یاسادانان.. بۆیە ئەو فۆرمەی "هۆبز" بۆ پەیمانی کۆمەڵایەتی بە توندوتیژی رەتکراوەبوو، چونکە بە ئاسانی دەکرا پاساو بۆ دەسەڵاتی رەهای سیاسی بدۆزرێتەوە، بەڵام پەیمانێکی لەوجۆرە دواجار دەبووە پەیمانی ملکەچکردن‌و ملکەچبوون‌و دەکرێت بەهەمان هۆکاری نارەزایی دەربڕین لە پەیمانی بەکۆیلەبوون نارەزایی لەمیش دەرببڕێت، "رۆسۆ"ش لەمبارەیەوە جەختکردنەوەی تەواوی هەیە، بەجۆرێك بۆ ئەوەچووە کە تەنانەت "ئاسایش"یش نابێتە پاساوی ئەوەی کە تاکەکان بە تەواوی دەستبەرداری ئازادیەکانیان ببن بەبێ هیچ جۆرە مەرجێك، رۆسۆی کۆماریخواز دووبارە پەیمانی کۆمەڵایەتی دادەڕێژێتەوە بەو شێوەیەی کە بەهیچ جۆرێك لەگەڵیدا دەسەڵاتی رەهاو بە تەواوی دیارینەکراو قبوڵنەکرێت، سەرەرای ملکەچبوونی کوێرانە، بەوهۆیەشەوە "رۆسۆ" لە گۆشەیەکی جیاوازەوە بۆ پەیمانی کۆمەڵایەتی دەڕوانێت‌و وا دەبینێت کە پەیمان رێکەوتنێکە کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی سیاسی شەرعی دەچەسپێنێت، بەلای "رۆسۆ"وە پەیمان ئەو رێکەوتنە ناگەیەنێت کە بەهۆیەوە گەلێك جڵەوی کاروبارەکانی خۆی بداتە دەستی پاشایەك، بەڵکو پەیمانێکە کە بەهۆیەوە گەل دەبێتە گەلێکی راستەقینە، بەواتایەکی تر، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی ببێتە دەسەڵاتێکی شەرعی، دەبێت پشتبەست بێت بە بنەمای پەیمان کە لەو پەیمانەدا هەموو تاکەکان بە رەزامەندی خۆیان دەستبەرداری دەسەڵاتی خۆی دەبن، نەك بۆ لایەنی سێهەم، بەڵکو بۆ کۆمەڵێکی پێکهاتوو لە پەیمانبەستەکان وەك یەك قەبارە، رێکەوتنی راستەقینە دەبێت بەوجۆرەبێت، واتە رێکەوتنی هاوبەشی نەك ملکەچکردن، لەوەشدا زیاتر لە جیاوازیەك هەیە، ئەم جیاوازیەش لە نێوان هەردوو حاڵەتەکەدا دەبێتە هۆی هاتنەئارای دەرەنجامی سیاسی زۆر گرنگ، کەواتە دەسەڵاتی یاسادانان دەبێتە ئەو

جەوهەرەو نوێنەری ویستی زۆرینە، لێرەدا ئەو بۆتەیە دەخەینە بەردەست کە رۆسۆ لە چارەسەری ئەم پرسەدا هێناویەتە ئارا کە لە کتێبی:

DU CONTYA SOCIAL PRINCIPES DODROIT POLITGUEباسی لێوەکردووە: "پەیبردن بە فۆرمێکی کۆدەنگی کە لە سایەی هێزێکی گشتیدا کەسێكو شتومەکەکانی هەر ئەندامێکی بەشدار پارێزگاریو بەرگری لێبکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کەسەی لەسایەی کۆ دەنگیەکەدایە تەنها فەرمانبەرداری خۆی دەبێتو هەروەك پێشووتر بە ئازادی دەمێنێتەوە".

کەواتە پەیمانی کۆمەڵایەتی چارەسەری پرسی رێکخستنی پەیوەندیەکانی دەسەڵاتە لەگەڵ ئازادی تاکەکەسی لەنێو خودی دەوڵەتدا، بەوەش پەیمانی کۆمەڵایەتی دەبێتە فۆرمێکی شیاو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی خوازیار بە ئازادی هاوڵاتیان.

لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە چەمکی پەیمان بەشێوەیەکی هەمەکی سەر بە چەمکە فەلسەفیەکانە، بەڵکو زیاتر سەر بە بواری ئەو رامانەیە کە فەلسەفەی سیاسی کاری تێدا دەکات، هاوکات ئەوەیش دەبینین کە هەموو دیدەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی بەفرەییانەوە، راستەوخۆ دەبنە هۆی تەواو پابەندبوونێکی بەرامبەر بەیەك، مێژووی ئەوروپا، کە تیایدا پاشایەتی دەستووری خرایە جێی پاشایەتی رەهاو سیستەمی کۆماریش بۆ جێی پاشایەتیەکان، گۆشەنیگاکانی "لۆك"و "رۆسۆ"ی سەلماند وەك لە "هۆبز"، دەکرێت بڵێین فەیلەسووفەکان دوای دابڕانێکی درێژخایەن، لەگەڵ تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتیدا دووبارە گەڕانەوە پێشەوەی روداوە سیاسیەکانو بەڕاستی بوونە نوێنەری مێژوو بە تەواوی مانای وشەکە نەك هەر تەنها بەمانای مێژووی فیکر، ئەوەش رێکەوت نیە کە شۆڕشی فەرەنسا زۆر قەرزاری ژان ژاك رۆسۆیە.

## پەیمان لە فیکری هاوچەرخدا

مۆدیلی پەیمانی کۆمەڵایەتی لە فیکری سیاسی هەردوو سەدەی حەڤدەو هەژدەدا بایەخێکی زۆری هەبوو، دوای ئەوەی هاوکاربوو لە جێلەقکردنی بنەماکانی پاشایەتی رەها لە ئەوروپادا، دەکرێت بڵێین پەیمان دوای ئەنجامدانی ئەرکە مێژوویی، سیاسیەکانی، شتێکی سروشتی دەبێت کە لەلاپەڕە رۆشنەکانی مێژووی فەلسەفەدا پێگەی خۆی بکاتەوە، ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە پەیمان دوای ئەوەی ماوەیەك گرمۆڵە بوو، جارێکی تر هاتەوە نێو بوارەکانی فیکری سیاسی هاوچەرخ، ئەوەتا "جۆن راولس، "JOHN RAWLSی ئەمریکی بەمدواییە دوبارە ئەم چەمکەی کاراکردووە، کاتێك کردیە ئەو پنتەی لە کتێبی "THEORIE DE LA JUSTICE"دا تەواوی دیدەکانی بە دەوردا خول دەخۆن، ناتوانین لێرەدا باس لە بابەتەکانی ئەم کتێبە بکەین، بەڵام دەتوانین بڵێین فەیلەسووفی ناوبراو لەم کتێبەداو دوای رۆسۆ بە دووسەدە، تەواوی توانا تیۆریەکانی بەگەڕ خستووە، لەگەڵ ئەوەشدا نووسەر زۆر خۆی خەریك نەکردووە بە رامانەوە لە سەروەریو دەسەڵاتی سیاسی، بەڵکو زیاتر بایەخی داوە بە دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر، "راولس"کە "دادپەروەری بە یەکەمین چاکەی دامودەزگا کۆمەڵایەتیەکان دادەنێت"، پێیوایە کۆمەڵگەی دادپەروەر دەبێ لەسەر بنەماکانی دادپەروەریەك دابمەزرێت کە لەلایەن تەواوی هاوڵاتیانەوە پشتگیری لێبکرێت، ئەمەش دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەوەی بڵێین کۆمەڵگەی دادپەروەر لەسەر پەیمان یان رێکەوتنێکی نێوخۆیی ئەندامانی کۆمەڵگەکە دامەزراوە: "دابەشکردنە چاکەکان دەبێت بەوجۆرەبێت کە دەمانگەیەنێتە هاوکاری خۆکردانە لە

ئاستی شته هاوبەشەکانی نێو پەیمانەکەو ئەوە تەنانەت نا پەرۆشانیش بۆ پەیمانەکە دەگرێتەوە"، تیۆری دادپەروەری لای ئەم فەیلەسووفە خودی تیۆری پەیمانە، چونکە ئەمیش لە پەیماندا باشترین‌و بەسوودترین مۆدێل دەبینێت بۆ چەسپاندنی بنەماکانی بیرکردنەوە لە کۆمەڵگەی دادپەروەر، ڕەنگە پەیمان هێشتا قسەی خۆی نەکردبێت‌و لە جەنگە یەکلاییکەرەوەکانیدا خۆی بەدەستەوە نەدابێت، ئەگەر لەگەڵ پەیماندا گەیشتبینەتە خۆ ڕزگارکردن لە ستەم، ئەوا ڕەوتەکە لەبەردەم پەیماندا هێشتا ماویەتی تاوەکو بەهۆیەوە زوڵمیش بنبڕ ببێت.

## ئازادی

ئەگەر پێویست بێت فەلسەفە پارێزگاری تەنها لەیەك چەمك بكات ئەو چەمكە ئازادییە، هەرچەندە ئەم چەمکەش بەردەوام جێی بایەخ نەبووە، بەڵام لایکەمی لەسەردەمی هاوچەرخدا بەو جۆرە بووە.

(هیگڵ) مێژوی جیهانی وەك مێژووی سەرهەڵدانی ئازادی دەخوێندەوە. دەکرێت بڵێین ئەم چەمکە قوربانیی دەوڵەمەندیی خۆی بووە: چونکە بەزۆر جۆرو شێوە پێناسەکراوە، بەجۆرێك کەلەگەڵیدا مانای شتێکی دیاریکراو نەگەیەنێت. بەدەسپێك بە عەقڵەوە چەمکی ئازادی یەکەمین پێناسەی وەرگرت. کاتێك دەبینین بیرۆکەی ئەوەی مرۆڤێك ئەگەر ئازاد بێت، لای هەندێك لە فەیلەسوفە کۆن‌و نوێکان، دەبێ فەرمانبەرداری عەقڵی بێت، بەو جۆرەش ئازادی لەوەدا خۆی بینیەوە کە پێناسەکەی بریتی بێت لە(سەربەخۆبوون). ئەم زاراوەیەش دەچێتە بواری ئاکارەوە زیاتر لەوەی بچێتە بواری سیاسەتەوە.

کە بوترێت مرۆڤێك ئازادەو ملکەچی ئەو یاسایەیە کە خۆی دایناوە، لێرەدا ڕەهەندێکی تر دەداتە عەقڵگەرایی کە ڕەهەندێکی یاساییە. لەبەرئەوەی ئازادیش لەمیانەی مومارەسەکردنی ئیرادەوە بوونی خۆی دەسەلمێنێت، ئەوکات دەستەواژەی ئازادی دەبێتە تەعبیرێکی فەلسەفی کە بەئازادی دەوترێت. دواجار فەلسەفەی بوونگەرایی هاتە ئارا تاوەك فەلسەفە ڕۆشنایی نوێ بخاتەسەر چەمکی ئازادی، ئەوکات ئازادی بووە هاودەمی بوونی مرۆڤایەتی‌و ئەم بوونەش لەساتێك لەساتەکاندا دەرەنجامی دیاریکردن‌و هەڵبژاردن بوو.

کە ئەوەش وادەکات من بۆخۆم بەتەواوەتی بەرپرسارێتی بوونی خۆم لە ئەستۆ بگرم، بەرپرسیارێتی بەمانای ئەوەی: (من لە سایەی ئازادیدا بم) هەروەك سارتەر دەڵێت.

ئازادی‌و مێژوو

لەمڕۆدا ئازادی بەهایەکی فراوانگیرو کۆڵەکەیەکە بۆ لەسەردامەزراندنی هەموو سیستمێکی دیموکراتی، سێ سەدە دەبێت کە خەڵکی بەناوی ئازادیەوە لەگەڵ یەکتریدا لەململانێدان‌و لەدژی یەکتری شۆڕش هەڵدەگیرسێنن. ڕامانی فەلسەفیش نەیتوانیوە بەشێوەیەکی هەمەکی خۆی لەم مەیلە مێژووییە بەدوور بگرێت کە خەڵکی هاندەدات بەرەو ئازادی.

ئەوەش لە بۆشاییەوە نەهاتووە کە ئازادی ببێتە ئەو هێڵەی فەلسەفەی مێژوویی لای هیگڵ دەلالەتی لێوەربگرێت، چونکە ئازادی بۆ خۆی‌و لەخۆیەوە دەرنەکەوتووە، بەڵکو مێژوو بۆتە ئەو مەیدانەی کەلە سنووریدا خەڵکی دەرکیان بەئازادی‌و مافەکانیان کردووەو لە شێوەی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی وەك دەوڵەتی نوێدا تەعبیریان لێکردووە. ئەگەر ئازادی لەسەرەتادا بۆ چەند کەسانێك بووبێت، ئەوکات بزاڤی مێژوو دەستی خەڵگی گرت بەرەو ئازادی.

ئەمەش ئەو کۆمەڵگە دێرینانەمان دێنێتەوە یاد کەلەسەر سیستمی کۆیلایەتی بەرقەرار بوون، وەك کۆمەڵگەکانی یۆنانو ئیتاڵیا، ئەو کاتەی کە مرۆڤێکی ئازاد بە ئەسڵ ئازاد نەبووە، چونکە مرۆڤی ئازاد واتە وەسفێکی کۆمەڵایەتی پێچەوانەی مرۆڤی کۆیلە کەلەژێر فەرمانی گەورەکەیدایەو فەرمانی لێوەردەگرێت، چونکە مرۆڤی کۆیلە مافی ئەوەی نیە مامەڵەو کار بەشتومەكو تەنانەت خودی خۆیشیەوە بکات، چونکە لە هەموو مافێکی سیاسی بێبەری کراوە، وەك بەشداریکردن لە ژیانی سیاسیدا.

تا سەدەی رابردووش کەلە ئەمریکادا سیستەمی کۆیلایەتی پیادە ئەکرا، مرۆڤی رەشپێست نەیدەتوانی بەئازادی هاوسەگیری بکەنو بەپێی ئارەزووی خۆیان خێزان پێکبهێنن، ئەوکات گەورەیەك دەیتوانی تەواوی ئەندامانی خێزانێك پەرتەوازە بکات کە ئەو بۆ خۆی وەك چۆن شت کۆدەکرێتەوە، ئەوانی کۆدەکردەوەو رێکی دەخستن، بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە پراکتیزەکردنی ئەو حاڵەتە لە ئێمەوە نزیك بێت.

لەراستیدا بەئاگاهاتن لە ئازادی مرۆڤایەتی لە سەردەمێکی زۆر دوورەوە سەریهەڵداوە هەرچەندە ئازادی لە جیهانی کۆندا لەسەر هەلومەرجی کۆمەڵایەتیو بۆ هەندێ کەس قۆرخ کرابوو. دوای ئەوەی بەچەندین سەدە بە روونی ئەوە هێنرایە ئارا کە ئازادی پەیوەستە بە سروشتی خودی مرۆڤایەتیەوە. ئەم تەعبیرە لای (رۆسۆ)وە هات کە وادەبینێت ئازادی وەك خودی ژیان(بەخششێکی بنچینەیی سروشتیە بۆ مرۆڤ، هەروەها زیاتر دەڵێت ئەو مافناسانەی وتویانە(کوڕی کۆیلە بەکۆیلەیی لەدایك دەبێت، بەدەستەواژەیەکی تر ئەوە دەڵێت کەلەو بارەدا مرۆڤ بەمرۆڤی لەدایك نابێت) چونکە باشتر وایە مرۆڤ بمرێت نەك بکرێتە کۆیلە، کەواتە بەو پێیە ئازادی بۆتە بەهایەکی رەهای باڵاتر لە نرخی خودی ژیان.

مرۆڤ تاکە زیندەوەرێکە کە ئازادییەکەی لەژیانی زیاتر دەهێنێت. دروشمی(ئازادی یان مردن)یش لەسەردەمی رابردوودا دروشمی بانگخوازان بو بۆ پادشایەتیو لەم سەردەمەی خۆشماندا ئازادی خراوەتە ریزی بەها باڵاکانەوە. ماوەتەوە بڵێین کە ئازادی فرە رواڵەتە. هەرچەندە لەدڵی هەموو لایەکدا نرخی گرانبەهای خۆی هەیە، بەڵام هەموو کەسێك وەك یەك لێی تێناگەن، لێرەوە روناکی دەخەینە سەر هەندێك لە رواڵەتەکانی چەمکی ئازادی.

کە ئازاد بیت .. واتە دەبێ عەقڵ فەرماندەت بێت

دەکرێت لەناکۆکیو بەیەك پێچەوانەی کۆیلەێتیو ئازادیەوە دەست پێبکەین.. رەنگە ئەم ناکۆکیە گەورەیە خەسڵەتە دەرەکیەکانی ئازادیمان بۆ دیاری بکات.

گەر ئازاد بیت، واتە دەبێ لەهیچ کەسێکەوە فەرمانت بەسەردا نەدرێت. لەوەش زیاتر، ئازادی واتە ژیان بەبێ پەنابردن بۆ ئیرادەیەکی نامۆ بەخۆت یان دەسەڵاتێکن لەدەرەوەی دەسەڵاتی دەسەڵات خۆت، کەواتە یەکەمین فۆرمی ئازادی بەبێ مشتومڕ، سەربەخۆییە. ئەو کەسەی کەلەژێر فەرمانی کەسێکی تردایەو ئەو کەسەش کەلە دابینکردنی پێداویستیەکانیدا ئاتاج بەکەسێکی ترە بەئازاد دانانرێن: ئەمەش بۆ نموونە حاڵەتی کەسێکە زەوی شك نابات بۆ ژیانیو دەبێ لە خزمەتی خاوەن زەویەکەدا بێت، تەنانەت ئەگەر حاڵەتەکە لە حاڵەتی کۆیلەش سووکتر بێت سەبارەت بە مامەڵە لەگەڵ خودی خۆیاندا.

هەموو ئەوانەی لەپێناوی گوزەراندا بەشدارن لەکارکردنو خزمەتێکدا بەشێوەیەکی رێژەیی لە ئازادی بێبەرین. بەو پێیەش دەبێ ئازادی بەنێو سەربەخۆیی ئابووریدا بڕوات، چونکە ئازادی مرۆڤ لە مامەڵەکردن بە ژیانی

تەواو نابێت ئەگەر ئازاد نەبێت لەکۆمەکیکردنی ئەو ژیانەدا. کەواتە شتێکی گونجاوە کەلەڕاماندا لەبارەی ئازادییەوە بڵێین: بۆ ئەوەی ئازادی ئازادییەکی تەواو بێت، دەبێت کاری مرۆڤ ئازاد بێتو لەو کارەدا مرۆڤ خودی خۆی بەدیبهێنێت، لەکاتێکدا لەزۆر باردا ئیشکردن هەوڵو ماندوویێتیەکی زۆرەو مرۆڤ لەژێر فشارێکی دەرەکیدا ناچاری کردنی دەبێت (وەك دابینکردنی پێویستییەکانی) یان زۆرەملێیەکی کۆمەڵایەتی (وەك ئەوەی لە خزمەتی کەسێك یان دەزگایەکدا بێت کە ئیشی بۆ دەستەبەرکردووە) بەمجۆرەو بۆ ئەوەی ئازادی ئازادیەکی راستەقینە بێت، هەرهێندە بەس نیە، وەك مارکس دەڵێت:"ئیش کردەی ئازادی مرۆڤ بێت، بەڵکو دەبێ مرۆڤ لەو کارەدا خۆی خۆی بەدیبهێنێت، لەباری پێچەوانەشدا هەردوولا، واتە مرۆڤەکەو ئیشەکەیش بەزەوتکردنی یەکتر دادەنرێن." کەواتە ئازادی رۆڵی گەورەی لەگەڵ کاردا هەیە، هەرکات کارکردن بەزۆرەملێ بوو، ئەوکات ئازادی تەواو لەئارادا نابێت.

لەمەشەوە دەردەکەوێت ئێمە لەپێناسەکردنی ئازادیدا تەنها بەدەستەواژەی سەربەخۆیی ـ الاستقلالیه ـ قایل نابین. چونکە ئەوە بەس نیە کە بۆ ئەوەی ئازاد بین پشتبەست نەبین بەهێزێکی دەرەکی، هەرچەندە ئەمە مەرجێکی پێویستە لە مەرجەکانی ئازادی .. بەو هۆیەی دەکرێت کۆیلایەتیو بەکۆیلەکردن ناوخۆیی بێت : کاتێك کۆیلایەتیەکە لەخودەوە دەبێت بۆ خود. ئایا ئەو کەسە ئازادە کە هەرچییەك بخوازێت دەستی بکەوێت؟ هەندێ لەوانەی هیچ گومانێکیان نیە لەگەڵ بۆچونی لەو جۆرەدایە، کاتێك وەك(callices) کەلە دیالۆگەکانی ئەفلاتوندا پێیدەگەینو پێیوایە ئازادی ئەوەیە مرۆڤ بەپێی خواستو ئارەزووی خۆی هەڵسوکەوت بکات، بەڵام سوکرات جوان وەڵامی دەداتەوە کە دەڵێت: مرۆڤ هەرچیەك بکات کەخۆی دەیەوێت ئەوە ناگەیەنێت کە هەمیشە ئەوە دەکات کەلە خواستی خۆیدایە، مەودایەکی فراوان لەنێوان ئەم دوو بارەدایە، سەرەڕای ئەوەی کە تێکەڵاویەك هەیە لەنێوان هەردوو دەستەواژەکەدا. ئەگەر شتێك هەبێت ئەفلاتون دڵنیابێت لێی، ئەوەیە کە وابەتەستەیە بەدوو شتی لەیەك جیاوازەوە .. هەروەك لەم مشتومڕەدا دەردەکەوێت: هەرچیەك دەکەین بەئامانجی خێرو چاکە دەیکەین، بەڵام زۆرجار لە ئاستی ماهیەتی ئەم خێرەدا فریو دەخۆین.

کەواتە ئەو کەسەی چۆنی بوێت وا دەکات دەکەوێتە ژێر وەهمی بێسنووری ئازادییەوە، چونکە تاکە خۆشیو چێژی بەفەرمان دەرکردن دەبێت، بەو هۆیەی پێیوایە خاوەنی دەسەڵاتێکی گەورەیە، وەك حاڵەتی ئەو وتاربێژەی دەکرێت بەهۆی رەوانبێژیەکەیەوە کار بکاتە سەر گەلو بەو جۆرەش کێی بوێت ئیدانەی دەکاتو لە وڵات دەریدەکات، بەڵام با گریمانەی ئەوە بکەین دواتر دەرکەوت ئەم ئیدانەو دەرکردنە خراپەی بۆ وڵات لێکەوتەوەو بۆ خۆیشی، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ. با گریمانەی ئەوە بکەین کە یەك لە ژەنڕاڵەکان بە وتەی ئەم لە وڵات دەرکراو، بەڵام دواتر ئەم ژەنڕاڵە توانیی لە شەڕێکدا وڵاتەکەی خۆی کە دەرکراوە لێی شکست پێبهێنێت، بەو جۆرەش لەبەر ئەوەی مرۆڤ هەمیشە خێرو چاکەی دەوێت، ئەم وتاربێژەمان هۆکاربوو بۆ ئەو شکستە، بۆ ئەوەی وتاربێژەکەمان ئەوەی نەکرد کە خواستی خۆی بوو، مرۆڤ بێگومان خێرو چاکەی دەوێت، بەڵام رەنگە هەمیشە بۆی بەدینەیەت. حاڵی ئەو کەسانەی دەیانەوێ خۆیان ئارەزوویان لە چیە بیکەن بەمجۆرەیە. کەواتە گەر بخوازین ئازادیو وەهمی دەسەڵات تێکەڵ بەیەك نەکەین، دەبێ لەسەر ئەوە رێکبکەوین کە ئازادی راستەقینە بەهەستو سۆزی توانا خودییەکان ناپێورێت، بەڵکو بەشێوەیەك1ی بابەتی بەوە

دەپێوڕێت كە دەخوازین بیكەین‌و خێرو چاكەی لێبەدەستبهێنین .. بەو پێیەش، هەر تەنها عەقڵ دەتوانێت ئەم حاڵەتی گونجاندنە بناسێت.

رامانی فەلسەفی دەمێكە لەوە ئاگاداری كردوویەنەتەوە هیچ شتێك هێندەی نەشئەو حەزی سەربەخۆ بوون لە هەڵسوكەوتكردن لەگەڵ ئازادیدا ناكۆك نیە كە ئەسڵەن بەهەڵە ئەو نەشئەو حەز بەئازادی لێكدراوەتەوە.

ئەمەی دوایی ئاماژەو بەڵگەیەكە بۆ فۆرمی دەرەكیی ــ ویست ــ ئیرادە ــ كە بەخۆی دەبێتە بەڵگە بۆخۆی بەپێی ویستی دەرەكیش سنووردارو دیاری ناكرێت. دەبێ هاوكات تێبینی ناوەڕۆك‌و مانای ئەم ویستەش بكەین. ئەگەر مانای ویست لەسەر هەڵسوكەوت بەپێی خواست‌و ئارەزوو وەستا بێت، ئەو كات ویستێكی ملكەچ بەچێژ دەبێت، ئەوەش بەهیچ جۆرێك بەخێرو چاكەوە پەیوەست نیە.

بەجۆرێك لەجۆرەكان ئەوە بۆ ویست جێدەهێڵرێت كە بەپێی حاڵەتێكی نامۆ بەخۆی یاساكانی دابڕێژێت كاتێك دەچێتە ژێر باری چێژێكی تەواوە، بەو جۆرەش مرۆڤ كاتێك خۆی ئارەزووی لەچی بێت بیكات كارپێكراو دەبێت نەك بكەر، دەكرێت مرۆڤەكان ببنە كۆیلەكەری خودی خۆیان، ئەمەش گەورەترین كۆیلایەتیە، چونكە وەك حەقیقەتی خۆی نەناسراوە، ئەوەش كارێكی گرانە قەناعەت بەكەسێك بهێنین كە ئەو ئازاد نیە هەرچەندە بەوپەڕی توانا ئارەزووی لەچی بێت دەیكات. ئەم بەكۆیلە بوونە بۆخودو ملكەچبوون بۆ شتێكی ناخی خۆمان، ملكەچبوون نیە بۆ خودی خۆمان بەقەدەر ئەوەی ملكەچبوونە بۆ حەزو ئارەزوویەكی نامۆ بەخۆمان كە ئێمە ژێربارو ملكەچی ئەوین. بەكورتی، فەیلەسوفەكان ئەم حاڵەتی ناكۆك بەسەربەخۆییە بە (خواست ــ المیل ) ناو دەبەن. ئیتر پشبەستن بەكەسانی تر سوودی چیی دەبێت گەر مرۆڤ لە خودی خۆی سەربەخۆ نەبووبێت، یان ئەوە سوودی چی دەبێت كە ببمە بەندەی گەورە پیاوێك لە كاتێكدا كە كۆیلەی خودی خۆم بم؟ بەمجۆرە رامان لە ئازادی تەنها لە فۆرمێكی دەرەكیی سەربەخۆییدا ناوەستێت، بەڵكو ئەم رامانە مانایەك بەسەربەخۆیی دەدات كاتێك دەگاتە چوارچێوەی ناخی مرۆڤەوە.

بەو پێیەش ئەوەی ناكۆكیی دەرەكی بوو لەنێوان خودو ئەوی تردا، دەبێتە ناكۆكیی لەنێوان عەقڵ‌و عاتیفەو ویست‌و چێژدا، كەواتە ئەگەر مرۆڤێكی ئازاد بم واتە دەبێ لەناخی خودی عەقڵەوە هەڵسوكەوت بكەم.

هاوكات نابێ لەلایەنی شێوەیی (شكلی) ئازادییەوە بوەستین. ئایا ئێمە بەپێی ویستی تەواومان یان بەپێی فەرمانبەرداریەك هەڵسوكەوت دەكەین؟ بێگومان جیاوازیەك لەنێوان ئەم حاڵەتەدا هەیە، چونكە مرۆڤی ئازاد ئەو كەسە نیە كە ئێمە بەئازادی تێدەگەین. ئەگەر مانای ئازادیمان زانی ئەوكات دەبێ ئەوە بزانین كە فەرمانبەرداری‌و ملكەچبوون نیە كە سیفەتی كۆیلایەتی لە مرۆڤ دادەماڵێت، بەڵكو ئەوە عەقڵە. ئەوەتا (سپیۆنزا) جەخت دەكاتەوە كە:" كۆیلە (بەندە) ئەو كەسەیە كە بەپێی فەرمانێك كار دەكات، ئازادیش ئەوەیە كە بەپێی ویستی خۆی هەڵسوكەوت دەكات، لەكاتێكدا ئەوە بەڕەهایی راست نیە، چونكە كاتێك مرۆڤ لەواقیعدا دەبێتە دیلی دەستی هەر شتێك كە خۆشی‌و چێژی لەلا دەوروژێنێت‌و توانای ئەنجامدانی كارێكی بەسوودی نابێت، ئەوە ئەوپەڕی كۆیلایەتیە.. ئازادی تەنها بۆ ئەو كەسەیە كە بەپێی فەرمانڕەوایی عەقڵی بەڕێوە دەچێت. بەپێی ئەم پێوەرە .. ناڵێین ئەو منداڵەی لەهەموو شتێكدا بە قسەی دایكی دەكات ئازاد نیە، چونكە ئەو فەرمانانەی منداڵەكە بەڕێوەیان دەبات سوودیان هەیە. كەواتە عەقڵ پێمان دەڵێت هەركەس بە فەرمانی كەسێكی داناو زانا بەسوودو زیانەكان هەڵسوكەوت بكات، لەو فەرمانبەرداریەشدا بەكەسێكی ئازاد دادەنرێت.

## ئازادیو سەربەخۆبوون

شرۆڤەکەی پێشوو، راستەوخۆ دەمانگەیەنێتە چەمکی نوێی ئازادی. شرۆڤەکە باس لەوە دەکات کە ئازادی ملکەچبوونی مرۆڤە بۆ ئەو یاسایەی کە هەر خۆی دایڕشتووە، هەر ئەمەیشە بەتایبەتی چەمکی سەربەخۆ بوون جودا دەکاتەوە. ئەم چەمکەش بۆ خۆی لە فیکری سیاسیو ئاکاریدا پێگەی خۆی هەیە، هەروەك لە دەقێکی ناسراو لە پەیمانی کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێت کە دەڵێت:" ئەوەی مرۆڤ لە پەیماندا لەدەستی دەدات ئازادییەکەیەتی، واتە ئازادی سروشتیو مافی رەهای لەهەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی دەیخوازێت، یان ئەوەی بەدەستی دەهێنێت، ئەوەی بەدەستیشی دەهێنێت بریتیە لە ئازادی سڤیلیو تایبەتمەندێتی ئەوەی کە هەیەتی، بەڵام دەبێ بەهەڵە لەم ئاڵوگۆڕە تێنەگەین، چونکە دەبێ زۆر باش جیاوازی بکەین لەنێوان ئەو ئازادیە سروشتیەی تەنها هێزی تاك سنورداری دەکاتو ئازادی مەدەنی کە بە ویستی گشتی دیاری دەکرێت، ئازادی ئاکاریش بۆ هەموو ئەوانەی پێشووتر زیاد بکەین، کە ئەمیان وادەکات مرۆڤ سەروەری خۆی بێت، چونکە ئارەزووبازی و ملکەچبوون بۆ حەزو خواستەکان خراپترین کۆیلایەتیە .. ملکەچی بۆ یاساش نێوەرۆکی ئازادیە"

لەسەر ئاستی سیاسیش، دەبێ جیاوازی بکەین لەنێوان ئازادی سروشتیو ئازادی سڤیل(مەدەنی)دا، چونکە مافی سروشتی ئازادی سروشتی سنووردار دەکات، بۆیە خۆیشی، لە رووی بنەماوە نەك لە رووی واقیعەوە، بەهیچ شتێك دیاریو سنووردار ناکرێت، چونکە هێزەکانی هەموو مرۆڤێك سنووردارەو لەگەڵ یەك ناکۆکن .. بە پلەیەك کە ئەگەر سروشت سەروەر بێتو کەسێکیش ئارەزووی لە تاکە شتێك بێت، ئەوکات لەنێوان سروشتو مرۆڤەکەدا جەنگێك بەرپا دەبێت .. وەك (تۆماس هۆبز) دەڵێت.

چەمکی ئازادی سروشتی لە جەوهەریدا چەمکێکی ناکۆکەو ئازادی مەدەنیش زیاتر گونجاوو تەبایە لەگەڵ چەمکی ئازادیدا. پرسەکە پەیوەستە بە ئازادی کەسانێکی ملکەچ بۆ دەسەڵاتێکی گشتی کە هەریەکەو مافی سروشتی خۆی خستۆتە ژێر رکێفێیەوە. ئەگەر بشڵێین ئەوان بەمجۆرە ئارامیو ئاسایشی خۆیان دەستەبەر دەکەن، ئیدی ئەوە گوتەی ئەوان ئازادن چ سوودێکی دەبێت؟ چونکە هەندێك دەسەڵات دواجار هاوڵاتیان لە ئازادیەکەیان بێبەری دەکەن: بۆیە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی خاوەن سەروەری بەس نیە، بەڵکو دەبێ چاودێری کاروکردەوەی ئەم دەسەڵاتە بکرێت، بەجۆرێك کە بەرژەوەندیو بەئازادی دەستکەوتنی خواستەکانیان دەستەبەر بکات.

(رۆسۆ) بەر لە (جۆن لۆك)ی فەیلەسوفی ئینگلیزی کاری لەسەر ئەم بابەتە کردووە، دەکرێت هەردووکیشیان بە پێشەنگی دیموکراسخوازانی هاوچەرخ دابنێین، لەوەدا کە گەیشتوونەتە دەرەنجامی ئەوەی دەسەڵاتی خاوەن سەروەری بریتیە لە دامەزراندنی یاسا. ئازادی سڤیل ئەو ئازادیەیە کە هاوڵاتیان لە سایەی حکومەتی یاسادا هەیانە، نەك لەژێر زەبری (گەورە) یان سەرکردەیەکدا. بۆ ئەوەی بەئاگابین لە هەر ستەمێکی ئایندەیی، یان چەوساندنەوەی جاران وەبیر خۆمان بهێنینەوە، (رۆسۆ) جەخت لەوە دەکاتەوە کە :" بەبێ یاسا ئازادی لەئارادا نابێت"

لەگەڵ ئەوەشدا ملکەچی بۆ یاسایش هەر جۆرێکە لە ملکەچبوون، هەرچەندە خۆکردانەش بێت، ئایا ملکەچی بۆ یاساش جۆرێك لە کۆیلایەتی سووکتر نیە؟

دەبێ ئەوە بزانین کە ملکەچی‌و فەرمانبەرداری بۆ یاسا تاکە پەیوەستبوونی هاوڵاتیان نیە بەخودی یاساکانەوە، پەیوەندی هاوڵاتیان بەیاساوە دەبێت پەیوەندی کۆمەڵێکی ملکەچ‌و کۆمەڵێکی تری یاسادانەر بێت لە هەمان کاتدا، چونکە لە راستیدا دەبێ گەل سەرچاوەی یاساو دەسەڵاتیش بێت لەرێی هەڵبژاردنە گشتیەکانەوە.بۆیە یاساکان هەر تەنها کۆمەڵە بڕیارێك نین، بەڵکو تەعبیرن لە ئیرادەی گشتی، کەواتە کاتێك هاوڵاتیان فەرمانبەرداری یاسا دەبن، واتە فەرمانبەرداری شتێکی نامۆ نابن.

بەمجۆرەش چەمکی هاوچەرخ بۆ ئازادی لەسەر ئەو بیرۆکەیەیە کە: تاکە فاکتەری هاندەر بۆ ملکەچبوون بۆ یاسا بەهەر حاڵێك بێت زۆرەملێ نیە، بەقەدەر ئەوەی رەزامەندی‌و قبوڵکردنی تاکەکانە، هاوکات هەڵسوکەوتکردن بەپێی ویستیش دەکاتە مەرج بۆ ملکەچبوونی قبوڵکراو، واتە بەرێگەی ناراستەوخۆو لە رێی یاساکانەوە (وەك یاسای زۆرینە) کە دەبێتە هۆی هەماهەنگی لەنێوان ویست‌و عەقڵی تاکەکاندا.

کەواتە نابێ ئیرادەی زۆرینە بە ئیرادەی خۆم نەزانم، تەنانەت گەر وەك تاکێك خواست‌و ویستی جیاوازی تایبەت بەخۆم هەبێت. ئازادی ئاکاریش تا ڕادەیەك هەمان بۆتەی هەیە، لەوێشدا دەکرێت ڕووبەڕووی هەمان ناکۆکی ببینەوە لەنێوان بنەمایەکی دەرەکی (حەزو ئارەزوو)و ئەو ئازادیەی بەوە ناسراوە کە ناکۆکە لەگەڵ (ملکەچبوونی مرۆڤ بۆ ئەو یاسایانەی کە خۆی دایڕشتوون).ئاکاریش هەمان بونیادەکانی سیاسەتی هەیە لە بارەی چەمکی ئازادی‌و ملکەچبوونەوە بۆ یاسا.

(کانت)ی فەیلەسوفی هاوسەردەمی (رۆسۆ) تیۆریزەی چەمکی یاسای ئاکاری کردوە: بەوەی کردەی ئاکاری لەلایەن ئیرادەوە دیاریدەکرێت‌و ئیرادەش جگە لە بنەمای یاسای ئاکاری ژێرباری هیچ بنەمایەکی تر نابێت. (وەك گەڕان بەدوای بەرژەوەندیەکان‌و خودپەرستی‌و خۆتێرکردن). بەوجۆرەش، ویست لەلایەن عەقڵەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، کەبەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ فەرمان بەوە دەدات هەڵسوکەوت بەپێی ئەرکێك بونیاد بنرێت کە هەلومەرجێك دەیسەپێنێت، بە مانای ئەرکی رێزگرتن لە یاسای ئاکاری. ئەم یاسای ئاکارەش بۆ خۆی لەلایەن عەقڵەوە داڕێژراوە:" تەنها بەپێی ئەو بنەما بنەڕەتیە هەڵسوکەوت بکە کە دەکرێت هاوکات بیکەیت بە یاسایەکی گشتی"

کەواتە دەکرێت ئەو بیروبۆچوونەی کردار بەرێوە دەبات ببێتە بنەمایەك یا بیروباوەڕێکی تەواو جیاواز، بۆیە ئەگەر لەمن ویسترا پەیمانێکی ساختە بدەم، بۆ ئەوەی لە کێشەیەك خۆدەرباز بکەم، لێرەدا ترسەکە ئەوە نیە لای خەڵکی راستگۆییم لەدەست بدەم، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە نامەوێت پەنابردن بۆ درۆکردن ببێتە یاسایەکی گشتی، وەك کانت دەڵێت:" ئەگەر درۆکردنم بوێت، بەهەر شێوەیەك لە شێوەکان یاسایەکم ناوێت فەرمان بەدرۆکردن بدات" .. هەروەها دەڵێت:" لەدەرەنجامو بەپێی یاسایەکی لەو جۆرەش ئیتر شتێك نامێنێت بەناوی پەیمان(وعد)ەوە. چونکە پەیماندان لەسەر بنەمای راستگۆیی‌و متمانە نەبێت، بوونی نابێت، واتە لەسەر گریمانەی ئەوەی هەموومان تەباین لەگەڵ بوونی راستی‌و راستگۆیی لە پەیماندا.. بەڵام هەروەك لەسیاسەتدا هەیە، خەڵکی هەر لەبەر ئەوەی رەچاوی یاسای ئاکار دەکەن بەئازاد دانانرێن ـ وەك ملکەچبوون بۆ یاساکە ـ بەڵکو لەبەر ئەوە ئازادن کە هەر خۆیان داڕێژەری یاساکانن.

(ئیرادە هەر لەبەر ئەوە ملکەچی یاسایە کە خۆی داڕێژەری یاساکانەو بەو جۆرەش ئیرادە خۆی بەرهەمهێنەری یاسایە).

ئازادی تەواو تەبایە لەگەڵ حیکمەتدا، لەگەڵ دیاریکردنی ئیرادە لە میانەی ڕێزگرتنەوە لە یاسای ئاکار، دیاریکردنێکی عەقڵی نەك مادی، بەو جۆرەش چەمکی سەربەخۆبون لە بواری سیاسەتو ئاکاردا هەمو چەمکە هاوچەرخەکانی ئازادی دەگرێتەوە.

## توانای ئەڵتەرناتیف

ئەڵتەرناتیڤی عەقڵانی وەك پێشتر بینیمان بەشێوەیەکی توندتر لەسەربەخۆیی(الاستقلالیە)پێناسەی ئازادی دەکات: لێرەدا وادەبینرێت کەلە دەرەوەی یاسادا شتێك نیە بەناوی (ئازادی)یەوە. دیدی (سپینۆزا)ش تاڕادەیەك دەکەوێتە چوارچێوەی عەقڵگەراییە کۆنەکەی لای (ئەفلاتون)، چونکە بەلای ئەمەوە هەموو مرۆڤەکان ناچارن کاری چاکە(خێر) بکەن بەو مەرجەی بەخراپ لێکنەدرێتەوە، ئازادیش بەرهەمی مەعریفەیە لە کێشەو ململانێی بەردەوامیدا لەگەڵ سۆزەکاندا، بەلای (کانت)یشەوە شتەکان وەك خۆیان نین، بەڵام لێرەدا پشت بەعەقڵ دەبەسترێت بۆ دیاریکردنی ویست(ئیرادە) تا ئەو کاتە بتوانرێت باس لە ئازادی بکرێت. بەکورتی، عەقڵ لەهەموو بارەکاندا ناوەرۆکی بابەتی بەئازادی دەبەخشێت. زۆرینەی فەیلەسوفەکانیش لەسەر ئەم خاڵە ڕێککەوتوونو زۆرکەمیان بانگەشەکاری نا عەقڵانین . لەگەڵ ئەوەشدا بەهەڵەدا دەچین گەر پێمانوابێت پرسەکە پەیوەستە بەدۆزێکی بەتەواوی ڕوونو یەکلاییکراوە.بە یەقینی لە فەلسەفەی سەدەی حەڤدەهەمدا کە ئاوێتەیە بە دۆزە لاهوتیەکان، عەقڵ چاوگەی ئازادی نیە. عەقڵ، بێگومان بەڵگەیە بەدەست خودەوە لە ئاستی سۆزەکاندا، ملکەچبونیش بۆ عەقڵ لە خۆیدا ملکەچبوونە بۆ خود کە بنچینەیە بۆ پێناسەی ئازادی وەك سەربەخۆییەکی ناوەکی، لەهەمان کاتیشدا هەروەك پێشتر بینیمان، عەقڵ لەسەر بابەتیبون ئافەریدەکراوە نەك لەسەر خودگەرێتی، بەمجۆرەش خۆشیو ئاسوودەیی خودییە بەڵام چاکەو خێر بابەتین، بۆیە لەناسینی چاکەو خێردا پشت بە عەقڵ دەبەسترێت، بەمپێیەش ناتوانین دەستبەرداری ڕۆڵی عەقڵ بین، وەك (دیکارت)یش دەڵێت، نووستبم یان بەئاگا دوو کۆی سێ دەکاتە پێنج. کەواتە کۆی ئەم لێکدانەوەیە پەیوەندی بە منەوە نیە ئەگەر ژمارەیەکی تریش بکات. لێرەوە دەکەوینە ناکۆکیەوە لەپێناسەکردنی عەقڵانی بۆ ئازادی.. ئێمە پێمانوایە لە عەقڵدا بنەمای بەرقەراربوونی سەربەخۆیی مرۆڤایەتیو بنچینەیی مەعریفەی ئازادمان دۆزیوەتەوەو هاوکات پێچەوانەکەیشی تیابەدیدەکەین:

وەك سەربەخۆیی شتەکان لە مرۆڤ، چونکە شتەکان پێویستی خۆیان هەیە، یان باشتر بڵێین وەك پێداویستی هەن، بۆ ئەوە کراون  وەك ئەوەی هەن ببن. عەقڵیش هەمان پێویستی بوونی لە بیرکاریو فیزیادا دەبینێتەوە کاتێك ئەم پێویستبوونە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە دیاردە سروشتیەکان ژێرباری کام یاسایەن، لێرەدا کە مرۆڤ پێیوایە ئازادیی دۆزیوەتەوە ئەوکات دەبێ زەرورەتیشی دۆزیبێتەوە.

ئەگەر ئەم حاڵەتە بەلای مەزهەبی عەقڵییەوە لە فەلسەفەی کۆنو فەلسەفەی سپینۆزایشەوە تەڵزگەیەك نەبێت، کە ئەمەی دوایی هیچ پێکدادانێك نابینێت لەنێوان ئازادیو زەرورەتدا، بەهەمان شێوە بۆ فیکریش نابێتە لەمپەر کە فیکر ئازادی دەگێڕێتەوە بۆ (کەس)و دەیکات بەو تەوەرەی رامانەکانی بەدەوردا خول دەخۆن، لەدیدی خودگەرییەوە، عەقڵ لەدەرەنجامدا نوێنەری دەرەکیی زەرورەتە، ئەو کاتیش ویست دەبێتە تاکە سەرچاوەی سەربەستی دیاریکەری ئازادی، لێرەدا وەك نمونە دەپرسین ئەگەر خواوەند وایکردبێت ئەنجامی کۆکردنەوەی دوو لەگەڵ سێدا یەکسان  بێت بە پێنج؟ لەو بارەیەوە دیکارت بەسەلماندن وەڵامان

دەداتەوە، چونکە شێوازی هێنانە ئارای پرسیارەکە بوونی ململانێەك دەگەیەنێت لەنێوان عەقڵ وەك زەرورەتو ئەوەی کە دەکرێت ویست بڕیاری لێبدات. ئازادیش لەو نێوەندەدا وا دەردەکەوێت کە ئەو پاشکۆی دیاریکردنی عەقڵی نیە، بەڵکو پاشکۆی دەسەڵاتی بڕیارێکە سەرچاوەکەی ویستە نەك عەقڵ، زەرورەت لە ئاستی ئەڵتەرناتیف (اختيار)دا مەحاڵ نازانێت، ملکەچی دەبێت. لەم بارەشدا عەقڵ بریتیە لە سنوری بێکۆتایی ئیرادە کە هاوکات سەرچاوەی ئازادیەکی بێکۆتایی. کەواتە ئیغرای ویستی بێکۆتایی رواڵەتی سێهەمی ئازادیە، ئەویش دوای نەشئەی خۆشگوزەرانیو سنورەکانی عەقڵ.

ئەو هۆیەش وادەکات ویستی بێکۆتایی خاوەنەکەی بخاتە شڵەژانەوە، ئەوەیە کە ئێمە دەبینین، بەپێی دیکارت، نیشانەیە بۆ ئازادی رەهامان، بەرلەوەش فەیلەسوفەکانی بواری لاهوت پێشتر ئاگاییان داوە بە بوونی دەسەڵاتێکی تایبەت بە ویستێکی سەربەخۆ لە عەقڵ. ئەمەش بە نمونەی گوێدرێژەکەی BURIDAN ـــ لەسەر ناوی یەك لە زاناکانی سەدەی چواردەهەمی بواری لاهوت ـــ روونەبێتەوە کە دەڵێت: گوێدرێژێك چەندە برسی بوو ئەوەندەش تینوو، سەتڵێك ئاوو بڕێك جۆی بۆ دادەنرێت. مەبەست لەمەش ئەوەیە کە ئەگەر گوێدرێژەکە بەپێی عەقڵی مامەڵەنەکات، بێگومان خۆی بە فەتارەت دەبات.. جا لەبەر ئەوەی حاڵەتەکە جیاوازە، ئێمە لەرێی بێهودەییەوە دەخوازین بیسەلمێنین کە دەتوانین بەپێی ویستو توانامان لە هەڵبژاردن(اختيار)و دوور لە هەر پاڵنەرێکی عەقڵی بڕیار بدەین. بەو جۆرەش هەریەك لە ئازادیو ویست بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لە خولگەی (توانای دیاریکردنو هەڵبژاردندا دەسوڕێنەوە.)

بنەمای توانای دیاریکردنو هەڵبژاردن جەخت لە ئازادیی دیاریکردنو هەڵبژاردن(ئەڵتەرناتیف)و هاوکات بێدەربەستیش دەکاتەوە، چونکە دەکەوێتە چوارچێوەی تواناو ویستی مرۆڤەوە بەوەی بڕیار لەکردن یا نەکردنی کارێك یا شتێك یان کردنی ئەمەیان یا ئەویان بدات.

با حاڵەتەکەی (دیکارت) وەربگرین کە ئەو سەرەتا لەئازادی نا دەربەتسبووندا تەنها (نزمترین پلەکانی ئازادی)و (هەڵپەیەك لەمەعریفەی زیاتر لە تەواوکاری لەو یست)ی دەبینی، بەڵام دواجار دیدی خۆی راستکردەوە کاتێك مانایەکی تری پۆزەتیفی دا بەئازادی بێدەربەستبوون:" کاتێك عەقڵ وامان لێدەکات کارێك بکەین، ئەو کات دەتوانین کارێکی تری ناکۆك بە عەقڵیش بکەین. لەسەروو ئەوەیشەوە، دەتوانین ئازادیەکی گەورەتریش بسەلمێنین کاتێك خراپترین کارەکان هەڵبژێرین لەکاتێکدا چاکترینیان دەناسین. ئەوەش روونادات کاتێك لەو باوەڕەدابین کە ئازادی مەعریفەیەکی تەواو عەقڵیە. نابێت لەم بارەیشەوە فریو بخۆین، چونکە چەمکی توانای دیاریکردنو ئەڵتەرناتیف دەربڕینێکی تراژیدیە لە ئازادی. ئەمەش لەلایەن Ferdinand وە لەلێدوانی لەبارەی دیکارتەوە روونکراوەتەوە کە نوسیویەتی:

"لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین شتی راستو چاك رەتبکەینەوە، هەرچەندە زۆر جاریش بزانین چاكو راستە.. ئەمەش گەوهەری تراژیدیای ئازادی مرۆڤەکانە. ئەگەر ئازادیەکەم ژێرباری مەعریفەو زانینم نەبێت، ئەوکات ئازادی دەبێتە توانای هەڵەکردن، کاتێکیش لەمیانەی ئازادیەوە دەتوانم خودی خۆم بسەلمێنم، ئەوکات خۆم روو لە عەدەم دەکەمو ئەوەش هەڵەو گوناهمە. کەواتە تراژیدیای ئازادی لەوەدایە کە بنەمای ئابڕوو شکۆی مرۆڤو هاوکات هۆکاری تیاچوونیشێتی. ئەوەش راستە، چونکە توانای ئەڵتەرناتیف لە یەکەمین گوناهدا پەی

پێدەبرێت"کە (نیچە) دواجار رەخنەی لێگرت، .. کاتێك دەبینی بریتیە لە داهێنانی لاهوتگەرەکان، بۆ ئەوەی بەپرسیارێتی خراپە(شەڕ) بخەنە ئەستۆی خەڵکی. هاوکات تەعبیری لە رقو کینە لێبەدی دەکرد.

## ئازادی و نەبوون(عدم)

ئەگەر بڕوانینە مێژووی توانای دیاریکردنو هەڵبژاردن(ئەڵتەرناتیف) تێبینی هەبوونی فۆرمێك دەکەین کەلەوێوە فەیلەسوفو لاهوتیەکان تایبەتمەندێتی رەهای ئازادی مرۆڤایەتیان لەکاتێکی دیاریکراوی مێژوویيدا پێشکەش کردووە.

لەجیهانێکدا کە خواوەند حوکمی دەکات، ئەم ئازادیە پاساوی هەلومەرجە تراژیدیەکانی مرۆڤیداوە، وێڕای توانستی مرۆڤ بۆ هەڵەو تاوانکردن. کاتێك لە میانەی ویستی خۆمەوە خۆم دەسەلمێنم، بەو حاڵەتە بەرەو نەبوون (عدم) ئاراستە دەگرمە بەر وەك Alquie دەڵێت..

دەرەنجامیش ئازادیی ویست کە دەکاتە پنتی بوون، دەبێتە گرانەوە بەرووی عەدەمدا، بەهۆی ئەو ویستەیشەوە ئازادی بارێکی گەورەتری دەبێت لەگەڵ خراپەکاریو هەڵەکردن یان تاوانکردندا.هەر بەمشێوەیە، توانای ئەڵتەرناتیف کاکڵەی بیرۆکەی هەموو فەلسەفەیەکی ئازادیی رەها ویستە وەك فەلسەفەکەی سارتەر، کە وادەبینێت، خەسڵەتی ئەو ئازادیەی مرۆڤ دوچاری شێوان دەبێت، لە پەیوەستی خزمایەتیەوە دێت کە بە عەدەمەوە گرێیدەدات.

ئێمە فیکرەکەی رۆسۆمان لەیادە کە دەڵێت ئازادی هەمیشە بەگەوهەری مرۆڤەوە گرێدراوە، بەڵام بەلای سارتەرەوە ئازادی ئەو شتەیە بەشێوەیەکی سەرەکی لایەنێکی بوونمان دیاریدەکات، بگرە هاوشێوەی ئەو بوونەمانە. مرۆڤ وەك شتەکانی تر نیە، مرۆڤ هەیەو هەبوونیش وەك نەبوون(عدم) لەگەرمەی تۆکمەبوونی کەینونەوە وەك هێزێکی پشتگیر لەوەی هەیە سەرهەڵدەدات. دەبێ لەوە تێبگەین کە مرۆڤ دەتوانێت خودی خۆیشی لە خۆیو لە جیهان بگۆڕێت، بە خەیاڵ هێنانە ئارای جیهانێکی ئەگەرلێکراو کە بشێت ببێت(بەڵام نیە) خۆی لە خۆیدا رەتکردنەوەی ئەم جیهانەی ئێستایە کە حوکمی ئەوەی بەسەردا دەدرێت بەس نیە بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی جیهانە خەیاڵ بۆکراوەکە. سارتەر ئەم بیرۆکەیە لە شرۆڤەیدا بۆ گۆڕانکاری لە شۆڕشدا روونەکاتەوە.. شۆڕشگێڕان بەهۆی دەردەسەرییەکانیانەوە شۆڕش هەڵناگیرسێنن، رەنگە موعاناتەکانیان بەلاوە شتێکی سروشتی بێت بەو هۆیەی لەسەرەتای بوونیانەوە هاودەمی ژیانیانە، کەواتە هەبنو دەردەسەریش بچێژن بەلای ئەوانەوە یەك حاڵەتە. بەڵام پرسەکە بەپێچەوانەیەوە وەك سارتەر دەڵێت. کاتێك کرێکارێك دەخوازێت بارودۆخەکەی بگۆڕێت، کەبەلای ئەوەوە چیدی خۆی لەبەردا راناگیرێت، ئەوا لە هۆشیارییدا ئەوە بەدیدەکات کە رەنگە بارودۆخەکە خراپتر بێت لەوەی کە ئێستا تێیدایە، یان دەکرێت بیر لە بەختەوەرییەك بکاتەوە ـ کە هی ئەو ساتە وەختەی خەیاڵەکەی نیە_ بە پلەی دووهەمیش ئەو بەشۆڕشەکەی ئەو واقیعە رەتدەکاتەوە کە تیایدا دەژی. لێرەوە زۆرباش لەوە دەگەین کە ئازادی لە تواناو ویستی یاخیبوندایە، چونکە دەکرێت یاخیبوون فۆرمێکی راستەوخۆ وەربگرێت، فۆرمێکی عاتیفیو بیرلێنەکراوە، ئەمەش هیچ شتێك لە ئازادی مرۆڤ ناگۆڕێت، کە لەبنچینەدا بریتییە لە خۆرزگارکردن لەوەی کە هەیە. لەمبارەیەشەوە ویست یان عاتیفە مۆدێلێکی کردەو ئازادین .. بەڵام ئازادی هەمو ئەو هەڵسوکەوتانەش لە خۆدەگرێتو دواجار بوونیشی تێدا دەتوێتەوە.

ئازادی ئەو نەبوونەیە کە لەناخی مرۆڤدا هەیەو وا دەکات:"واقیعی مرۆڤایەتی روبدات لە بری ئەوەی ببێت" مـرۆڤیش بـەوە ئـازادە کـە بـەردەوام بتوانێـت بـەپێی ئەڵتەرناتیفـەکانی کاربکـات. ئـەم حاڵەتـە بەسـەر ئـەو مرۆڤەشدا بەرجەستە دەبێت کە بەویـستی خـۆی لـە دژی دوژمنەکـەی بووەسـتێتەوە زیـاتر لـەوەی لـە ترسـاندا هەڵبێت.

لەبەر ئەوەی ، وەك سارتەر دەڵێت مرۆڤ نازانێت ئاخۆ تەواو کۆتو بەنـدکراوە یـان تـەواو ئـازادە، بۆیـە جارێـك کۆتکراوەو ماوەیەکیش ئازادە .. سارتەر بۆ ئەم حاڵەتە دەستەواژەی بەدوایەکدا هـاتنی دانـاوە. ئێمـە گریمانـەی پاڵنەرێك دەکەین کە خەڵکی هاندەداتو رێیان لێدەگرێت. خواستی لەو جۆرەیە وا دەکات Clovis وڵاتـی(غـاڵ) داگیر بکات. بـەڵام هـەروەك سـارتەر دەپرسـێت چ شـتێك خواسـت لـە خـودی داگیرکردنەکە جودا دەکاتەوە؟

هەر خۆیشی وەڵام دەداتەوە:" پاڵنەر کردەکە دیاری ناکات، چونکە پاڵنـەر تـەنها لـەکاتی ئەنجامـدانی کردەکـەدا دەردەکەوێت"

بەلایەنی هۆشیارییەوە(وعی) هیچ پاڵنەرێکی دەرەکی نیە کە دیاریی بکات. هەر کردەیـەك لـە کردەکـانم ئەگـەر خۆکردەبێت یان بە خواستێکی عاتیفیەوە بێت، هەرچەنـدە لاوازیش بێت، خواستو ئامانجگەلێك دەهێنێتە ئارا کە دواجار بۆ خۆم دەگەڕێتەوە لەوەدا کە دیار بێت یان نادیار. کەواتە ئەو مرۆڤەی لە ترسدا هەڵدێت بەئازادی دەمێنێتەوە، چونکە بەو کردەوەیەی ئەوە دەسەلمێنێت ژیـان نرخێکـی گـەورەو بـاڵای هەیـە کـە هـیچ نرخێکـی دیکـەی ناگـاتێ.. بۆیـە بـە بڕیـاردانی لـەم ئامانجـەو بـەکردەوەی ئـەو ترسـانەی هەڵبـژاردوە. ئێمـە هـیچ نـینو دەشتوانین ببین ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمـە بـەردەوام خۆمـان دەخەینـە نێـو ئاسـتی کۆتاییگـەلێك کـە بەتـەواوی خۆمـان بەرپرسـیارێتی هەڵـدەگرین. کاتێـك سـارتەر دەڵێـت ئێمـە بـەئازادی مـەحکومین، ئـەو لـە خۆشەویستییدا نەبووە بۆ ناکۆکبوون، بـەڵکو ئاماژەیـە بـۆ ئازادیـەکی قـوڵتر لـە ویـست، کـە ئـازادی رەسـەن یـان (ئەنتۆلۆژیـە): ترسـانم ئازادیـەو ئاسـتی ئازادیەکـەم دەردەخـات، مـن تـەواوی ئـازادیم خـستوەتە ترسـەکەمەوەو بڕیارم داوە لەم هەلومەرجە یان ئەوەی تردا بترسم، ئەوکات بە ویستی خۆم بوونم دەبێت، ئـازاد دەبمو تـەواوی ئازادیەکـەم دەخەمـە ئازایەتیەکەمـەوە .. هـەموو رێگـەو هۆکارەکـانم لـەوەدا کـە هـەبم، هاوکـات، ئازادیەکـەم دەسەلمێنن، چونکە هەموویان رێگرن بۆ نەبوونی تایبەتم.

سـارتەر ویـستویەتی (نـاکۆکبوون)ی نێـوان ئـازادیو حەتمیـەت بگوزەرێنێـت، ئـەو پرسـەی کـە بـەخراپ لێکدراوەتـەوە، لەوەشـدا سـەرکەوتوو بـوو کاتێـك روونیکـردەوە ئـازادی رەهەنـدی سـەرەکیو رەسـەنی بونمانـە. بێگومان رۆسۆ سەلماندی کە ئـازادی زەوتناکرێت، واتـە کـەس ناتوانێـت ئـازادیم لێـزەوت بکـاتو منـیش نـاتوانم دەستبەرداری بـبم .. بـەڵام چاکە دەگەڕێتـەوە بـۆ نووسـەری Lette et le Neant دوورتـر لەوەچووە کـە هۆشداری بە ئازادی بریتییە لەبەرپرسیارێتی تەواوی مرۆڤ لە ئاستی خودی خۆیو کەسانی تر. ئەوەشمان زانی کە ئازادی سازش نازانێت، یان دەبێ ئازادیەکی تەواو بێت یان هەر نەبێت.

## یـــاســـــا

لەزۆربـاردا فەلسەفە لە بواری یاسادا کاری کردووە، دەستەواژەکە، بەمانا سەرەتاییەکەی پەیوەستە بە بڕیـاردانی خەڵکی کەخۆیان رێسایان دانـاوە بـۆ دیـاریکردنی ئـازادیی سروشـتی تاکـەکان، بـۆ لێکچواندنی ئـەوەش بـاس لـە

یاساكانی سروشت دەكەین، وەك ئەوەی ئەمەی دوایین ژێرباری یاساگەلێكی هاوشێوەبێت. ئەم لێچواندنەش راستەوخۆ رێگەمان دەدات بە بیركردنەوە لەوەی كە سروشت ژێرباری خواوەندە، بەڵام سپینۆزا لەدژی ئەم بۆچوونە دەوەستێتەوە. چونكە دەبێت زۆرباش جیاوازی بكەین لەنێوان یاساكانی سروشت كە تەعبیرن لە زەرورەتە دۆزراوەكان لەلایەن زانستە سروشتییەكانەوەو لەنێوان یاسای سروشتیدا كە بریتییە لە رۆڵی پێودانگیی عەقڵ لە هەر یەكێك لە ئێمەدا كەبارمتەی ئاكارەكانی دەبێت. لەلایەكی ترەوە(كانت) تەواوی ئاكار بە ملكەچبوون بۆ ئەو یاسایە پێناسە دەكات كە عەقڵی خۆمان بەسەرماندا دەسەپێنێت.بەو جۆرەش یاسا بۆتە چەمكی تەوەری كەتەواوی بیروبۆچوونە نوێكانی بۆ ئازادی بەدەوردا دەخولێتەوەو دەكەوێتە نێو جەرگەی تیۆرە دیموكراتیەكەی رۆسۆوە كە دەڵێت:" بەبێ یاسا ئازادی لە ئارادا نابێت". دەستەواژەی یاسا بەشێك لە چەمكە ئاڵۆزو نادیارەكان پێكدەهێنێت كە دەبێت بەتەواوی ماناكەی لێكبدەینەوە. چونكە ئێمە لەزۆر بەش لەبەشە جیاوازەكانی بواری فەلسەفەدا بەم دەستەواژەیە دەگەین، وەك فەلسەفەی زانستەكانو فەلسەفەی لۆژیكو لە بیركاریدا. دەكرێت ئەم چەمكە بكەینە لۆژیك لە بارەی ئەوەوە كە لەمجۆرە بوارانەدا بەكاردەهێنرێت. بۆ نموونە: خاڵی هاوبەش چییە لەنێوان یاساكانی كۆماری فەرەنساو یاساكانی (كیپلەر) لە بواری گەردووناسیدا؟ ئایا هەر بۆ خوازەیە وەك یاساكانی سروشت باس لە یاسا مرۆییەكان دەكرێت. لەمحاڵەتەدا، ئایا لێكچوونی لەو جۆرە پاساوی خۆی هەیە؟ لێرەوە بەنیازین تیشك بخەینە سەر تەواوی ئەم شتانە لە رۆشنایی ئەم چەمكەوە.

## جووت مانایی یاسا: پێویستییەكی سروشتییو بڕیارێكی مرۆیی

دەكرێت لەپێناسەكەی سپینۆزاوە بۆ یاسا دەستپێبكەین كە دەڵێت:" دەستەواژەی یاسا لەبەكارهێناندا لە رووی تاك رەهەندییەوە پەیوەستە بە هەندێك پراكتیزەكاریەوە، كەلەهەمان جۆرەو بەسەر خودی بنەمای كردەیەكی دیاریكراویشدا بەرجەستە دەبێت. یا لە بارێكدا پشتبەستە بە زەرورەتێكی سروشتو لە بارێكی دیكەشدا بە بڕیاری مرۆڤەوە"

لێرەوە دەبینین پێناسەی یاسا دوو بەش دەگرێتەوە: یەكەمیان پێناسەیەكی پشتبەستە بە جۆرەوە(رێكەوتنی هەموو تاكەكانی گروپ یا توێژێكی دیاریكراو یان رێكەوتنی هەندێكیان لەسەر بنەمای كردەیەكی دیاریكراو، دووەمیش پێناسەی پێكهێنراو لەسەر جیاوازیی جۆرایەتی لەنێوان یاسای سروشتی(كەلەسەر زەرورەتێكی سروشتی وەرگیراوە"

لەگەڵ یاسا مرۆییەكاندا(لەلایەن مرۆڤ خۆیەوە وەرگیراوە) بەم رێگەیەش، دەتوانین دەرك بە یەكپارچەییو جیاوازی بكەین لەو مانایەدا كەلەبەكارهێنانی دەستەواژەی (یاسا) دا هەیە، سپینۆزا بەردەوام دەبێت لەم جیاكردنەوەیەدا دەڵێت:" یاسا كاتێك پاشبەندی زەرورەتی سروشتی دەبێت كە خودی سروشتیش پاشبەندی یاسایەك لە یاساكانی دەبێت. كاتێكیش بڕیارێك وەردەگرێت كەلەلایەن مرۆڤەوە دانراوە، ئەوكات پڕاوپڕ پێیدەوترێت بنەمای یاسایەك كە خەڵكی لەنێوان خۆیان، یان لەگەڵ بەرانبەرەكانیاندا گرێبەستێك دەكەن كە ژیان ئارامترو خۆشگوزەرانتر دەبێت، یان بەهۆیەكی ترەوە.بۆ نموونە لەكاتی گەیشتنی تەنی گەورە بە تەنی بچوكتر، بەقەدەر رادەی گەیشتنی بەو تەنە لە جوڵەی كەمدەكاتەوەو ئەوەش یاسایاكی گشتیەبۆ هەموو ئەو تەنانەی پاشبەندی زەرورەتی سروشتن. بەپێچەوانەیشەوە، كاتێك خەڵكی بەخواستی خۆیان بێن یان

بەزۆرەملێ دەستەبەرداری شتێك لەمافە سروشتیەكانیان دەبن‌و بە بنەمایەكی ژیانیەوە پابەند دەبن، ئەوە بەپێی بڕیارێکی خودی خۆیان دەبێت"

سپینۆزا دواجار دەگاتە ئەو بڕوایەی كە یاسای سروشت، وەك ئەو یاسایانەی فیزیك بڕیاریان لێدەدات، خۆیان تەعبیر لە زەرورەتی سروشت دەكەن، تێگەیشتنی ئەو بۆ یاسا یان بۆ ئەم یاسایە هیچ فەرمان‌و شتێكی دیاریكراو ناگرێتەوە، بەلای ئەوەوە یاسا مرۆییەكان بەپێچەوانەوەیە، واتە بنەمای یاسایەكە لە زەرورەتێكی پەیوەست بە مرۆڤەكانەوە دەرەنجام هاتووە، بۆ ئەوەی سنورێك بۆ تواناكانیان دابنێت تا بەئارامی‌و دڵنیایی بژین، كەواتە یاسایەكی بڕیار لێدراوەو بیرۆكەی دیاریكردنی تێدا گەوهەریە. سپینۆزا لە شرۆڤەكانی بەردەوام دەبێت‌و دەڵێت:" دەستەواژەی یاسا هەموو جارێك‌و بەمەجاز، بەسەر شتە سروشتیەكاندا دەدرێت، ئێمە جگە لە فەرمان‌و ئەركێك كە مرۆڤەكان دەتوانن بیكەن یان نەیكەن شتێكی تر لەم دەستەواژەیە تێناگەین، كارێك، یان ئەركێك كە دەبێ تیایدا توانای مرۆڤ سنووردار بكرێت، لە سنورێكدا كە ئەو توانایە نەتوانێت پێشێلی بكات لەهەمان كاتدا فەرمان‌و ئەركێكی تر دەربكات. كەواتە دەبێت ئێمە یاسا وەك بنەمایەكی ژیان بناسین كە مرۆڤ بەسەر خۆی‌و كەسانی تریدا دەسەپێنێت لەپێناوی ئامانجێك یان مەبەستێكدا" بەكورتی دەبێ دەستەواژەی یاسا بەمانا تایبەتەكەی خۆی بەكاربهێنین كە بۆ ڕێسا مرۆییەكان، واتە بۆ ئەو بڕیارانە بەكاردەخرێت، كە خۆیان دەیگرنە بەرو شێوەی فەرمان لەخۆدەگرێت. بەوەش ئەم دەستەواژەیە لەشێوە مەجازیەكەیدا تەنها بەو سیستمە دەوترێت كە شتەكان لەسروشتدا بەپێی ئەو دەڕۆن بەڕێوە.

جیاوازیەكەیش لەوەدایە كە تاك دەتوانێت مل بە جێبەجێكردنی فەرمانێك نەدات ــ خەڵكی دەتوانن فەرمانێك جێبەجێبكەن یان نەیكەن ــ لەكاتێكدا یاساكانی سروشت دیاردەگەلی زەرورەتن، بەمانای ئەوەی دیاریكراوو سنووردارن بۆ ئەوەی بەو جۆرە بن نەك بەجۆرێكی تر. كەواتە بیر لەوە مەكەرەوە كە هەسارەكان ئازادبن یان نا لەوەدا كە بەپێی سێ یاساكەی كیپلەر بجوڵێنەوە.

سێ یاساكەی كیپلەریش بریتین لە:

١.خولگەی هەسارە(شێوەی هێلكەییە) كە خۆر یەكێكە لە نێوەند یان چەقەكانی.

٢.خێرایی جیاوازە بەجۆرێك ئەو تیشكەی لەخۆرەوە دەردەچێت لەكاتگەلێكی یەكساندا بە فەزاگەلێكی یەكساندا بڵاودەبێتەوە.

٣.دووجای خولانەوەی هەسارەكان لەگەڵ سێجای ڕێژەی ماوەی دووری هەسارەكان لەخۆرەوە دەگونجێت.

كەواتە یاساكانی سروشت فەرمان نین كە لەلایەن ئیرادەیەكەوە ــ با بڵێین ئیرادەی ئاسمانەوە ــ بەسەر سروشتدا بسەپێنرێن. هەرچەندە ئەو یاسایانە بەسەر سروشتدا دەدرێت‌و میكانیزم‌و دیاریكراوەكان وەسف دەكات كە هەمان ڕواڵەتی سروشتیان هەیە.

سروشتیش یاسای خۆی هەیە كە ڕواڵەتەكانی پێدەڕۆن بەپێی زەرورەتێك، واتە بەشێوازێك كە ئیدی هیچ بوارێك بۆ ڕێكەوت ناهێڵێتەوە، هەرچی جیاوازیەكەی تریشە، لەكاتێكدایە كە یاسا مرۆییەكان دەبنە سنوورێك، یاساكانی سروشتیش ئەو تایبەتمەندێتیەیان هەیە كە توانای سروشت سنووردار ناكات، بەڵكو بەپێچەوانەوە تەعبیری تەواوی ئەو توانایەیە. بەوجۆرەش سروشت بەباشترین شێوە تەعبیر لە تواناكانی ناكات لە كاتێكدا نەبێت كە هەموو شتێك لە ڕێگەی زەرورەتەوە نەكات. هەروەك هەموو شتەكان بەكرداری عەقڵێكی ڕێكخەرەوە

رووبـدەن. رەنگـە ئێـستا بایـەخ و گرنگـی ئامـاژەدان بەتایبەتمەنـدێتی خـوازە(اسـتعارە) بـزانین لەبـەکارهێنانی دەستەواژەی یاسادا بۆ تەعبیرکردن لە یاساکانی سروشت. ئەم پرسە بەلای سپێنۆزاوە گرنگی خۆی هـەبووە، کـە مەبەسـتی بـووە ئـەوە روونبکاتـەوە سروشـت ملکەچـی ئیـدارەی دەسـەڵاتێکی ئاسمـانی نیـە کـەجێی یاسـاکانی گرتێبێتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە یاساکان لەخودی سروشتدان، کە ئەویش لە زەرورەتی خۆیدا بەئیرادەی خـواو بەخواوەند خۆی نەبێت کار ناکەن.

کەواتە سپیۆنزا جیاوازی دەکات لە نێوان یاساکانی سروشتو یاسا مرۆییـەکان لـە تەعبیرکردنیانـدا لـە ئیرادەی مرۆڤدا، بۆ ئەوەی کردەوەکانی مرۆڤ بەپێی رێساگەلێك بێت کە مەبەستیان وەك سپینۆزا دەڵێت: "دابینکردنـی ژیانێکی ئارام بێت بۆ ئەو خەڵکەی لە چوارچێوەی وڵاتێکدا یان دەوڵەتێکدا دەژین."

کەواتە، سەرەڕای جیاوازیو ئاڵۆزی دەستەواژەکە، گرنگە کاتێك باس لە یاساکانی سروشت دەکەین خۆمـان لـەوە بەدورو بگرین کە یاسا مرۆیەکانیان ئاوێتە بکەین لە گۆشەنیگای مرۆڤایەتیبونمانەوە کە بەردەوام تـەعبیرە لـە ئیرادەیەك بۆ مەبەستێکی دیاریکراو، ئەوەش بەلای سپینۆزاوە، هەمان ئەو هەڵەیەیە کە دەڵێت: "خوداوەندیش وەك مرۆڤ، خاوەنی هەمان ئیرادەی سەربەخۆو جیاوازە لە عەقڵ کە وەك سروشت فەرمان بە مرۆڤـەکان دەدات بۆ کردنی کارێك. ئەمەش چەمکە ئاینیەکەیـە کـە چاکەو خێـری لێدەکەوێتـەوە: جارێـك خۆشویـستنی خـوداو فەرمانبـەرداریو تـەقواکردنو جـارێکی تـریش ناچـارکردنی نـەفس بەناسـینی دەسـتکەوتنی حیکمەتەکـەی بـۆ بەکارهێنانی لەدۆزینەوەی یاساکانی سروشتدا بۆ رێکخستنی ژیان. ئەمەش چاکە(فەزیلە)ی گەورەیـە کـە نابێـت لە مانایەکـەوە بـۆ مانایـەکی تـر لـە بـەکارهێنانی ئـەم وشـەیەدا زیـادەڕۆیی بکـەین. لـەمجۆرە زیادەڕۆییـەش لـە مێژووی فەلسەفەدا نموونەی زۆرە. ئەم دەستەواژەیە لە راستیدا نێوندێکە ئەو دوو مانایەی تێدا تێکـەڵ دەبێـت کـە پێـشتر روونمـان کـردەوە. بـا ئـەوەش بـەیادمان بهێنینـەوە کـە یاسـا مرۆییـەکان هەنـدێکیان نـاوخۆییو هەندێکیـشیان دەرەکـین کـە کردەوەکـانو پێوەرەکـان پـشتیان پێدەبەسـتن، لەبـەر ئـەوەی کۆمەڵـە یاسـایەکی پێوەرین.دەکرێت بەردەوام خۆی لێ رزگار بکرێتو فەرمانبەرداریی نەکرێت، بەلای یاساکانی سروشتیشەوە ئـەو شێوازانەن کە پێشتر لە رێی لێکۆڵینەوە لە روداوەکان چەسپێنراونو دەبنە یاساش بۆیان .

ئەگەر ئـەو شـێوازانە لـەڕێی مـەجازەوە بەیاسا دابنـرێن ئـەوکات رێکبـوونی سروشـت بەشـێوەیەك لـە شـێوەکان دەرەنجامی ئەو رێسایانەن بـەمانای تەقدیرە ئاسمانیـەکان. بـەمجۆرەش تـەعبیرە مەجازیەکـە(یاسـای سروشـت) هۆکاری ئاڵۆزیەکەیە، چونکە دەمانگێڕێتەوە ئەو زەرورەتە باڵادەستەی سروشتو ئیرادەی دانەری ئـەو یاسایانە، واتە ئەو خواوەندەی لەلایەکی ترەوە یاساکانی خۆی لەگەردووندا بەرقەرار کردووە. بەتەواوی وردەکاریەوە ئەم دووەم چـەمکەی تەعبیرکردنـە کـە پاسـاوەدەری بـەکارهێنانی دەسـتەواژەی یاسـایە لـە بابـەتی سروشـتدا. بـەڵام زانایان لەمانەی یەکەمیدا لێیتێدەگەن، چونکە ئەوان پەیوەندیان تەنها بەوەوە هەیە کە دەکەوێتە چوارچێوەی جیهانەوەو بە عەقلگەرایی ناودەبرێتو پرسی ئەوەی کە ئەو جیهانە وەڵامدانەوەی ئـیرادەی(خـالق) بێـت، ئـەوە دەخەنە لاوە.

لێرەشەوەو لـە نزیکـەوە تێبینـی ئـەوە دەکـەین کەچۆن ئـاڵۆزی ماناکـانی دەسـتەواژەی یاسـا لـەخودی چـەمکی یاسای سروشتیدا دەردەکەوێت، کەلە بواری سیاسەتو ئاکاردا پراکتیزە دەکرا. هـەروەك بینیمـان زاراوەی یاسـای سروشت لە بواری فیزیکیشدا رەنگە بەئاڵۆزی لێیتێبگەین.

## ياسای سروشتی: چەمكێكی بنەڕەتی لە فەلسەفەی سیاسیو ئاكاریدا

سەرەڕای ئەوەی باسكران سەبارەت بە چەمكی یاسای سروشتی، بەڵام هاوكات ئەم چەمكە مانای تریشی هەیە، مانای تایبەت لە فیكری سیاسیدا لەچوارچێوەی بیروباوەڕ (عەقیدە)ی مافە سروشتییەكاندا كەلەوەدایە جێ بە بیرو باوەڕە كۆنەكە لەقبكات، لەوەدایە جێی پێلەق بكات، بیروباوەڕە كۆنەكە واتە بیروباوەڕی مافی خواوەند لە هەر شوێنێكی ئەوروپادا، ئەو بیروباوەڕەی كە دەبێتە یاسادانەری دەسەڵاتی پاشایەتی لە نەتەوە مەسیحیەكاندا. لەم چوارچێوەشەوە، چەمكی مافی سروشتی مانایەكی زۆر نوێترمان دەداتێ كەلە دەرەنجامی پێكگەیشتنی هەردوو ماناكەی تری دەستەواژەی یاسای سروشتو یاسای مرۆڤەكانەوە بەرهەم هاتووە، ئەم مانا نوێیەش هاوكات هەمان ئاڵۆزیو ناڕوونی هەردوو ماناكەی تریش لەخۆ دەگرێت.

لەراستیدا یاسای سروشتیش هەمان تایبەتمەندیەكانی یاسا مرۆییەكانی هەیە كە توانای سروشتیی مرۆڤەكان دیاریدەكات، لەوەشدا بنەمایەكی یاسایی جیاواز هەیە لەشێوە زەرورەتە سروشتییەكە. حاڵەتەكە بەمجۆرەیە كاتێك دەڵێین لەهەموو مرۆڤێكدا بەشێوەیەكی سروشتی یاساگەلێك هەن رێ لە تاوانكردن دەگرن. بەڵام ئەوە یاسایەكی دانراو نیە لەلایەن ئەو مرۆڤانەوە كەلەم كۆمەڵگە یان لەو كۆمەڵگەیەدا دەژین، هەر بۆ ئەو مەبەستەیشە بە سروشتی ناوی دەبەین، چونكە پرسەكە پەیوەستە بەیاسایەكی بنچینەیی، یان بەدیاریكردنێكی تایبەت بەو مافە سروشتییەوە بۆ خۆی بنچینەیە لەیاسادا. بەو مانایەش هەموو تایبەتمەندییەكانی یاسای سروشتی دەبێت، بەو هۆیەی پرسێكە فۆرمی زەرورەت لەخۆدەگرێت، واتە فەرمانێكە لەدەرككردنی مرۆڤەوە دەردەچێت نەك لەئیرادەیەكی هەرەمەكی. چونكە دواجار یاسایە كەهەموو مرۆڤەكان دەگرێتەوەو دەشكرێت لە سروشتە مرۆییەكەوە سەرچاوە بگرێت. لەگەڵ(دیكارت)دا گریمانەی ئەوە دەكەین كەهەموو مرۆڤێك خاوەن عەقڵە، لەژێر ئەم ناونیشانەیشدا ئەو مرۆڤەی لەنێو كۆمەڵگەدا دەژی گوێی لەدەنگی ئەم یاسا سروشتیە دەبێت وەك ئەو مرۆڤە گۆشەگیرەی لە كۆمەڵگەیەكی سەرەتاییدا دەژی، چونكە لەهەر یەكێك لەوانەدا نورێكی سروشتی هەیە كە نووری عەقڵ لەناخی هەموو یەكێك لەئێمەدا هەستی پێدەكرێت، ئاخۆ ئەم دەنگە چی دەڵێتو یاسای سروشتی چیە؟

عەقیدەی مافی سروشتی پێیوایە كە تاكەكان بە سروشت ئازادو یەكسانن، بەو مانایەی كە هەموویان خاوەن هەمان سروشتی مرۆیین .. واتە ئەوان ئازادن لەوەدا بۆ پاراستنی ژیانیان بەپێی توانا سروشتییەكانیان هەڵسوكەوت بكەن، بەمجۆرەش مانایەكی ترمان دەستدەكەوێت لەیاسای سروشتی كە جیاوازە لە توانا تاكە كەسیەكانی هەر تاكێك كە سپینۆزا بۆ ئەوە چووە.

بەڵام ئەگەر یاسای سروشتی هەمان توانای تەرخانكراو بۆ پاراستنی ژیانی هەبێت(بەهۆی مافی سروشتییەوەیە كە ماسی گەورە ماسیە بچوكەكان دەخۆن) هەرچەندە سنوورەكانی ئەم یاسایە هەر لە توانای تایبەتی هەموو تاكێكدایە بۆ پارێزگاریكردن لە(هێز، ژیری، ناوبانگ، تەنانەت جزدانی گیرفانیش) ئەو كات پێناسەی یاسا بەكارهێنانی توانا دەخاتە چوارچێوەی تەنها پاراستنی خودەوە، كەواتە یاسای مافی سروشتی لەبنەڕەتدا بەو سنوورانە دیاریكراوە كە سیفەتی یاسای سروشتی لەو مافە دووردەخاتەوە. (جۆن لۆك) ئەوەی جوان روونكردۆتەوە كە مافی سروشتی رێگە بە هەموو تاكێك دەدات چۆن بخوازێت بەوجۆرە مامەڵە بەخودی خۆیو سەروەتو سامانەكەی بكات، بەو مەرجەی زیان نەگەیەنێت بەكەسێكی ترو نەبێتە هۆی تێكشكاندنی خودی

خۆیشی، با گوێ لە (جۆن لۆك) بگرین، کەدەڵێت:" فیترەت یاسای سروشتی خۆی هەیە کە دەبێت بکرێت، چونکە هەموو تاکێك ناچارە کە ملکەچی بێت .. عەقڵیش کە خودی ئەم یاسایەیە، هەموو کەس فێردەکات، لەحاڵەتێکدا کە ئەوان راوێژ بەعەقڵ بکەن، ئەوان یەکسانن‌و سەربەخۆن‌و نابێت هیچ کامیان زیان بەوی تریان بگەیەنێت، نە بەژیان‌و تەندروستی‌و ئازادی‌و سەروەت‌و سامانەکەی .. لەبەر ئەوەی لەکۆمەڵگەی فیترەتدا هەموومان خاوەنی هەمان تایبەتمەندین، بۆیە هیچ پاشکۆییەتیەك لەنێوانماندا نابێ هەبێت، بەجۆرێك باڵادەستی لایەنێکمان رێگەمان پێبدات ئەوەی ترمان تێکبشکێنین، هەروەك بۆ ئەوە دروست کرابین کە یەکتری بڕەتێنین‌و بەکاربهێنین وەك چۆن ئاژەڵ بەکاردەهێنین کە بۆ ئەو مەبەستە خوڵقێنراون.

چەمکی یاسای سروشتی کەواتە بنەمای دەسەڵاتێکی سیاسی دادپەروەرانە دەچەسپێنێت کە رێز لە یەکسانی‌و ئازادی‌و سروشتی مرۆڤەکان بگرێت، لەو کاتەدا کە یاسای ئاکاری ئەوەی تێدا دەچەسپێنێت کە دەبێت بەرامبەریش رێزی لێبگیرێت، لێرە بەدواوە باس لە چەمکی سیاسی یاساکان دەکەین لەپەیوەندییاندا بەپرسی دەسەڵاتی دادپەروەرانەو دواتر دەگەڕێینەوە بۆ فیکرەی یاسای ئاکاری.

## لە یاسای سرووشتیەوە بۆ یاسای مەدەنی

یاسای سرووشتی کەواتە ئەو یاسایەیە کە دەبێ خەڵکی وەك مرۆڤ لە خۆیان بگەن نەك وەك ئەندامانی کۆمەڵگەیەك، دەشکرێت ناڕەزاییەك هەبێت کە بڵێت یاسای سروشتی یاسایەکی تەنها تیۆریەو ئێمە لە واقیعدا کارمان بە یاساکانی وڵاتەکەمانەوە هەیە چونکە هەر ئەم یاسایانەیە ئەرك‌و مافەکانمان دیاریدەکات‌و دەسەڵاتی هەیە سزامان بەسەردا بسەپێنێت، کەواتە ئەندێشەی تیۆری چ سوودێکی دەبێت؟ راستە ئەم یاسا سرووشتیە وەك بوون لە ئارادا نیە بەڵام رۆڵێکی گەورە دەبینێت، چونکە بەهۆی ئەو یاسایانەوە دەتوانین ئەوە بزانین کە یاساکانی ترمان چۆن دەبێت دادپەروانەبن.

ئەو گرفتەی جۆن لۆك روبەڕوی هاتەوە، هاوکات لەگەڵ فەیلەسووفەکانی مافی سرووشتی ئەوەیە کە: چۆن دەتوانین نێوانی سەروەری، بە واتای سەرپەرشتی سیاسی دەوڵەت بۆ سەر کۆمەڵگە، بگونجێنین لەگەڵ ئازادیدا؟ بۆ چارەی ئەم تەڵزگەیەش پرسەکە دەوەستێتە سەر دۆزینەوەی شێوازێك، هۆکارێك بۆ دامەزراندنی سەروەریی دەسەڵاتی سیاسی، بەجۆرێك ئەم سەروەریە بە سنورێکی دیاریکراو مەحکوم بێت، گریمانەی گشتیش بۆ بەدیهێنانی ئەم حاڵەتەش لەوەدا دەبێت کە گەل سەرچاوەی ئەو دەسەڵاتەو سەروەریەبێت، واتە تاکەکان سەرچاوەبن کە بۆ خۆیان یەکسان‌و ئازادن، گەر بخوازین لەوە زیاتر وردەکاربین، دەتوانین بڵێین لەبەر ئەوەی هەموو تاکەکان خاوەنی ئەو مافە سرووشتیەن کە پێشتر باسمان لێکردووە، ئەو تاکانەی کۆمەڵگە بەپێی پەیمانێك دەستبەرداری ئەو مافە سرووشتیەی خۆیان دەبن بۆ سەروەرییەك کە لە دەسەڵاتی دەسەڵاتدارێکدا بەرجەستە دەبێت، بەپێی جۆری حکومەتەکە، هەر ئەم گواستنەوەیەشە لەمافی سرووشتیەوە کە دەسەڵاتی دەسەڵاتدار "حاکم" پێکدەهێنێت، بەهۆی ئەم مافە سرووشتیەشەوە کە تاکەکان دەستبەرداری بوون، خودی مافەکان بۆ پارێزگاریکردنیان بەگەڕ دەخرێت، بۆ نموونە: ئەگەر گریمانەی ئەوەمان کرد هەموو تاکێك، وەك مرۆڤ، مافی سزادان‌و کوشتنی کەسێکی تری هەبێت کە لە ئاستیدا هەڵەیەکی کردبێت یان وەك تاکێکی کۆمەڵگە ژیانی خستبێتە مەترسیەوە، دەبێت ئەم مافە بخرێتە دەستی حاکمێکەوە کە هەر ئەو بۆی هەیە ئەو سزایە دەربکات، جگە لە حاڵەتە رەواو شەرعیەکانی بەرگری لەخۆکردن، بۆ هیچ کەسێك نەهاتووە بە دەستی

خۆی دادپەروەری بەرجەستە بکاتو مافی خۆی وەربگرێتەوە، دەسەڵاتی بەدیهێنانی دادپەروەری "ودم-امتیاز"ێکی تایبەتە بە دەوڵەتو یەکێکە لە خەسڵەتەکانی سەروەری، بەڵام تاکەکان کاتێك دەستبەرداری مافی سرووشتی خۆیان دەبن بۆ حاکم یان دەسەڵاتدارێك، بەو جۆرە دەسەڵاتی رەهای پێنادەن کە رەنگە لە هەندێك باردا لە دژیان بووەستێتەوە، لەوەشدا سوودێکی کەمو زیانێکی زۆریان لە دەسەڵاتێکی لەو جۆرە بەر بکەوێت، بەهاو نرخی ئەو ئارامیو ئاسایشە چیە کە تاکەکان وەك ملکەچی بۆ ستەمو زۆرداری دەسەڵاتێکی رەها بیدەن؟ دواتر ئایا حکومەتی دەسەڵات رەها نابێتە گەورەترین مەترسیو هەڕەشە بۆ سەر رەعیەتەکەی؟ کاتێك تاکەکان بۆ حاکمو دەسەڵاتدار دەستبەرداری مافی سرووشتیی خۆیان دەبن، ئایا بەمجۆرە دەسەڵاتی رەهای پێنابەخشن؟ بەڵام سەرەڕای ئەوەیش، وەك بینیمان یاسای سرووشتی بەکارهێنانی مافی سرووشتیو هەژموونو دەسەڵاتی ئازاد دیاریدەکاتو بۆ پاراستنی هەموو شتە پێویستەکان بەگەڕی دەخاتو رێگەش نادەدات لەو بوارە زیاتردا بەکاربهێنرێت، تەنانەت دەسەڵاتی دەوڵەتیش لە کۆمەڵگەکاندا کە خۆی دەرەنجامی مافی سرووشتیە، تەواوی مافەکانی نیە.. چونکە یاسا مەدەنیەکان کە کارو چالاکیەکانی خەڵکی رێکدەخەن، ئەم دەسەڵاتەی دەوڵەت سنووردار دەکەن.

یاسای سرووشتی هاوکات مافی سرووشتیش سنووردار دەکات، بەوجۆرە ئەگەر دادوەرێك مافی ئەوەی هەبێت دادپەروەری بەرجەستە بکاتو سزا دەربکات، مافی ئەوەی نابێت بە خواستو ئارەزووی خۆی شتومەكو ماڵو موڵکی سزادراو دەستبەسەر دابگرێت. بەمجۆرە گونجاندنی نێوان دەسەڵاتو ئازادی رێکدەخرێت، کەواتە توانستی هەر مرۆڤێك بە مامەڵەکردن بەئازادیە سرووشتیەکەی بەهەمان شێوە بەیاسا دیاریو سنووردار کراوە، کەواتە لە یاساکاندا دەبێت یەکەم: جیاوازی بکەین لەنێوان ئەوەدا کە سنور بۆ هەڵسوکەوتی تاکەکان دادەنێت وەك خۆیان لێی تێگەیشتوون، ئەمەش لایەنی یاسایی ئیلزامیە کە لە یاساکاندا دیاریکراوەو لە میانەیەوە یاساکان بەڕووی ئازادیدا دەوەستنەوە، دووەم: دەبێ جیاوازی بکەین لەنێوان ئەوەشدا کە یاساکان دیاری دەکەن لە بارەی خودی حاکمەوە.. ئەمەش لایەنێکە بە پێچەوانەوە یاساکان ئازادی سنووردار دەکەن، نکوڵیکردن لە ئازادیش جەختکردنەوەیە لەیاسا، وەك رۆسۆ دەڵێت: "بەبێ یاسا ئازادی بوونی نابێت"، بۆیە کاتێك گەل فەرمانبەرداری یاسا دەبن، بەو جۆرە فەرمانبەرداری گەورە دەسەڵاتدارێك نابن وەك رۆسۆ دەڵێت، دەسەڵاتی دادپەروەریش بەو یاسا دادپەروەرانە بەرجەستە دەبێت کە ئەمانیش بە یاسا سرووشتیەکە سنوردار دەکرێن.

یاسای سرووشتی ئەگەر تەنها بیرۆکەیەکی تیۆریش بێت، بەڵام لەسەر زەمینەی واقیعدا دەرەنجامی مێژوویی گەورەی لێکەوتۆتەوە، بۆ نموونە بیرو بۆچوونەکانی رۆسۆ بووە بەهرە بۆ شۆڕشگێڕە فەرەنسیەکان، بەر لەویش بەسەدەیەك بیرو بۆچوونەکانی جۆن لۆك لە(راگەیاندنی مافەکان) دا لەساڵی ١٦٨٩ دا سەرکەوتنیان بەدەستهێنا لە دیاریکردنی دەسەڵاتی پاشایاتی بەریتانی. ئەم دەقەی لای خوارەوەیش بنچینەی دەستوورە کە دەڵێت:"ئەو دەسەڵاتەی دەبێتە هۆی پەکخستنی یاسا، یان جێبەجێکردنی، بەپێی دەسەڵاتی پاشایەتی بەبێ رەزامەندیی پەرلەمان، دەسەڵاتێکی نایاساییە" کەواتە یاساکان تەنانەت لەسەروەری دەوڵەتیشدا دەبنە گرەنتی ئەوەی دەوڵەت لە چوارچێوەی رێزنان لە ئازادیی یەکساندا کاربکات کە مرۆڤەکان بە سرووشت لەسەری دەژینو بەمەبەستی ملکەچکردنیان زیادەڕەوی نەکات لە بەکارهێنانی دەسەڵاتدا.

بەرجەستەکردنی دامودەزگایی ئەم بیرو باوەڕەیان ئەم بنەمایە، جەخت دەکاتەوە کە ڕێکخستنی کۆنترۆڵ بەسەر دەسەڵاتدا دەبێت لە ڕێی پەرلەمانەوە بێت، بەکورتی جەخت لە دابەشکردنی دەسەڵات دەکاتەوە، واتە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان کە (مۆنتسکیۆ) لە سەدەی هەژدەهەمدا جەختی لێدەکاتەوە، بەڵام گرنگیی ئەم دەقە بەتایبەتی لەوەدایە کە سەروەری لە دەستی پەرلەماندا چڕبکرێتەوە، کەبەدەزگایەکی یاسادانانی نوێنەری ئیرادەی هاوڵاتیان دادەنرێت، دەرەنجام نابێ ئەوەیشمان لە بیر بچێت کە بەبێ یاسا ئازادیش لەئارادا نابێت، چونکە ئەمەی دوایی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، تەعبیر لە ویستی جەماوەر دەکات. بەبێ ئەم دوامەرجەیش نە یاسای دادپەروەرانەو نە دەسەڵاتی دادپەروەرانەش لە ئارادا دەبن. یاسا لە ڕاستیدا هەر فەرمان (مرسوم)ێکی سادە نیە، یان تەعبیرێکی هەڕەمەکی ویستی کەسێکی خاوەن تایبەتمەندی بێت، یاسا وەك ڕۆسۆ ڕونیکردۆتەوە لە پەیمانە کۆمەڵایەتیەکەیدا، پرسێکی گشتیە لەسەرچاوەو لە ئامانج لە هێنانە ئارایدا. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت تەنها کۆمەڵە هاوڵاتیەك مافی دیاریکردنی شتێکی باشیان هەیە. بەو جۆرەیش یاسا تەعبیر لە کۆی بەرژوەندییەکان دەکات، نەك بەرژەوەندیەکی تاکە کەسی. کەواتە یاسا دەبێت مۆرکی بەرژەوەندیی گشتی لەخۆبگرێت، بەڵام یاسا هاوکات دەبێت لە رووی ئامانجیشەوە گشتی بێت: بۆ نموونە دەتوانێت ئاماژە بدات بەوەی دەوڵەت تایبەتمەندی بدات بەو کەسانەی لەژێر کەمترین ئاستی دیاری سەرچاوەدا دەژین، بەو مانایەی دەوڵەت ناتوانێت لیستێك بەناوی ئەو کەسانەوە دیاریبکات کە ئەو هاوکاری‌و یارمەتیانە دەیانگرێتەوە، یان هاوکاریەکان تایبەت بکات بە هاوسەرە رەگەز جیاوازەکان یان خاوەن ئاینێك لە ئاینەکان، تەنانەت کارە تایبەتەکانی وەك کۆمەکیە خێزانیەکان بە نموونە کە بۆ خێزانە خاوەن منداڵەکان تەرخان دەکرێت، ئەمانیش بەهۆکاری بەرژەوەندی گشتی‌و دادپەروەریەوە پاساو دەدرێن. کەواتە جیاوازیکردن بەلایەنی یاساوە دەبێت حاڵەتێکی هەڵبژێردراو بێت نەك بنەمایەکی یاسایی، هەروەك هەر جیاوازیکردنێکی یاسایی دەبێت پاساو بدرێت، چونکە ئەمەیان لەگەڵ بنەمای بنچینەیی ئازادیی یەکسان‌و شکۆی هەموو مرۆڤێکدا دەگونجێت. بەکورتی، یاسا ئەوکات بەدادپەروەرانە دادەنرێت کە سیاسەتی یەکسانیی سرووشتی هاوڵاتیان بەرجەستە بکات‌و بەناوی ئازادیی یەکسانەوە بۆ هەمووان ئازادیی دەسەڵاتدار(دادوەر ـ حاکم) سنووردار بکات، بەرجەستەکردنی دەستووریی ئەم ئازادیە یەکسانەش بەوە دەبێت ڕێگە بەهەمووان بدرێت بۆ بەشداریکردن لەکاروبارە سیاسیەکاندا، کە ئەوەش دواجار ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی دەڕەخسێنێت، بەو هۆیانەوە، یاساو دەسەڵاتیش بەدادپەروەر دانانرێت ئەگەر لەدەرەوەی سەروەریی گەلدا بن.

## یاسای ئاکاری

یاسای سروشتی مەبەستی هەر تەنیا ڕێکخستنی ژیانی سیاسی‌و دەسەڵاتی گشتی نیە .. بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی پەندو ئامۆژگاریش لەخۆ دەگرێت، سەبارەت بە کردەوەکانی مرۆڤ لە ئاستی یەکتریدا. بۆ نموونە، وەك لای جۆن لۆك بینیمان، یاسای سروشتی ئەوە قەدەغە دەکات کە مرۆڤێك خودی خۆی بەهیلاك بەرێت، یان ئازار بە کەسێکی تر بگەیەنێت، لەژێر ئەم ناونیشانەیشدا ئەم یاسایە دەبێتە بنەمایەك بۆ یاسای ئاکاری. هاوکات ئەو شێوەیەش لەخۆدەگرێت کە هەموو تاکێك بۆ ڕێکخستنی کردەوەکانی پەیڕەوی دەکات‌و بەو هۆیەشەوە دەتوانێت بەچاك‌و خراپ حوکم بەسەر هەڵسوکەوتەکانیدا بدات.

لێرەشدا پەیڕەوکردنی یاسای ئاکاری پەیڕەوکردنێکی ئیلزامی دەبێت، بەڵام دەشکرێت بەردەوام مرۆڤ خۆی بەهیلاك بەرێتو ئازاریش بەخەڵکانی تر بگەیەنێت.

ئەو پرسیارەش کە لێرەدا دێتە ئارا ئەوەیە: چۆن دەکرێت بزانین لەناخی هەموو مرۆڤێکدا یاسایەکی ئاکاری فەراهەم کردوە؟

کاتێك ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە خۆمان هەست بە بوونی پابەندبوونێکی ئاکاریی گشتی دەکەین بەسەرهەمواندا پابەندبوونێکی خاوەن بنەمای رەها دەسەپێنێ نەك رێژەیی، لەبارەی کات، یان کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوەوە. ئەم پابەندکەرانە لە زۆر باردا بە سروشتیو تایبەت بە سروشتی مرۆڤەوە وەسف دەکرێت. لێرەوە دووبارە رووبەڕووی ئەو گرفتە دەبینەوە کە پێشتر هاتبووە رێمان: دەبێ لەدەستەواژەی سرووشتەوە چی تێبگەین؟ ئایا سروشت بڕیار لەوە دەدات کە دەبێت ببێت؟ ئایا بە سروشت شتگەلێکی چاكو خراپ، رێگەپێدراوو قەدەغە کراوە هەیە؟ ئایا دەکرێت لەشێوە سروشتیەکەیدا گریمانەی بوونی سروشتێکی گشتی مرۆییو ئاکاری رەمەکی (غەریزی) لای هەمووان بکەین؟ ئایا ئێمە دڵنیاین لەوەی خەڵکی بە ویستی خۆیان ملکەچی یاسای ئاکاری دەبنو هەموو ئاسەوارو کاریگەرییەکی ئاینیو فۆرمەکانی پەیوەندی بەخوداوە لە چەمکی مرۆڤبوون دوور دەخەنەوە، لەکاتێکدا خودا سەرچاوەی سەرەکیە بۆ پابەندکردنو قەدەغەکاریە ئاکاریەکان، ئایا ئێمە دڵنیاین لە توانامان بۆ جیاکردنەوەی چاکەو خراپە، خێر لەشەڕ؟ ئایا دادگای ویژدان لە ناخماندا فۆرمێکی ناوخۆیی نیە بۆ دادگای ئاسمان؟

پابەندبوون یان پابەندکردنی ئاکاری تەواوی خەسڵەتەکانی یاسای هەیە کە دەبێ خەڵکی لەگەڵیدا رێکبکەون نەك خەسڵەتی یاسای زەرورەت کە دەبێ خەڵکی ملکەچی بن: گفتی (دەبێ درۆ نەکەین) پابەندکردنێکی ئاکاریە کە دەکرێت مرۆڤ رەچاوی نەکات، هەروەك گوتەی" خەڵکی پیر دەبن" حەتمیەتێکی سروشتیەو هیچ کەس ناتوانێت ملکەچی نەبێت، ئەگەر لە سەرەتایشەوە وا دەربکەوێت کە هیچ پەیوەستیەکی نزیکایەتی نیە لەنێوان جیهانی سروشتیو جیهانی ئاکاریدا، ئاخۆ لەم بارەدا چاوگە سروشتیەکە کامەیە کە ئاکارەکانی ئێمەی لێوە سەرچاوە دەگرێت کە هەندێك لە فەیلەسوفان فەرمانە ئاکاریەکانی، وەك خراپەنەکردن لەگەڵ بەرامبەردا، بەیاسایەکی سروشتی دادەنێن؟

زانستی لاهوت یاسای سروشتی وەك بەمانا ئاکاریەکی بەکارهێناوەو لەم ڕەوتەدا هاتووە کە هۆکار(عەقڵ) سروشتیەو تەنها لەمیانەی عەقڵەوە پەیدەبەین بەو یاسا خوداوەندیانەی لەنێو خودی خۆماندایە. بەهەرحاڵ .. پێدەچێت ئەو مانایەی (تۆماس ئەکوینی) بەم چەمکەی داوە روونو ئاشکرایە کاتێك دەڵێت:" یاسای سروشتی ئەو نوورەیە کە خوداوەند پێیبەخشیوینو هەر بەوەیش دەزانین چی بکەینو خۆمان لەچی بەدوور بگرین"

با ئەوە بهێنینەوە یاد خۆمان کە ئاینی مەسیحی ئاینێکە دان بە ئازادیی مرۆڤەکاندا دەنێتو لەم ئاینەدا خێر، چاکە، وەك چاکە هیچ بەهایەکی نیە، هەروەك ئەوەی بەها بە خێر خراپی بەشەڕ دەدات خودی توانای مرۆڤە لە جیاکردنەوەی هەردوو لایەنەکە کە توانای مرۆڤ بەهەڵسوکەوتکردن بەخێر یان شەڕە.

کاتێك فەیلەسوفان مامەڵەیان بە یاسای سورشتی دەکرد ئەو ئاڵۆزیەیان تێدا هێشتەوە کە هەیەتی. یاسای سروشتی بەلای ئەوانەوە توانای عەقڵیی مرۆڤە بۆ ناسینی ئەوەی کە دەبێ بیکات یان خۆی لێبەدوور بگرێت.

لەژێر ئەم ناونیشانەدا، دەکرێتو باشتر وایە بۆ عەقڵ کە خۆی بگونجێنێت لەگەڵ خەڵکیدا لە بری ئەوەی بەدوژمنی خۆیانی دابنێت، بەڵام یاسای سروشتی هێزی یاسا بداتە ئەم توانایە، بەڵکو عەقڵ تەنها بە ئامێرێکی سادە دەزانێت کە بەهۆیەوە پەی بە یاساکان دەبەن، واتە ویستی خوداوەندمان بۆ دەردەکەوێت.

عەقڵیش لەگەڵ یاسای سروشتیدا هاوشێوەن کە ئەمەی دوایی سەرچاوەی ئاکارە، چونکە وامان لێدەکات یاسای ئاسمانی بناسین، یاسای ئاسمانیش یاسای زەرورەت نیە بەڵکو یاسای پابەندکارە، ئیرادەیەکە سیفەتی خێرو شەڕ بە شتەکان دەدات، لەکاتێکدا لە سروشتی ڕەهادا شتێك نیە بەناوی خێرو شەڕەوە. ئەگەر عەقڵ ، هۆکاری مەعریفە، تەواو مرۆیی بێت، بەوەیشەوە کەپەیوەستە بە ناسینی ژیانێکی چاکەخوازیەوە، ئەوە بۆ خۆی ئاکارە ــ ئەو کات عەقڵ وەك توانایەکی ئاکاری جۆرێك شەرعیەتی تری دەبێت: واتە نێوەندێکە لەمیانەیەوە خوداوەند ئەرکی مرۆڤەکان دیاری دەکات. لەخوێندنەوەی لۆکەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە، یان لە نوسینەکانی(سیمون گۆیارد)ەوە لەسەر بابەتەکانی (جۆن لۆك) کە دەڵێت:" مرۆڤی ژیر ئەو کەسەیە ئەرکەکانی خۆی دەزانێت کە لەلایەن خوداوەندەوە بەسەریدا دراوە، وەك ئەرکێك بۆ بوژاندنەوەو چالاککردنی عەقڵی بەو سروشتەی کە خودا پێیبەخشیوە" بەو جۆرەش دەتوانین لە بیرۆکەی یاسای سروشتی بگەین بەوەی ئەو فەرمانەیە کە عەقڵی سادەمان بەسەرمانیدا دەسەپێنێت، بەڵام لە یاسای سروشتی ناگەیەن بە گێڕانەوەی نەبێت بۆ ئیرادە یان عەقڵێکی ئاسمانی. بۆ نموونە، قەدەغەکردنی خۆکوشتن بۆچی دەگەڕێتەوەو پشت بەچی دەبەستێت؟ ئێمە جگە لە هۆکارێکی ئاینی یان بیرو باوەڕی ئاسمانی شتێکی دیکە شکنابەین کە ئەو هۆکارە وا لەئێمە دەکات وەك ئافەریدەکراوگەلێك نەتوانین بە ئارەزووی خۆمان مامەڵە لەگەڵ ژیانی خۆماندا بکەین، ئایا دەکرێت ڕێگرییەکی لەو جۆرە تەنها پشت بە عەقڵی مرۆیی ببەستێت؟ بەڵام دەشکرێت هەندێك حاڵەت هەبێت وەك ئەو نەخۆشیە کوشندانەی کە دەبنە هۆی ئازاری لەڕادەبەدەرو تیایدا عەقڵ بڕیار دەدات کەلەم حاڵەتەدا مردن ئاسانترین شەڕەو لەوە باشترە کە ژیان بەو ئازارەوە بەردەوام بێت. ئەگەر یاسای سروشتی وەك (لۆك) دەڵێت جگەلە عەقڵ شتێکی تر نەبێت، ئێمە لەوە ناگەین کەچۆن، وێڕای مەعریفەو بڕیاردان، توانای زۆر لێکردن، ناچارکردنو ڕێگریش هەر بۆ عەقڵ بگێڕینەوە، بەواتای ناچارکردنی بەردەوامبوون یان ڕێگری لەژیانێك کە ڕەنگە هەر دەردەسەرییش بێت؟ عەقڵ بەردەوام هەڵسوکەوتی باشتر، یان کەم زیانتریمان بۆ دیاریدەکات، بەڵام ناچارمان ناکات بەپێی خێر یان چاکەی ڕەها مامەڵە بکەین، هیچ یاسایەکیشمان بەسەردا ناسەپێنێت بەرەهایی ناچارمان بکات بژین هەر لەبەر ئەوەی بەردەوامبوون لە ژیان باشترەو خراپە ئەوە دەبێت کە ببینە هۆکاری مردنمان.

لە میانەی ئەم نموونەیەوە زۆر باش لەوە تێدەگەین کە چۆن لەئاکاردا وەك زانستێك، ئەوە باشترە کە ڕێگە بە خۆکوشتن بدەینو بەڕەوای بزانین، لەکاتێکدا هەر ئاکاریش، یان ئاکارێك کە ناچارمان دەکات بەبەردەوامبوون لەژیاندا، بەهەر نرخێك بێت ئەو جۆرە خۆکوشتنە سەرکۆنە دەکات، لەئاکاردا کردەوەو کردار هەمیشە دەمانگەیەنێتە بەهاگەلێکی باڵا، ئەوەش بەلای زانستی ئاکارەوە بەدروست دانانرێت.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە دامەزراندنی ئاکار لەسەر بنەمای عەقڵی مرۆیی چەندە دژوارەو ئاستەنگی دێتەڕێ. بەڵکو هەر لە بەراییەوە دەردەکەوێت کە مەحاڵە: چونکە ئەرك‌و پرسی گوزەراندنی تەڵزگە ئاینییەکە

بەناوی ئاکارەوە هێندە دژوارە کە دەکرێت لەگەڵیدا ئەوە دابنێین یاسایەکی ئاکاری هەیە لای مرۆڤ کەبەردەوام بەرەو فەرمانە ئاسمانیەکان دەمانبات‌و ناشتوانین خۆمانی لێ بەدورو بگرین‌و بیرۆکەی عەقڵێکی یاسادانەر تەنها ئەوەی لێحاڵی دەبین کە عەقڵێکی زانا بە خێرو شەڕ هەیە، لەدەرەوەی عەقڵ‌و لەلایەن بونەوەرێکی باڵاترەوە جیادەکرێتەوە، سەرلەبەری فەلسەفەکەی (کانت) لەسەدەی هەژدەهەمدا سەبارەت بە یاسای ئاکاری‌و عەقڵی یاسادانەر بوو، رامانەکانی ئەم فەیلەسوفە زیاتر لەسەر هەوڵی بیرکاری چڕبووبوو ئەویش بەگێڕانەوەی یاسای ئاکاری بۆ عەقڵ‌و پشتبەستن بە ئاکار لە فەرمانبەرداریی ئەو یاسایانەدا کە خۆیان بەشێوەیەکی ژیرانە دەریان کردووە.

عەقڵ وەکو (کانت) پێیوایە دوو جۆر بەکارهێنانی هەیە کە لەیەکتری جیاوازن، عەقڵ لە بەکارهێنانە تیۆریەکەیدا بریتییە لە توانا لەسەر مەعریفە، لەبەکارهێنانی کرداریشدا عەقڵ بریتییە لەوەی ئەرکمان بەسەردا دەسەپێنێت، کەواتە عەقڵی کرداری ئەو یاسادانەرەیە کە یاسای ئاکاری دادەڕێژێت‌و فەرمانیشمان پێدەکات کە ملکەچی بین.

تەواوی پابەندبوونە ئاکارییەکان، هەر لە پێویستبوونی رێزگرتن لە کەسانی ترەوە تا دەگاتە رێزگرتن لە خودو درۆنەکردن‌و رێگری لەتاوانکاری، هەموو ئەمانە بریتین لەو فەرمانانەی لەلایەن یاسایەکی ئاکاریەوە دەردەچن کەلەناخی هەر یەکێك لەئێمەدایە، وردتر بڵێین ، ئەم فەرمانەلە هەستدا نیە بەقەدەر ئەوەی لە هۆشیاری یان لە عەقڵدایە: لە هۆشیاریدا لە فۆرم یان لە شێوەی دەنگێکی ناوەکیدایەو دەیبیستین‌و راستەوخۆیش تێدەگەین ئەو کارەی کردمان باشە یان خراپ، ئەویش لەرێی هەستکردنەوە بە پەشیمانی یان ڤایلبوون‌و سەرفرازی. لە عەقڵیشدا لەوەدایە کە پێوەری چاکەو خراپە، خێرو شەڕ پێوەرێکی عەقڵیە، چونکە شتی چاك‌و خێر لەهەمان کاتدا بێزراو نابێت.. بۆ نموونە من نامەوێ درۆ بکەم‌و ئەرکیش نیە لەسەرم کە درۆ بکەم، چونکە جیهانێك کە تیایدا هەموو خەڵکی درۆ بکەن دەبێتە جیهانێك کە تیایدا تەنانەت توانای قسەکردنیش لەئارادا نابێت، بەڵام ئەرکی عەقڵ لەوەدا دەبێت کە شتە ناکۆکەکانی نێو درۆ دیاری بکات: چونکە لایەنی پراکتیکی عەقڵ درۆکردن قەدەغە دەکات‌و هێزە یاساییەکەیشی لێرەدا دەبێت .. ئایا (کانت) لەوەدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا لە چارەسەری هاوکێشەی هاوسەنگکردن لەم تەڵزگەیەدا، کاتێك یاسای ئاکاریی بە عەقڵی مرۆییەوە بەستەوە، لەوەدا کە دەڵێت عەقڵی یاسادانەر هیچ پەیوەندییەکی بە یاسادانەری ئاسمانییەوە نیە، سەرکەوتنی بێگومانە ئەگەر لەرووی فەلسەفەی (کانتیزمەوە) حوکممان بەسەر پرسەکەیا دا، لەبارەی وەرگرتنی ئاکارەوە لە کۆمەڵگە خۆرئاواییەکاندا ئێمەو خەڵکانێکی زۆریش، پێمانوایە کە دەبێ رێز لەخەڵکی بگرین‌و نابێ دزییان لێبکەین‌و بیانکوژین، بەو هۆیەی خۆمان دەرك بەوە دەکەین کە مرۆڤەکان خاوەن رێزن‌و لەو بارەیەوە یەکسانن‌و ئەوەش ئەرکی لێدەکەوێتەوە.

کەواتە یاسایەکی ئاکاری لەناخماندایە کە دەبێ تەنها راوێژی پێبکەین بۆ زانینی ئەرکەکانمان. بۆ ئەوەی خەڵکی بزانین هەڵسوکەوتیان باشن یان خراپ دەبێ بگەڕێنەوە بۆ ئەو دەرککردنە نەك روانین بۆ کتێبە پیرۆزەکان، ئێمە بەردەوام پرسیار لەوە دەکەین کە ئاخۆ دادگای ویژدانمان فۆرمێکی ناوخۆیی حوکمی خوایی نیە لەناخماندا؟ پرسیار لەوەیش دەکەین کە ئاخۆ خۆرزگارکردن لە ئاکارە ئاینییەکان خۆرزگارکردنێکی رواڵەتی نیە. فەلسەفەی (کانت)یش خۆپاککردنەوەیە لەم حاڵەتەو خۆرزگارکردنە لەم ئاکاری ئاینییە، بەڵام

نابێ ئەوەیشمان لە بیر بچێت کە فەلسەفەی کانت سەرکەوتووبو لە دەرککردن بە ئەگەری بوونی یاسایەکی ئاکاری مرۆیی تەواوو ئەم فەلسەفەیە تەنها بۆ پەیوەستکردنەوەی ئاین بەئاکارەوە جیاوازیی نەکردووە لەنێوان ئاکارو ئایندا. جا بۆ ئەوەی تەلاری ئاکاری مرۆیی تەواو بگاتە بونیاد، بەپێی (کانت) دەبێ ئەم تەلارە لەسەر بەڵگەنەویستی بوونی (خوداوەند) دامەزرابێت، کە بەڵگەنەویستێکی عەقڵی کرداریە، چونکە بەڵگەنەویستێکی لەو جۆرە دەکرێت ببێتە هۆی زیاتربوونی هێز لە یاسای ئاکاریدا، کانت هەمان بایەخ دەدات بە پرسی جەختکردنەوە لە بوونی یاسایەکی ئاکاریی دیاریکراو لەلایەن عەقڵەوە نەك لەلایەن ئیرادەی ئاسمانییەوە، هەروەك بایەخیش دەدات بە پرسی نەبوونی مانایەك بۆ عەقڵێك کە فەرمان بدات بە ملکەچبوون بۆ یاسایەکی لەو جۆرە لەدیدی بونی خوداوەندو پاداشتی ئاسمانی لەسەر چاکەو خێر، بەکورتی ، بوونی ئاکاری مرۆیی پەتی پرسێکەبوونی هەیە، بەڵام بۆخۆی مانایەکی ئەوتۆی نیە، کەواتە مافی ئەوەمان هەیە بپرسین لە بارەی ئەوەی کە ئاخۆ مانایەك دەمێنێت بۆ بیرۆکەی یاسای ئاکاریو چەمکی عەقڵی کرداری ئەگەر دان بە بوونی ئیرادەیەکی ئاسمانیدا نەنێین؟ وێڕای ئەوەیش، بیرۆکەی ئاکاری خۆڕسکی یان یاسای ئاکاری سروشتی لە چەمکی سروشت زیاتر مایە بەگومانە کە پەیوەندیەکانی ئەمەی دوایی لەگەڵ ئاسماندا گومانی زۆری لەخۆگرتوە. بۆ ئەوەی پۆلێنکردنەکەی (سپینۆزا) یش تێبگەین، دەبێ وەك خۆی دان بە فەرمانە ئاکاریەکاندا بنێین، واتە وەك کۆمەڵە بڕیار یان یاساگەلێکی مرۆیی نەك سروشتی.. بەمجۆرەش تەواوی پابەندبوونەکانمان بە شتە قەدەغەو حەرامرکاوەکانەوە کە بەسەرماندا سەپێنراون، کۆمەڵە رێکخەرێکی کلتوورین ــ رێگرە ئاینییەکانیش هەر بەم رێکخەرانە دەشوبهێنرێن.

باسەکەمان بەچەند راسپاردەیەکی (ئەندرێ لالاندی) تەواو دەکەین کە ئاگاییمان دەداتێ لە بارەی ئاڵۆزیی دەستەواژەی یاساوەو بەوە ئامۆژگاریمان دەکات کە:" چەند بتوانین وشەی یاسا بگۆڕین بەدەستەواژەگەلێکی دوور لە ئاڵۆزیی وەك (بنەما) یان ( واژە) لە نەسەقە زانستیەکەدا، یان (سیستم) یان (بنەمای خەملاندن) لە نەسەقە پێوەریەکەدا، دوور لە بواری دەستەواژەو پێناسەکردنیشدا، چەمکی یاسا بەجۆرەها شێوە چەمکەکانی خواوەند، سروشت، خەڵکی پەیوەندیان بە یەکتریەوە بەکارهێناوە، بەڵام چەمکی یاسا ئەم گرفتەی تێدایە: ئایا سیستمێکی نا مرۆیی، کە بەئاسمانی یان سروشتیی ناوبنێین، شیمانەیە یان حەقیقەتێکە لە هەلومەرجە مرۆییەکەدا؟ یان دەبێت بەپێچەوانەوە دان بەوەدا بنێین تەنها مرۆڤەکان بیرکردنەوەی عەقڵانیان داهێناوەو بەسەر ئەم جیهانەیاندا داوە، هەر ئەوانیش فەراهەمهێنەری ئاکارەکانی خۆیانو ئەو حکومەتانە بەچاك دەزانن کە دەیانەوێت دایبمەزرێنن؟ دژواریی گەورە لەوێدایە کە مرۆڤەکان شێوازێکی دیاریکراو بدۆزنەوە تا خەڵکی، ئەوانەی ملکەچی ئەو یاسایانەی حکومەتن کەبەسەر خۆیانو بەسەر جیهانیدا دەسەپێنن بەپێی زانیاری خۆیانو لەرێی هۆشیاریی عەقڵیو سروشتی خودی مرۆڤەکانەوە کە دواجار ملکەچبوونیان بۆ سیستمێکی باڵای ئاسمانی ببێتە پێوەری رەهای حەقو خێر، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم فەلسەفانە هەر خۆیان بواریان رەخساندو بۆ پەرەسەندنی پلە بە پلەی دەرککردن بەوەی بوونی یاساکانە، نەك نەبوونیان، وایکردووە خەڵکی شێوەیەکی باڵاتر ببەخشن بە ئازادیو سەروەریەکانیان، هەروەك لەوەش تێبگەن کە بەبێ یەکسانی ئازادی و بەبێ ئازادیش یەکسانی لەئارادا نابن"

# ئـــــازادى

**ئازاديى دەربڕين ................................. ملفين ئەرۆفسكى**

**ئازاديى رۆژنامەنووسى ......................... ملفين ئەرۆفسكى**

**رەگەكانى ئازاديى دەربڕين ......................... ملفين ئەرۆفسكى**

**وەرگێڕانى/ عەبوڵڵا مەحمود زەنگنە**

# ئازادیی دەربڕین

## ن/ملفین ئەرۆفسکی

ئەگەر لەکۆمەڵگەی دیموکراتیدا مافێك هەبێت لەهەموو مافەکانی تر بەهادارتربێت، بێگومان ئازادیی دەربڕینە،واتە مرۆڤ بتوانێت بیر لەچی دەکاتەوە دەریبڕێت، رکابەری بیرو بۆچوونە سیاسیە باوەکانی سەردەم بکات، بەبێ ترسی تۆمەتبارکردن لەلایەن دەوڵەتەوە رەخنە لە حکومەت بگرێت، ئەمانە سەرەکیترین جیاوازین لەنێوان ژیان لە وڵاتێکی ئازادو دیموکراتو وڵاتێکی دیکتاتۆریدا. لەنێو هەموو بوارو مافەکانی تردا، دادوەر (بنیامین کاردۆزۆ)ی دادوەری دادگای باڵای ئەمریکا لە نێوان ساڵانی ١٩٣٢ — ١٩٣٨ دا لە بارەی ئازادیی دەربڕینەوە دەڵێت :"ئازادیی دەربڕین بنەماو مەرجی تەواوی بوونی هەموو ئازادیەکانی ترە".

ئەگەر خەڵکی ئەمریکا گریمانە دەکەن کە دەربڕینی ئازادنە بەهای گەوهەریی دیموکراتیە، ئەوان هاوکات جیاوازن لەوەدا کە ئاخۆ یەکەمین هەموارکردن تا چ ئاستێك فۆرمەکانی دەربڕین دەپارێزێت، ئایا ئەو هەموارکردنە پارێزگاری دەکات لە زمانی رقو کینەو رقە بەرایەتی کە بۆ کۆمەڵێك لە گروپە ئەتنیو ئاینییەکان ئاراستە دەکرێت؟ ئایا پارێزگاری دەکات لەو (وشانەی هانی شەڕخوازی دەدات" کە دەبنە هاندەری خەڵکی بۆ پیادەکردنی رەفتاری توندوتیژی؟ ئایا یەکەمین هەموارکردن مادەکانی تری خراپەکاری دەخاتە ژێر پەرچەم؟ ئایا وتاری بازرگانی ــ ریکلامە بازرگانیەکانو پەیوەندیە گشتیەکان کەلەلایەن کۆمپانیاکانەوە دەردەکرێن ــ پارێزگاری لێکردنی دەستووری دەخوازن؟ لەم دەیان ساڵەی دواییدا ئەم پرسیارانەی سەرەوە چەندین وتووێژو مشتومڕیان لێکەوتەوە لە نێو حکومەتی ئەمریکاداو لە وتووێژو گوتارە گشتیەکانیشدا، بەڵام تائێستا لەزۆرێك لە بوارەکاندا کۆدەنگیەك بەدەست نەهێنراوە. ئەوەش جێی نامۆییو نیگەرانی نیە، چونکە ئازادی چەمکێکە بەردەوام لە گۆڕانو پەرەسەندندایە. جا لەبەر ئەوەی بەردەوام رووبەڕووی هزرو بیری نوێ دەبینەوە، مشتومڕو وتووێژیش لەو کایەیەدا بەردەوام دەبێت. دیارە هەر هاتنە ئارای زنجیرەیەك لە ململانێکان لەبارەی تێگەیشتنمان لەماناو دەلالەتی پاراستنی ئازادیی دەربڕین لەیەکەمین هەموارکردنی دەستوور لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا ،ئازادیی دەربڕین بەردوام وەك ئەمڕۆمان لە فۆرمی مافی فراوانگیردا نەبووە. کاتێك (سێر ولیام بلاکستۆن) لەناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەمدا کتێبە بەناوبانگەکەی (چەند شرۆڤەیەك لەبارەی یاساکانی ئینگلتراوە) نووسی، ئازادیی دەربڕینی بەوە پێناسە کرد کە بریتیە لە نائامادەیی کۆتکردنی پێشوەخت، ئەو مەبەستی لەوە بوو کە نابێت حکومەت رێگربێت لە وتنو بڵاوکردنەوەی ئەوەی مرۆڤێك بڕوای پێیەتی، بەڵام کاتێك هەر کەسێك بەگوفتار تێبینیەکانی خۆی دەربڕی، ئەوکات دەکرێت لەسەری سزا بدرێت ئەگەر وتەکانی قەدەغە کراو بێت، ئینگلیزەکانیش وەك یۆنانی کۆن سێ جۆر وتاریان سنووردارو کۆتکردبوو، (هاندانی پشێوی، رەخنە گرتن لە حکومەت، قسە هەڵبەستن،رەخنە لە مرۆڤەکان، سوکایەتی بەئاین(رەخنە لە ئاین)و هەریەك لەوانەشیان بە(تاوانکاری) لەقەڵەمدا. گرنگترین کۆتیش لەو سێ کۆتکردنە هاندانە بۆ پشێوی.. چونکە نوخبەی دەسەڵاتدار لەسەردەمی بلاکستۆندا پێیانوابوو هەر رەخنەیەك ئاراستەی حکومەت یان کەسانی فەرمی لەو حکومەتەدا بکرێت، تەنانەت ئەگەر راستیش بێت، دەبێتە هۆی تێکچوونی سیستمی گشتی، کاتێك کە متمانە بە حکومەت لەق دەکرێت، ئەگەر حکومەت، بەپێی بۆچوونی بلاکستۆن،

مافی ئەوەی نەبێت رێز لەکەسێك بگرێت رەخنە لە حکومەت بگرێت، هاوکاتو بەپێی هەمان بۆچوون بۆی هەیە دوای دەربڕینی رەخنەکان سزای رەخنەگر بدات، لەمیانەی هەردوو سەدەی حەڤدەو هەژدەهەمدا رژێمی پاشایەتی ئینگلترا سەدان سکاڵایان بەرز کردەوە سەبارەت بەدۆزەکانی تایبەت بە هاندانەوە بۆ پشێوی وەك نموونەو لەزۆر باریشدا سزای زۆر توند دەرکراوە. کاتێك (ولیام توین) رایگەیاند کە خەڵکی مافی ئەوەیان هەیە لە حکومەت یاخی بن، زیندانی کراو بەهاندان بۆ پشێوی تۆمەتبار کرا، وێڕای تۆمەتی (بیرکردنەوە لە کوشتنی پادشا) دادگا بە لەسێدارەدانو خەساندنو دەرکردنی ناوسکیو پارچەپارچەکردنیو سەربڕینی حوکمی بەسەردا دا، بۆیە لەئاستی سزایەکی لەمجۆرەدا دوای بڵاوکردنەوەی راوبۆچوونەکان، ئیتر پرسی (نائامادەیی کۆتکردنی پێشوەخت) چ مانایەکی نامێنێت.

ئینگلیزەکانی نیشتەجێ لە کۆلۆنیالیستی ئینگلترا لە ئەمریکادا هاوکات یاساکانی ئینگلترایان لەگەڵ خۆیان هێنایە ئەمریکا، بەڵام هەر زوو ناکۆکی هاتە ئارا لەنێوان تیۆرو پیادەکردنیدا، کۆمسیۆنو ئەنجومەنەکانی کۆلۆنیالیستی چەندین یاسایان دەرکرد بۆ رێکخستنی دەربڕین، بەڵام هیچ کام لە دادوەرە پاشایەتیەکانو دادوەرە نێوخۆییەکان هەوڵیان نەدا بەتوندی بیانسەپێنن.لەوەش زیاتر لە دۆزی(جۆن پیتەر زنگر)دا کۆلۆنیالیستان چەمکی (حەقیقەت)یان چەسپاند وەك بەرگریکردن لە تۆمەتی(هاندان) گەرچی هێشتا ئەگەری ئەوە هەبوو کەسێك بدرێتە دادگا، ئەگەر رەخنەی لە حکومەت بگرتایە، بەڵام ئێستا تۆمەتبارکراو بۆی هەیە بەڵگە لەسەر رونکردنەوەکانی بهێنێتەوە، بەجۆرێك کە پرسی راستیو دروستیی بەڵگەکانی بخرێتە بەردەستی دەستەی سوێندەران. لەیەکەمین هەموارکردنی دەستوورەوە لە ئەمریکا لەساڵی ١٧٩١دا کە دەڵێت:""  کۆنگرێس نابێت یاسایەك دەربکات کە ئازادیی دەربڕینو رۆژنامەنووسی سنووردار بکات" لەو دەمەوە تا جەنگی یەکەمی جیهانی، ئەو کۆنگرێسە یەك یاسای دەرکردوە بۆ سنووردارکردنی ئازادیی دەربڕین، کە بەیاسای هاندان بۆ ئاشووبو پشێوی ساڵی ١٧٩٨ ناسراوە، ئەم یاسایەش بە شێوەیەکی هەڵەو لە نیمچە شەڕێکدا لەگەڵ فەرەنسادا دانراوە دوای سێ ساڵ یاساکە بەسەرچووە، هەرچەندە ئەم یاسایەش کەوتە بەر رەخنەو ئیدانەکاری، بەڵام وەك هۆکارێك بۆ بەرگری لەخۆکردن برێك حەقیقەتی لەخۆدەگرت. لەمیانەی شەڕی ناوخۆی ئەمریکاشدا لەنێوان ساڵانی ١٨٦١ — ١٨٦٥ ، ژمارەیەکی کەم لە هەموارکردنی رێکخراوی نائاسایی تایبەت بە هاندان بۆ پشێوی ئەنجام دران، بەڵام مشتومڕی راستەقینە لەبارەی بڕگەی تایبەتە بە دەربڕین لە یەکەمین هەموارکردندا لەگەڵ یاسای سیخوڕیی ساڵی ١٩١٧ یاسای هاندان بۆ پشێوی ساڵی ١٩١٨ بوو. ئەم مشتومڕەش وتوویژێکی گشتی بوو بە بەشداریی گەلی ئەمریکاو کۆنگرێسو سەرۆكو لەهەموو شوێنێکیش بەتایبەتی لەدادگاکاندا بەراوردکران.

یەکەمین دۆزیش لەبارەی ئازادیی دەربڕینەوە لە رۆژانی جەنگدا گەیشتە دادگا، ئەو دۆزەش بریتیبوو لە رێگری لە هێزی سەربازیو رەخنە لە حکومەتو لەسەرەتادا دادگا رەزامەندی لەسەر دەربڕی. هەروەك دادوەران بڵێن: لەکاتێکدا ئازادیی دەربڕین بنچینەیە، بەڵام رەها نیەو دەکرێت لە کاتگەلێکی دیاریکراودا ــ بەتایبەتی لە جەنگدا ــ لەپێناوی بەرژەوەندیی گشتیدا ئەو ئازادییەش سنووردار بکرێت.. وەك ئەوەی دادوەر (ئۆلیڤەر وندل هۆڵمز جۆنیۆر) لەساڵی ١٩١٩دا لە دۆزی (شنك) لەدژی ئەمریکادا.

لە بارەی دۆزەکەی (شنك)وە لە دژی حکومەتی ئەمریکا، دادوەر(هۆڵمز) دەڵێت:" دان بەوەدا دەنێین کە گوتەی داوا لەسەر کراوان لە بابەتە بڵاوکراوەکەدا و لەزۆر شوێنیدا لەکاتە ئاساییەکاندا دەکرێت بە مافێکی

دەستوورییان دابنرێت، بەڵام چۆنیەتی هەر کارێك پەیوەستە بەو بارودۆخەوە کە کارەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت.. چونکە لە باشترین پارێزگاریکردنا لە ئازادیی دەربڕین پارێزگاری لە مرۆڤێك ناکرێت لە شانۆیەکدا هاوار بکات کە ئاگرێك کەوتۆتەوەو هیچیش لە ئارادا نیەو ترسێك بنێتەوە. لەهەموو دۆزێکدا پرسیارەکە ئەوەیە کە ئاخۆ وشەکان لەکاتو هەلومەرجی گونجاودا وتراون یان بۆ خۆیان(مەترسیەکی ئاشکرا دەخەنەوەو خراپەیەکیان لێدەکەوێتەوە کە دەبێ رێ لە رودانی بگیرێت. کەواتە پرسەکە پەیوەستە بەپلەی مەترسیدارێتییەوە. بۆیە کاتێك دەوڵەتێك لە دەوڵەتان لەکاتی جەنگدا بێت، ئەوکات زۆرێك لەو شتانەی لەکاتی ئاشتیو ئاساییدا دەوتران، رەنگە ببنە رێگر لە هەوڵەکانی جەنگو نابێت قبوڵ بکرێن. هەروەك دادگاکان نابێت، وەك مافی پارێزراوی دەستووری تەماشای بکەن. بەڵێ ئامانجەکەی دادوەر(هۆڵمز) لە بارەی (مەترسی روونو ئاشکراوە) مانای تایبەتی خۆی هەیە.. بەڵێ دەبێ دەربڕین ئازاد بێت، بەڵام ئازادی رەها نا، بەڵکو پێویستە کەسێکی لەو جۆرەی لە شانۆیەکدا بەبێ هۆ ترسێك بەرپا دەکات سزا بدرێت، داخوازیەکانی جەنگیش ئەوە دەخوازێت کە ئازادیی دەربڕین سنووردار بکرێت، گەرچی ئەم پێوەرەش لە ئەمریکادا رووبەڕووی ململانێی زۆر هاتەوەو رەخنەگران لەدژی هەڵمەتی حکومەت لە ئاستی دژانی جەنگیش وەستانەوە.

یەك لەدەنگە مەزنەکانی بەرگریکار لەمێژووی دەربڕینی ئازاد( زەکەریا چافی جۆنیۆرز)ی مامۆستای زانکۆی هارڤاردە کەلە خێزانێکی دیارە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە و بەدرێژایی تەمەنی داکۆکیی لە مافی هەموو خەڵکی کردووە لەوەدا کە بەبێ ترسی تۆڵەی حکومەت باوەڕیان بەچی هەیە بیڵێن، زەکەریا پێشنیایەکی کردووە کە ئەو کاتو ئێستاش بەلایەنی زۆر کەسەوە بە فیکرەیەکی رادیکاڵی دانراوە کە پێیوایە: تەنانەت لەکاتی جەنگیشدا ئازادیی دەربڕین دەبێ بەئازادی بمێنێتەوە، تەنانەت ئەو کاتانەیش کە هەستو سۆزەکان گڕیان سەندوە، چونکە لەم کاتەدا زیاتر خەڵکی بە پێویستی دەزانن گوێ لە بەڵگەی هەردوولا بگرن، بۆ ئەوەی وتاری گشتی هەر لەو بازنەیەدا نەمێنێتەوە کەبەخواستی حکومەت دادەنرێت.

لەو بارەیەوە دادوەر (زەکەریا چافی جۆنیۆر) لەساڵی ١٩٢٠دا دەڵێت:" ناتوانین بە بیانووی کاتی جەنگەوە چاوپۆشی لە ئازادیی دەربڕین بکەین، دەستووریش دەسەڵاتێکی ئاشکرا دەداتە کۆنگرێس بۆ ئامادەکردنی سوپا. یەکەمین هەموارکردنی دەستووریش لەلایەن کەسانێکەوە داڕێژرا کەلە جەنگ بووبوونەوە، جا ئەگەر ئەم هەموارکردنە مانایەکی هەبێت، ئەوا دەبێت سنوورێك بۆ کۆنگرێس دابنێت، دەبێ بەسەر ئەو چالاکییە حکومەتیانەشدا بەرجەستە بکرێت کە زیاتر مایە بە وتووێژ لەبارەوە کردنن بەئازادی، واتە خزمەتگوزارییەکانی پۆستەو بەڕێوەبردنی جەنگ، پێدەچێت، مانای راستەقینەی ئازادیی دەربڕین ئەمەیان بێت. یەك لە گرنگترین ئامانجەکانی کۆمەڵگەو حکومەت پەردەلەسەر هەڵدانەوەو بڵاوکردنەوەی راستیەکانە لە بارەی ئەو بابەتو دۆزانەوە کە جێ بایەخی گشتین، ئەمەش بە دینایەت ئەگەر تەواوی کۆتوبەندەکان لەسەر وتووێژەکان لانەبرێت، چونکە هەرکات هێزو بەڵگە بەکار هێنرا، ئیتر پرسەکە لەبەکارهێناندا بەلایەنی راست یان هەڵەوە دەبێتە چانس، ئەوکاتیش راستیو حەقیقەت لەم ململانێیەدا هەمو بە باشتربوونێکی سروشتیی خۆی لەدەست دەدات.

دیاره حکومەت ئامانجی تریشی هەیە، وەك پاراستنی نیزام، راهێنانی لاوان، بەرگریکردن لەنیزام. وتووێژو مشتومڕی بێسنوور لەزۆرباردا رێ لەو ئامانجانە دەگرێت کە دەبێت هاوسەنگیەك بکرێت لەنێوانیانداو لە نێوان ئازادیی دەربڕیندا، بەڵام ئازادیی دەربڕین دەبێت لەم تەرازووەدا سەنگێکی گرانی هەبێت. یەکەمین هەموارکردنی دەستوور هێزێکی پابەندکەر بۆ ئەم بنەمای حیکمەتە سیاسیە دەستەبەر دەکات.. کەواتە، دەبێ لەکاتی جەنگیشدا دەربڕین ئازاد بێت، مەگەر لەو کاتەدا کە دەربڕینەکە ببێتە هۆی رێگریەکی راستەوخۆو مەترسیدار لە بەڕێوەبردنی جەنگەکەدا.(چافی) پێشتر لە نووسینەکانیدا زیاتر بە بەڵگەوە باسی لەم حاڵەتە کردووە، لەدوای بڕیاری دادوەر (هۆڵمز) یش لە دۆزی (شنك)دا چافی لەگەڵ یاسادانەر کۆبووەتەوەو بەوە قەناعەتی پێهێناوە کە بەهەڵەدا چووە. کاتێکیش دۆزێکی تر لە بارەی (هاندانەوە بۆپشێوی) هاتۆتە دادگا هەر لەو ساڵەدا، زۆرینە پێوەری (مەترسی روون) یان کردۆتە بەڵگە بۆ تاوانبارکردنی تۆمەتبارکراوان لە دۆزی هاندانداا بۆ پێشێوی .. بەڵام ئەوە شتێکی کتوپڕی بوو کە خودی خاوەنی ئەم پێوەرەو هاوڕێکانی چوونە مشتومڕێکی ناکۆك بە پێوەرەکەوە.

لەبارەی هاتنە ئارای ئەو جیاوازیو ناکۆکیەوە لەسەر خودی پێوەرەکەش دادوەر(ئۆلیڤەر وێندڵ جۆنیۆر)لە دۆزی (ئەبرافر) دا لە دژی ئەمریکا دا دەڵێت:" چەوساندنەوە بەهۆی دەربڕینی راوبۆچوونەکان بەلای منەوە شتێکی تەواو لۆژیکییە، ئەگەر هیچ گومانێکت لە فیکرو دەسەڵاتی خۆت نەبوو، یان ئەگەر لە دڵەوە بتەوێت بگەیتە ئامانجێکی دیاریکراو، دەکرێت لە چوارچێوەی یاساوە تەعبیر لە خواستەکانت بکەیت، بەشێوەیەك هیچ جۆرە ناڕەزاییەك نەهێڵیت، چونکە رێگەدان بە ناڕەزایی بەهۆی وتارێکەوە رەنگە ئاماژە بێت بەوەی کە تۆ وتارەکە بەدەستەوەستان دابنێیت، وەك حاڵەتی ئەو کەسەی بڵێت بازنەم کردووە بەچوار گۆشە، یان لەدڵەوە بایەخ نادەیت بە دەرەنجامەکەی، یان متمانەت بەدەسەڵاتو بیرو باوەڕی خۆت نەماوە، کاتێکیش خەڵکی دەرك بەوە دەکەن، کات یان زەمەن زۆرێك لە بیروباوەڕە شەڕەکارەکان بێئومێد دەکات، رەنگە دواجار زیاتر باوەڕ بەو بنەمایەش بکەن رەفتاری خۆیان لەسەر بونیادنانەوەو وا دەبینن کە دەکرێت لە رێی گۆڕینەوەی ئازادانەی بیروراکانەوە بگەین بە دۆزو پرسی تەواو دروستو گونجاو، هەروەها باشترین پێوەریش بۆ راستی (حەقیقەت) هێزی فیکرە لە مەیدانی ململانێی بازاڕی ئازاددا قبولکرابێت، هەروەك راستی تاکە بنچینەیە کە دەکرێت بەهۆیەوە بەئاشتی خواستەکانیان بەدیبێت، من هەرگیز لەگەڵ ئەو بیانەوەدا نیم بەوەی کەیەمین هەموارکردنی دەستوور وایکردووە یاسای گشتی لەکاردا بێت سەبارەت بەتاوانی هاندان بۆ پشێوی. پێمو‌ایە مێژوویش لەدژی ئەم تیۆریە . پێشتر پێموابوو کە ئەمریکا ساڵانێك لەوەوبەریش، داوای لێبوردنی کردووە لە دەرکردنی یاسای هاندان بۆ پشێوی لە ساڵی ١٧٩٨دا، ئەویش بەدووبارە گێڕانەوەی ئەو غەرامانەی لەتۆمەتباران وەریگرتوون، چونکە هیچ پاساوێك لە ئارادا نەماوە بۆ ئەو رێسا گشتیە رەهایەی کە دەڵێت:" کۆنگرێس نابێت هیچ یاسایەك دەربکات کە ئازادیی دەربڕین سنووردار بکات،." تەنها لەبارە نائاسایەکاندا نەبێت، کە بریتییە لە (مەترسیی ئاشکراو روون) چاککردنەوەی وتارەکان بەکات بسپێرێت.. دیارە من تەنها باس لە راوبۆچوونو دەربڕینو هاندان دەکەم کە ناوەڕۆکی تەواوی ئەم دۆزە بووە" بۆیە پێشموایە هەموو ئەوانەی لەمبارەیەوە سزادراون لە مافی خۆیان بێبەری کراون بەپێی دەستووری ئەمریکا.

ناڕەزایی دادوەر (هۆڵمز) لە دۆزی (ئەبرامزدا) زۆرجار وەك سەرەتایەك تەماشا دەكرا بۆ بایەخێكی دادگای باڵا بەئازادیی دەربڕین وەك مافێكی سەرەكی لە كۆمەڵگەی دیموكراتیدا، هەروەك بیرۆكەی دیموكراتیی وا دادەنا كە پشتبەستە بەمەیدانی بازاڕی بیرۆكە ئازادەكان. ڕەنگە هەندێك لە فیكرەكان بێ جەماوەربن و هەندێكی تریشیان مایە بەشپرزەیی بن و هەندێكی تریان ساختەش بن، بەڵام مرۆڤ دەبێت لە سیستمە دیموكراتەكاندا هەلی یەكسان بداتە هەموو فیكرەكان تا بەرگوێی خەڵكی بكەون، بەو بڕوایەی فیكرە راستو دروستەكان فیكرە چەوت نابەجێیەكان وەدەردەنێن. ئێستاش لێكچواندنی بازاڕی بیرۆكەكانی (هۆڵمز) بەهۆی جەختكردنەوەی لە ئازادیی فیكر لەلای خەڵكی جێ سەرنجو ڕێزلێنانە.

تیۆری (مەیدانی بازاڕی بیرۆكەكان) پەیوەندیی هەیە بە بنچینەیەكی تری دیموكراتیەوە، واتە مافی گەل لە بڕیاردان. دوو سەدە بەر لەئێستا (تۆماس جیفرسۆن) پێیوابووە دیموكراتی دەبێ لەسەر ئەو حوكمە بەرقەرار بێت كە خەڵكی خۆیان ئازادبن لە هەڵبژاردنو دیاریكردنی ئەوەی بەباشی دەزانن .. كەواتە دەبێ گەل، نەك دەسەڵاتداران، لەرێی وتووێژی ئازادەوە لە هەڵبژاردنە ئازادەكانەوە لەئاستی دۆزە باڵاكاندا بڕیار بدەن، جا هەر كات رێی تەعبیركردن لە بیرو بۆچوونەكان لە گروپێك گیرا، ئەوكات جەماوەر بەگشتی لە زنجیرەیەكی تەواو رووداوو تێزەكان بێبەری دەكرێن كە پێویستن بۆ ئەوەی لەبەرچاو بگیرێن بۆ گەیشتن بەباشترین دەرەنجامەكان.

نە هۆڵمزو نە كەسانی تریش نەیانووتوە سنوورێك نیە بۆ ئازادیی دەربڕین، بەپێچەوانەوە، زۆرترین وتووێژەكان لەم دەیان ساڵەی دوایدا لەو بارەیەوە بووە كە چۆن سنوورێك بكێشین لەنێوان وتاری پارێزگاری لێكراوو نەكراودا، لەو جۆرە وتووێژانەدا ئەم پرسیارە كراوە:" بۆچی ئەمجۆرە وتارانە پارێزراوبن؟"، چونكە كۆدەنگیەك لە ئارادایە كە یەكەمین هەمواركردنی دەستوور زیاتر پارێزگاری دەكات لە وتاری سیاسی، چونكە بەبێ بوونی وتاری سیاسی ئازاد ئیدی كۆمەڵگەی دیموكراتیش لە ئارادا نابێت.

لەو بارەیەوە دادوەر(لویس د. براندیز) لە دۆزی (ویتنی) لەدژی ویلایەتی كالیفۆرنیا لەساڵی ١٩٢٧ دا دەڵێت:" بۆ گەیشتن بە دەرنەنجامگەلێكی دروست لە بارەی ئەم پرسانەوە، دەبێ ئەوەمان لەیاد بێت كە ویلایەتێك لە ویلایەتەكان بۆچی مافی رێگری لەبڵاوكردنەوەی بیروباوەڕێكی كۆمەڵایەتی، ئابووری یان سیاسی هەیە كە زۆرینەی زۆری خەڵكی پێیانوایە هەڵەن و دەرەنجامی خراپیان لێدەكەوێتەوە. ئەوانەی سەربەخۆیی ئێمەیان بەدیهێنا باوەڕیان هەبوە كە ئامانجی تەواوی دەوڵەت لەوەدایە خەڵكی ئازادبن لە گەشەدان بە تواناكانیانو دەبێ هێزی راوێژكاری سەركەوێت بەسەر هەڕەمەكیبوندا. ئەوان پێیانوابووە ئازادی ئامانجو هۆكاریشە. باوەڕیان هەبوو ئازادی رازی بەختەوەریو ئازایەتیش رازی ئازادییە. لەو باوەڕەدابوون ئازادی بیركردنەوەو گفتۆكردن وەك خۆت دەتەوێت كۆمەڵە هۆكارێكن ناتوانین دەستبەرداری بین بۆ دۆزینەوەو بڵاوكردنەوەی حەقیقەتی سیاسی هەر وەك بەبێ دەربڕینو كۆبونەوەی ئازادانە، وتووێژەكان سوودیان نابێتو بە بوونی ئەو ئازادیە وتووێژەكان دەبنە خاوەن پارێزگاری لە بڵاوبونەوەی بیروباوەڕە روخێنەرەكانو گەورەترین هەڕەشەیش بۆ سەر ئازادی وتووێژی گشتیش ئەركێكی سیاسیەو ئەمەش دەبێت بنەمای سەرەكیی حكومەت بێت.ئەوان دەركیان بەو مەترسیانە كردوە كە هەموو دامودەزگا مرۆییەكان دووچاری دەبنەوە. بەڵام هاوكات ئەوەشیان دەزانی كە هەر تەنها لەمیانەی ترسی سەرپێچیكارانەوە لە سزا ئاساییو ئارامی دەستبەر نابێت. بۆیە

سەرکوتکردنو کپکردنی هیممەتی فیکرو هیواو ئەندێشە مەترسیی خۆیان هەیە، ترس چەوسانەوە دەهێنێتە ئارا، چەوساندنەوەش رقوکینە فەراهەم دەهێنێت، رقوکینەش هەڕەشەیە بۆسەر حکومەتی سەقامگیر، سەرفرازی لە رەخساندنی هەلی وتووێژکردنی ئازادانەی سکالاو رێگەچارەکاندا دەبێت، چارەسەری گونجاویش بۆ ئامۆژگاریە خراپەکان بە ئامۆژگاریی چاك دەبێت. ئەوان لەو بێدەنگیە خۆیان بەدوورگرت کە یاسا بەزۆر دەیسەپێنێت، چونکە بڕوایان بە هێزی لۆژیك هەبووە کە لەوتووێژی گشتیدا بەرجەستە دەکرێت کە بەلگەی هێزە لە ناجۆرترین فۆرمەکانیدا. لەبەر ئەو ستەمەیش کە زۆرینەی دەسەلاتدار هەندێجار پیادەیان دەکرد، دەستووریان هەموارکرد بۆ دەستەبەرکردنی کۆبونەوەو دەربڕینی ئازادانە بۆ هەمووان. ترسان لە ئازارپێگەیاندنی زۆر نابێتە پاساو بۆ لابردنو رێگری لە کۆبونەوەو دەربڕینی ئازاد. چونکە خەلکی لە ژنە ئەفسووناباز‌ەکان ترسان کەچی ژنانیان سوتاند، ئەرکی دەربڕینی ئازادیش، ئازادکردنی خەلکە لە کۆتوبەندەکانی ترسی نەگونجاو، کەواتە سڕینەوەو لابردنی ئازادیی دەربڕین بنەماگەلێکی لۆژیکی ترسان دەخوازێت لەسەرهەلدانی دەرەنجامی خراپ لە حالەتی موماسەرەکردنی ئازادیی دەربڕیندا. دەبێت باکگراوندێکی لۆژیکیش هەبێت بۆ ئەو بڕوایەی کە مەترسیی مایە بە ترس لەروودانداییە، وەك بوونی بنەمایەکی لۆژیکی بۆ ئەو بڕوایەی کە ئەو ئازارەی دەبێ لێیبەدوور بین بۆخۆی مەترسیەکی تەواوە.

ئەوانەی بە شۆڕش سەربەخۆیی ئێمەیان بەدیهێنا ترسنۆك نەبوون، لە گۆڕانکاریی سیاسی نەترساونو لەسەر حیسابی ئازادی ئاسایشو نیزامیان پیرۆز رانەگرتوە، بەلایەنی پیاوگەلێکی ئازاو متمانە بەخۆکردووو دلنیا لە هێزی دەربڕینو بیرکردنەوەی ئازادانەو لۆژیکی دوور لە ترس، ناکرێت مەترسی زادەی ئازادیی دەربڕین بەمەترسیەکی ئاشکراو روون دابنرێت ئەگەر بەر لە وتووێژ لەسەرکردن زیانێکی مایە بە ترسی لێنەکەوێتەوە. ئەگەر کاتێك هەبێت بۆ خستنەڕووی هەلەو درۆکان لە میانەی وتووێژەوە بۆ خۆدوورگرتن لە کردەی زیان بەرکەوتن لە میانەی پرۆسەی فێرکردنەوە، ئەوکات چارەسەری پێویست وەبەرگرتنی زیاتری ئازادیی دەربڕینە نەك بێدەنگیی بەزۆر سەپێنراو، حالەتەکانی باری ئاسایی بەتەنها دەتوانن ببنە پاساوی سەرکوتکردن. هەر بەوەش دەسەلات دەتوانێت لەگەل ئازادیدا تەبا بێت.

بەڕای (براندیز) گرنگترین رۆلی دیموکراتی بریتییە لە رۆلی (هاولاتی)، مرۆڤیش بۆ هەلسوڕاندنی ئەم رۆلە، دەبێ لەمشتومڕو وتووێژەکاندا لەسەر دۆزە گرنگەکان بەشدار بێت. هاولاتی ئەو بەرپرسیارێتیەی بۆ جێبەجێ ناکرێت ئەگەر ترسی هەبێت لە وتنی شتی گرنگی جیا لە حالەتە باوەکانی ناو کۆمەلگەو ناشتوانێت ئەلتەرناتیڤەکان تاوتوێ بکات ئەگەر لەبەرانبەردا بیروبۆچوونی جیاواز نەبێتو بەئازادی تەعبیر لە بیروڕاکان نەکرێت. کەواتە دەربڕینی ئازاد لە نێوجەرگەی دیموکراتیدایە. ئەم راستیە هێندە بەلگە نەویستە، مرۆڤ دوچاری سەرسامبوون دێت کە بۆچی نەك لەهەر ئەمریکادا، بەلکو لەتەواوی جیهانیشدا قبولکراو نیە، دیارە دۆزینەوەی هۆکارەکانیش کارێکی گران نیە، داکۆکیکردن لەو بیروباوەڕانەی ئاستێکی جەماوەریان نیە ئازادییەکی مەدەنی دەخوازێت، چونکە وەك (هۆلمز)و (براندیز) دەلێن:" زۆرینە بەدەگمەن گوێ لەو بیروڕایانە دەگرێت کە ململانێی بیروڕا باوەکان دەکەن. هەر ئەوەش وایکرد یەکەمین هەموارکردن لە دەستووردا ئەنجام بدرێت. هۆلمز دەلێت:" بیری ئازاد بۆ ئەوانەیە کە هاوبیرمانن، بەلکو بۆ ئەوانەیە کە بەدلمان نین"

ئەمەش چەمکێکی ئاسان نیە، زۆرجاریش، بەتایبەتی لەکاتەکانی جەنگدا، بەزەحمەت بوار دەدرێت بەوانەی هێرش دەکەنە سەر بنەماکانی دیموکراتی میکانزیمە دیموکراتیەکان لە هێرشەکانیاندا بەکاربهێنن. بیرۆکەی زانیاریەکانی هەریەك لە هۆڵمزو برانديز پێدەچێت لە سەرەتای ساڵانی جەنگی ساردا دارێژرابێتن.. لەساڵانی چلەکانی سەدەی رابردوودا، حکومەت حیزبی شیوعی ئەمریکای دابەدادگا، بەو هۆیەی بانگێشتیان بۆ روخاندنی حکومەت کردووە بەهێزو بۆ بلاوکردنەوەی ئەو بیرۆکەیەش پیلانیان گێڕاوە، لەو بارەیەوە زۆرینەی دادگای باڵای ئەمریکا هەڵوێستیان گۆڕی، دوای هەموارکردنەکە، چونکە لەگەڵ برِیاردانەدا بەوەی کە شیوعیەکانی ئەمریکا هیچ مەترسیەکی روونیان نیە کە مایە بەترس بێت، بەڵام حکومەت قسەکانیانی بە(ئاراستەیەکی خراپ) ناوبرد کە دەشێت بۆ ئاسایشی سیستمی کۆمەڵایەتی روخێنەر بێت. هەروەك هۆڵمزو برانديز داکۆکیان لە سۆسیالیستەکان کرد کە ئەو کات جەماوەریشیان نەبوو، (هیوگۆ بلاك)و (ولیام .أدۆگلاس)یش بەهەمان شێوە داکۆکیان لە ئازادیی دەربرِین‌و مافی کەمینەکان کرد، لەو بارەیەوە دادوەر(ولیام .أ.دۆگلاس) لەبارەی دۆزی (دنیس)ەوە لەدژی ئەمریکا لەساڵی ١٩٥١ دادەڵێت:"کاتێك هەیە کە تەنانەت مافی دەربرِینیش حەسانەی دەستووری لەدەستدەدات. گفتی چاك رەنگە رۆژێك لە رۆژان ئاگرێك بنێتەوە کە دەبێ لەبەر سەلامەتیی جەماوەر بکوژێنرێتەوە، ئەمەیە مانای پێوەری (مەترسیی روون‌و لەناکاو" کاتێك هەلومەرج هێندە مەترسیدار دەبێت ناتوانین لەو مەترسیە خۆ بەدوور بگرین کە دەبێتە هەرِەشە بۆ سەر دەربرِینی ئازاد،کاتێ بانگەشەکردن دێتە ئارا بۆ وەستان، دەنا دەربرِینی ئازاد کە بنەمای هێزی دەوڵەتە دەبێتە هۆی روخاندنی، وێرِای ئەوەیش دەربرِینی ئازاد وەك رێسایەك دەمێنێتەوە نەك حاڵەتێکی هەڵبوێردراو. کۆتوبەندەکان بۆ ئەوەی دەستووریبن، پێویستە پشت بە زیاتر لە ترسیش ببەستن، بەزیاتر لەنارِەزایی گروپێك لەدژی وتاری ئازادو زیاتر بێزاربوون لەناوەرِۆکەکەی. ئەگەر رێگە بەدەربرِین بدرێت ئەوکات مەترسیەکی راستەوخۆش دەبێ لەئارادا بێت کە ببێتە هەرِەشە بۆ سەر کۆمەڵگە.

کۆمۆنیستەکانی ئەمریکا بازرگانی بیروباوەرگەلێکی رەفزکراوبوون، ئێستاش شمەکەکانیان بێبازارِە، گەر بمانەوێت بەپێی بەڵگە قەزاییەکان بجولێین، ئەوکات ناتوانم بڵێم کۆمۆنیستەکانی ئەم وڵاتە هێندە بەهێزو بەستراتیژ بلاوبونەتەوە کە دەبێ بەهۆی خیتابەکەیانەوە چالاکیەکانیشیان قەدەغە بکرێت. ئەمە بۆچوونی منە ئەگەر لەسەر بنەمای بەڵگە قەزاییەکان کاربکەین.بەڵام هەر تەنها دەرخستنی دیدە نارِەزاییەکان ئاماژەن بۆ بایەخی زانینی رووداوەکان بەرلەوەی هەرکارێك بکەین. نە لایەنگیری‌و نە رقوکینەو ترسی نا عەقلانیش نابێ ببێتە بنەمای ئەم کارە فەرمیە، نابێت قوربانی بدەین بە دەربرِینی ئازاد بەهەر هۆیەك کەمتر بێت لە بەڵگەیەکی راشکاوانەو بابەتی بەوەی کە ئەو خراپەو ناهەمواریەی بانگەشەی بۆ دەکرێت لەوەدایە روبدات.

دوای کۆتایی هاتنی هیستریای جەنگی سارد، ئەمریکیەکان لەبارەی بەڵگەکانی دادوەران هۆڵمزو براندیزەوە گەیشتنە دیدێکی حیکمەت ئاسا. چارەسەری وتاری (خراپ) بەسەرکوتکردنی نابێت بەقەدەر ئەوەی بە وتاری(باش) دەبێت، واتە روبەرووبنەوەی کۆمەڵە بیروبۆچوونێك بەکۆمەڵە بیروبۆچوونێکی تر. لەراستیشدا، زۆرێك لەو شتانەی کە ئەمرۆ بەرِاست‌و دروست دادەنرێن رۆژانێك بوو بەهەرتەقە دادەنران، وەك نەهێشتنی کۆیلایەتی، مافی ژنان بۆ دەنگدان، هەرچەندە زۆرینە بەردەوام نیگەرانە لە ئاستی بیرۆکە پەرگیرە(رادیکاڵیەکان) کە هێرش دەکەنە سەر بیروباوەرِو بەبەهاکان، بەلای یاسای دەستووریەوە نەبێت، بەڵام

سیاسـەتی دیموكراتی ئـەمریكی پاراسـتنی دەربڕینـی ئـازاد بەپێویـست دەزانێـت، بەچاوپۆشـی لـەوەی كەئـەو تەعبیرە جەماوەریەشی نەبێت. لەساڵی ١٩٦٩دا دواجار دادگا دوا سنووری دانـا بـۆ تـەواوی بیرۆكـەی هانـدان بـۆ پشێوی كە دەڵێت:" دەكرێت ئەوانە بدرێنـە دادگا هـەڵگری بیروڕاگـەلێكن كـە زۆرینـە لـەدژین بـەو هۆیـەی بـە روخێنەری دەزانن."

لەگەرمـەی ناڕەزاییـدا لـەتێوەگلانی ئـەمریكا لـە ڤێتنامـدا، زۆرێـك لـە بـەرگریكاران لـە ئازادیـە سـڤیلیەكان پرسیاریان دەكرد، كە بەشداریكردنی ئەمریكا لە جەنگدا جارێكی تـر هێـزە سـەركوتكارەكان سەرپـشك دەكـات، وەك لەجەنگی یەكەمی جیهانیو جەنگی ساردا روویدا، بەڵام زۆربەی ئەوانەی لەوە دەترسـان خـراپتر رووبـدات سەریان سوڕما لەوەی كـە وڵات بـەئارامی مامەڵەی لەگـەڵ ناڕەزاییـەكانیان كـرد. ئەمـەش ئـەوە ناگەیـەنێت كـە هـەموو خـەڵكی ئـەمریكا وتـاری ناڕازییـەكنیان بـەباش زانیـوە - یـان خواسـتی ئـەوەیان نـەبووە بێـدەنگ یـان زینـدانیان بكـەن. بـەڵكو ئـەو تیۆرەیـان قبـوڵكرد كـە دەڵێـت لـە سیـستمی دیموكراتیـدا خـەڵكی مـافی نـاڕەزایی دەربڕینیـان هەیـە، بـەدەنگێكی بـەرزو لەهەنـدێ باریـشدا بـە زەقـی، بـەڵام هاوكـات دەبـێ گـوێ لـە هـەموو دەنگەكانیش بگیرێت. ئەمەش زیاتر لە دۆزی كچە خوێندكار (ماری بس تنكرا)دا روون دەبێتەوە.

"ماری بس تنكر"و هاوڕێكانی لە "دیمۆن"ی ویلایەتی ئیوا، لـەدژی جـەنگی ئـەمریكا لـە ڤێتنـام قردێلـەیان لـە قۆڵیان بەسـتو چوونە كۆلێژەكـەیان، ئیـدارەی قوتابخانـە رێیـان لێگـرتن كـە ئـەو كارەیـان گرفـت بـۆ خوێنـدن دروست دەكات.

لەراستیـشدا هـیچ رێگریـەك لـە خوێنـدن روویـنـەدا، بـەڵام ئیـدارەی كۆلێژەكـە لـەوە ترسـان كـە ئـەمكارە پەرچەكرداری هەبێت لە شارەكەدا كە ئـەوان رێگـەیان داوە بـە نـاڕەزایی دەربـڕین لـە جـەنگی ئـەمریكا لـەدژی ڤێتنام.

لەیەكێك لە گرنگترین دۆزەكاندا كە لەكاتی جەنگدا دەركەوت، دادگای باڵا بڕیاریدا كە لەبارەی تـەعبیركردن لـە سیاسـەتەوە، خوێنـدكاری قوتابخانـەو زانكۆكـان مـافی دەسـتووریی خۆیـان لەدەسـنادەن كاتێـك دەچـنە نێـو قوتابخانـەو كۆلێـژەكانیان، بگـرە بـە پێـچەوانەوە، ئەگـەر خوێندنگـەكان مەیدانگـەلێكی گونجاوبن بـۆ راهێنـانی قوتابیانو خوێندكاران لە بەهاوڵاتیبوون، ئەوكات پێویستە هەلیان بۆ بڕەخسێنرێت كە بـزانن مـافی دەربڕینـی گۆشەنیگا سیاسییەكانیشیان هەیە، بێئەوەی لەلایەن دەسەڵات یان ئیدارەی خوێندنگاكانیانەوە سزا بدرێن.

چەند ساڵێك دوای ئەوە، دژانی سیاسەتی دەرەوەی حكومـەتی ئـەمریكا ئـاڵای ئـەمریكایان سـوتاندو دەسـتبەجێ دەستگیركران، ئەوانیش بەشێوەیەكی یاسایی بەرگرییان لەخۆیان كردو دۆزەكەیان گەیاندە دادگای بـاڵا، دادگـای باڵایش ئەو كارەیانی بە "تەعبیرێكی سیاسی رەمزی" لە قەڵەمدا، هەرچەند بەلای زۆرینەی خەڵكی ئـەمریكاوە جێی ناڕەزایی بـوو، لـەو بارەیـەوە دادوەر "ئـەنتۆنی كینیـدی"پێیوابـوو كـە دەبـێ ئـەوەی ئاڵاكـەی سـووتاندووە هەرچی زووترە ئازادبكرێت، تەنانەت ئەگەر خۆیشی كارەكەی بەناجۆرو نادروست زانیبێت.

بـەمجۆرە، وتارەكـەی دادوەر برانـدیز دوای ٧٠ سـاڵ بەرهـەمی لێكەوتـەوە كـە دەڵێـت:"وەڵامـی وتـاری خـراپو نابەجێ دەبێت بە دەستەبەركردنی زیاتری ئازادیی دەربڕین بێت، بۆ ئەوەی خەڵكی فێری وتووێژو لێكدانـەوەو دیاریكردنی خواستەكانیان بن".

ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی بیرۆکەی وتاری سیاسی کۆتنەکراو قبوڵبکەن، ئاخۆ هەلو مەرجی جۆرەکانی تری تەعبیرکردن چۆن دەبن؟ ئەگەر لە یەکەمین هەموارکردنی دەستووردا قەدەغەکاری رەهابێت، ئایا ئەمە مانای وایە حکومەت چیدی ناتوانێت چاودێری یان سزای فۆرمێك لە فۆرمەکانی دەربڕین بدات؟ یان ئایا هەندێك لە جۆرەکانی تری دەربڕین لە دەرەوەی پەرچەمی برگەی تایبەت بە دەربڕیندا دەبن؟ ئایا نووسەر یان هونەرمەند یا خاوەن کار یان دەمارگیرێکی ئاینی، ناڕەزایی دەربڕێك، پەیامنێرێك مافی ئەوەیان دەبێت شتێك بڵێن کە دوژمنکارانەو مایە بە نیگەرانیی بێت بە پاساوی پارێزگاری لێکردنی دەستوورەوە؟ ئەم پرسیارانە وەڵامی ئاسانیان نیە، چونکە نە کۆدەنگیو حوکمی کۆتایی لەلایەن دادگای باڵایشەوە لەسەر تەواوی بوارەکانی دەربڕین لە ئارادانیە، چەندە هەستی جەماوەر گۆڕانی بەسەردابێت، چەندە حکومەت بووە کۆمەڵگەیەکی فرەییو کراوە، چەندە تەکنۆلۆژ یا هاتە نێو تەواوی بوارەکانی ژیانەوە، ئەوکات مانای یەکەمین هەموارکردنی دەستوور دەچێتە دۆخێکی گۆڕاوەوە سەبارەت بە وتاری نا سیاسی.

لە سەرەتای ساڵانی چلی سەدەی رابردووەوە، دادگای باڵا بەچەند دەستەواژەیەکی نیمچە کۆتایی رایگەیاند کە یەکەمین هەموارکردنی دەستوور نابێتە پەرچەمی دەربڕینی خراپو هاندەر بۆ پشێویو وشەی دوژمنکارانەو دەربڕینی بازرگانە.

لە دەیان ساڵی رابردوودا دادگا تەواوی ئەو حاڵەتانەی چارەسەر کرد، ئەگەر مافی پاراستنی بە هەموانیش نەدابێت، بەڵام زۆرێك لە لایەنەکانی دەربڕینی خستە چوار چێوەی برگەی پاراستنی ئازادیی دەربڕینەوە.

پرسی دژوار بەلای دادگاو خەڵکیشەوە ئەوەبوو کە مرۆڤ لە کوێدا وێنای هێڵی جیاکەرەوە بکات لەنێوان وتاری پارێزگاری لێکراوو دەربڕینی پارێزگاری لێنەکراودا لە ڕووی دەستوورەوە، لە هەندێك بواردا، وەك بەدڕەوشتی، هەوڵەکانی وێنەکردنی جیاکاریەکی یاسایی لایەنگیری جەماوەری بەدەستنەهێنا، چونکە بەدڕەوشتی بۆ خۆی شتێکی بابەتی نیەو بە ئاسانی پێناسە ناکرێت، رەنگە ئەوەی مرۆڤێك بە بەدڕەوشتی دەزانێت کەسێکی تر هەمان حاڵەت بە بارێکی رۆمانسیو عاتیفی بزانێت.. یان ئەوەی مرۆڤێك تووڕە دەکات رەنگە نەبێتە هۆی تووڕەبوونی کەسێکی تر، ئایا ئەمانەن ئەو ماددانەی کە دەبێ هەموارکردنی یەکەمی دەستوور پارێزگاریان لێبکات؟ ئایا دەربڕینی هونەری، بەتایبەتی کاتێك پێچەوانەی پێوەرە ستاتیکیو ئەدەبیەکان دەبێت، پارێزگاریان لێدەکرێت؟.

پرسی داراییش لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵ وتووێژی لە بارەوەکرا.. هەوڵی زۆریش درا بۆ چاودێریکردنی چۆنێتی خەرجکردنی ئەو بڕە پارەیەی کە بەشداربوو دەتوانێت بیبەخشێت، بەڵام دادگای باڵا چەند ساڵێك بەر لەئێستا بڕیاریدا کە داراییش، بە جۆرێك لە جۆرەکان، دەربڕینەو کاتێکیش دارایی بۆ بەهێزکردنی خودی دەربڕین لە بیرۆکە سیاسییەکان بەکار دەهێنرێت، ئەوکات کۆنترۆڵ ناکرێت، لێرەشدا بوارێکی تر دێتە ئارا ئەو سنوورەی تێدا روون نیە کە دەکرێت مرۆڤ بۆ بەرگریکردن لە بنەمای دەربڕینی ئازادو وەبەری بگرێت بێئەوەی بەر چەمکەکانی دیموکراتی بکەوێت کە هەمان سۆزیان بۆ هەیە، وەك هەڵبژاردنی بێ ساختەکاری.

رەنگە چۆنێتی پراکتیزەکردنی یەکەمین هەموارکردنی دەستوور بەسەر تەکنۆلۆژیای ئەلیکترۆنیدا زیاترین ئەرکی هیوابڕبێت کە رووبەڕوی خەڵكو سیستمی قەزایی بێتەوە، ئایا دادوەر هۆڵمز تۆڕی ئینتەرنێتی خستۆتە

بواری بازاڕی بیرۆکەکانەوە؟ گەیشتنی زانیاریەکانی جیهان بە هەمووماڵێك‌و خواستی هاوڵاتیان لە کوێی یەکەمین هەموارکردنی دەستووردا دەبێت؟، کە تا ئەم ساتەش لە هەموو نێوەندە سیاسی‌و فێرخوازی‌و کۆمەڵایەتیەکاندا قسەو باسیان لەسەر دەکرێت، ئازادیی دەربڕین لە هەموو مافەکانی تر ئازیزترەو هیچ مافێکیش هێندەی ئەو مافە رابۆچوونی جیاوازی لە بارەوە فەراهەم نەهێنراوە، هاوڵاتیان دەرك بەوە دەکەن کە دەبێ نەك هەر بواری ئەوەیان هەبێت راوبۆچوونی نابەدڵ بهێننە ئارا، بەڵکو دەخوازن بوار بە خەڵکانی بەرانبەریش بدرێت داکۆکی لە بیرو راکانیان بکەن، بۆ ئەوەی پرۆسەی دیموکراتی لەکاردابێت، بەمانایەکی ترو وەك دادوەر هۆڵمز دەڵێت: "یەکەمین هەموارکردنی دەستوور هەر بۆ پاراستنی ئەو دەربڕینە نیە کە رەزامەندین لەسەری، بەڵکو بۆ پاراستنی ئەو دەربڕینانەیشە کە بەدڵمان نین".

# ئازادیی رۆژنامەنووسی

ن/ملفین ئەرۆفسکی
و/عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە

# ئازادیی رۆژنامەنووسی

## ن/ملفین ئەرۆفسکی

ئازادیی رۆژنامەنووسی مافێکی خۆشەویستە بەلای هاولاتیانەوە، بەلام لەگەڵ ئازادیەکانی تردا جیاوازیی هەیە، چونکە ئەمیان مافێکی تاکە کەسیو دامودەزگاییەو هەر ئەوە ناگرێتەوە کە کەسێکی دیاریکراو بۆخۆی بیرو باوەڕەکەی بلاوبکاتەوە، بەڵکو مافە بۆ میدیاکان کە تەعبیر لە دیدە سیاسیەکانیان بکەنو هەواڵو بەدواداچوونەکان بلاوبکەنەوە، کەواتە ئازادیی رۆژنامەنووسی بنەمایەکی تری کۆمەڵگەی دیموکراتە، هەروەك (والتەر لیبمان)ی گەورە رۆژنامەنووسی سەدەی بیستەمی ئەمریکی دەڵێت:" رۆژنامەنووسی ئازاد ئیمتیاز نیە بەقەدەر ئەوەی پێویستیەکی ئۆرگانیە لەکۆمەڵگەیەکی مەزندا"

لەراستیشدا هێندەی ئالۆزبونی کۆمەلگە خەڵکیش زیاتر پشدەبەستن بە رۆژنامەو کەناڵە جۆراو زۆرەکان بۆ بەدواداچوونی هەواڵە جیهانیەکانو بیستنی رابۆچوونو بیرۆکە سیاسیەکان. یەك لەئاماژەکان بۆ گرنگیی کاری رۆژنامەنووسی، ئەوەیە کاتێك هێزێکی نەیار ولاتێك داگیر دەکات، بەر لە هەموو شتێك رۆژنامەنووسی دەمکوت دەکات.لەبارەی زەرورەتی بوونی رۆژنامەنووسی ئازادەوە، تۆماس جیفرسۆنی سەرۆکی سەردەمی ١٧٨٧ی ئەمریکا دەڵێت:" مادام راوبۆچوونی خەڵکی بنەمای بەرقەرابوونی حکومەتەکەمان بێت، دەبێ ئامانجی یەکەممان پاراستنی ئەو مافەیان بێت، ئەگەر سەرپشکم بکەن لەوەدا کە حکومەتێکی بێ رۆژنامەو رۆژنامەی بێ حکومەت هەلبژێرم، بێ دوودلی رۆژنامەی بێ حکومەت هەڵدەبژێرم، بنەماکانی ئازادیی دەربڕینو ئازادیی رۆژنامەنووسی تا رادەیەك لەیەك نزیکن، چونکە ئەو گفتەی رەخنەی لە حکومەت پێدەگیرێت، نوسراو بێت، یان بیستراو، لە سایەی یاسا ئینگلیزیەکەدا ئەگەری سزا بەرکەوتنی لێدەکرا، ئەوەش گرنگ نەبوو کە بابەتە بلاوکراوەکە راستە یان نا، چونکە حکومەت خودی رەخنەکەی بەتاوان لەقەڵەم دەدا، بەو هۆیەی دەبوە مایەی گومان دورستکردن لە پاکیو جێمتمانەبوونی بەرپرسان، بەگومانو دوو دڵییەوە پێشکەوتن بەرەو رۆژنامەنوسیی ئازاد هاتە ئارا، واتە رۆژنامەنووسییەك بەبێ ترسی سزای حکومەت راوبۆچوونەکان بلاوبکاتەوە.

(سێر ولیام بلاکستۆن)ی راڤەکاری یاسایی ئینگلیزی لە نیوەی سەدەی هەژدەهەمدا وتویەتی:" هەرچەندە رۆژنامەنووسیی ئازاد بۆ سروشتی دەوڵەتی ئازاد پرسێکی پێویستە، بەلام دەبێ هاوکات سنوردار بکرێت"

لەو بارەیەوە لەساڵی ١٧٦٥دا دەڵێت:" لەکاتێکدا یاسای ئینگلیزی سزای تاوانەکانی خراپەکاریو خیانەتو هاندانی پشێویو کوفرکردنو سوکایەتیکردنی راشکاوانە دەدات، ئەمە بەهیچ شێوەیەك لە شێوەکان ئازادیی رۆژنامەنووسی پێشێل نەکات، ئەگەر وەك پێویست لە ماناکەی تێبگەین. ئازادیی رۆژنامەنوسیی بۆ دەوڵەتێکی ئازاد پێویستە، ئەوەش دانەنانی کۆتوبەندی پێشوەخت دەخوازێت بۆ سەر بلاوکردنەوە، ئازادبوونیش ناگەیەنێت لەسەر کۆتکردن سەبارەت بەو بابەتە تاوانکاریانەی بلاودەکرێنەوە، گومان لەوەدا نیە هەموو مرۆڤێکی ئازاد مافی ئەوەی هەیە بیرو باوەڕو راوبۆچوونی خۆی بەجەماوەر بگەیەنێت، رێگری لەو مافەش واتە تێکشکاندنی ئازادیی رۆژنامەنووسیی: بەلام هەموو کەسو میدیایەك دەبێ دەرەنجامی بلاوکردنەوەی بابەتی نابەجێو نایاسایی لەئەستۆ بگرێت"

ئاخۆ تاوانەکانی: سوکایەتیپێکردن، خیانەت، سوکایەتیکردن بەئاین، کوفرکردن، هاندان بۆ پشێوی، بەدڕەوشتی چۆن دیاردەکرا، بێگومان پرسەکە لەسەر حکومەت دەوەستا، لەگەوهەریشدا، دەکرا هەر بڵاوکراوەیەك کە ئەگەر بەشێوەیەکی هاوسەنگیش رەخنەی لە سیاسەتی حکومەت یان سەرکردەکانی بگرێت، خاوەنەکەی رووبەڕووی غەرامەکردنو زیندانیکردنو باری خراپتریش بهێنرێتەوە، کەواتە لەسایەی ئەو جۆرە حکومەتە قەزاییە نابابەتیانەدا ئیدی راستی هیچ بەهایەك بەهەندوەرگتنێکی نەدەمان. لەسەردەمی کۆلۆنیالیستیداو بەپێی یاسا ئینگلیزییەکە چەندین خاوەن بڵاوکراوە درانە دادگا، بەو هۆیەی رەخنەیان لە هەندێك بڕیاری حکومەت گرتبوو، بەپێی بنەما تەقلیدیەکانی بلاکستۆن رێگە دەدرا بە بڵاوکردنەوەی بیرو بۆچوونەکان، بەڵام دوای بڵاوکردنەوەیان سزای خاوەن، بابەتە رەخنەییەکان سزا دەدرا، هەرچەند بابەتەکە راستو دروستیش بوایە، بەڵام دواتر هەر لەرێی یاساوە راستیو دروستی، واتە حەقیقەتی بابەتەکە وەك بەرگرییەك لە تاوانبارکراو کاریگەریی هەبوو لەسەر ئەوەی بەرپرسانی پاشایەتی ئیدی چۆن بخوازن خاوەنی ئەو بابەتانە بە تۆمەتی هاندان بۆ پشێوی لە کۆلۆنیالەکاندا بدەنە دادگا، دوای شۆڕشو سەرەڕای یاسا تایبەتەکان بەدەرکردنی کتێب، خاوەن بڵاوکراوەکانە لە کۆلۆنیالەکاندا بەئازادی هێرشیان دەکردە سەر تاجی بەریتانیو حاکمی هەرێمەکان.

کاتێك کۆنگرێس لەساڵی ١٧٩٨دا لەمیانەی ئەوەی لەجەنگ دەچوو لە دژی فەرەنسادا یاسای هاندان بۆ پشێوی دەرکرد، بەو یاسایە رێگەی دا بە بەرکارهێنانی راستیو دروستی بابەتە بڵاوکراوەکە وەك بەرگریکردن لە دژی تۆمەتی هێرشکردنە سەر سەرۆکی ئەمریکا، بەلام یاساکە بەرۆحیەوتێکی نیازخراپیو لایەنگیری بۆ کۆماریخوازەکان لەلایەنگرانی جیفرسۆن بەرجەستەکرا، چونکە دادوەرە فیدراڵیەکان ئەو پرسی راستیو حەقیقەتەیان وەك هۆکارێکی بەرگریکردن پشتگوێ خستو وەك ئینگلیزەکان یاساکەیان جێبەجێ کردو سزای تەنانەت دەربڕینی وشەیەکیان وەك تاوان دادەنا. بۆ نموونە: کە ماتیۆ لایۆنزی خاوەن رۆژنامەیەك کە رەخنەی سەرۆك جۆن ئادامز گرت بەوەی زۆر شەیدای لافو گەزاف لێدانو خواستی خۆپەرستیە، ناوبراویان بەهەزار دۆلار غەرامەکردو چوار مانگ لە زیندانداا مایەوە تا غەرامەکەی تەواو کرد. لەساڵی١٨٠١ دا یاسای هاندان بۆ پشێوی بەسەرچوو، حکومەتی فیدراڵیش لەماوەی سەدەی دواتردا بەهۆی پێشێلکاری بڕگەی رۆژنامەنوسیەوە هیچ رێوشوێنێکی نەگرتە بەر، جگە لە هەندێك کۆتوبەند لەماوەی شەڕی ناوخۆدا، ئیتر وردە وردە پرسی تۆمەتە تاوانکاریەکان بوونە پرسێکی یاسای مەدەنی نەك تاوانکاری.. بەپێی ئەو حاڵەتەش چەندین کەسێتی دیار بۆ بەرگریکردن لە شۆرەتیان سکاڵای قەزاییان تۆمار کرد، کۆنگرێس لەمیانەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا یاسای هاندان بۆ پشێویی دەرکرد، وەك لەبەشی پێشوتری ئازادیی دەربڕیندا تێبینیمان کرد، ئەم یاسایەو دۆزەکانی زادەی یاساکە وەك پرسی وتاری ئازاد چارەسەرکرانو پێوەری مەترسیی ئاشکراو روون وەبەرگیرا، بەڵام لە بواری رۆژنامەنووسیی ئازاددا، تا ماوەی ساڵانی سیەکانی سەدەی رابردوو هیچ پەرەسەندنو گۆڕانکاریەك نەهاتە ئارا، کاتێك بنەمای کۆتکردنی پێشوەخت هێنرایەوە بواری کارپێکردن.

رۆژنامەکان لەمیانەی پەرەدانەوە بە رۆژنامەنووسیی ئازاد، دەرکیان بەوە کرد لەدادگای بالادا هاپەیمانێکی بەهێزیان هەیە کە دەستەواژەی (رۆژنامەنووسیی)یان کردۆتە قەڵغانێکی بەهێز بۆ داکۆکیکردن لە ئازادیی رۆژنامەنووسیی. لە ویلایەتی مینیسوتا یاسایەکی هاوشێوەی یاسای ویلایەتەکانی تر دەرکرا، رێگر بوو لە

بلاوكردنەوەی بابەتگەلێك كە ببێتە هۆی ئاژاوەنانەوەو ناوزڕاندنو تێكدانی باری گشتی، بەلام هەر لەو سەرو بەندەدا رۆژنامەی ( زە ساتردەی پریس)داخرا، بەو هۆیەی كە جگەلە بلاوكردنەوەی هێرش بۆسەر رەشپێستەكانو گروپە ئیتنیەكان، زنجیرە بابەتێكی تریشی بلاوكردەوە لەسەر هەڵسوكەوتی گەندەڵكارانەی سیاسەتوانانو گەورە پیاوان، دادگای ویلایەت بەخۆشحاڵییەوە رۆژنامەی ناوبراوی داخست، بەلام رۆژنامەكە لەدادگای بالا لە حوكمەكە تێهەڵچووەوە. لەدادگای بالادا، دادوەر(چارلز ئیڤانز هیوز) برگەی رۆژنامەگەریی بەرجەستە كرد لە یەكەمین هەمواركردنی دەستووردا (كەپێشتر تەنها بەسەر كۆنگرێسدا بەرجەستە دەكرا) ئەو بیرۆكەیەی دووپاتكردەوە كە دەڵێت:"هیچ حكومەتێك بۆی نیە مافی دەستووریی بلاوكردنەوەی رۆژنامەیەك سنووردار بكات، جگە لە حاڵەتەكانی باری نائاسایی لەكاتی جەنگدا.ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت كە ئیدی نابێ هیچ رۆژنامەیەك سزا بدرێت لەسەر بنەماكانی تر، یان لەلایەن خەڵكانی ترەوە سكالایان لەدژ تۆمار بكرێت بەهۆی ناوزڕاندنەوە، بەلام دادگای بالا لەو دۆزەدا لەبەر دوو پەرەسەندنی گرنگ ئەو رێسایەی چەسپاند كە دوای سی ساڵ هاتنە ئاراو بوونە هۆی پێكهێنانی كۆڵەكەكانی دامەزراندنی رۆژنامەنووسیی ئازادو هاوچەرخ.

پەرەسەندنی یەكەم لەمیانەی بزوتنەوەی مافە مەدەنیەكاوە دەركەوت لەسالانی شەستەكاندا. ئەو دەمە زۆرینەی ویلایەتەكان یاساگەلێكیان هەبوو كە كۆتوبەندی پێشوەختیان نەدەخستە سەر كاری رۆژنامەنووسی، بەلام لەهەمانكاتدا رێگەی دەدا بەتۆماركردنی سكالا مەدەنیەكان بەهۆی ناوزڕاندنو سووكایەتیپێكردنەوە، ئەگەر زانیاریە بلاوكراوەكان بۆ ئەو مەبەستە بووبێت، تەنانەت ئەگەر هەڵەیش بووبن، لە (مۆنتگۆمری))ویلایەتی ئالاامادا شەڕو پێكدادان روویدا لەنێوان بەرگریكاران لە مافە مەدەنیەكانو هێزی پۆلیسدا.هەروەك چەند رێكخراوێكی مافە مەدەنیەكان لاپەڕەیەكی رۆژنامەی نیویۆرك تایمزیان بۆ ریكلام كڕی بەناونیشانی : (گوێ لە دەنگەكانیان بگرن) كە تیایدا لەمپەرەكانی رێی هەڵسوڕاوانی مافەمەدەنیەكانیان باسدەكردو داوای كۆمەكییان بۆ دۆزەكە دەكرد. هەرچەندە لەو ریكلامەدا ناوی(ئا.ب. سۆلیڤان)ی فەرماندەی پۆلیس نەهاتبوو، بەلام سكالای لەدژی رۆژنامەكە تۆماركرد بەتاوانی ناوزڕاندنو لەدادگا بڕی(٥٠٠)هەزار دۆلار قەرەبوو كرایەوە.

سۆلیڤان بەو هۆیەوە سكالای لەدژی نیویۆرك تایمز تۆمار نەكرد كە هەڵەیەكی جێ بایەخی بلاوكردبێتەوە(یەك لەدەستەواژە هەواڵیەكان باس لەوە دەكات كە مارتن لۆسەر كینگ حەوت جار زیندانی كراوە، كەلە راستیدا سێ جارە)، بەڵكو لەبەر ئەوە بوە كە دانیشتوانی باشوور كاری رۆژنامەنووسییان بە ركابەرێك دادەنا لەشەڕی مافە مەدەنیەكاندا، چونكە هەر جارێك كە خۆنیشاندەران رووبەرووی لێدان دەبوونەوە یان دەستگیردەكران، رۆژنامەكان ئەو هەواڵەیان دەگەیاندە نەك هەر تەواوی ناوچەكانی ولات، بەڵكو بەهەموو جیهانیش. ئەو غەرامەیەی نیویۆرك تایمزیش بەبڕی ٥٠٠ هەزار دۆلار لەساڵی ١٩٦٤دا كە بەبڕە پارەیەكی زۆر دادەنرێت، بەسبوو بۆ ئەوەی رۆژنامە بچوكەكانی تر لەبلاوكردنەوەی هەواڵ لەبارەی بزاڤی مافە مەدەنیەكانەوە دوو جار بیربكەنەوە. بەواتایەكی تر: مانەوەی ئەو مادەی حوكمدانە وەك خۆی كاریگەری زۆر ترسناكی دەبوو لەسەر ئازادیی رۆژنامەنووسیی كەلەیەكەمین هەمواركردنی دەستووردا هاتبوو.

دادگای باڵا هەر تەنها ئەم حوکمەی لانەبرد، بەڵکو لەوە دوورتر رۆیشت، رێسای کۆتکردنی پێشوەخت کەلە بەریتانیاوە بۆ گەلی ئەمریکا مابووەوە هەموو جۆرە سزادانێکی لەسەر بڵاوکراوەکان هەڵگرت کاتێك هەواڵیان لەبارەی فەرمانبەرانی فەرمی دەوڵەتو کاروبارەکانیان بڵاودەکردەوە، مەگەر رۆژنامەکە بابەتو هەواڵێك بڵاوبکاتەوە هەڵەبێتو بەنیازی خراپیشەوە بێت بۆ لەکەدارکردنی فەرمانبەرێك. لەو بارەیەشەوە دادگا کە رێگر بوو لەبڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە بابەتو هەواڵانە کەبە ناوزڕاندن(تشهیر) ناسراوە، هاوکات بواریشی بۆ هاوڵاتیان رەخساند کەبەو هۆکارەوە سکاڵا تۆمار بکەن، بەوەش بەم بڕیارەی چارەسەری دۆزێکی سەرەکیی کرد لەبارەی ئازادیی رۆژنامەسییەوە، واتە بواردان بە رۆژنامەنووسانو بڵاوکراوەکان لەبارەی حکومەتو کارمەندانیەوە بەتەواوی ئازادییەوە هەواڵو بابەت بڵاوبکەنەوە. ئەگەر هەڵەیش هاتبێتە ئارا، هەڵەکان، وەك دادگا شیکاری بۆ کردوون، لەدەرەنجامی(بەدواداچونی بەپەلەو گەرموگوڕیدا) بۆ هەواڵەکان هاتونەتە ئارا، بەڵام هاوڵاتیان پێویستییان بەوە هەیە هەواڵەکانیان پێبگات.. هەروەك رێگەش نادرێت بە لێپرسینەوەو لێپێچینەوە لە رۆژنامەکان لەدادگاداو هەڕەشە لێکردنیان لەسەر کارەکانیان.

لەبارەی دۆزەکەی سولیڤان لەدژی رۆژنامەی نیویۆرك تایمز، کە رۆژنامەکە بە ٥٠٠ هەزار دۆلار سزادرا، دادوەر(ولیام برینان جۆنیۆر)لەساڵی ١٩٦٤دا دەڵێت:"لەباکگراوندی پابەندبونێکی نەتەوەییەوە دەڕوانینە ئەم دۆزە بەپێی ئەو بنەمایەی کە دەڵێت وتوویژ لەبارەی دۆزە گشتیەکانەوە دەبێ چالاکانەو دووربێت لە سەرکوتکردنو بەتەواوی کراوە بێت، رەنگە ئەم حاڵەتە هاوکات بێت لەگەڵ هێرشکردنە سەر حکومەتو کارمەندە فەرمیەکانی بەشێوەیەکی نابەدڵی حکومەتو توندوتیژانە، ئەم دۆزەیش وەك تەعبیرکردن لە ستەمکاریو ناڕەزایی دەربڕین مایە بەپارێزاری لێکردنی دەستووریە، پرسیارەکەش لێرەدایە کە ئاخۆ ناڕاستیی زانیاریە بڵاوکراوەکانو هۆکاری ناوزڕاندن لەسەر سۆلیڤان ئەو مافی پارێزگاریە دەستووریە لادەبات. راڤە فەرمیەکان بۆ زەمانەتەکانی یەکەمین هەموارکردن بەردەوام دانانیان رەتکردۆتەوە بەهەڵبژاردنی هەر تاقیکردنەوەیەك بۆ راستیەکان، جا ئەوە ئەگەر لەلایەن دادوەرەکان، سوێنددەرەکان یان ئیداریە فەرمیەکانەوە بێت، بەتایەبتی ئەو حاڵەتەی ئەرکی سەلماندنی راستیەکان دەخاتە ئەستۆی قسەکەر، چونکە پارێزگاری لێکردنی دەستووری پشتبەستە بەراستیو دروستی، جەماوەریبوون، یان سوودی کۆمەڵایەتی بیرۆکە ئەو بیروباوەڕانەی لە بابەتەکەدا هاتوون، کەواتە ناوزڕاندنو سوکایەتیکردن بەکارمەندانی فەرمی حکومەت مۆڵەت دەدات بەسەرکوتکردنی دەربڕینی ئازاد کە خۆی لەبنەمادا دەبێت ئازاد بێت، بەڵام رەخنەگرتن لە رەفتارە فەرمیەکان پارێزگاریی دەستووری بڵاوکراوەو رۆژنامەنووسان هەڵناوەشێنێتەوە لەحاڵێکدا ئەگەر رەخنەیەکی کارا بێتو ناوزڕاندنی کارمەندانی حکومەتی تێدا نەبێت. لاپەڕەکانی پنتاگۆن دۆزێکی تری ئازادیی رۆژنامەنسییە کەلەدادگای باڵای ئەمریکادا مشتومڕی زۆری لەسەرکرا، ئەو دۆزەش بریتیە لەوەی کە فەرمانبەرێکی مەدەنی کۆمەڵێك بەڵگەنامەی لەبارەی جەنگی ڤێتنامەوە لەپنتاگۆن دزیوەو داویەتی بە رۆژنامەی نیویۆرك تایمز لە ١٣ی تەموزی ساڵی ١٩٧١دا بڵاویکردۆتەوە. بەڵگەنامەکانیش لەساڵی ١٩٦٧دا ئامادەکرابوونو چەندین زانیاریی نهێنیان تێدا تۆمار کرابووو ناڕەزاییەکی زۆری هێنایە ئارا لەنێوەندە سیاسیە باڵاکانداو دۆزەکەش گەیشتە دادگای باڵا. لەبارەی ئەو دۆزەوە دادوەر (ولیام أ. دۆگلاس) لەموداخەلەکەیدا لەبارەی دۆزەکەی نیویۆرك تایمز لەساڵی ١٩٧١دا دەڵێت:" رەنگە ئەو زانیاری درکاندنانە

کاریگەریەکی ترسناکی هەبێت، بەڵام ئەوەش بنەمایەك پێکناهێنێت بۆ رێگەدان بەکۆتکردنی پێشوەختی رۆژنامەکان.. ئامانجی گەورە لە یەکەمین هەموارکردنی دەستوور بریتیبوو لە قەدەغەکردنی مامەڵەی حکومەت لەرێگری لە بڵاوکردنەوەی ئەو زانیاریانەی حکومەت خۆی شپرزە دەکات. مشتومڕێکی بەرفراوان لەوڵاتماندا هەیە لەبارەی بارودۆخمانەوە لە ڤێتنامدا، مشتومڕە کراوەکان بۆ تەندروستیی نەتەوەییمان کارێکی گرنگن"

دیارە هەموو لەسەر ئەو بۆچوونانەی دادوەر (دۆگلاس) کۆك نەبوون، (ماکسویل کلارك)ی باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە ڤێتنام ناڕەزایی دەربڕی لەئاستی بڕیارەکەی دادگای باڵاو دەڵێت:" مافی هاوڵاتی لە ئاگاداربوون لە بارودۆخەکان تەنها لەوەدا دەبێت ئەو شتانە بزانرێت کە دەیکاتە هاوڵاتیەکی باش تا بە بەرپرسیارێتیەکانی خۆی هەڵبسێت" بەڵام مەبەستی سەرەکی لە بڕیاری دادگا ئەوەبوو کە رێگە بەهاوڵاتیان بدرێت ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن، دادوەر دۆگلاس ئاماژەی کرد بە بوونی مشتومڕێکی گرنگ لەبارەی رۆڵی ئەمریکاوە لەڤێتنام، جا ئەگەر هاوڵاتیان ئەرکی خۆیان بەجێبگەیەنن‌و ژیرانە بەشداربن لەو وتووێژانەدا لەبارێکدا کە ئەوان لەزانین‌و وەرگرتنی زانیاریەکان بێبەری بکرێن؟ بەڵام هەردوو رۆژنامەی نیویۆرك تایمز‌و واشنتۆن پۆست تاکە کەس نین، بەڵکو دەزگان‌و هەزاران کارمەند کاریان تێدا دەکەن‌و ملیۆنان دۆلاریان هەیە وەك سەرچاوەی دارایی، کەواتە پەیوەندی چیە لەنێوان بەخشینی ئەم بوارە بەرفراوانەی کارکردنی رۆژنامەکان، کە زۆرجار وەك کیانی گەورەی کاری بازرگانین لەنێوان مافەکانی خەڵکیدا؟ ئێمە دەبێ وتەکانی دادوەر (براندیز)مان لەبیر بێت لەبارەی ئەرکەکانی هاوڵاتیەوە کەلە بەشی پێنجەمی ئازادیی دەربڕیندا باسی لێوەکراو دەڵێت:" وتووێژکردنی گشتی ئەرکێکی سیاسیەو دەبێ بکرێتە بنەمایەکی سەرەکی لە حکومەتدا"، بەڵام بۆ ئەوەی مرۆڤ بچێتە ئەو وتوێژەوەو وەك هاوڵاتیەك بەرپرسیار بێت، دەبێ ئاگاداری زانیاریەکان بێت. زانیاریە وردەکانیش لەهەموو بارێکدا لە حکومەتەوە ناخرێنە بەردەست، بەڵکو رەنگە لەسەرچاوە سەربەخۆکانەوە بڵاوبکرێنەوە، هەروەك مانەوەو بەرقەراربونی ئازادیی‌و دیموکراتیی دەکەوێتە سەر، سەربەخۆیی تەواوی ئەو سەرچاوانەو نەترسانیان لە بڵاوکردنەوەی زانیاریەکان.

لەبارەی رۆژنامەنووسییەوە (بۆرك) دەڵێت:" لەپەرلەماندا سێ دەسەڵات هەن، بەڵام لەشوێنی دانیشتنی پەیامنێران‌و رۆژنامەنووساندا دەسەڵاتی چوارەم هەیە کەلە هەموو دەسەڵاتەکانی تر زۆر گەورەترە، ئەمە تەنها خوازەیەکی تەعبیری یان گفتێکی ژیرانە نیە، بەڵکو واقعێکی وردەو دەبێ بایەخێکی زۆری پێبدەین.

بەناوانانی رۆژنامەنووسی بە(دەسەڵاتی چوارەم) بۆرك مەبەستی بوو بڵێت تواناکانی ئەم دەسەڵاتە لەسەر رای گشتی وا دەکات ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگی حوکم‌و دەسەڵات لەهەر دەوڵەتێکدا بێت، لەم کاتە هاوچەرخانەدا، بەجۆرەها شێوازو بەدیدی نیمچە دامودەزگایی رۆڵی خۆیان دەگێڕن، دادوەر پۆتەر ستیوارت پێیوایە رۆژنامەنووسی رۆڵێکی گەوهەریی هەیە لە پەردەهەڵدانەوە لەسەر گەندەڵی‌و پاراستنی پاکێتی پرۆسە سیاسیەکە .. هەروەك ولیام. ئەی دۆگلاسی هاوڕێیشی لەدادگای باڵا هەمان بۆچونی هەبوو کاتێك دەڵێت: رۆژنامەنووسی(مافی ئاگاداربوون‌و زانیاری وەرگرتنە لەلایەن هاوڵاتیانەوە"چونکە ئەم مافی ئاگاداربوون‌و زانیاری وەرگرتنە پرسێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ دەسەڵاتی گەل.

لەساڵی ١٩٥٧دا، دادوەر پۆتەر ستیوارت لەبارەی رۆڵی رۆژنامەنووسی ئازادەوە دەڵێت:" مسۆگەرکردنی رۆژنامەنووسیی ئازاد لەگەوهەردا دەقێکی بونیادیە لەدەستووردا، چونکە زۆرینەی دەقەکانی تر لەیاساکانی مافدا پارێزگاری لەئازادی یان مافگەلێکی دیاریکراوی تاکەکان دەکەن، یان بەپێچەوانەوە ئەوەش، پاراستنی دەزگایەك دەبەخشێتە برگەی رۆژنامەنووسیی ئازاد.

نموونەی تەواو لەبارەی چۆنیەتی هەڵسانی رۆژنامەنووسی بەم رۆڵە بونیادیە پەیوەستە بەسیستمی دادگای تاوانکاریەوە، چونکە شانبەشانی پاراستنی مافی تاوانباران، هاوڵاتی پێویستی بەوە دەبێت بزانێت کە ئاخۆ رێوشوێنە ئیداریەکانی دادگا لەکاردان، ئایا دادگاییکردنەکان بێخەوشن، ئایا وەك پێویست بەخێرایی بەرێوەدەچن یان دواخستنێك لەئارادایە کە کاری نابەجێو نادروستی بۆ تاوانباران لێدەکەوێتەوە، چونکە کەسێکی ئاسایی رەنگە کاتی ئەوەی نەبێت بچێتە دادگاو ئامادەی دانیشتنە دادگاییەکان بێتو چەند کاتژمێرێك بەسەربەرێت لەروانین بۆ تی ڤی یەکان کاتێك دادگاییکردنەکان دەگوازنەوە. بەڵام دەتوانێت لە بری ئەو حاڵەتانە لە رۆژنامەکانەوە زانیاریەکان کۆبکاتەوە، بۆیە ئەگەر رێگە لەئامادەبوونی رۆژنامەکان بگیرێت لەدانیشتنی دادگاییکردنەکاندا، ئەوکات رۆژنامەکان ناتوانن زانیاریەکان بگەیەننە جەماوەر کە فۆرمی زانیاریەکان بریتین لە(گەوهەری پرۆسەی حوکمی گەل) کەواتە لەبارەی ئامادەبوونەوە لەدانیشتنی دادگاییکردنە دادپەروەریەکاندا دەتوانین چی بڵێین؟ ئایا نابێت رۆژنامەکان دووربخرێنەوە ئەگەر تاوانەکە زۆر تاوانێکی سەخت بێت، یان سۆزی خەڵکیو جەماوەر گەرم بوبێت، یان ئاگاداریو ریکلام ببێتەهۆی زیانگەیاندن بەهەڵبژاردنی دەستەی سوێنددەرانی بێلایەن؟ بێگومان وەڵامەکە بەپێی دادگای باڵا دەبێت.

کۆتکردنی پێشوەختی دەربڕینو بڵاوکردنەوە مەترسیدارترین حاڵەتەو لەهەر حاڵەتێکی تری پێشێلکردنی ئازادانەی مافەکانی دەستوور کەمتر قبوڵکراو دەبێت، لەو بارەیەوە دادوەرەکان شێوازی جۆراوجۆریان هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم حاڵەتانەدا، لەوانەش بێدەنگکردنی دەستەی بەرگریکار یان بەدادگادانی پارێزەرەکان، یان گواستنەوەی شوێنی دادگاییکردنەکە بۆ جێگەیەکی ئارامترو دەستگیرکردنی سوێنددەران، زەمانەتی هەموارکردنی شەشەمی دەستوور لەبارەی(دادگاییکردنی خێراو بێخەوشەوە) هەر تەنها پاراستنی تاوانباری نەگرتەوە لە دادگاییکردنی نهێنیو ستەمکارانە، بەڵکو مافی ئامادەبوونی جەماوەریشی دەستەبەر کرد، جگە لە رادەربڕینو گەواهیدانو بینینی تەواوی رێوشوێنەکان لەدۆزێکی تایبەت بەدادگادا لەبەر ئەوەی نەدەکرا تەواوی خەڵکی ویلایەتی ڤێرجنیا ئامادەبن، بۆیە رێگە بەدەزگاکانی راگەیاندن درا رێوشوێنی دادگاییەکان بگوازنەوە و هاوکاربن لەوەدا کە پرۆسەی دادگاییکردنەکە بەپاکیو بێگەردی بەرێوەچووە.

لەبارەی دادگاییکردنەکەی ریچمۆند نیوز بایبرزەوە لەدژی ویلایەتی ڤێرجینیا، دادوەر(وۆرن. ئەی .بۆرگر) لەساڵی ١٩٨٠ دا دەڵێت:" یاسای مافەکان لەسەر باگکراوندێکی دوورو درێژی مێژوویی دادگاییکردنەکان دانرانو کە دەبوو کراوە بێت، ئەوکاتە گەیشتنی جەماوەر بەدادگاییکردنەکان وەك رواڵەتێکی گشتی پرۆسەکە تەماشا دەکرا .. بەرێوەبردنی رێوشوێنە دادگاییەکانیش (کەلە بەردەم ژمارەیەك لەهاوڵاتیان ئامادەبوو)دا جێبەجێ دەکرا، وەك دیاردەیەکی بێوێنە تەماشا دەکرا بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی ئازادانەی ئینگلیزی. لەزەمانەتی ئازادیەکانی وەك ئازادیی دەربڕینو رۆژنامەنووسیدا، دەکرا لەیەکەمین هەموارکردنی دەستوور ئەوە بخوێنرێتەوە کە پارێزگاری لەمافی ئامادەبوونی هەر مرۆڤێك دەکاتەوە لە ئامادەبوونیدا لە دادگاییکردنەکەدا

بۆ ئەوەی مانایەك ببەخشن بەو زەمانەتە روونو ئاشكرایانە، یەكەم هەمواركردنی دەستوور تەنانەت پاراستنی ئازادیی دەربڕینو رۆژنامەنووسیی دەگوزەرێنێتو دەگاتە ئاستی ئەوەی سنووردارکردنی زانیاریە کۆگاکراوەکان لە حکومەت قەدەغە بکات کە خەڵکی دەخوازن پێویستی خۆیانی لێوەربگرن، ئازادیی دەربڕین ئازادیی گوێڕایەڵی لەگەڵدایە، بەگشتی یاساکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە نابێت دادگاکان لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەی دادگاییکردنەکاندا دەرگای دادگاکان دابخەن، چونکە پێشتر بەردەوام کراوە بوون. ئەم حاڵەتە بەهەمان شێوە بەسەر دادگاییکردنە مەدەنیەکانیشدا بەرجەستە دەبوو.

هەروەك دادوەر ئۆلیڤەر وّندل هۆڵمز پێیوایە چاودێریی جەماوەر بۆ دادگاکان بەڕێوەبردنی دروستی دادپەروەری دەستەبەردەکات.. ئەو لەو بارەیەوە دەڵێت:" باشتر وایە دادگاییکردنە مەدەنیەکان لەبەرچاوی جەماوەرێکی ئامادە بوو بکرێت، لەبەرئەوە نا جیاوازیی لەنێوان دوو هاوڵاتیدا بۆخۆی جێ بایەخە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە گرنگترین کاتە لەو کاتانەی ئەوانەی بەردەوام دادپەروەری بەرجەستە دەکەن کاری تێدا بکەن، ئەویش لەسەر بنەمای هەستکردن بە بەرپرسیارێتی گشتی کە دەڵێت هەموو هاوڵاتیەك دەبێ بەچاوی خۆی دڵنیابێت کە پرۆسەی دادگاییکردنەکانو ئەرکە گشتیەکان بەڕێوەدەچن.

دوا پەرەسەندنە تەکنەلۆژیە نوێیەکان بیرۆکەی ئامادەبوونی جەماوەریان لەدادگاییکردنەکاندا گواستەوە بۆ پێگەیەکی نوێ .. چونکە سەرەڕای نەبوونی مافێکی دەستووریی لەدانانی کامێرا لەهۆڵەکانی دادگادا، چەندین ویلایەت یاسای تەواویان دەرکرد بۆ گواستنەوەی دادگاییکردنەکان راستەوخۆ لە رێی تی ڤیو کەناڵەکانەوە، ئەوەش لەلایەن هاوڵاتیانەوە حاڵەتێکی گونجاوو خوازراوە لە رووی جەماوەرییەوە .. بەو جۆرەش میدیکان رۆڵی نێوەند دەگێڕن لەنێوان جەماوەرو سیستمی دادگاکاندا، بەڵام بەشێوازێکی نوێتر کە بیرۆکەو بۆچونێکی باشتر بە بینەر دەدات.

چەمکی(مافی زانینو ئاگاداربوون) کەلە بڕگەکانی تایبەت بە دەربڕینو رۆژنامەنووسیدا هاتووە لە یەکەمین هەموارکردنی دەستووردا، لە فیکری سیاسییو دادگایی ئەمریکادا تا ڕادەیەك نوێیە، بەڵام جارێکی دی دەبینین دیموکراتیو ئازادیەکانی نەوەستاون، بەڵکو لە جوڵەیەکی بەردەوامدانو بەپێی گۆڕانکارییەکان لە کۆمەڵگەدا لەگەشەسەندان. (مافی خەڵکی لەزانینو ئاگاداربوون) بەشێوەیەکی تۆکمە پەیوەستە بە ئازادیی رۆژنامەنوسییەوە، بەڵام هاوکات پشتیش دەبەستێت بە جێبایەخەکانی سیستمی دیموکراتی، ئەگەر مەبەستمان لە دیموکراتی وەك ئەبراهام لنکۆڵن دەڵێت:( حکومەتێك لەگەلەوە، بۆ گەل بێت) ئەوکات کاروباری حکومەت هاوکات کاروباری گەلیش دەبێت، ئەمەش ئەو شوێنەیە کە تیایدا رۆڵی بونیادگەریی رۆژنامەنووسیی ئازاد یەکتر دەبڕێت لەگەڵ بایەخدانەکانی هاوڵاتیدا بە دیموکراتی، گەرچی ئەم بنەمایە بەتەواوی روون نیە، چونکە نە خەڵکیو نە رۆژنامەنووسانیش نابێ هەموو ئەو شتانە بزانن کەلە حکومەتدا روو دەدەن، چونکە پرسەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، کاروباری دەرەوە، وتووێژە ناوخۆییەکان لەبارەی دواگۆڕانکاریە سیاسیەکان، هەموو ئەمانە بەچەند هۆیەکی روونەوە، جێی ئەوە نین بخرێنە ژێر چاودێریی جەماوەرەوە، هەروەك(رۆدنی. ئەی. سمۆلا)ی مامۆستا لە کۆلێژی مافەکان کە یەك لەسەرچاوە گرنگەکانی یەکەمین هەموارکردنی دەستوورە، دەڵێت:" حکومەتە دیموکراتەکان دەبێت زۆر کراوەو شەفاف بن" بەڵام کراوەترینو دیموکراتیترین حکومەتیش لە هەندێ باردا ئەنجامدانی هەندێ کاروبار بەنهێنیو تایبەت دەخوازن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دروست کار بکەن"

لەکاتێکدا ئەم حاڵەتە لەگەڵ ژێری خۆڕسکدا پەیوەستە، واقیعی پرسەکە دەلالەتە بۆ ئەوەی دوو هێز ململانێی یەکتری دەکەن .. لەلایەك، بەرپرسە فەرمیەکانی حکومەت، لەهەموو بوارەکاندا، تەنانەت لەکۆمەڵگەیەکی دیموکراتدا، حەز ناکەن رۆژنامەو جەماوەر بەشداریی زانیاریەکان بکەن، لەلایەکی تریشەوە زۆرجار رۆژنامەکان‌و رۆژنامەنووسان بەپشتگیریی هاوڵاتیان دەیانەوێت زیاد لە پێویستی خۆیان زانیاری بەدەستبهێنن، بۆ چارەسەری ئەم گرژیەش، کۆنگرێس لە ساڵی ١٩٦٧دا یاسای ئازادیی زانیاریەکانی دەرکرد کەبە fola ناسراوە.. ئەو یاسایە دانی بەوەدا ناوە یاسای فیدراڵی کارپێکراو کە زانیاری دەخاتە بەردەست، لەزۆر باردا بۆ ئیشی پێچەوانە بەکاردەهێنرێت. یاساکە چۆن راڤە دەکرا، هەروایش دادگاکان بەردەوام بڕیار لەوە دەدەن کە بلاوکردنەوەی زانیاریەکان بۆ خۆی رێساو بنەمایە. هەروەك ئاژانسە حکومیەکان دەبێ هەرچی زووتر بە ئەمانەتەوە داخوازیە تایبەتەکانی هاوڵاتیان جێبەجێ بکەن لە زانیاری پێدان.

بەپێی ئەم یاسایە، هاوڵاتیان بە رۆژنامەنووسانیشەوە دەتوانن داخوازی پێشکەش بکەن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری، بەڵام دیارە رۆژنامەنووسان زیاتر داوای بەدەستهێنانی زانیاری دەکەن، هەردوولا، واتە تاکەکان‌و رۆژنامەنووسان دەتوانن لە بارەی کێشەیەك لە کێشەکانەوە زانیاری وەربگرن، بەتایبەتی میدیاکان کە بەهۆی بوونی دارایی‌و کارمەندی زۆرەوە دەتوانن ژمارەیەکی زۆر لە بەڵگەنامەکان کۆپی بکەن.. ئەوەش روونە کە لێکۆڵینەوە لەهەموو مامەڵەیەك‌و بەدواداچوون‌و رومال" تەغتیە" کردنی هەمو پرۆسەیەکی دادگاییکردن‌و ئامادەکردنی راپۆرتەکان بۆ هەموو گوێگرتنێکی تەشریعی لەدەرەوەی توانای میدیاکاندایە، بەڵام ئەو مەحاڵبوونە وا دەکات رۆژنامەنووسیی ئازاد ببێتە پرسێکی جەوهەری بەلایەنی دیموکراتیەوە.. بەلام تاك دەتوانێت سوود لە بەدواداچوون‌و لێکۆڵینەوەکانی راگەیاندنەکان وەربگرێت، تەنانەت دەتوانێت سوود لەماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتیش وەربگرێت.

هەر لەسەرەتای پێکهێنانی کۆمەڵگەی گوندنشینیەوە تا ئەم ساتە هێندەی ئێستا بواری ئاگاداربوون لە کاروباری دامودەزگاکانی حکومەت‌و زانیاری وەرگرتن بۆ تاك نەڕەخساوە، ئەم زانینەش وا دەکات هاوڵاتی ژیرانەو هۆشیارانە لەدەنگداندا بەشداربێت، یان داوانامەیەك واژو بکات بۆ رەزامەندی دەربڕین یان ناڕازیبوون بەپێشنیارێك لە پێشنیارەکان، یان بتوانێت نامەیەك بنووسێت بۆ ئەنجومەنە یاسادانەرەکان یان بەشێوەیەکی گشتی ئەرکی هاوڵاتیبوون جێبەجێ بکات، هەموو ئەمانەش بەبێ ئازادیی رۆژنامەنووسیی بەرجەستە ناکرێن.

بەڵام، ئایا رۆژنامەنووسیی دەتوانێت بگاتە پێویستیی زیاتر؟ چونکە هەر ئازادیەك ئەگەر تا ئەوپەڕی سنوور بەکاربهێنرێ دەگاتە ئاستی خراپ بەکارهێنان. لەکاتێکدا خەڵکی چەپڵە بۆ کاری رۆژنامەنووسی لێدەدەن لەپەردەهەڵداوەنەی لەسەر گەندەڵی حکومی، هاوکات دەبینی سکاڵاش دەکەن لە دەستدرێژیکردنە سەر ئەو تایبەتمەندێتیەی هاوپێچە لەگەڵ هەوڵدان بۆ زانینی هەمو شتێك لە بارەی ژیانی تەواوی کارمەندە فەرمیەکانی حکومەت‌و کەسایەتیە سیاسیەکان. بۆ ئەو مەبەستە کۆت‌و بەند دانراوە، لەکاتێکدا رێکخراوە رۆژنامەنووسیەکان نارەزایی دەردەبڕن لەبارەی هەریەك لەو کۆت‌و بەندانەوە گوایە زەمانەتە دەستووریەکانی ئازادیی رۆژنامەنوسی هەڵدەوەشێننەوە، زۆربەی کۆت‌و بەندەکان بەڵگەن بۆ هەڵوێستێکی خۆڕسکی دروست کە رۆژنامەنووسیی ئازاد، لەهەموو کۆت‌و بەندە سروشتییەکانی سەرکۆمەڵگە ئازاد نیە، ئەو کۆت‌و بەندانەش پەیوەستن بە سنووری دانراو بۆ پەیامنێران کە نایانەوێت سەرچاوەکانیان بخەنەڕوو، کاتێك دەوڵەت پێویستی

به بەڵگە دەبێت لەدادگایکردنێکی تاوانکاریدا، بەهەمان شێوەش بۆ بەرپرسیارێتی رۆژنامەنووسان لە بارەی دۆزەکانی یاسای مەدەنیەوە کە تیایدا هاوڵاتیان دەکەونە بەر ناوزڕاندن، هاوکات ئەو کۆتو بەندانەی خراونەتە سەر ئازادیی گەیشتن بە هەندێك دامودەزگای حکومەت، وەك گرتوخانەکان، لەسەرو ئەوانەشەوە، رۆژنامەنوسان سکاڵایان لەوە کرد کاتێك ئەمریکا لەسەروبەندی جەنگدا بوە، رێگە نەدراوە پەیامنێران بگەنە هێڵەکانی بەرەی جەنگ، رەنگە باشترین رێگە بۆ روانین بۆ ئەم پرسە، پرسیارکردن بێت لەوەی کە ئاخۆ بەرجەستەکردنی ئەم کۆتو بەندانە بەسەر تاکەکانەوە مانایەکی دەبێت، لەزۆر بارەکانیشدا ئەم حاڵەتە روو دەدات. زەحمەتە وێنای هۆکارێکی ناچارکەر بکرێت بۆ رێگەدان بەهەر کەسێك کە بیەوێت بەدەوری زیندانێکدا بسوورێتەوە، یان رێگە بەوە بدرێت لە هێڵەکانی بەرەی جەنگدا. لەکاتێکدا ئەگەری ئەوە دەکەین رۆژنامەنووسان هەواڵمان پێڕابگەیەنن، بەڵام دەشزانین ئەم کارە توانای سنوورداری هەیە.

لەبارەی فەرمانبەرە فەرمیەکانی حکومەتیشەوە رەخنە هەبووە کاتێك رۆژنامەکان هەندێك راپۆرتیان بڵاودەکردەوە لەبارەی پرسەگەلێکەوە هیچ پەیوەندییەکیان نەدەبوو بەتوانای ئەو فەرمانبەرانەوە لە هەڵسانیان بەکارەکانیان.لەساڵانی رابردوودا، لەگەڵ هاتنە ئارای ئینتەرنێتو کەناڵە ئاسمانیەکان، چەندین رۆمان بڵاوکرایەوە سەبارەت بە ژیانی کارمەندو بەرپرسە فەرمیەکانی حکومەت، هەر لەسەرۆکەوە تا نزمترین ئاستی پۆستە حکومیەکان، هەروەك مشتومڕی زۆریشکرا کە ئاخۆ ئەم لایەنە دەگاتە کوێ.دیمەنە گشتیەکە ئاڵۆزیی هەیە بۆ زۆرینەی خەڵکی کە ئاخۆ باری گشتی کامەیەو تایبەت کامەیە، بەوەش دەخوازن بەتوندی رۆشنایی بخەنەسەر هەڵسوکەوتی گشتیو دەستوەرنەدان بەتەواوی لەژیانی تایبەت. کەسانی تریش هەن کە پێیانوایە نابێ ئەمجۆرە جیاکاریە لە ئارادابێت، چونکە ئەو شێوازەی ژنانو پیاوان ژیانی تایبەتی خۆیانی پێ بەسەردەبەن، دواجار کلیلی مۆرکە ئاکاریەکانیانەو ئەوەش بۆخۆی رەهەندێکە خەڵکی مافی خۆیانە لەبەرچاوی بگرنو بەهەندی بزانن کاتێك دەنگ دەدەن بە بەرپرسان بۆ حکومەت.

لەکۆتایی ساڵانی هەشتاکاندا پەیامنێران پەردەیان لەسەر بەسەرهاتێك هەڵدایەوە لەبارەی سیناتۆرێکی ئەمریکییەوە کە دەیویست خۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی هەڵبژێرێت، گوایە لەدەرەوەی پرۆسەی هاوسەرگیریدا پەیوەندیی هەیە.

دیارە بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکە هیچ ئومێدێکی بۆ ئەو سیناتۆرە نەهێشتەوە بۆ بەدەستهێنانی ئەو پلە باڵایە، ئەویش بەتوندی رەخنەی لە رۆژنامەکان گرت گوایە:" دامەزرێنەرانی ئەمریکا ٢٠٠ ساڵ لەمەوبەر بیریان لەمە نەکردۆتەوە". لەکاتێکدا زۆربەی زۆری خەڵکی باوەڕیان هێنا بەراستیو دروستی چیرۆکە هەواڵەکە، لەراستیشدا ئەمجۆرە رۆژنامەنوسییە پەردە هەڵماڵەرە لەسەر سکاندەڵەکان(الفچائح) ئاسەواری بەجێهێشت لەسەر هەندێك لە دامەزرێنەرانی ئەمریکا، بۆیە هەریەك لە (ئەلیکزاندەر هاملتۆنو تۆماس جیفرسۆن) هەستیان کرد کە مەسەلەی پەیوەندییە خۆشەویستییەکانیان بۆتە بابەتی رۆژنامەکان، بەڵام هیچ کام لەو دوانە لەو باوەڕەدا نەبوون کە وەڵامدانەوەیان لە دەمکوتکردنی رۆژنامەنووسیدا دەبێت.

هاملتۆن لەهەمان رۆژنامەدا وەڵامی خۆی دایەوە، لەکاتێکدا دانی نا بەپەیوەندی لەگەڵ (ماریا رینۆڵدز)، بەڵام تۆمەتەکانی تری پووچەڵکردەوە. ماوەیەکی کەمیش بەرلە مردنی هاملتۆن بەرگریی لە رۆژنامەنووسێکی نیویۆرکی کرد کە دادگاکان بەتۆمەتی ناوزڕاندن تاوانباریان کردبوو.. هاملتۆن لەو بارەیەوە چەند وشەیەکی

گرنگی راگەیاند لەبارەی بەهاکانی ڕۆژنامەی ئازادەوە کە دەڵێت:" ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی مافی بڵاوکردنەوەی ڕاستیەکانە بەبێ ئەوەی بەنیازی چاك‌و ئامانجگەلێکی بەپاساو سزا بدرێت" هەروەك تۆماس جیفرسۆن بێدەنگیی هەڵبژارد لەبارەی هەواڵەکانی پەیوەندیی بە یەکێك لە خزمەتگوزارەکانی بەناوی( سالی هیمینگز)ەوە، بەڵام تەنانەت لەوکاتەشدا کە دڵنیابوو لەوەی ڕۆژنامەنووسان کۆناکەنەوە لە سەرزەنشت‌و لۆمەکردن لەدژی ئەوو هاوپەیمانەکانیشی، لەو باوەڕە دابوو کە بوونی ڕۆژنامەنووسیی ئازاد لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتدا یەکێکە لە زەرورەتەکان.. "ئەوان ڕۆژنامەکان پڕدەکەن لە درۆو بوختانی نابەجێ، بەڵام من داکۆکی لە مافەکانیان دەکەم لەو درۆو بوختان کردنەشدا".

لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، تەکنەلۆژیای نوێ هەندێك لە حەقیقەت‌و گریمانە کۆنەکانی گۆڕی لەبارەی ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسیی ئازادەوە، بۆ نمونە: بەدرێژایی چەندین ساڵ ڕادیۆو تی ڤی وەك بەشێك لە ڕۆژنامەنووسیی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکراو کەمترین پارێزگاریی یاسایی‌و دەستوورییان لێدەکرا، چونکە بیروڕایەکی هەڵە لەئارادابوو بەبونی تەکنیکی توندوتۆڵ بۆ ژمارەی ئەو کەناڵانەی کە مافیان هەبوو بەرنامەکانیان بڵاوبکەنەوە. لەدەرەنجامی ئەم بارەشدا کۆنگرێس بڕیاریداو خەڵکیش قبوڵیان کرد کە شەپۆلە بڵاوکراوەکان لەهەموو فەزادا موڵکی جەماوەرن‌و دەکرێت لەسەر هەندێك لە شەپۆلەکان مۆڵەت بەکەناڵەکان بدرێت، لەبەرانبەر ئەم مۆڵەتپێدانەشدا، دەبوو ڕادیۆکان‌و دواتریش tvیەکان ژێرباری هەندێك لەیاسا سیستماتیککردنەکانی حکومەت بن کە توانای کەناڵەکانی لە بڵاوکردنەوەو پەخشکردنی هەموو هەواڵ‌و سەروتارەکان سنووردار کردبوو، پەرەسەندنەکان لە سیستمی دابەشکردن لەڕێی کابڵ‌و مانگە دەستکردەکانەوە چوارچێوەو سنوورێکی بۆ ئەو تیۆرە دانا کە دەڵێت:"ئیستگەی ڕادیۆ سەرچاوەیەکی دیاریکراوو سنووردارە، هەروەك ڕادیۆکان شانبەشانی چاپکراوە تەقلیدیەکان شوێنی تەواوی خۆیان گرتەوە"

دەرکەوتنی ئینتەرنێتیش چەندین پرسیاری هێنایە ئارا کەسانێکیان دەوێت بۆ وەڵامدانەوەیان، بۆ یەکەمجار لەمێژوودا، کەسێك بەتەنیا خۆی‌و لەڕێی بڕە پارەیەکی کەمەوە دەتوانێت گۆشەنیگاکانی خۆی بگەیەنێتە نەك خەڵکانی دەوروبەری، بەڵکو بەتەواوی جیهانیش لەکاتێکدا تاکە کەسێك لە ڕۆژنامەدا ئەو کارەی پێناکرێت ئەگەر پڕ بەدەنگیشی بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵێك هاوار بکات.لەسەروو ئەوەیشەوە، چەند کەسانێك لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت خزمەتگوزایی هەواڵدەرییان دامەزراند کە زانیاریی دەستبەجێ لەبارەی سیاسەت‌و کەشوهەواو وەرزش‌و پرۆسەی بازاڕەکان‌و مۆدێلەوە دەگەیەننە خەڵکی.

لەبارەی مافەکانی خەڵکیشەوە مرۆڤ دەتوانێت بڵێت، شتێك نیە بەناوی تێربوونەوە لەهەواڵ. ناونیشان‌و مانشێتی زۆرێك لە ڕۆژنامەکانی ئەمریکا وشەکانی کتێبی پیرۆز لەخۆدەگرن:"حەقیقەت دەناسن‌و ئەوکات حەقیقەتەکان ئازادتان دەکەن" دامەزرێنەران پێیانوابوو ڕۆژنامەنووسیی ئازاد پارێزگاریەکی پێویستە بۆ تاکەکان لە ئاستی حکومەتدا. دادوەر براندیز وایدەبینێ کە ڕۆژنامەنووسیی ئازاد ئەو زانیاریانە دەداتە تاك کە بۆ ئەرکەکانی بەهاوڵاتیبوون پێویستی پێیانە، لەڕاستیشدا هیچ بوارێك نیە کە تیایدا سرووشتی مافێك لەمافەکان بەو خێراییە زیاتر گۆڕانی بەسەردا بێت کەلە میانەی کۆکردنەوەو بڵاوکردنەوەی زانیارییەوە لەلایەن ڕۆژنامەکانەوە ڕوودەدات. بەڵام ئەرکەکە هەمان ئەرکە، چونکە بڕگەی تایبەت بەڕۆژنامەنووسیی لەیەکەمین هەموارکردنی دەستووردا هێشتا سەنگەرێکی بونیادگەریی دیموکراتیی‌و هاوڵاتیانە.

# رەگەکانی ئازادیی ئاینی

نووسەر/ملفین ئەرۆفسکی
و/عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە

# رەگەكانی ئازادیی ئاینی

## ن/ملفین ئەرۆفسكی

ئازادیی ئاینی لە هەموو ئازادییەكانی تر زیاتر لەلایەن گەلی ئەمریكاوە بایەخی پێدەدرێت، ئەوەش پرسێكی جێ سەرنجو سەرسوڕمانە، چونكە ناكۆكە لەگەڵ ئەوەدا كە ئەمریكا بەدەوڵەتێكی عەلمانی دابنرێت، بەڵام ئەو برگەیە بۆ خۆی برگەیەكی ئاڵۆزو فریودەرە، بەو مانایەی بوونی كۆمەڵگەیەك دەگەیەنێت بەبێ ئاینو بەها باڵاكانی، كۆمەڵگەیەك كە تەنها بەها عەلمانیەكان هەڵسوكەوتی رۆژانەی ژیان بەڕێوەبەرێت. لەئەمریكادا ئاین شوێن بزر نیە، بگرە دەستوور سستمێكی دامەزراندوە كە تیایدا هەموو تاكو گروپێكی ئاینی تەواوی ئازادییان هەیە لە پەرستشەكانداو تاك لەوێدا هەر تەنها لەكۆتو بەندەكانی حكومەت ئازاد نیە، بەڵكو لە فشاری گروپە ئاینیو تایفییەكانی تریش ئازادە، ئەم كۆكردنەوەو لەیەك گرێدانی نێوان فرەییو ئازادیی ئاینیە پرسێكی ئاڵۆزە .. هەروەك رەوتەكە بەئاراستەی ئەم بەها باڵایانەدا هاوكاتو بەردەوام كارێكی ئاسانو بەدوور نەبووە لە كێشە لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا. بەڵام دیموكراتی پرۆسەیەكی بەجوڵەیەو بەرهەمێكی ئامادە نیە، هەروەك ئازادییش بەتەواوی فۆرمەكانیەوە پرۆسەیەكە بەردەوام لە پەرەسەندایە. لەمێژووی مرۆڤایەتیدا چەمكی ئازادیی ئاینی چەمكێكی تازەیەك نوێیە، كۆمەڵگە هەبووە رێگەی داوە بەلادان لەو ئاینە فەرمیەی دەوڵەت دایمەزراندوەو بەسەر خەڵكیدا سەپاندووە، بەڵام ئەم رێگەدانە كەوتبووە سەر خواستو ئارەزوی زۆرینەی خەڵك یان حاكم(دەسەڵاتدار)، هەروەك دەكرا بەئاسانیش لەو رێگەدانە پاشگەز بێتەوە. ئازادیی ئاینی بەر لەهەموو شتێك، جیاكاری دەخوازێت لەنێوان ژیانی ئاینی دەوڵەتو دامودەزگا سیاسیەكانی، ئەم جیاكردنەوەی ئاین لەدەوڵەتەش بەهەمان شێوە تازە سەریهەڵداوە، یەك لە گرنگترین شۆڕشە كۆمەڵایەتیەكانی هاودەمی راپەڕینی ئەمریكا لەدژی ئینگلتراو دواجاریش كاركردن بەدەستوورو یاسای مافەكان، بریتیبوو لە جیاكردنەوەی دەوڵەت لە كڵێسا.. لەسەرەتاوە لەلایەن كۆلۆنیالەكانی پێشووەوە، دواتریش لەلایەن حكومەتی فیدراڵەوە.

بەتێكەڵكێشكردنی ئەم بیرۆكەیەو هاوكات بیرۆكەی تایبەتە بە مومارەسە ئاینیەكان لە دەستووردا، نەوەی دامەزرێنەران ئەوەی لەبارترین حاڵەتدا بەئیمتیازێكی كاتی دادەنرا، كرا بە مافێك لەدەستووردا پارێزگاریی لێبكرێت.. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت ئەو ئازادیە ئاینیەی ئەمڕۆ دەیبینین لە ساڵی ١٧٩١دا دەستەبەركراوە، بەڵام ئەو كاتە تۆوەكانی وەشێنراوە، بەڵام لەسەدەی بیستەمدا فیكرە ئەفرێنەرەكانی گەشەیان سەند.

مێژووی ئەوروپا لەنێوان سەدەی چوارەم تا بزاڤی چاكسازی پرۆتستانتی بە هاوشێوە ئاینی دیاربوو، كەلەوێدا كڵێسای كاسۆلیكی لەجێی دەزگا، یان كڵێسای فەرمی بوو، پێشبینی ئەوەش دەكرا بزاڤی چاكسازیی پرۆتستانتی پێشەنگی بكات بۆ ئاستێك لە لێبوردەیی، لەراستیشدا مرۆڤ لە نووسینەكانی (مارتن لۆسەرو جۆن كالڤین)دا چەند برگەیەك تێبینی دەكات كە بانگەشەن بۆ لێبووردەییو ئازادیی بیروباوەڕ، بەڵام پرۆتستانتەكان لەناوچەكانی قەڵەمڕەوی خۆیاندا، هەر زوو كڵێسای تایبەتی خۆیان دامەزراند، هیچ نامۆییو سەیریەكیش لەوەدا نیە، چونكە مارتن لۆسەر دژایەتیی هیچ كام لەو بیرو باوەڕانەی نەكرد كە باس لە بوونی یەك ئاینی

راستەقینە دەکەن، بۆیە دەبوو هەموو بیروباوەڕەکانی تر ریشەکێش بکرێن‌و دەبێ لە دەوڵەتدا یەك ئاین هەبێت.

بەڵام بزاڤی چاکسازیی پرۆتستانتی لە رووی ئاینییەوە ئەوروپای دوو کەرت کرد، لە هەندێ وڵاتانیشدا، جیاوازی‌و ناکۆکیە ئاینیەکان بوونە مایەی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ کە لەزۆر باردا دەیان ساڵی خایاند. ئەم حاڵەتە بەزیهنی سەرۆك جیمس مادیسۆندا هات کاتێك دەڵێت:" ئەو هەموو خوێنە بەهۆی ئەو هەوڵە نەزۆکانەوە رژان کە هێزە عەلمانیەکان دایان بۆ نەهێشتنی ناکۆکیە ئاینیەکان لەرێی قەدەغەکردنی تەواوی جیاوا زی‌و ناکۆکیە ئاینیەکان"

هەر لە هۆڵەندای بچوکدا گروپە ئاینییەکان لەنێوان خۆیاندا هاوسەنگیەکیان هێنابووە ئارا، لەسەدەی حەڤدەهەمدا هاوڵاتیە باشەکان سیاسەتی:"بژی‌و لێگەڕێ با خەڵکیش بژین" یان بەرجەستە کرد، ئەوەش کەشوهەوایەکی لێبووردەیی دوو لایەنەی دەستەبەر کرد.

نەوەی شۆڕش لە ئەمریکادا تەواو ئاگاداری ئەم ئەزمونەی هۆڵەندا بوون، بەڵام کارەکانیان زیاتر دەستی کۆلۆنیالیزمی تایبەتی تیابوو، وەك کۆمەڵێك کۆلۆنیالی بەریتانی.

لەسەرەتای سەدەی حەڤدەهەمدا بەکۆلۆنیالکردنی ئەمریکای باکور دەستی پێکرد، ئینگلیزەکان دیدی خۆیانیان لەبارەی کۆمەڵگەی چاکەوە بۆ جیهانی نوێ گواستەوە، ئەوەی گرنگە لەم پرسەدا لەبارەی ئاینەوەیە، چونکە هەموو خەڵکی کۆلۆنیالە نوێکان وەك دەزگایەك باوەڕیان بەکڵێسا هەبوو، هەر لەسەرەتای دامەزراندنی کۆلۆنیالەکانیانەوە لەدروستکردنی کڵێساکانیاندا دەستبەکاربوون. نموونەیەکی بەناوبانگ هەیە کەلە بڵاوکراوەی (فێرست فروتس) لەنیوئینگلاند لە ساڵی ١٦٤٣ بڵاوکراوەتەوەو باس لەساڵانی سەرەتای کۆلۆنیالی (ماساشۆتس بای) دەکات، نووسەر لەو بابەتەدا دەڵێت:" دوای ئەوەی بە ئاشتی پەروەردگارمان هەڵگرت بۆ نیو ئینگلاند.. ماڵەکانی خۆمان دروستکرد، پێویستیەکانی ژیانمان دابینکرد، شوێنی لەبارمان دامەزراند بۆ خواپەرستی‌و حکومەتێکی مەدەنیشمان دامەزراند" هەر لە کۆلۆنیالی جیمستاون لە ساڵی ١٦٠٧ تا دەگاتە شۆڕشی ئەمریکا ساڵی ١٧٧٦ هەموو کۆلۆنیالەکانی بەریتانیا لە ئەمریکای باکووردا، جگە لە هەندێ حاڵەتی کەمی هەڵبوێردراو، کڵێسای خۆی دامەزراند. لەنیویۆرك و کۆلۆنیالەکانی باشووردا کڵێسای ئینگلینری(ئینگلیکانی) هەمان هەلورمەجی یاساییان هەبوو کەلە بەریتانیادا هەیانبوو، بەڵام لەنیوئینگلاندا چەند فۆرمێك لە (ئەبرەشی)ی کڵێسای دامەزراو ئەم کۆلۆنیالانە بەردەوام لەدژی کاسۆلیك‌و جوولەکەو بگرە پرۆتستانتە بیروڕا جیاکان هەڵسوکەوتی جیاوازیان لە ئاستیاندا نواندووە.

لەساڵی ١٦٥٦دا، دادگای گشتی لە ویلایەتی ماساشوستس هەر جۆرە بوونێکی گروپ یان تایفەی (کویکرز)ی لە کۆلۆنیالەکەدا قەدەغەکرد، ئەگەر یەکێك لەوانە بەدیبکرایە، دەستگیردەکراو ئەشکەنجە دەدراو دەربەدەر دەکرا، بەڵام تایفەی (کویکرز) دەستیان بە بیروباوەڕەکانیانەوە گرت، ساڵی دواتریش کۆمسیۆنی یاسادانان فەرمانیدا بە بڕینی گوێچکەی ئەو پیاوانەی لەو تایفەیەن‌و دوای دەرکردنیان دەگەڕانەوە بۆ ویلایەتەکە، ئەگەر بۆ جارێکی تریش دوای بڕینی گوێچکەیان گەڕانەوە، گوێچکەکەی تریشیان ببڕدرێت(١)، هەرچی ئەو ژنانەیش بوون کە دوای دەربەدەرکردنیان دەگەڕانەوە، بەتوندی ئازارو ئەشکەنجە دەدران، لە حاڵەتی گەڕانەوەی پیاوان‌و ژناندا بۆ جاری سێهەم، بەشیشی سوورەوەکراو زمانیان کون دەکردن، بەلام وێڕای ئەوەیش کویکرزەکان هەر

دەگەڕانەوە، تا ئەو دەمەی دادگای گشتی لەساڵی ١٦٥٨دا بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرکردن، ئەمەش ئەو سزایە بوو کە دەرهەق بە راهیبە یەسعویەکانو کاسۆلیك جێبەجێ دەکرا کە دوای دەرکردنیان لە ویلایەتەکە دەگەڕانەوە.

لەنێوان ساڵانی ١٦٥٩و ١٦٦١دا، لە مەیدانی گشتی شاری بۆستندا ژنێكو سێ پیاو لە سێدارە دران.

لەساڵی ١٧٧٤، لەو کاتەدا کە خەڵکی کۆلۆنیالەکان نارەزاییان دەردەبڕی لە ستەمی بەریتانیەکانو دەستدرێژیکردنە سەر مافەکانیان، کاهین(ئایزاك باکۆس)ی سەرکردەی مەعمەدانیەکانی ویلایەتی ماساشۆستس بە حاکمی ویلایەتەکەو ئەنجومەنی راگەیاند کە (٨) مەعمەدانی لە نۆرس هامبتۆنو لە سادەترین رۆژانی زستاندا زیندانی کراون، بەو هۆیەوە کە باجیان نەداوە بە سەرپەرشتیکاری ئەبرشیەی شارەکە، لەو ساڵەدا، جیمس مادیسۆن بۆ هاوڕێیەکی دەنووسێت:" بیروباوەڕی شەیتانیو دۆزەخیی چەوساندنەوەو ستەمکاری لای هەندێك تەشەنەی سەندوە، ئەوەتا لە ناوچەیەکی نزیکدا پێنج تا شەش مرۆڤی نیازپاك لەزینداندان، هەر لەبەر ئەوەی هەستی ئایینی خۆ یان دەربڕیوە کە بەردەوام هەستێکی راستو دروست بووە، بۆیە تکات لێدەکەم دوعا بۆ ئازادیی ویژدانی هەمووان بکە"

سەرەڕای ئەوەش، هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی کۆلۆنیالەکانەوە لە ئەمریکادا، فشارەکان زیاتر بوون، بەتایبەتیش لە کۆلۆنیالەکانی باکوردا، لەدژی کۆنترۆڵکاری دامودەزگای ئایینیو ملکەچبونی گشتی بۆ ئەو دەزگایە. تا ساڵی ١٦٤٥یش زۆربەی نوێنەران لەدادگای گشتی بلیمۆس خواستی:" بواردانو پاراستنی لێبووردەیی تەواوی ئاینییان هەبوو بەو پەڕی ئازادی بۆ هەموو ئەو پیاوانەی پارێزگاری لە ئاشتیو تەبایی نێوخۆیی دەکەنو مل بە حکومەت دەدەن، هیچ کەس نەدەخرایە دەرەوەی ئەم خواستەوە، ( بۆ ئەو تورکانەیش کە لە ویلایەتەکانی ژێردەستی عوسمانیەکانەوە دەهاتنە ئەمریکا)و جولەکەو بابەوی، ئاریەکان، سۆسۆنیەکان، نیکۆلایتانەیکانو هتد.

لە رۆد ئایلاند( رۆجەر ولیامز) کۆلۆنیالێکی دامەزراند بە ژینگەیەکی نیمچە تەواوی ئاینییەوە، ولیامز بە پەیامبەری نوێگەری لەو ناوچەیەدا ناوبراو بەراستیش شایانی ئەو وەسفەیە، بەهۆی ئەو کاروبارانەوە کە کردنی، ئەو تەنها برەوی بەئازادیی ئاینی نەدا، بەڵکو لەدژی دامودەزگا ئایینیەکە وەستایەوە، چونکە لەو بڕوایەدا بوو کە ئەو دەزگایە هەر تەنها زیان بەکۆمەڵگەی مەدەنی ناگەیەنێت، بەڵکو خودی ئاینیش زیانبار دەکات. ولیامز یەکێك لەو دەنگە کەمانە بوو لە کۆلۆنیالەکانی سەدەی حەڤدەهەم کە بانگەشەی بۆ ئەم بیروباوەڕە کرد.

هەرچەندە دامودەزگا ئاینیە فەرمیەکان تا ساڵی ١٧٧٦ بەردەوام بوون، بەڵام دەبوو کۆلۆنیالەکان رێگە بدەن بە ئاستێکی دیاریکراوی لێبووردەیی ئاینی، لەسەرەتادا خەڵکی کۆلۆنیالەکان بە کۆمەڵێك باکگراوندی ئاینی رێژەیی لەیەکچووەوە هاتن، بەڵام زۆری نەبرد، خواستەکانی دنیای نوێ لە تەواوی دورگەکانی بەریتانیاوە کۆچبەرانی پەلکێش کرد، وێڕای کۆچبەران لە باکوورو خۆرئاوای ئەورووپاوە.

خەڵکی زۆر هاتن، نەك لەبەر ئەوەی ئەمریکا ئازادیی زیاتری لەوەی وڵاتانی خۆیانی بۆ دەستەبەرکردبوون، بەڵکو بەهۆی هەلە ئابوورییەکانەوە بوو. هەمووشیان بەشدار نەبوون لە عەقیدە تایفییەکانی گۆشەنیگای(بیۆریتانو ئینجیلیەکان) لە کۆلۆنیالەکانی ناوەڕاستو باشووردا، مەعمەدانیەکانو جولەکەو

کاسۆلیك، لۆسەریەکان(لایەنگرانی مارتن لۆسەر کینگ)و .....هتد. هەر لەگەڵ گەیشتنیاندا کەوتنە نارەزایی دەربڕین لەژێربارکردنیان بۆ باجەکان لەبەرژەوەندیی کڵێسا کە ئەوان ناچنە ئەو کڵێسایانەوە، یان ناچارکردنیان بە پەیڕەوکردنی عەقیدەیەك کە بەشداریی ناکەن.

لەسەرەتای شۆڕشدا ویلایەتی فرجینیاش وەك زۆرێك لە ویلایەتەکان، سیفەتی فەرمیبوونیان لەکڵێسا ئەنگلیکانیەکان وەرگرتەوە کە زۆر کەس دەیانبەستنەوە بە حکومەتی پاشایەتی بێزراوەوە. دەستووری ڤێرجینیا لە ساڵی ١٧٧٦دا بۆ هەموو کەسێك یەکسانیی دەستەبەرکرد لە پەیڕەوکردنی ئازادانەی ئاینو لەوەدابوو کار بگاتە جیاکردنەوەی کڵێسا لە دەوڵەت، ئەوەش نائومێدیی لای مەعمەدانیەکان دروستکرد بەرفراوانترین گروپی ئۆپۆزسیۆن بوون لەو ویلایەتەدا. هەندێك لە گروپەکانی تر کە تا ئەو کاتە لایەنگیری بیروباوەڕە ئەنگلیکانیەکان بوون (کە دواتر بە ئەسقوفیەکان ناوبران) پێیانوابوو باجە داراییەکان دەبێ پشتی ئاین بگرن. ئەوان بیریان لەوە دەکردەوە کە نابێت باجەکان بدرێت بە یەك گروپ، بەڵکو دەبێت بۆ هاوکاریکردنی تەواوی کڵێساکان بەگەڕبخرێت(کڵێسا مەسیحیە پرۆتسانیەکان).

خەباتی ویلایەتی ڤێرجینیا لە پێناوی چەسپاندنی ئازادیی تەواوی ئاینی شایستە بەوەیە هەڵوێستەیەکی لەسەر بکەین، بەو هۆیەی دوو لە گەورە دامەزرێنەرانی دەوڵەتی ئەمریکا (تۆماس جیفرسۆن) دانەری سەربەخۆیی راگەیاندنو (جیمس مادیسۆن) کە بەباوکی دەستوور ناسراوە، تیایدا بەشداربوون.

تۆماس جیفرسۆن) یاسایەکی بۆ ئازادیی ئاینی نووسی کە تیایدا دەڵێت:" نابێت هیچ کەس بەوە ناچار بکرێت بچێتە کڵێسا، یان پشتگیری لە عەقیدەو بیرو باوەڕێك، پیاوێکی ئاینی، شوێنێکی ئاینی بکات" کۆمسیۆنی یاسادانان لە ڤێرجینیادا دانی بەم یاسایەدا نا، جیفرسۆن لەو بڕوایەدا بوو کە ئاین پرسێکی تایبەتو تاکە کەسیە لەنێوان کەسەکەو خوادا، بۆیە لەوە دوورترە بێتە بەردەستی حکومەتێکی مەدەنی، جیفرسۆن ئەو ئازادیەی تایبەت نەکرد بە گروپێکی دیاریکراو، بەڵکو تایبەت بوو بە هەموو گروپو کۆمەڵە ئاینییەکان، هەروەك پێیوابوو کە ئەم ئازادیە دیاریی دەستی کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی یاسادانان نیە، بەڵکو یەکێکە لە (مافە مرۆڤایەتیەکان بۆ بەرەی مرۆڤایەتی" بیروڕای جیفرسۆن زۆر لە بیروڕای هاوڵاتیانی سەردەمی هەشتاکانی سەدەی هەژدەهەم پێشکەوتووتر بوو، بەڵام هاوکاتو تەنانەت لە ویلایەتی ڤێرجینیاشدا دەنگی نارەزایی لەدژی هەبوو.

بەتایبەتی لەلایەن ئەو کڵێسایانەوە کە داوای یارمەتیان لەدەوڵەت دەکرد. جیفرسۆن وەك باڵیۆزی ئەمریکا چووە پاریس، خەباتیش لە پێناوی ئازادیی ئاینییدا گوازرایەوە بۆ هاوڕێو قوتابی (جیمس مادیسۆن) کەلە مێژووی ئاینی ئەمریکادا گرنگترین بەڵگەنامەی نووسی، (یاداشتنامەو نارەزایی لە دژی باجە ئاینیەکان).

مادیسۆن وەك جیفرسۆن دەیوت:" سرووشتی تایبەتی بنەڕەتیی ئاینو باری خۆکردی، یان خۆویستی، نابێت بەهیچ جۆرێك ژێرباری حکومەت بخرێت. سەپاندنی باج، تەنانەت ئەگەر دواجار بەسەر هەموو ئاینەکانیشدا دابەش بکرێت، وەك سەپاندنو زیادکردنی مۆرکی فەرمیبون بەسەر ئایندا دەمێنێتەوە، دەبێ دژایەتیشی بکرێت، هەرچەندە لە رواڵەتدا سوودمەدانەو گونجاویش دەربکەوێت، ئەو بەڵگانەی لەسەر ئازادیی ئاینی بەر لە ٢٠٠ ساڵ دەرکەوتن، تا ئەمڕۆش دەنگدانەوەی بەهێزیان هەیە.

ئـازادیی ئـاینی لـە هـەموو ئازادییـەکانی تـر زیـاتر لەلایـەن گـەلی ئـەمریکاوە بایـەخی پێـدەدرێت، ئـەوەش پرسێکی جێ سەرنج‌و سەرسوڕمانە، چونکە ناکۆکە لەگەڵ ئەوەدا کە ئـەمریکا بەدەوڵـەتێکی عـەلمانی دابنرێـت، بەڵام ئەو بڕگەیە بۆ خۆی بڕگەیـەکی ئـاڵۆزو فریـودەرە، بـەو مانایـەی بـوونی کۆمەڵگەیـەك دەگەیـەنێت بـەبێ ئـاین‌و بـەها باڵاکـانی، کۆمەڵگەیـەك کـە تـەنها بـەها عەلمانیـەکان هەڵسوکەوتی ڕۆژانـەی ژیـان بەڕێوەبـەرێت. لەئەمریکادا ئاین شوێن بزر نیە، بگرە دەستوور سـستمێکی دامەزراندوە کە تیایدا هەموو تاك‌و گروپێکی ئـاینی تەواوی ئازادییان هەیە لە پەرستشەکانداو تاك لەوێدا هەر تەنها لەکۆت‌و بەندەکانی حکومەت ئازاد نیە، بـەڵکو لە فشاری گروپە ئاینی‌و تایفییەکانی تریش ئازادە، ئـەم کۆکردنـەوەو لەیـەك گرێـدانی نێـوان فرەیـی‌و ئـازادیی ئاینیە پرسێکی ئاڵۆزە .. هەروەك ڕەوتەکە بەئاراستەی ئەم بەها باڵایانـەدا هاوکـات‌و بـەردەوام کـارێکی ئاسـان‌و بەدوور نەبووە لە کێشە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا. بەڵام دیموکراتی پرۆسەیەکی بەجوڵەیـە‌و بەرهـەمێکی ئامـادە نیە، هەروەك ئازادییش بەتەواوی فۆرمەکانیەوە پرۆسەیەکە بەردەوام لە پەرەسەندایە. لەمێژووی مرۆڤایەتیدا چەمکی ئازادیی ئاینی چەمکێکی تازەدیەك نوێیە، کۆمەڵگە هـەبووە ڕێگـەی داوە بـەلادان لـەو ئاینـە فەرمیـەی دەوڵـەت دایمەزرانـدوەو بەسـەر خەڵکیـدا سـەپاندووە، بـەڵام ئـەم ڕێگەدانـە کـەوتبووە سـەر خواسـت‌و ئـارەزوی زۆرینەی خەڵك یان حاکم(دەسەلاتدار)، هەروەك دەکرا بەئاسانیش لەو ڕێگەدانە پاشگەز بێتەوە. ئازادیی ئاینی بـەر لەهـەموو شـتێك، جیاکـاری دەخوازێـت لـەنێوان ژیـانی ئـاینی دەوڵـەت‌و دامودەزگـا سیاسـیەکانی، ئـەم جیاکردنەوەی ئاین لەدەوڵەتەش بەهەمان شێوە تازە سەریهەڵداوە، یەك لە گرنگترین شۆڕشـە کۆمەڵایەتیـەکانی هاودەمی ڕاپەڕینی ئەمریکا لـەدژی ئینگلتراو دواجـاریش کـارکردن بەدەسـتوورو یاسـای مافـەکان، بریتیبـوو لـە جیاکردنەوەی دەوڵەت لە کڵێسا.. لەسـەرەتاوە لەلایـەن کۆلۆنیالـەکانی پێشووەوە، دواتـریش لەلایـەن حکومـەتی فیدراڵەوە.

بەتێکەڵکێشکردنی ئەم بیرۆکەیەو هاوکات بیرۆکەی تایبەت بە مومارەسە ئاینیەکان لە دەستووردا، نەوەی دامەزرێنەران ئەوەی لەبارترین حاڵەتدا بەئیمتیازێکی کاتی دادەنرا، کرا بە مافێك لەدەستووردا پارێزگاریی لێبکرێت.. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت ئەو ئازادیە ئاینیەی ئەمڕۆ دەیبینین لە ساڵی ١٧٩١دا دەستەبەرکراوە،` بەڵام ئەو کاتە تۆوەکانی وەشێنراوە، بەڵام لەسەدەی بیستەمدا فیکرە ئەفرێنەرەکانی گەشەیان سەند.

مێژووی ئەوروپا لەنێوان سەدەی چوارەم تا بزاڤی چاکسازی پرۆتستانتی بە هاوشێوە ئاینی دیاربوو، کەلەوێدا کڵێسای کاسۆلیکی لەجێی دەزگا، یان کڵێسای فەرمی بوو، پێشبینی ئەوەش دەکرا بزاڤی چاکسازیی پرۆتستانتی پێشەنگی بکات بۆ ئاستێك لە لێبوردەیی، لەڕاستیشدا مرۆڤ لە نووسینەکانی (مارتن لۆسەر کینگ‌و جۆن کالڤین)دا چەند بڕگەیەك تێبینی دەکات کە بانگەشەن بۆ لێبووردەیی‌و ئازادیی بیروباوەڕ، بەڵام پرۆتستانتەکان لەناوچەکانی قەڵەمڕەوی خۆیاندا، هەر زوو کڵێسای تایبەتی خۆیان دامەزراند، هیچ نامۆیی‌و سەیریەکیش لەوەدا نیە، چونکە مارتن لۆسەر دژایەتیی هیچ کام لەو بیرو باوەڕانەی نەکرد کە باس لە بوونی یەك ئاینی ڕاستەقینە دەکەن، بۆیە دەبوو هەموو بیروباوەڕەکانی تر ڕیشەکێش بکرێن‌و دەبێ لە دەوڵەتدا یەك ئاین هەبێت.

بەڵام بزاڤی چاکسازیی پرۆتستانتی لە ڕووی ئاینییەوە ئەوروپای دوو کەرت کرد، لە هەندێ وڵاتانیشدا، جیاوازی‌و ناکۆکیە ئاینیەکان بوونە مایەی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ کە لەزۆر باردا دەیان ساڵی خایاند. ئەم

حاڵەتە بەزیهنی سەرۆك جیمس مادیسۆندا هات کاتێك دەڵێت:" ئەو هەموو خوێنە بەهۆی ئەو هەوڵە نەزۆکانەوە ڕژان کە هێزە عەلمانیەکان دایان بۆ نەهێشتنی ناکۆکیە ئاینیەکان لەرێی قەدەغەکردنی تەواوی جیاوا زیو ناکۆکیە ئاینیەکان"

هەر لە هۆڵەندای بچوکدا گروپە ئاینییەکان لەنێوان خۆیاندا هاوسەنگیەکیان هێنابووە ئارا، لەسەدەی حەڤدەهەمدا هاوڵاتیە باشەکان سیاسەتی:"بژیو لێگەڕێ با خەڵکیش بژین" یان بەرجەستە کرد، ئەوەش کەشوهەوایەکی لێبووردەیی دوو لایەنەی دەستەبەر کرد.

نەوەی شۆڕش لە ئەمریکادا تەواو ئاگاداری ئەم ئەزمونەی هۆڵەندا بوون، بەڵام کارەکانیان زیاتر دەستی کۆلۆنیالیزمی تایبەتی تیابوو، وەك کۆمەڵێك کۆلۆنیالی بەریتانی.

لەسەرەتای سەدەی حەڤدەهەمدا بەکۆلۆنیالکردنی ئەمریکای باکور دەستی پێکرد، ئینگلیزەکان دیدی خۆیانیان لەبارەی کۆمەڵگەی چاکەوە بۆ جیهانی نوێ گواستەوە، ئەوەی گرنگە لەم پرسەدا لەبارەی ئاینەوەیە، چونکە هەموو خەڵکی کۆلۆنیالە نوێکان وەك دەزگایەك باوەڕیان بەکڵێسا هەبوو، هەر لەسەرەتای دامەزراندنی کۆلۆنیالەکانیانەوە لەدروستکردنی کڵێساکانیاندا دەستبەکاربوون. نموونەیەکی بەناوبانگ هەیە کەلە بڵاوکراوەی (فیرست فروتس) لەنیوئینگلاند لە ساڵی ١٦٤٣ بڵاوکراوەتەوەو باس لەساڵانی سەرەتای کۆلۆنیالی (ماساشۆتس بای) دەکات، نووسەر لەو بابەتەدا دەڵێت:" دوای ئەوەی بە ئاشتی پەروەردگارمان هەڵگرت بۆ نیو ئینگلاند.. ماڵەکانی خۆمان دروستکرد، پێویستیەکانی ژیانمان دابینکرد، شوێنی لەبارمان دامەزراند بۆ خواپەرستیو حکومەتێکی مەدەنیشمان دامەزراند" هەر لە کۆلۆنیالی جیمستاون لە ساڵی ١٦٠٧ تا دەگاتە شۆڕشی ئەمریکا ساڵی ١٧٧٦ هەموو کۆلۆنیالەکانی بەریتانیا لە ئەمریکای باکووردا، جگە لە هەندێ حاڵەتی کەمی هەڵبوێردراو، کڵێسای خۆی دامەزراند. لەنیویۆرك و کۆلۆنیالەکانی باشووردا کڵێسای ئینگلینری(ئینگلیکانی) هەمان هەلورمەجی یاساییان هەبوو کەلە بەریتانیادا هەیانبوو، بەڵام لەنیوئینگلاندا چەند فۆرمێك لە (ئەبرەشی)ی کڵێسای دامەزراو ئەم کۆلۆنیالانە بەردەوام لەدژی کاسۆلیكو جوولەکەو بگرە پرۆتستانتە بیروڕا جیاکان هەڵسوکەوتی جیاوازیان لە ئاستیاندا نواندووە ...

لەساڵی ١٦٥٦دا، دادگای گشتی لە ویلایەتی ماساشوستس هەر جۆرە بوونێکی گروپ یان تایفەی (کویکرز)ی لە کۆلۆنیالەکەدا قەدەغەکرد، ئەگەر یەکێك لەوانە بەدیبکرایە، دەستگیردەکراو ئەشکەنجە دەدراو دەربەدەر دەکرا، بەڵام تایفەی (کویکرز) دەستیان بە بیروباوەڕەکانیانەوە گرت، ساڵی دواتریش کۆمسیۆنی یاسادانان فەرمانیدا بە بڕینی گوێچکەی ئەو پیاوانەی لەو تایفەیەنو دوای دەرکردنیان دەگەڕانەوە بۆ ویلایەتەکە، ئەگەر بۆ جارێکی تریش دوای بڕینی گوێچکەیان گەڕانەوە، گوێچکەکەی تریشیان ببڕدرێت(١)، هەرچی ئەو ژنانەیش بوون کە دوای دەربەدەرکردنیان دەگەڕانەوە، بەتوندی ئازارو ئەشکەنجە دەدران، لە حاڵەتی گەڕانەوەی پیاوانو ژناندا بۆ جاری سێهەم، بەشیشی سوورەوەکراو زمانیان کون دەکردن، بەڵام وێڕای ئەوەیش کویکرزەکان هەر دەگەڕانەوە، تا ئەو دەمەی دادگای گشتی لەساڵی ١٦٥٨دا بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرکردن، ئەمەش ئەو سزایە بوو کە دەرهەق بە راهیبە یەسعویەکانو کاسۆلیك جێبەجێ دەکرا کە دوای دەرکردنیان لە ویلایەتەکە دەگەڕانەوە.

لەنێوان ساڵانی ١٦٥٩و ١٦٦١دا، لە مەیدانی گشتی شاری بۆستندا ژنێكو سێ پیاو لە سێدارە دران.

لەساڵی ١٧٧٤، لەو کاتەدا کە خەڵکی کۆلۆنیالەکان ناڕەزاییان دەردەبڕی لە ستەمی بەریتانیەکانو دەستدرێژیکردنە سەر مافەکانیان، کاهین(ئایزاك باکۆس)ی سەرکردەی مەعمەدانیەکانی ویلایەتی ماساشۆستس بە حاکمی ویلایەتەکەو ئەنجومەنی راگەیاند کە (٨) مەعمەدانی لە نۆرس هامبتۆنو لە سادەترین رۆژانی زستاندا زیندانی کراون، بەو هۆیەوە کە باجیان نەداوە بە سەرپەرشتیکاری ئەبرشیەی شارەکە، لەو ساڵەدا، جیمس مادیسۆن بۆ هاورێیەکی دەنووسێت:" بیروباوەڕی شەیتانیو دۆزەخیی چەوساندنەوەو ستەمکاری لای هەندێك تەشەنەی سەندوە، ئەوەتا لە ناوچەیەکی نزیکدا پێنج تا شەش مرۆڤی نیازپاك لەزینداندان، هەر لەبەر ئەوەی هەستی ئایینی خۆ یان دەربڕیوە کە بەردەوام هەستێکی راستو دروست بووە، بۆیە تکات لێدەکەم دوعا بۆ ئازادیی ویژدانی هەمووان بکە"

سەرەڕای ئەوەش، هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی کۆلۆنیالەکانەوە لە ئەمریکادا، فشارەکان زیاتر بوون، بەتایبەتیش لە کۆلۆنیالەکانی باکوردا، لەدژی کۆنترۆڵکاری دامودەزگای ئاینیو ملکەچبونی گشتی بۆ ئەو دەزگایە. تا ساڵی ١٦٤٥یش زۆربەی نوێنەران لەدادگای گشتی بلیمۆس خواستی:" بواردانو پاراستنی لێبووردەیی تەواوی ئاینییان هەبوو بەو پەڕی ئازادی بۆ هەموو ئەو پیاوانەی پارێزگاری لە ئاشتیو تەبایی نێوخۆیی دەکەنو مل بە حکومەت دەدەن، هیچ کەس نەدەخرایە دەرەوەی ئەم خواستەوە، ( بۆ ئەو تورکانەیش کە لە ویلایەتەکانی ژێردەستی عوسمانیەکانەوە دەهاتنە ئەمریکا)و جولەکەو بابەوی، ئاریەکان، سۆسۆنیەکان، نیکۆلایتانەیکانو هتد.

لە رۆد ئایلاند( رۆجەر ولیامز) کۆلۆنیالێکی دامەزراند بە ژینگەیەکی نیمچە تەواوی ئاینییەوە، ولیامز بە پەیامبەری نوێگەری لەو ناوچەیەدا ناوبراو بەراستیش شایانی ئەو وەسفەیە، بەهۆی ئەو کاروبارانەوە کە کردنی، ئەو تەنها برەوی بەئازادیی ئاینی نەدا، بەڵکو لەدژی دامودەزگا ئایینیەکە وەستایەوە، چونکە لەو بڕوایەدا بوو کە ئەو دەزگایە هەر تەنها زیان بەکۆمەڵگەی مەدەنی ناگەیەنێت، بەڵکو خودی ئاینیش زیانبار دەکات. ولیامز یەکێك لەو دەنگە کەمانە بوو لە کۆلۆنیالەکانی سەدەی حەڤدەهەم کە بانگەشەی بۆ ئەم بیروباوەڕە کرد.

هەرچەندە دامودەزگا ئاینیە فەرمیەکان تا ساڵی ١٧٧٦ بەردەوام بوون، بەڵام دەبوو کۆلۆنیالەکان رێگە بدەن بە ئاستێکی دیاریکراوی لێبووردەیی ئاینی، لەسەرەتادا خەڵکی کۆلۆنیالەکان بە کۆمەڵێك باکگراوندی ئاینی رێژەیی لەیەکچووەوە هاتن، بەڵام زۆری نەبرد، خواستەکانی دنیای نوێ لە تەواوی دورگەکانی بەریتانیاوە کۆچبەرانی پەلکێش کرد، وێڕای کۆچبەران لە باکوورو خۆرئاوای ئەوروپاوە.

خەڵکی زۆر هاتن، نەك لەبەر ئەوەی ئەمریکا ئازادیی زیاتری لەوەی وڵاتانی خۆیانی بۆ دەستەبەرکردبوون، بەڵکو بەهۆی هەلە ئابوورییەکانەوە بوو. هەمووشیان بەشدار نەبوون لە عەقیدە تایفییەکانی گۆشەنیگای(بیۆریتانو ئینجیلیەکان) لە کۆلۆنیالەکانی ناوەڕاستو باشووردا، مەعمەدانیەکانو جولەکەو کاسۆلیك، لۆسەریەکان(لایەنگرانی مارتن لۆسەر کینگ)و .....هتد. هەر لەگەڵ گەیشتنیاندا کەوتنە ناڕەزایی دەربڕین لەژێربارکردنیان بۆ باجەکان لەبەرژەوەندیی کڵێسا کە ئەوان ناچنە ئەو کڵێسایانەوە، یان ناچارکردنیان بە پەیڕەوکردنی عەقیدەیەك کە بەشداریی ناکەن.

لەسەرەتای شۆڕشدا ویلایەتی فرجینیاش وەك زۆرێك لە ویلایەتەکان، سیفەتی فەرمیبوونیان لەکڵێسا

ئەنگلیكانیەكان وەرگرتەوە كە زۆر كەس دەیانبەستنەوە بە حكومەتی پاشایەتی بێزراوەوە. دەستووری ڤێرجینیا لە ساڵی ١٧٧٦دا بۆ هەموو كەسێك یەكسانیی دەستەبەركرد لە پەیڕەوكردنی ئازادانەی ئاینو لەوەدابوو كار بگاتە جیاكردنەوەی كڵێسا لە دەوڵەت، ئەوەش نائومێدیی لای مەعمەدانیەكان دروستكرد بەرفراوانترین گروپی ئۆپۆزسیۆن بوون لەو ویلایەتەدا. هەندێك لە گروپەكانی تر كە تا ئەو كاتە لایەنگیری بیروباوەڕە ئەنگلیكانیەكان بوون (كە دواتر بە ئەسقوفیەكان ناوبران) پێیانوابوو باجە داراییەكان دەبێ پشتی ئاین بگرن. ئەوان بیریان لەوە دەكردەوە كە نابێت باجەكان بدرێت بە یەك گروپ، بەڵكو دەبێت بۆ هاوكاریكردنی تەواوی كڵێساكان بەگەڕبخرێت(كڵێسا مەسیحیە پرۆتسانیەكان).

خەباتی ویلایەتی ڤیرجینیا لە پێناوی چەسپاندنی ئازادیی تەواوی ئاینی شایستە بەوەیە هەڵوێستەیەكی لەسەر بكەین، بەو هۆیەی دوو لە گەورە دامەزرێنەرانی دەوڵەتی ئەمریكا (تۆماس جیفرسۆن) دانەری سەربەخۆیی راگەیاندنو (جیمس مادیسۆن) كە بەباوكی دەستوور ناسراوە، تیایدا بەشداربوون.

تۆماس جیفرسۆن) یاسایەكی بۆ ئازادیی ئاینی نووسی كە تیایدا دەڵێت:" نابێت هیچ كەس بەوە ناچار بكرێت بچێتە كڵێسا، یان پشتگیری لە عەقیدەو بیرو باوەڕێك، پیاوێكی ئاینی، یان شوێنێكی ئاینی بكات" كۆمسیۆنی یاسادانان لە ڤیرجینیادا دانی بەم یاسایەدا نا، جیفرسۆن لەو بڕوایەدا بوو كە ئاین پرسێكی تایبەتو تاكە كەسیە لەنێوان كەسەكەو خوادا، بۆیە لەوە دوورترە بێتە بەردەستی حكومەتێكی مەدەنی، جیفرسۆن ئەو ئازادیەی تایبەت نەكرد بە گروپێكی دیاریكراو، بەڵكو تایبەت بوو بە هەموو گروپو كۆمەڵە ئاینییەكان، هەروەك پێیوابوو كە ئەم ئازادیە دیاریی دەستی كۆبونەوەكانی ئەنجومەنی یاسادانان نیە، بەڵكو یەكێكە لە (مافە مرۆڤایەتیەكان بۆ بەرەی مرۆڤایەتی" بیروڕای جیفرسۆن زۆر لە بیروڕای هاوڵاتیانی سەردەمی هەشتاكانی سەدەی هەژدەهەم پێشكەوتووتر بوو، بەڵام هاوكاتو تەنانەت لە ویلایەتی ڤێرجینیاشدا دەنگی ناڕەزایی لەدژی هەبوو.

بەتایبەتی لەلایەن ئەو كڵێسایانەوە كە داوای پارمەیتان لەدەوڵەت دەكرد. جیفرسۆن وەك باڵیۆزی ئەمریكا چووە پاریس، خەباتیش لە پێناوی ئازادیی ئاینییدا گوازرایەوە بۆ هاوڕێو قوتابی (جیمس مادیسۆن) كەلە مێژووی ئاینی ئەمریكادا گرنگترین بەڵگەنامەی نووسی، (یاداشتنامەو ناڕەزایی لە دژی باجە ئاینیەكان).

مادیسۆن وەك جیفرسۆن دەیوت:" سرووشتی تایبەتی بنەڕەتیی ئاینو باری خۆكردی، یان خۆویستی، نابێت بەهیچ جۆرێك ژێرباری حكومەت بخرێت. سەپاندنی باج، تەنانەت ئەگەر دواجار بەسەر هەموو ئاینەكانیشدا دابەش بكرێت، وەك سەپاندنو زیادكردنی مۆركی فەرمیبون بەسەر ئایندا دەمێنێتەوە، دەبێ دژایەتیشی بكرێت، هەرچەندە لە رواڵەتدا سوودمەدانەو گونجاویش دەربكەوێت، ئەو بەڵگانەی لەسەر ئازادیی ئاینی بەر لە ٢٠٠ ساڵ دەركەوتن، تا ئەمڕۆش دەنگدانەوەی بەهێزیان هەیە.

جیمس مادیسۆن لە بەڵگەنامەی (یاداشتنامەو ناڕەزایی لەدژی سەپاندنی باجە ئاینیەكاندا_ لەساڵی ١٧٨٦ دا دەڵێت: (١)ئێمە وەك راستییەكی بنەڕەتی كە نكوڵیی لێناكرێت لەو باوەڕەداین كە :"ئاین یان ئەركەكانمان لە ئاستی پەروەردگارماندا و شێوازی بەدیهێنانی ئەو ئەركانەمان دەكرێت لەرێی عەقڵو قەناعەتەوە بێت نەك لەڕێی هێزو توندوتیژییەوە" كەواتە ئاین، دەبێ بۆ قەناعەتو ویژدانی مرۆڤ خۆی جێبهێڵرێت. ئەم مافە لە

سروشتی خۆیدا مافێکە نابێت دەستکاری بکرێتو مامەڵەی پێوەدەکرێت. بۆیە مافێکە بەدەر لە دەستکاریکردن، چونکە راوبۆچوونی پیاوان تەنها پشت بەو بەڵگانە دەبەستێت کە بە بیری خۆیاندا دێتو لەلایەن کەسانی ترەوە دیاری ناکرێت: ئەمیش هاوکات مایە بەدەستێوەردان نیە، چونکە ئەوەی لێرەدا مافی مرۆڤەکانە، ئەرکێکە لەئاستی پەروەردگاردا، ئەرکی هەموو مرۆڤێکە رێزو شکۆ بۆ پەروەردگاری دابنێت، بەڵام بەو شێوازەی خۆی بەگونجاوی دەزانێت.. (٢)لەوێدا کە دەبێ ئاین لەژێر دەسەڵاتی کۆمەڵگەدا دەرکرێت بەگشتی، ژێربارخستنی بۆ ژێر دەسەڵاتی یاسادانانیش زیاتر قەدەغە دەبێت، چونکە ئەم دەسەڵاتی یاسادانانەیش لەلایەن کۆمەڵگەوە دانراوەو بەنوێنەرایەتی کۆمەڵگە کار دەکات.

دەسەڵاتی قەزایی، ئەم دەسەڵاتە بەش بەشو دیاریکراوە:

دیاریکراوە بەلایەنی یەکسانیی نێوان بازنەکانی دەسەڵاتی قەزاییو بەزەرورەتیش بەلایەنی هەڵبژێرەرانیەوە زیاتر دیاریکراوە، چونکە پارێزگاریکردن لە حکومەتێکی ئازاد هەر ئەوە ناخوازێت پشكو سنوورەکانی کە هەر بازنەیەك جودا دەکاتەوە دەسەڵاتێکی چەسپاوو نەگۆڕ بێت: بەڵکو بەشێوەیەکی تایبەتی نابێت هیچ کامیان ئەو لەمپەرە گەورەیەی نێوانیان بگوزەرێنن کە پارێزگاری لەمافی هاوڵاتیان دەکات .. (٣)لەوێدا کە دەبێ تەواو ئاگاداری یەکەمین ئەزموونی ئازادیەکەمان بین: ئێمە ئەم پەرۆشیە بەگومانە وەك ئەرك دادەنێین لەسەر خۆمان وەك هاوڵاتیو وەك یەك لەپیرۆزترین دیاردەکانی شۆڕشەکەمان.. ئێمە زۆر رێز لەم پەندو وانەیە وەردەگرینو هەروا زوو لە بیری ناکەین. هەرکەس وا نەبینێت خودی ئەو دەسەڵاتەی دەتوانێت مۆرکی فەرمیبوون بداتە ئاینی مەسیحیو هەموو ئاینەکانی تر هەڵبوێرێت، دەکرێت بەهەمان ئاسانی مۆرکی فەرمیبوون بداتە هەر تایفەیەکی تایبەتی مەسیحی، بەدەر لە تایفەکانی تر؟ هەمان ئەو دەسەڵاتەیش کە هاوڵاتیەك ناچار دەکات بەسێ (پنس) هاوکاریی هەر کڵێسایەکی فەرمی بکات، رەنگە هاوکات ناچاریشی بکات لەهەموو بوارەکاندا پەیڕەوی کڵێسایەکی فەرمیی تریش بکات.

هێزی ئەم بەڵگەیەی مادیسۆن وایکرد دەنگدەران لەویلایەتی ڤێرجینیا ئەنجوومەنێکی یاسادانان هەڵبژێرن کە لەدژی بەفەرمی ناسینی یەك کڵێسا بوو، بەڵکو هاوکات لەدژی سەپاندنی باج بۆ کڵێساکان بەسەر خەڵکیدا وەستایەوە.

لەخولی دواتریشیدا، کۆمەڵەی گشتی یەك لە بەڵگەنامەکانی دامەزراندنی لە مێژووی ئەمریکادا لەخۆگرت، واتە سیستمی ڤێرجینیا بۆ ئازادیە ئاینیەکان، ئەو بەڵگەیەی تۆماس جیفرسۆن هێنایە ئارا ئەوەیە کە: ئاین گرنگەو پەیڕەوکردنیشی بۆ بەختەوەریو خۆشگوزەرانیی مرۆڤەکان پێویستە، بەجۆرێك دەبێت حکومەت پارێزگاریی لێبکات، نابێت باج بەسەر خەڵکیدا بسەپێنرێت بۆ کڵێسایەکی تر بێت یان بۆ کڵێسای تایبەتی خۆیان، ئاین بەو جۆرە زیاتر گەشە دەسەنێت کە لێیگەڕێت بۆ تەقواو پەرستشی ئایندارانی خۆیان.

لە سیستمی ڤێرجینیادا بۆ ئازادیە ئاینیەکان لە ساڵی ١٧٨٦دا هاتووە:" خوای بەتوانا فیکری بەئازادی دروستکردوەو هەموو هەوڵەکان بەسزای زەمەنیو بارگرانکردنو لابردنی لێهاتوویی مەدەنی تەنها سەرهەڵدانیو رەوشتو نەریتی خراپو نابەجێیان لێدەکەوێتەوەو دەبێتە هۆی لادان لەوەی باوکی پیرۆزی دامەزرێنەری ئەم ئاینەمان پلانی بۆداناوە، ئەو دامەزرێنەرەی تەنانەت بەو سیفەتەی سەروەری جەستەو عەقڵیشمانە، ئەوەی هەڵنەبژاردووە ئەم ئاینە لەرێی زۆرەملێوە بڵاوبکرێتەوە، کە ئەم خودا بەتوانایە دەیتوانی

ئەو بڕیارە بدات.. کەواتە با کۆمەڵەی گشتی بڕیار دەربکات بەوەی نابێت هیچ مرۆڤێك ناچار بکرێت بەهاوکاریو یارمەتیدانی هەر ئاین، یان شوێنێکی پەرستن، یان پیاوانی ئاینیو بەهۆی بیروباوەڕە ئاینیەکانیەوە دوچاری ئازاری جەستەیی بهێنرێت، یان ڕێ لە بیرو باوەڕەکەی بگیرێت، دەبێ خەڵکی بەتەواوی ئازاد بن لە پەیڕەوکردنی بیروباوەڕەکانیانو بەبەڵگەوە پارێزگارییان لێبکەین لە پرسە ئاینیەکاندا، ئەم حاڵەتە نابێت بەهیچ جۆرێك کاریگەریی هەبێت لەبەرفراوانکردن یان بەرتەسککردنەوەی لێهاتوویی مەدەنی. ئێمە ئازادین لە ڕاگەیاندنی، بگرە ئێمە رایدەگەیەنین ئەوەی باسکران کۆمەڵە مافێکی سروشتیی مرۆڤەکانن، هەر یاسایەکیش بۆ لابردنو نەهێشتنی ئەو مافانە دەربکرێت، یان بۆ سنووردارکردنی کارایی، ئەو یاسایە پێچەوانە دەبێت بەو مافە سروشتیە.

هەرچەندە ئێمە ئەمڕۆ چاکەی گەورە بەلایەنی ئازادیی ئاینیەوە دەگێڕینەوە بۆ یەکەمین هەموارکردنی دەستوور، بەڵام سیستمی ئازادیە ئاینیەکان لە ویلایەتی ڤێرجینیادا لەکاتی خۆیدا، هەنگاوێکی بەرفراوان بوو بۆ دوورکەوتنەوە لە پشتگیریی دەوڵەتو سەپاندنی یەك عەقیدەی ئاینیو بەئاراستەی کۆمەڵگەیەکی کراوەو لێبوردەدا، مەبەستی ئەو سیستمە لەوەدایە کە پرسە ئاینیەکان پرسی تایبەتن بە هاوڵاتیان، واتە پرسی تاکە کەسینو دوورە لەچوارچێوەی کاری یاسایی دەوڵەتەوە، تۆماس جیفرسۆن ئەم گۆشە نیگایەی لەچەند وشەیەکدا بۆ هاوڕێیەکی بەرجەستە کردووە کە دەڵێت:"هەرگیز ئاینی خۆم دەرنەخستوەو هەوڵیشم نەداوە بزانم کێ لەسەر چ ئاینێکە. هەرگیز هەوڵم نەداوە کەسێك لەئاینەکەی لابەرمو هیوای گۆڕینی عەقیدەو بیرو باوەڕی کەسێکم نەخواستووە. حکومم بەسەر ئاینی کەسانی تردا نەداوە .. چونکە دەبێت لەژیانمانەوە ئاینەکانمان بخوێنینەوە نەك لە قسەکانمانەوە"

دوای دامەزراندنی دەوڵەتی نوێو دەستووری نوێش، هەموولا لەسەر ئەوە کۆك بووین کە نابێ دەوڵەت دەست لە کاروباری ئاینی وەربدات، هەروەك چۆن ئادەمز نووسیویەتیو دەڵێت:" هیوادارم کۆنگرێس بەهیچ جۆرێك لەنوێژو ڕۆژوەکانی زیاتر دەست لەکاروباری ئاین وەرنەداتو لێگەڕێت هەموو کۆلۆنیالێك بەبێ تەنگپێهەڵچنین پەیڕەوی ئاینی خۆیان بکەن.

لەڕاستیشدا، زۆر لە ویلایەتەکان دەستوورەکەیان واژۆکرد، بەو مەرجەی هەموار بکرێت بۆ ئەوەی یاسایەکیش بگرێتەوە بۆ مافەکان بۆ دڵنیابوون لەوەی کۆنگرێس دەستوەرنەدات، بەم هۆیەشەوە (جیمس مادیسۆن) لەمیانەی یەکەمین خولی کۆنگرێسدا گەورەترین بەهرەکانی خستەکار، بۆ ئەوەی کۆنگرێس بەپێی دەستووری نوێ کاربکات. هەر بەهەوڵی ئەویش دە هەموارکردنەکە هاتە ئارا کەلە ساڵی ١٧٩١ دا واژۆیان لەسەر کراو بەیاسای مافەکان ناسرا. لەیەکەم هەموارکردندا هاتووە:

"کۆنگرێس مافی ئەوەی نیە یاسایەك دابڕێژێت پەیوەست بە دامەزراندنی ئاینەوە بۆ دەوڵەت، یان پەیڕەوکردنی ئازادانەی هەر ئاینێك قەدەغە بکات، یان ئازادیی دەربڕینو ڕۆژنامەنووسیی و مافی کۆمەڵگە لە کۆبونەوەو داخوازی سنووردار بکاتو بەوەی حکومەت زوڵمو ستەمەکانی ڕاستبکاتەوە"

کۆکردنەوەی ئەو یاسایانە لە هەمان هەموارکردندا لە ئابوریەکی ئەدەبی زیاترە، چونکە پەیوەستە بە مافی خەڵکی لە تەعبیرکردن لەوەی کە ئازاد بن لە زۆرەملێی دەوڵەت لە تەعبیرکردن لە بیروباوەڕە سیاسیو ئاینیەکانیانو تەعبیرکردن لە بیروباوەڕو سکاڵاکانیان. دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێت لەو کاتەدا کە جیمس

مادیسۆن ئەو دە حاڵەتی هەموارکردنەی دارشتووە، ئاین‌و باوەڕە ئاینیەکان تێکەڵاوی دۆزە سیاسیە گرنگەکان بووە. مادیسۆن دەبوو ئەو جەنگە سیاسیە بباتەوە بۆ ئەوەی سیستمی ئازادیی ئاینی ببێتە یاسا، هەروەك هەمان جەنگ لە ویلایەتەکانی تردا بەرپاکرا. ئیتر ئەوە سەیر نیە کە زۆرێك لە دۆزەکانی یەکەمین هەموارکردن کە دواتر خرایە بەردەستی دادگای باڵا، ئەو کۆت‌و بەندانەی بەزاند کە تایبەتبوون بە ئازادیی سادەی دەربڕین یان ئازادیی رۆژنامەنووسییو ئاین، لە بری ئەوەیش دۆزەکان ئەو کۆت‌و بەندانەیان لەخۆدەگرت کە بەسەر دەسەڵاتی حکومەتدا سەپێنرا بوو بۆ سنووردارکردنی ئازادیی فیکری مرۆڤەکان‌و مافیان لە دەربڕین.

سەد ساڵەی رابردوو کارلێکی بیرۆکەی پاراستنی جیاکردنەوەی ئاین‌و حکومەتی بەخۆوە بینی، بەجۆرێك مافی باوەڕ یان باوەڕ نەهێنان بۆ هەموو کەسێك دەستەبەر بکرێت، ئەویش بە پێی ویژدانی خودی خۆی، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت لە ئەمریکادا هیچ ستەمێك لە ئاین نەکراوە چونکە سەردەمانێك کاسۆلیك، جووەکان قوربانیی جیاوازی رەگەز پەرستی بوون، بەڵام جیاوازییەکی کۆمەڵایەتی بوو کە دەوڵەت دانی پێدا نابوو و نەیشی سەپاندبوو، جیاوازکاریە یاساییەکەیش کە پشتی بە بیرو باوەڕەکان بەستبوو، ماوەیەکی کەمی خایاندو دوای شۆڕش ئاسەواری نەما.

لە راستیشدا لە سەردەمی شۆڕشەوە تا سەدەی بیستەم، وێڕای فرەییو پلورالیزم لە نێوان گەلان‌و ئاینەکاندا، زۆرینەی ئەمریکییەکان مەسیحی پرۆتستانتی بوون، ئەو گرووپانەی لە ئاراستە باوەکە لایاندا، زۆرجار کەوتنە بەرگومان، بەڵام ئەم کۆمەڵ‌و گرووپانە، بەتایبەتی جوولەکەو کاسۆلیك، لەنێوان زۆرینەی پرۆتستانتەکاندا کەسانێك هەبوون داکۆکییان لە خۆیان‌و مافی ئازادیی ئایندارییان دەکرد.

بە درێژایی چەندین سەردەم خەڵکانێك هەبوون بەرگریو داکۆکییان لە کاسۆلیك کردووە، لەکاتێکدا بە گومانەوە دەڕوانرایە پرۆستانتەکان، ئەویش بەهۆی وەیاد هێنانەوەی کێشە خوێناویەکان لە ئەورووپادا، "جۆن تایلۆر"ی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا.. لەدژی حیزبی "هیچ نازانین" وەستایەوەو لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، ئەو حیزبەیش نوێنەری سەرەکیی گرووپێکی بچکۆلەی تایفە "رەسەنەکان" بوو کە خاوەنی پێگەی خۆی بوو و لە دژی کاسۆلیك کاری دەکرد، لەنامەیەکدا بۆ کوڕەکەی جۆن تایلۆر رەخنە لە گرووپی "هیچ نازانین" دەگرێت‌و بە کاسۆلیکدا هەڵدەدات‌و دەڵێت: "پێمولیە ئەوان بەشێوەیەکی تایبەت بۆ دەستووری وڵاتەکەمان دڵسۆزو وەفادارن، هەروەك قەشەکانیان نموونە بوون لە بارەی دەستوەرنەدانەوە لە کاروباری سیاسەت، ئەوەش نموونەیەکی شایستە بە لاساییکردنەوەمان دەخاتە بەردەست بەلایەنی پیاوانی ئاینیەوە، بەتایبەتی ئەوانەی لە گرووپە ئاینیەکانی باکووردا بوون‌و دوو دڵ نەبوون لە دابەزینە نێو ساحە سیاسیەکەو پۆشاکی ئایینی خۆیان بە تەپوتۆزی کێشە تاڵەکان پیس کرد، رۆحی نا لێبوردەیی لە ئاستی کاسۆلیکەکان، لەلایەن زۆرینەی خەڵکی ئەمریکاوە هەستێکی بەهێزی ناڕەزاییو نیگەرانی دەوروژێت؛ چونکە ئەگەر بنەمایەکی باڵاتر هەبێت لە بنەمایەکی تر، بێگومان بنەمای ئازادی ئاینیە".

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە دژایەتیکردنی کاسۆلیك مەزهەبەکان نەماوە، چونکە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەمدا ملیۆنەها کۆچبەر روویان کردە ئەمریکا، زۆرینەی ئەو کۆچبەرانەش لە کاسۆلیك پەیڕەوەکانی خوارووی ئەورووپاو خۆرهەڵاتی بوون، پرۆتستانتەکان وەك کەسانێکی نێو تانوپۆی بارە

کۆمەڵایەتیەکە نەیاندەڕوانیە ئەم کاسۆلیکانەی هاتبوونە شارە قەرەباڵغەکانەوە، هەرچەندە ئەمریکا شەڕی خوێناوی ئاینی هاوشێوەی ئەوروپای بەخۆوە نەبینیوە، بەڵام لەو دەمەدا هەستی ناحەزیو دژایەتی لە ئاستی کاسۆلیکەکان لەوپەڕی گەرمیدا بوون، ئەم لایەنگیرییە بێگومان هاوکاربوو لە شکستهێنان بە "ئەلفرێد سمس"ی یەکەمین کاندیدی کاسۆلیکی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٤٢دا، بەڵام ٣٦ ساڵ دوای ئەو مێژووەو دوای کاندیدکردنی "جۆن فیتنرجیرالد کینیدی" لەلایەن دیموکراتەکانەوە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی، ناوبراو رایگەیاند کە بۆ ئەوەی دەنگی پێبدرێتو هەڵبژێردرێت، دەبوو ئەم لایەنگیریە هەڵبووەشێنێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لە کۆبوونەوەی قەشە مەعمەدانیەکانی باشووردا وەك کەسێکی کاسۆلیکیو وەك هاوڵاتییەکی ئەمەریکی باسی لە بیرو باوەڕەکانی خۆی کرد، دەڵێن ئەو وتوویێژە لەسەر ئاستی نەتەوەیی بایەخێکی زۆری پێدراوەو هاوکاربووە لە لابردنو کوژاندنەوەی گڕی کێشە ئاینییەکان لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا.

لەساڵی ١٩٦٠دا جۆن کینیدی لە بارەی کڵێساو دەوڵەتەوە دەڵێت: "لەبەر ئەوەی من کاسۆلیکمو تا ئەم ساتەش کەسێکی کاسۆلیك بە سەرۆك هەڵنەبژێردراوەو لەم هەڵمەتەدا شتە راستەقینەکان پەردەیان بەسەردا دراوە، ئەگەر بە دەستی ئەنقەستیش نەبێت و لەلایەن لایەنە کەمتر بەرپرسەکانەوە، بۆیە بە پێویستی دەزانم جارێکی تر دووپاتی بکەمەوە، گرنگ نیە باوەڕم بە چ ئاینێکە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە باوەڕم بە چ ئەمریکایەك هەیە، باوەڕم بە ئەمریکایەك هەیە کە تیایدا ئاین بە تەواوی لە دەوڵەت جیا بکاتو هیچ قەشەیەك"ئەگەر کاسۆلیك بێت"رێگە بە سەرۆك نیشان نەدات، یان هیچ قەشەیەکی پرۆتستانت ئەوە دیاری نەکات کە دەنگ بە کێ بدەن یان نەدەن، لەوێدا کە هیچ پاداشتێکی دارایی یان سیاسی نەدرێت بە کڵێسا یان قوتابخانەیەك لە قوتابخانەکانی سەر بە کڵێساکان، لەوێدا کە هیچ مرۆڤێك لە پۆستێکی گشتی بێبەری نەکرێت هەر لەبەر ئەوەی ئاین یان مەزهەبەکەی لە هی سەرۆك یان لە هی دەنگدەران جیاوازە، من باوەڕم بە ئەمریکایە کە، بە فەرمی نە کاسۆلیك نە پرۆستانت نە جوولەکەبێت، کە هیچ کارمەندو فەرمانبەرێکی فەرمیی حکومەت لە پاپا یان لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کڵێساکان یان هەر سەرچاوەیەکی تری(ئەکلیرکی)یەوە فەرمانو زانیاری وەربگرێت لە بارەی سیاسەتە گشتیەکانەوە، لەوێدا  کە هیچ دەستەیەکی ئاینی هەوڵی راستەوخۆ سەپاندنیو سستی خۆی نەدات بەسەر خەڵکی یان کارە فەرمیەکانی حکومەتدا، لەوێدا کە ئازادیی ئاینی بە جۆرێك دابەش نەکرابێت کە دەستدرێژی بۆسەر ئاینێك وەك دەستدرێژی وابێت بۆ سەر کۆمەڵگە، ئەمە ئەو ئەمریکایەیە کە من باوەڕم پێیەتیو لە خوارووی زەریای ئارامەوە خەباتم لە پێناویدا کردووەو هەر ئەوە جۆرەشە کە لە ئەوروپادا براکەم خۆی بۆ کردە قوربانی، ئەوکات کەس نەیدەوت دەبێ ئینتیمایەکی دوولایەنەمان هەبێت، کەس نەیدەوت ئێمە"باوەڕمان بە ئازادیی نیە، یان "ئێمە سەر بە گرووپێکی بێ ئینتیماین کە هەڕەشەیە بۆسەر ئەو ئازادیەی پێشینانمان دەستەبەریان کردووە". لە راستیدا ئەمە ئەو ئەمریکایەیە کە بابو باپیرانمان خەباتیان بۆ کردووە، کاتێك لە دەستی تاقیکردنەوەکانی سوێندی ئاینی بۆ ئێرە هەڵاتن، ئەو سوێندەی باوەڕدارانی ئاینە بچووکەکانی لە بەفەرمانبەربوونی حکومەتو کار بەدەستهێنان بێبەری دەکرد، هەر ئەوان خەباتیان بۆ دەستوورو یاسای مافەکانو سیستمی فێرجینیای ئازادیە ئاینیەکان کرد، وێڕای خەباتیان بۆ ئەو شوێنەی ئەمڕۆ سەردانیم کرد، واتە قەڵای ئالامۆ، لەگەڵ "بۆیو کرۆکت"دا "فۆنتسو ماك کافرتیو بایلیو

بدیلیۆ کاری"مردن، بەڵام هیچ کام لەوان بیریان لەوە نەکردەوە کاسۆلیکن یان نا، چونکە تاقیکردنەوەی ئاینی لە ئارادا نەبووە...

من لە بارەی بابەتە گشتیەکانەوە بەناوی کڵێساکەمەوە قسە ناکەم، هەر وەك كڵێساش بەناوی منەوە نادوێت.

هەرچەندە پرۆستانتەکان لەهیچ پیلانێکی جووەکان نەدەترسان "بیۆریتانیە سەرەتاییەکان بە ئاینی جوو سەوداسەربوون"، بەڵام جووەکان بە درێژایی چەندین سەدە روبەڕوی رەگەزپەرستیو دەمارگیری ئاینی هێنرانەوە، دنیای نوێ نەدەبوو دامودەزگاکانی سەدەکانی ناوەڕاست بڕووخێنێت کە خۆیان بۆ دژایەتیکردنی "سامیەکان"تەرخان کردبوو، سەرەڕای ئەوەیش، تۆوەکانی لایەنگیری لە زەریای ئەتڵەسی پەڕییەوە، ئەوکات دەبوو کۆمەڵگە بچووکەکانی جوولەکە کە لە تارەکانی خۆرهەڵاتی ئەمریکادا گردببوونەوە، دەبوو بەسەر بەرووبوومەکانیاندا زاڵ بن.

جووەکانیش هاوشێوەی کاسۆلیکەکان لەو پرۆتستانتانەوە هاوکاریان پێگەیشت کە لەو باوەڕەدابوون بەوەی لە ئەمریکادا شوێنی ئەو چەوساندنەوە ئاینیە نابێتەوە کە لە ئەوروپادا هەیە، جۆرج واشنتۆن بە کۆمەڵگەی جوو دەڵێت "حکومەتی ئەمریکا کە هیچ لایەنگیریەکی دەمارگیری ئاینی ناکاتو بەهیچ شێوەیەك هاوکاری چەوساندنەوە ناکات، تەنها داوای ئەوە دەکات رەعیەت وەك هاوڵاتیگەلێکی باش مامەڵەی خۆیان بکەنو بژین".

هەریەك لە جیڤرسۆنو مادیسۆنیش گرەنتی هاوشێوەیان بۆ ئازادیی ئاینی دەستەبەر کردوو بەو جۆرەش لەم وڵاتەدا ستەمو ستەمکاری بنەما نیە.

گەرچی زۆرێك لە خەڵکی ئەمریکا ئەم وڵاتە بە وڵاتێکی پرۆتستانتی دادەنێن، ئەگەر ترسی لە پیلانگیریەکی کاسۆلیکیش هەبێت، ئەوان بە هەمان شێوە بە نیگەرانیەوە دەیانڕوانیە جووەکان، لە ویلایەتی ماریلاند، وەك ویلایەتەکانی تر، یاسای مافەکان کە دوای شۆڕش دەرکرا، بووە هەنگاوێکی گەورە بۆ پێشەوە بەرەو ئازادیی ئاینی، بەڵام هەر مەسیحیەکانی گرتەوە، لە سەرەتای ساڵی ١٨١٨دا، تۆماس کینیدی ئەندامی ئەنجوومەنی ویلایەتی ماریلاندو پەیڕەو مەسیحی، رێبەرایەتی خەباتی بەرفراوانکردنی ئەو ئازادیەی کرد، تا جووەکانیش بگرێتەوە.

لەو بارەشەوە ناوبراو دەڵێت: "ئەگەر پرسیاری ئەوەم لێبکرێت بۆچی هێندە بایەخ دەدەم بە رەزامەندی دەربڕین لەسەر ئەم یاسایە، بە ئاسانی وەڵام دەدەمەوە لە بەر ئەوەیە بە ئەرکی خۆمی دەزانم، لەو وڵاتەی لێوەی هاتووم جوولەکەنینو هیچ جوولەکەیەکیش لەم جیهانەدا ناناسم، بەداوای ئەوانیش ئەم هەڵوێستەم نەنواندووە، بگرە کەس لەوانە ئاگایان لەوە نەبووە کە لەم کاتەدا باس لەم بابەتە دەکرێت... من لەم کاتەدا لە یەك دژ دەترسم کە ئەویش لایەنگیریە.. چونکە لایەنگیریمان جەنابی سەرۆك بەلامانەوە ئازیزە، هەمووشمان لایەنگیری سیاسی خۆمان دەزانین، بەڵام لایەنگیری ئاینی بەهێزترو هەروەها ئازیزترە، هەردوو لایەنگیریەکە تا کۆتایی ژیان پێمانەوە دەمێننەوەو رەنگە لەسەر نوێنی مردنیش لێمان جودا نەبنەوە، ئەوەش لایەنگیری نەوەیەك، یان تەمەنێك، یان سەدەیەك نیە، ئەوەی ئەمڕۆ رووبەڕوی بووینەتەوە، نەخێر، لایەنگیرییەکە لە بابو باپیرانەوەو لە میانەی هەزارو هەشت سەد ساڵەوە بۆ نەوەکان گوێزراوەتەوە.

ژمارەیەکی کەم جوولەکە لە ئەمریکادا هەن، لە ویلایەتی مێریلاندا ژمارەیان زۆر کەمە، بەڵام ئەگەر یەك جوولەکەش هەبێت دەبێ مافی خۆی بدەینێ.

خەبات لە پێناوی مافی جوولەکەکان لەلایەن ویلایەتەکانی ترەوە پشتگیری لێکرا.. ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێت جوولەکەکان کۆمەڵەو گرووپی بچووک بووبێتن، یان ویلایەتەکانی تر جووەکانیان بە هاوڵاتیی باش زانیبێت، یان ڕەنگە لایەنگیری ڕاشکاوانە زۆرێك لە هاوڵاتیانی نیگەران کردبێت.

سەروتاری ڕۆژنامەکان داوایان لە ویلایەتی مێریلاندکرد کە چاکسازی لە خۆیدا ئەنجام بدات، هەفتەنامەی "نایلزر دجستر" لەوبارەیەوە نووسیویەتی:"دڵنیابن ڕۆژانی ئەو مەسەلانە بەسەرچوونو قسەکردنو وابەستبوون بە سیستمی کۆماریەوە دەستدرێژیکردنە بۆ سەر سرووشتی بێخەوش لە کاتێکدا لە چەندین پرسی گرنگدا ئازادیی بیرو باوەڕ ڕەتبکەینەوە، بە تایبەتی لەو پرسانەدا تایبەتن بە باوەڕهێنانی مرۆڤ لە ئافەریدەکاری".

ئەم فشارە ئاسەوارو کاریگەریی خۆی هەبوو، بەو هۆیەشەوەی ویلایەتی مێریلاند لەساڵی ١٨٢٦دا تەواوی مافە سیاسیو ئاینیەکانی بە جووەکان ڕەوابینی، لە شەڕی ناوخۆیشدا، هەریەك لە "نۆرس کارۆلاینا، نیوهامشایر"هێشتا مافی ئاینی جووەکانیان کۆت کردبوو، بەڵام لەساڵانی ١٨٦٨-١٨٧٧دا ئەم لەمپەرانە لابران.

لەکاتی شەڕی ناوخۆدا، بیرۆکەی ئازادیی ئاینی بەشێوەیەکی لەبەرچاو بڵاو بوو بووەوە، ئەویش بە دەستپێك بە داماڵینی سیفەتی فەرمیبوون لە ئاین، هەموو ویلایەتەکان یاسای مافەکانیان جێەجێ کرد، لە پێناوی دەستەبەرکردنی ئازادیی ئاینداریی تاکە کەسی، وێڕای هەستی فراوانگیر بەوەی ئەمریکا بە پلەی یەکەم دەوڵەتێکی پرۆتستانتیە، ئەو ویلایەتانە تەواوی لەمپەرە مەدەنیو سیاسیەکانیان لەبەردەم کاسۆلیكو جووەکاندا لابرد، هەروەك حکومەتی فیدراڵیش کە پەیوەست بوو بە یەکەمین هەموارکردنی دەستورەوە، هەرگیز هەوڵی دەستوەردانی نەداوە لە کاروبارە ئاینییەکاندا. ئەمریکا لە پرسە ئاینەیەکانیشدا، وەك پرسە سیاسیەکان کە بە هۆیانەوە خەڵکی لە جیهانی کۆندا دەچەوسێنرانەوە، وەك ئەبراهام لنکۆڵن دەڵێت:"دوا باشترین ئومێد بوو بۆ ئازادی".

# لێبووردەیی ـ T0leration

لێبووردەیی لە زمانی عەرەبیدا ................... سەمیر خەلیل

لێبووردەیی لە زمانی عەرەبیدا ..............د. جابر ئولعوسفور

لێبووردەیی وەك نموونەیەكی ئاكاری ........ پیتەر .ب نیكۆڵسۆن

لێبووردەیی و مافی ئازادی .................. تۆماس باڵدوین

# لێبووردەیی ـ T0leration

## پاژی یەکەم

## لێبووردەیی لە زمانی عەرەبیدا

ن/ سەمیر خەلیل

لە جیهانی عەرەبیدا نەبوونی لێبووردەیی سەرنجمان رادەکێشێت. لەم ناوچەیەدا هەر لەسەرەتاوە بیروبۆچونەکانی مرۆڤ روو دەکاتە درندەیی ئەم سیستەمی حوکمو ئەو بازنەو کایەی توندوتیژیی، یان ئەو فەرمانبەرداریتی یە ئایینەی کە هەمیشە لە شوێنی سێهەمدا هەرای لەسەر بەرپادەبێو نەرمو نیانیەك بەخۆوە نابینێت، دواتر بیروبۆچونەکان دەچنە سەر ئەو ئاراستانەی کەلەم سەدەیەدا ئەندێشەی گەلانی خۆرهەلاتی ناوینیان سەرسام کردووە، لەناسیۆنالیستی عەرەبییەوە تا دەگاتە فەندەمیتالیزمی ئاینی، نەزعەی دژ بە کۆلۆنیالیزم، کۆمۆنیزمو سۆشیالیستی عەرەبی، تیرەگەری‌و میللەتگەری، بەهەرحاڵ، ئەم ئایدیۆلۆژیانە هەرچی خالێکی پۆزەتیف لە خۆبگرن، بێگومان لێبوردەیی یەکێك لەو خالانەیە. هەرچۆنێکیش بێت، واقیعی سەرسورهێنەر لەراستیدا ئەوەیە لێبوردەیی کەلەنیوەی دووهەمی سەدەی حەڤدەهەمەوە بۆتە سیمایەکی گشتی فیکری خۆرئاوایی‌و هاوچەرخی ئەم سەردەمەیشمان، ئەم لێبودرەییە، هەر لەسەرەتاوە لە زمانی عەرەبیدا ئامادەگیی نەبووە، هەربۆیەشە بەشێوەیەکی سروشتیش لە تەواوی فۆرمەکانی فیکری عەرەبیدا ئامادەگیی نیە کە بەم زمانە مامەڵە دەکەن. با سەرنجێك بدەینە دەستەواژەی(سیاسەتی لێبوردەیی ئاینی)کەلە فەرهەنگی(مەورد)ی چاپی ١٩٨٩ دا هاتووە، لە وەرگێرانی ووشەی **T0leration**ی ئینگلیزییەوە. راستە بیرۆکەی هاوچەرخی لێبوردەیی هەر لەسەرەتاوە لای (جۆن لۆك)ی فەیلەسوف پەیوەستبووە بە پرسی ئاییینییەوە کەلای لۆك تاکە (چارەسەری عەقلانی)ی ئەو جیاوازیانە بووە کە لەنێو ئاینی فەلەدا سەریان هەڵداوە کە ئاینی بنچینەیی کولتووری خۆرئاواییە..بەلاَم هێندەی نەبرد کە لێبوردەیی مانای دیکەی لەخۆگرت: بووە کۆڵەکەی لیبرالیزم کە بەفەلسەفەیەکی گشتیی کۆمەڵە مرۆییەکان‌و هەستێکی بەکارهێنراو دادەنرێت لە ئاستی کۆمەڵەکانی دیکەدا. ئەمرۆ لە خۆرئاوا وەك سیاسەت، نەژاد، رەگەز، کۆمەلایەتی، نەتەوەیی، سێکسی، ئیتنی دەروانرێتە لێبووردەیی. بەشێوەیەکی گشتیش فۆرمی حەوسەڵەیەکی گەشەسەندووی وەرگرتووە، کە مەودایەکی زۆر بەفراوانی جیاوازیی نێوان مرۆڤەکان دەگرێتەوە. شۆرشی سێکسی شەستەکان، خواستی سەربەخۆیی ژنان، سووککردنی کۆتو بەندە سیاسیەکان لەئاستی پرسی تەلاَقو رەهاخوازیی سێکسی، (کاری پۆزەتیفانە) لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، یاسای پەیوەندیە رەچەڵەکیەکان لەبەریتانیا، پێکەوە ژیانی نێوان جۆرەها شێوازی ژیان لە شارە سەرەکییەکانی خورئاوادا، هەموو ئەمانە ئەمرۆ بوونەتە دیفاکتۆگەلێك.کەواتە، لەرۆشنایی ئەوم راڤە کرداریە هاوچەرخانەی وشەی لێبووردەیی **T0leration** وە بێت، شتێکی روونە ئەو مانایەی لە فەرهەنگی(المورد)دا بۆ ئەم وشەیە هاتووە، کەموکورتیەکی تۆقێنەری هەیە، هەرچەندە ئاماژە بەئاراستەو حاڵەتێکی دروستیش بکات.

ئەگەر ئەو لایەنە وەلابنێت کە رەهەندێکی ئایینیش دەگرێتەوە، دەپرسین خاڵی هاوبەش کامەیە لەنێوان T0leration ی ئینگلیزیو لێبووردەیی عەرەبیدا*.وەڵامیش ئەوەیە کەتا ئەم ساتەش خاڵی هاوبەش لەو نێوەدا زۆر کەمو لاوازە، بەواتایەکی تر، جیاوازیەکان لەنێوان ئەم دووشەیەدا لە لەیەکچوونەکان زیاتر مایەی بایەخو سەرنجدانن. بەڵکو بە روانین بۆ شتە گرنگەکانی ژیانی گشتی، دەبینین وشەی T0lerationی ئینگلیزیو هاوماناکەی لە عەرەبیدا، هەریەکەو مانایەکی زۆر جیاوازی لەوی دیکەیان هەیە. من لێرەدا پێموایە کە نووسەرانی فەرهەنگی(المورد) لەبەرئەوەی پڕاوپڕ دەرکیان بەم واقیعە نەکردووە، ناچاربوون ئەو دەستەواژە نامکومە بەکاربهێنن. ئەوان لە راستیدا، خۆیان لەبەردەم ئیشکالیەتێکی راستەقینەدا بینیوەتەوە، کە هەمان ئیشکالیەتی ئەم باسەی ئێمەیە.

T0leration

جیاوازیی نێوان ئەم دوو وشەیە لە رەگو ریشەوە دەستپێدەکات. وشەی **T0leration** ی ئینگلیزی لە رەگی **T0lere** لاتینیەوە وەرگیراوە کە واتای (حەوسەڵە ـ تەحەمول) دەگەیەنێ.کەواتە بیرۆکەی بنەڕەتی لێرەدا حەوسەڵە، موعانات، ژیانو هەڵکردن لەگەڵ شتێکدا کەلە راستیدا لەبەر دڵان نیە، یان دەکرێت بە نائەخلاقی(نا ئاکاری) دابنرێت، بگرە خراپەو شەڕە لەشێوەیەك لە شێوەکاندا، لێبووردەیی بەمانا ئینگلیزییەکەی کە ئەم واتایانە لەخۆ بگرێت، دەکرێت بخرێتە بەر ئیدانەکردن، چونکە کەس حەوسەڵەی شتێك ناکات کە بەدڵی نەبێت یان پۆزەتیڤانە لەگەڵیدا هەست بە تەبایی نەکات، لێرەدا با تێبینی(ت.س.ئێلیوت) بکەین کە جارێك لە جاران لە کاردانەوەیدا لەئاستی مانای ئەم وشەیە گوێگرانی دووچاری شۆکێك دەکات، کاتێك رایدەگەیەنێت کە مەسیحی راستەقینە(حەزناکات لێبووردەیی لەئاستیدا رەچاو بکرێت)، بەوەش مەبەستی لەوە بووە کە مەسیحیەکان چی دی لەو ژینگەیەدا نەماون کە زیاتر خودای تێدا ئامادەیە، ئەم دیدەی لەبارەی بەریتانیاوە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ــ حەز ناکەن هەر تەنها کەسیان لەگەڵدا بژیو قبوڵ بکرێنو بەس، بەڵکو ئەوان دەخوازن رێزیان لێبگیرێو خۆشبویسترێنو پیرۆز رابگیرێن. هەمان وتەزا بەسەر کەمینە موسڵمانەکانو هیندی خۆرئاواییو سیخی پاکستانیدا بەرجەستە دەبێت کەلە بەریتانیادا دەژین. کەواتە خۆ سەلماندنی ئەم کەمینانە، کە زیاتر لە توڕەییو ناڕەزایی موسڵمانانی بەریتانیادا لە ئاستی(ئایەتە شەیتانیەکاندا) دەرکەوت، ناکرێت لەسەرەتادا وەك هاوارێك تەماشا بکرێت بۆ زیاترین لێبووردەیی (هەرچەندە لە رووی کردارییەوە ئەمەیان ویستراوە، گەر وەڵامدانەوەی داخوازیەکانیان بدرایەتەوە لەدامەزراندنی خوێندنگەی جیاوازو جیاکرنەوەی هەردوو رەگەزو دانانی سەرپۆشو عەمامە لە جێی کڵاوە خودیەکانی ماتۆڕسواران، ئیلیۆت لەو تێبینیە هەستیارەیدا، توانیویەتی بوعدێکی جەوهەری دەرك پێبکات کە مانا خۆرئاوارییەکەی ئەم وشەیە هەڵگرێتی، ئەو مانایەی کەلە زمانی عەرەبیدا هاوشێوەی نییە وەك دواتر زیاتر روونیدەکەینەوە، مانا گەوهەرییەکەش لێرەدا جۆرێك لە چارەسازیو سازشی ناخۆش لەخۆدەگرێت، وەك جۆرێك لە هەلومەرجی ئایدیالیستی لەنێوان ئەوەی مرۆڤ بەوپەڕی پەرۆشی لەنێوان (خودی)خۆیو بەرامبەردا(کەسێکی نەناسراو)دا تەحەمولی دەکات کە لێبورودەییەکە مرۆڤ ناچار بە قبوڵکردنی دەکات ... بەردەوامیش لەمەودایەکی دیاریکراوەوە. هەروەك (مۆریس گرانستۆن)یش زۆر بەخۆنوودییەوە تێبینی ئەوەی کردووە، دەبینین لێبوردەیی شتێکی (ئامادەکراوە .. بەهۆی ئەو رادە خراپەییەی کە ماناکەی هەڵگرێتی)[1].

گەر لێبوردەیی هەڵگری رادەیەك لە خراپە بێت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کەلێبووردەیی هەرگیز رەها نابێت، ئەوەی هەیە ئەوەیە کە حاڵەتێکی ناچاریە بەهۆی خواستی تاکەکان بۆ کردەیەك بە گونجان لەگەڵ هەمان رێساکاندا. لەراستیشدا هەموو داکۆکیارە گەورەکانی ژیاری خۆرئاوا لەم لێبووردەییە، لە (ئیرازمۆس) رۆتردامیوە، بۆ جۆن لۆك، لە ڤۆلتێرەوە بۆ جۆن ستیوارت میل، پێشتر ئاماژەیان کردووە کە لێبوودرەیی دەبێ سنووردار بێت. بۆ نموونە لەلایەنی لۆکاڵ(ئەخلاق)لا تیۆریو کردەییەوە لێبووردەیی ناگاتە ئەو ئاستو پلەیەی لەرێی توندو تیژییەوە نەهێڵرێتو پووچەڵ بکرێتەوە، بەڵکو زۆرجار مەودای سنوورەکەی زۆر لەوە زیاتر بووە(بەلایەنی مێژووییەوە دەبینین لێبووردەیی ئایینی هێندە بەرفراوان نەبووە کە ئەهلی ئایینەکانی دیکەو بێباوەڕانیش بگرێتەوە).

پرسەکە ئەوەیە کە لێبووردەیی، لە گۆشەنیگایەکی لەو جۆرەوە، نابێتە تەنها فەزیلەیەکی ئەخلاقی یا ئەبستراکت تەنانەت گەر دەبوا بەو جۆرەش بوایە - بەڵکو پرسێکی سیاسیە، دۆزی ئەو هەڵوێستەیە کە دەسەڵاتێك لەدەسەڵاتەکان دەیگرێتەبەر لە ئاستی مەودایەکی دیاریکراو کردارو بیروباوەڕو مومارەسەکان. لەبەریتانیادا هەنگاوە سەرەتاییەکان هەرزوو لەساڵی ١٦٨٩ ئەوەبوون کەلە میانەی دەرکردنی یاسای لێبووردەیی **T0leration Act** یەوە وەبەرگیران. بەڵام جیاوازیکردنی یاسایی دژی کاسۆلیكو جووەکان لە رووی کردارییەوە تا ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدە بەردەوامبوو ئەو دەمەی دەنگدرا بۆ یاسای لەمەڕ کاسۆلیکەکان **Roman Cathol Relifact** (١٨٢٩)، دواتریش یاسای تایبەت بە جووەکان **jewish Relief Act** (١٨٤٦) لێرەدا بەمەبەستی تەواوکردنی وێنەی ئەم رەوتە تەشریعییە، دەبێ ئاماژە بە یاسای جیاوازی سێکسی و یاسای پەیوەندییە رەگەزییەکان(١٩٧٦). لەگەڵ ئەوەشدا(یاسایەك وەك بۆمان دەردەکەوێت یان وەك دەبینین لە(قاپێك زەڵاتە) زیاتر نیە، ئەوەی کە ئێمە زیاتر پێویستمان پێیەتی(چوونە پەردو هەمان بنەما) هەروەك لۆرد سکارمانی لایەنگری گەیشتن بە(سیستمی مافەکان)ی هاوکار لە پاراستنی ئەو هەنگا لە پاراستنی ئەو هەنگاوگەلە ناتەواوو لەوێوە بونیادیان وا دەنووسێت[٢].

لە راستیشدا گەنگەشەکان لە بارەی (ئایەتە ئەهریمەنیەکان) و ئەوەی خستەڕوو کە یاساکانی کوفرکردنو سەرزەنشتی خواوەند تا ئەمڕۆمان تەنها لەبەرژەوەندیەکانی کڵێسای ئەنگلیکانیەوە نوسراونەتەوە. لێرەیشەوە دەبینین کە بارستایی خواستی گۆڕینی سنوورەکانی چوار دەورەی لێبووردەیی چەندە گەورە بێت، ئەوا سنوورەکە هەیەو ئاتاج بەوەیشە بخرێتە نێو سستمێکی یاساییەوە.

تێبینیکەی کرانستۆن دەمانگەیەنێتە ئەو دەرەنجامەی کە دەبێ زۆر بە وردی جیاوازی لەنێوان لێبووردەییو بێدەربەستیدا بکەین. کەسێك کەلەئاستی شتێکدا هەست بە جۆرە هەستێك نەکات، ناکرێت بڵێین ئەو تەحەمولی ئەو شتە دەکات، مادامەکی لەئاستی شتەکەدا هیچ خەمو پەررۆشییەکی نەبێت. من ئەگەر بەبێ بیرو باوەڕ بژیمو بایەخ بە بیرو باوەڕی کەسانی تریش نەدەم، ناکرێت ئەوە بڵێین کە من لە ئاستیاندا لێبووردەم.لەلایەکی دیکەشەوە، ئەو کەس دیانە لوبنانیەی کەبەهۆی ساڵانی شەڕی ناوخۆوە جۆرێك لە هەستی دوژمنایەتی لەئاستی موسڵماندان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا توانیویەتی لەگەڵ موسڵماناندا مامەڵە بکات بێئەوەی ئەو هەستی دوژمنایەتیە لەوەدا ببێتە رێگری، ئەم کەسە لەراستیدات مومارەسەی لێبووردەیی دەکات. لە فەرەنساو ئینگلتەرەدا، شتێکی رونە ئەو جۆرە لێبووردەییە ئاینییەی کە بۆ ماوەیەك بەرقەرا بوو، رەنگە

پەیوەندیی هەبووبێت بەو دواکەوتنە ئیمانیە ئایینیەی کەلەئارادا بووە، یان بەگەشەسەندنی بێدەربەستی لە ئاستی ئایندا. رەنگە یەك لە دیاردە جوانەکانی لێبووردەیی ئەوە بێت کە لە مومارەسەکردنیدا خۆی زەمینەسازی بۆ پێویستبوونی خۆی دەکات لە پێگەی یەکەمدا.

هەموو ئەومانەش هیچ پەیوەندیەکیان بەو بڕوایەوە نیە کە لێبووردەیی ئاینی( راستەوانە دەگونجێت لەگەلچ باوەڕی ئاینیدا)لەسەر ئەو بنەمایەی کە باوەڕداری راستەقینە ناتوانێت(ئارامو بێدەربەست دانیشێت لەکاتێکدا کەسانی تر رەوانەی دۆزەخ دەکرێت)[٣]. ئا لێرەدا لۆژیكو مێژوو بەرادەیەکی زۆر ئاوێتە بەیەکدەبن. ئێمەیش هەموو لەسەر ئەو بنچینەیە هەڵسوکەوت دەکەین کە خودانی ئەو بیرو باوەڕانەیەن کە هەندێکیان لەبەهێزکردنی ئەوانی تردا کار ناکەن. لێبووردەییش بیرو باوەڕێکی لەو جۆرەیە، لەکەسێکی نا لێبوردەوە دەبێ داوا بکرێت، بۆ نموونە، بنەمایەکی یاسایی لەئارادا نیە بۆ دەرکردنی یاسایەك بۆ پاراستنی کۆمەڵەکان لەهەموو پیاوانی سەر رووتاوە، مەگەر کاتێك سەر رووتانەوە ببێتە کارێکی خراپ بۆ هەر تاکێك لە تاکەکان.

لێرەدا دەبێ ئەوەمان لەیادبێت کەیەکەمین مشتومڕەکان لە بەرژەوەندی لێبووردەیدا، واتە مشتومڕەکانی جۆن لۆك، لەسەردەستی پیاوێکی ئاینی بونیاندا کە بونیادەکەی لەسەر بنچینەیەکی تەواو ئاینی دامەزراند،(تۆماس هۆبز)یش کە پەرچە کرداری توندی لەدژی شەڕە ناوخۆکانی ئینگلتەرەو ئەوروپا بەنیو سەدە پێش جۆن لۆك کەوتووە، لەدژی لێبووردەیی ئاینی بوو هەرچەندە خودی خۆیشی کەسێتییەکی بێدەربەست بوو لەئاستی ئایندا.

لێبووردەیی

بەپێچەوانەی وشەی(**TOleration**)ی ئینگلیزی، دەبینین وشەی لێبووردەیی(التسامح) لە رەگی (سمح) وەرگیراوە، واتە هەڵگری مانای حەوسەڵەی نکولیکاریی بەرپەرچدانەوەیە وەك لە( لا سمح الله) دا هەیە. رەگە عەرەبیەکەش لێرەدا بەلەخۆگرتنی بیرۆکەی مرونەتی تەکتیکی بەکاردەهێنرێت، واتە بیرۆکەی لێگەڕان لە شتەکان کە گوزەر بکەن، ئاسانکاری لە جیاوازیەك، ناکۆکیەك لە ناکۆکیەکاندا، یان تەنازولکردن بۆ کەسێك لە چوارچێوەی داناییو حیکمەتدا. بەمجۆرە دەبینین لەمیانەی مامەڵەکردنیدا لە بازاڕ لەسەر نرخی شتێك، سوپاسی ئەو کەسە دەکرێت کە وەك پیاوەتیەك لە نرخەکە دادەگرێتو رێگە نادات پارەیەکی کەم ببێتە هۆکاری نەگەیشتن بەرێکەوتن، ئەو سوپاسەش بۆ ئەوە دەکرێت کە ئەوکەسە لە (لێبووردەکانە).ئاخۆ ئەم سوپاسە بۆچییە؟ هەر لەبەر ئەوەیە کەسی لێبووردە لەو نرخە راستەقینەیەی داگرتووە کە خەڵکانی بەرامبەر دیارییان کردووە؟ دیارە ناکرێت ئەمە هۆکاری سەرەکی بێت، چونکە چەمکی نرخی راستەقینەو دروست لە کەلتووری عەرەبیدا بوونی نیە، نرخ بەردەوام شتێکی ر ێژەیی نەچەسپاوە، هەروەك نرخی نەچەسپاوی نەوت لە رۆژانی ئەمڕۆماندا، ئابووریناسانی خۆرئاوا هەر لە رۆژانی فیزیۆکراتەکانی سەدەی هەژدەهەمەوە، لێکۆڵینەوەیان لەبارەی نرخەوە کردۆتە زانستێك، ئەگەرچی هەموو پێشبینیە ئابووریەکانیش دواجار لاواز دەربکەون، هەرچۆنێك بێت، خەڵکەکە وا دەبینن لەم بوارەدا ئەوان، مامەڵە لەتەك شتێکدا دەکەن بەرەو بەجیهانیبوون دەچێت. جا ئەگەر مەسەلە کرا بە پرسیاری سەبارەت بە نرخێك لە نرخەکان، یان ئەم نرخە بووە بابەتو باسی دانیشتنێکی سازدان(وەك دانوستانەکانی یەکێتیەکانی کرێکارانی بەریتانیا) لەم حاڵەتەدا راستیو دادپەروەری نەك لێبوردەیی دەبێتە بنەمایەك لەو مامەڵەیەدا بە پەیوەندی لەگەڵ دەسکەوتو داهاتی

ئـەو مامەڵـەو دانوسـتانەدا، بەلایـەنی عەقڵیـەتی (مـەرکانتیلی) عەرەبیـشەوە، ئـەوا پرسـگەلی راسـتو هەڵەـ راسـتەقینەو دادەپـەروەری، پرسـەگەلێکن حیـسابیان بـۆ ناکرێـت کاتێـك مەسـەلەکە بەنرخـەوە پەیوەسـت بێت.لەهـەمان شـێوە دەبیـنین تایبەتمەندییـەکانی ئـەزموونی مۆدێرنـەی عـەرەبی، بـەپێی دیاردەکـانی سـەدەی رابردوو، داخوازیی هیچ گۆڕانێکی ریشەیی لەخۆ نەگرت کە ئەم حاڵەتە هەستیاریە بگرێتەوە.

ئەگەر ولاتی میسری لێدەربکەین، هیچ دەوڵەتێکی عـەرەبی بەدیناکـەین کەلەسـەر بنەمایـەکی بـاجو وەرگرتنـی تایبـەت بـەخۆی یـان پەیوەنـدی لەگـەڵ بەرهـەمهێنانی کۆمەڵگـەی تایبـەتی خـەرجی خـۆی بکـات. سـامان لـەم حاڵەتەدا دروست ناکرێت، بـەڵکو گەشـە دەسـەنێت لـەرێی گۆڕینـەوە یـان لـە سـەر شـێوەی داهـاتی قازانجەکانو دەسـتکەوتەکان(داهـاتی نەوتـەکان نموونـەن). هێنـدەمان بەسـە کـە بڕوانینـە چـۆنیەتی مامەڵـەی عـەرەبێکی نوێخواز کاتێك دەچێتە دوکانێکەوە، تا لەوە بگەین کە خود نـرخ دانان تا ئەم ساتەوەختەش هێزێکی بنـچینەیە لە رۆشنبیریدا.

کەواتە .. دابەزاندنی نرخێك بۆ کەسی بەرامبەر لەمامەڵەیەکدا بۆ سوپاسکردن بخوازێت؟ بێگومان لەبەر ئـەوە نیە کە کڕیاری عەرەبی لە ئاستی قازانجو دەستکەوتدا بێدەربەستە. لێرەدا دەبیـنین مانـای وشـەی لێبـووردەیی لەزمانی عەرەبیدا، لە خۆرئاوا لە ئاستی وشەی **TOleration** دا یەکدەگرێتەوە.

سوپاسـەکەش لـە مومارەسـەکردنی سـەخێتیو پیاوەتیـەوە مومارەسـە دەکرێـت. کـە هەمیـشە لای عـەرەب وەك بەخشەندەیی دەردەکەوێت. هەموو فەرهەنگە عەرەبیەکانی ئەمڕۆ مەسەلەکە وا دەبینن[٤] .

بەواتایەکی دی، لێبووردەیی بەمانا عەرەبیەکەی بەپێچەوانەی مانا ئینگلیزی یا خۆرئاواییەکەوەیە، لای عەرەب بـە چاکە دادەنرێـت کاتێـك پەیوەسـت دەبێـت بـە شـتێکی بـاڵاترەوە لەچوارچێوەی پلـەکانی هـەمان بـەهاوە. واتەلـەنێو هـەموو سیـستەمی بەهاکانـدا کارناکـاتو بەهایـەکیش نابێـت نـە لـە خـودی بـونی ئـەم پۆلێنکاریـە، بەشێوەیەکی هێماکاری، لەو نازناوەدا تەعبیری لێدەکرێت کە بـۆ ئاخـاوتن لەئاسـتی پاشـادا بـەکاردەهێنرێ، ئـەم نازنـاوەش لـە هـەمان رەگـە، کـە وشـەی لێبـوردەیی(التـسامح)ی لێـوەرگیراوە: (سماحتـه)، (سماحـه المفـتی) وەك شـێوازێك بـۆ ئاخـاوتن لەگـەڵ گـەورەترین کەسـی ئـایینی لـە ئیـسلامدا. بـەبێ ئـەم راڤەیـەش، بێگومـان دەستنیـشانکردنی ئـەم رەگـە تایبەتـە بـۆ کردنـی بـە تـەعبیرێك لـە رێـزو نـەوازش، هـیچ راڤەیـەکی دیکـەی بـۆ ناکرێت.

ئەگەر بەهەر هۆیەکەوە ئەم بەها باڵایە بۆ ماناکە نەبوایـە، بێگومـان وشـەی( سمـح) دەگـۆڕا بـە پێچەوانەکەی، واتـا مانـای توندوتیـژیی لـەخۆ دەگـرت وەك لـە دەسـتەواژەی (أسمحـت نفـسه)دا دەردەکـەوێ کـە ئـەم مانایـە دەگەیەنێ(لقد ترك نفسه على سجيتها فأزل من جراو افتقاره الى السيگره على ژاته) واتە (لەخۆی گـەڕا چۆنە وابێـت تـا لـەئاکامی لەدەسـتدانی کـۆنترۆڵی خـودی خۆیـەوە تووشـی سـەرگەردانی هـات) بـەوەش لێبـووردەیی (التـسامح) لەهەلومـەرجێکی لـەو جـۆرەدا بەچـاکە (فەزیلـەت) نایێتـە هـەژمار، هـەمان حاڵـەت لـە چـەندین سەرچاوەی زمانەوانیدا بەشێوەیەکی جیاواز دەردەکـەوێت لـە دەسـتەواژەو رەگـی (سمـح)دا، وەك لـە فەرهـەنگی (لسان العرب)و بەلاوازتریش لە فەرهەنگی (متن اللغـه)ی چاپـی سـاڵی ١٩٥٩دا، کەلەوێـدا دەبیـنین وشـەی یـاخود رەگـی (سمح) هاومانایە لەگـەڵ دەسـتەواژەی (رازی بـوو بـە داخوازیەکـە) یـان بـە(ویـستراوەکە) لێرەشـدا ماناکـە

بەرروونی بوونی شتێکی ویستراو، داخوازیەك باسدەکات، بوونی حەقیقەتێك بەمانا ئەخلاقییەکەی نەك کردارییەکەی، کەلە ئاستیاندا مرۆڤ تەنها دەبێ ملکەچ بێت.
ئا لێرەوەو تەواو لەم خاڵەوە، خۆمان لەبەردەم پێچەوانەیێتیەکی تەواودا دەبینینەوە لە ئاستی بیرۆکەی لێبووردەیی خۆرئاوایدا، کەلە ئاستە باڵاکانیدا تەعبیرە لە رەزامەندی لەسەر شتێك هەرچەندە نادروستیو خراپیشی لێچاوەڕوان دەکرێت.

## لێبووردەییو داهێنان

ئایا شتێکی ناجۆر لە ئارادایە کە هەردوو زمانی ئینگلیزیو عەرەبی پێچەوانەن لە تەعبیرکردنیان لە فیکرەیەك کە هێندەی بیرۆکەی لێبووردەیی بایەخی هەبێت؟ئێمە بە شێوەی ئاسایی ئەگەری ئەوە دەکەین کە شتی زۆری هاوبەش لە زمانە سیاسیەکانی کولتووره جۆراو جۆرەکاندا هەیە، مادامەکی لەزۆر باردا مرۆڤ هاوبەشن لە هەمان پێداویستیو گرفتەکان. لەلایەکی تریشەوە، زمانەکان لەوەڕسیی خەڵکی جیهان کەمدەکەنەوەو جیهان دەوڵەمەند دەکەن لەرێی ژیانو رووداوە مێژووییەکانو نەریتە نووسینەکانو هەموو جۆرە کلاسیکەکان وزە وەردەگرن، بەپێچەوانەوە بوون لەگەڵ خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان، ئەم هەڵوێستەیە کە بەناخو رەگو ڕیشەی بیرۆکەی نوێی لێبووردەییدا رۆچووە، چونکە ئێمە لەئاستی بەرامبەردا لێبووردەیی دەنوێنین وێڕای بوونی شتێکیش کە بەدڵمان نیە، وێڕای ئەوەی کە بەرامبەر وەك خۆمان نابینین، لەبەرامبەر ئەوەشدا، دەبینین مانا عەرەبیەکەی مانایەکی تەقلیدییە کە تەعبیر لە بوونی زەمینەیەکی هاوبەش دەکات لەنێوان دوو گروپدا.گەڕانەوە بەدوای راستیدا لە دوتوێی شتە هەمەکیاندا، یان لەوانەدا کە رەنگە لای هەموو مرۆڤەکان هەبن یا نەبن. بەهەرحاڵ ، لەسەر رێساکانی ئەو بنەما تەقلیدیەی کە بۆ شتە هەمەکیەکان دەڕوانێت، شتێك هەیە مایەی نیگەرانیە، بەڵام لەسەر رێساکانی بنەمای هاوچەرخ کە دان بە بوونی جیاوازیەکاندا دەنێت، شتێك نیە مایەی نیگەرانی بێت. لەگەڵ ئەوەشدا کە من خۆم بە مرۆڤێکی نوێخواز دەبینم، کەچی بەردەوام هەست بە نیگەرانی دەکەم.
ناتوانین خۆیشمان لەم نیگەرانیە رزگار بکەین، چونکە زادەی ئەو ئاڵۆزییەیە کەبەخودی بیرۆکە نوێکەوە پەیوەستە، گەڕان بە شوێن زەمینەیەکی هاوبەشدا، گەڕانە بەدووی ئەو شتە یەقینییانەدا کە ئارامی بەخشن، وازهێنانیش لە بنەما تەقلیدییەکەدەروازە لە بەردەم ئەو ئەگەرەدا دەکاتەوە کە من هەڵە بم، بەرامبەریشم، کە شتێکی هەیە من هەرگیز بەدڵم نیە، رەنگە خاوەنی راستەقینەیەك بێتو بەشێوەیەك لە من شاردرابێتەوە کە هیچ راڤەیەك هەڵنەگرێت. هەرچی ئاسانو سووککردنی نیگەرانبوونەکەی منە، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت، لەمیانەی دووبارە داڕشتنەوەی پرسەکەو ئاخزاندنی بۆ زەمینەیەکی نوێوە نەبێت دەستەبەر نابێت، با گریمانەی ئەوە بکەین شتێکی چەسپاو هەیە کە بە(سرووشتی مرۆڤایەتی) ناودەبرێت، لەدەرەوەی مێژووەکانو رەوتی تاکەکانو لەسەرو مێژووە هاودەمەکانی سەرچاوەو مەرجەعیەتە خودیە تایبەتەکانی کولتووره تایبەتەکانەوەیە.با گریمانەی ئەوەیش بکەین کە لێبووردەیی بەبەشێك لەو سروشتە دادەنرێت،لەحاڵەتێکی لەو جۆرەدا، نەگونجاندنو نا تەبایی لەنێوان **Toleration** ی ئینگلیزیو لێبووردەیی (التسامح)ی عەرەبیدا، دەکرێت دووچاری تەنگژەیەکمان بهێنێت لە(ئەدا)دا. ئا لێرەدا دەبێت بگەینە راڤەیەك.

لەلایەکی ترەوە ، با گریمانەی نەبوونی جەوهەرێکی مرۆڤانەی لەو جۆرە بکەین، با وادابنێین کە تاکەکانو (هەموو کولتورەکانیش) دەبێ هەوڵی گەیشتن بە راستیە تایبەتەکانیان بدەن لە بری ئەوەی تەنها هەوڵی دۆزینەوەیان بدەن لەو شێوەیەدا کە هەن یان ئەگەری بوونیان لەو شێوەیەدا لێدەکرێت، لەو بارەدا گرفتی لێبووردەیی لە زمانی عەرەبیو جیهانی عەرەبیدا دەردەکەوێت، لەو شێوەیەدا کە ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆی دەڕوانێت: گرفتی داهێنانێکی خودی نەك گرفتی حەقیقەت[٥].

لەو گۆشە نیگایەشەوە کە دەڵێت حەقیقەت دروستکراوەو لە سرووشتدا دەستناکەوێتو لەلایەن ئاینەکانەوە ئاماژەی پێناکرێت، شتێکی هاندەر دەبێت کە بزانین لێبووردەیی لە فۆرمە نوێیەکەیدا، ساڵێك لە سێ سەد ساڵ زیاتر نیە، پێش ئەوەیش بوونی نەبووە .. یان چۆن هاتووەتە بوون؟

## بنچینە مێژووییەکان

لەسەدەی شازدەهەمو نیوەی سەدەی حەڤدەهەمدا، ئەوروپا بەهۆی شەڕە ئاینییەکانەوە بووبووە وێرانە، شەڕی سی ساڵەیش، کەبەسەرهەڵدانی شۆڕشی بویهمیەکان لەساڵی ١٦١٨ دا کۆتایی پێهات، ئەم شەڕە کۆتایی بەزنجیرە شەڕێك هێنا کە ماڵکاولترین جەنگبوون، لەو شەڕەدا ئەڵمانیا نیوەی دانیشتوانەکەی لەدەستداو زەویو زارێکی زۆر بوونە وێرانە لەوانە چەندین گوندی ئاوەدان. رەنگە هەندێك بڵێن سیاسەتو کولتووری ئەڵمانی لەم سەدەیەشدا هێشتا مۆرکی ئەو کارەساتە گەورەیەیان پێوە ماوە.

هۆڵەندیەکان مێژووی شەڕی ئانییەکانیان بە ساڵانی نێوان (١٥٦٨ — ١٦٤٨) دادەنێن، لەکاتێکدا شەڕە ئاینیەکانی فەرەنسا ماوەیەکی خایاند، ئەو شەڕانە لەکۆتایی سەدەی شازدەهەمدا دەستیان پێکرد، واتە ئەو دەمەی هۆگۆنۆت(پرۆتسانت) ڤڕکرانو بەو شەڕەیش کۆتایی پێهات کە لەنێوان ساڵانی ١٦٣٥ — ١٦٥٩ ز لەدژی ئیسپانیا بەرپاکرا. شۆڕشی ئینگلیزیش لە چلەکانی سەدەی حەڤدەهەمدا ئەوەی دەرخست کە خەڵك تەنانەت لە ئیگلتراشدا لە وتەزا ئاینەکانەوە دەیڕوانیە دەسەڵاتو دەوڵەتو شۆڕشی کۆمەڵایەتیش. بەو جۆرە لەسەردەمی ریفۆرمەکانو رێنیسانسی نەزعەی رۆحیەوە، وەك پەرچەکردارێك بەسەر مەتریالیستی سەدەی رێنسانسدا، خواپەرستیو پەرستش بووە هێزێکی مێژوویی گەورەی بەربڵاو لە قۆناغێکی سەراپا دەمارگیری لە قۆناغەکانی مێژووی ئەوروپادا. لەو سەردەمەدا ئاین تاکە ئایدیۆلۆژیای سیاسی بەرقەرار بووە. کۆی هەوڵو تەقەلا جۆراو جۆرەکانیش بۆ نەهێشتنی جوداخوازیە ئاینەکان لە ئەوروپادا، بەشێوەیەکی کرداری شکستیان هێنا.

لەنێو ئەم تەشەنەسەندنەی نەزعە ئاینیەدا، بیرۆکەیەك بەکوتوپڕی سەریهەڵدا کە بووە بارێکی گران بەسەر شانی بەڵاکانی دیکەی ئەوروپاوە. ئەگەر وەلانانو سڕینەوەی ئاینو پەرستش کارێکی مەحاڵ بێت، خۆ دەکرێت لەگەڵ هەلومەرجێکی نوێدا بگونجێنرێت کە بازنەی تیۆری ئاینی لە بازنەی ئەرکی سیاسی جودا بکرێتەوە. لەبنچینەدا عەلمانیەت **Secularism** تیۆرێك نەبوو بۆ ململانێو ناکۆکی لەگەڵ ئایندا، بەڵکو تەنها بەڕێساو یاساییکردنی ئەو بیرۆکەیە بوو کە دەڵێت مەشروعیەتی سیاسی ئەوە ناخوازێت کە هەردەبێ لە دەسەڵاتێکی بێسنووری باڵاوە هاتبێت، بەڵکو دەکرێت لەسەر بنەمای رێکەوتنێکی ئاشکراو حاڵەتی دیکەوە دابمەزرێنرێت کەلەنێوان ژنو پیاوی ئاسایدا بەرقەرار بێت، لەوانەی گەر کاری لەو جۆرە نەکەن ئەوکات دۆزە گرنگەکانی خۆیان دەخەنە بەردەستی خوداو نێوەندە دناییەکانی. بەمجۆرەو لە میانەی نیو سەدەو کەمتریشدا وەرچەرخانێکی گەورەی لەو جۆرە لە زیهنیەتی خەڵکیدا روویدا.

ئاخۆ ئەوە بووە کە ئەو دەمارگیری‌و وێرانکاریە بووبێتە دوو ئاماژەی ئەم سەردەمە نوێیەو بەدڵڕەقانەترین هۆکارو هەروەك (سی.ئار.فلیتشر))[٦] نووسەری بەپەرۆشی پرۆتستانتی دەڵێت؟ بەزەحمەت دەکرێت لەگەڵ ئەو رایەدا بین، بەو هۆیەی هەرچی زووتر شەڕە نەتەوەییەکان جێی شەڕە ئاینیەکانیان گرتەوە، شەڕە ئایدیۆلۆژیەکانیش رێڕەوی خۆیان دۆزیەوە بۆ چوونە نێو جەرگەی کاروبارەکانی ئەوروپاوە، هۆکارەکانی وێرانکردنی مرۆڤایەتی لە شێوە بازنەدا بەرەو گەورەبوون دەچن، رێزدارترین شتیش کە مرۆڤ دەتوانێت لەبارەی ئارەزوومەندی بۆ بەکارهێنانی ئەو هۆکارانەوە بیڵێت، ئەوەیە کە هێشتا وەك خۆی ماوەتەوە. ئەو جەنگانەیش کەلەم سەردەمەماندا بەرپابوون، ئازارەکانیان لەکۆی ئازارەکانی جەنگەکانی هەردوو سەدەی شازدەو حەڤدەهەم زیاتر بوون. وێڕای ئەوەیش، بەر لەوەی لێبووردەیی بهێنرێتە ئارا، رژێمی زۆر هەبوون کەلەمومارەسەکردندا رەفتاری لێبوردانەتریان لەو رژێمانە دەنواند کە دواتر هاتنە مەیدان‌و بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کەلەسەر بنەمای لێبووردەیی دامەزراون. پێدەچێت ئەوەی ئەمڕۆ، بەو پەڕی یەقینەوە دەتوانین بڵێین، ئەوەیە کە فۆرمەکانی لێبووردەیی لە ئەورووپادا بەرەو گۆڕان دەچن. مێژوو وەك مەیدان پەندو ئامۆژگاری بە مرۆڤەکان نابەخشێت. لێبووردەییش وەك مومارەسە، تائێستا زۆر لاوازەو فشەڵە، وەك مندالێك کە تازە فێری قسەکردن بێت، بێگومان هەر نەوەیەك دەبێ لە زمان لەنگییەوە دەستپێبکات. تاکە هیواش لەو راستیە سەرنجراکێشەدایە کە پێمان دەڵێت: هەر بیرۆکەیەك هاتە بوون، ئیدی بەرەو دامەزراوی‌و مانەوە دەچێت‌و زۆر سەرسەختانە نەمان‌و لاچوون رەفز دەکات.

چەپکێ تیشکی دیکەیش هەیە کە دەکرێت رەگورِیشەکانی لێبووردەیی رۆشن بکاتەوە، لەمیانەی ئەو تێبینییەی کە هاوبەشییەکی جیدی هەیە لەنێوان دەرکەوتنی لێبووردەیی‌و دەرکەوتنی مافی مرۆڤ لەدڵسۆزی‌و پەرۆشی، ئەمەش بیرۆکەیەکی تری نوێیە کە پەیوەستە بە گۆڕانکاریەکان لەشێوەی موڵکداریتیداو دەگەڕێتەوە بۆ هەمان سەردەم. لەراستیشدا ناوداریی(جۆن لۆك) وەك بیرمەندێکی سیاسی، دەگەڕێتەوە بۆ دیدی دامەزرێنەرانەی بۆ مەشروعیەتی(رەوایەتی)ی دەوڵەتی عەلمانیەت(واتە ئەو دەوڵەتەی لێبووردەیی ئایینی هەیە، لەسەر مافێکی(بەر لە سیاسی بوونە) کە دەوڵەتی نوێ وەك ئەرکێکی بنەڕەتی پارێزگاریی لێبکات(بەپێچەوانەی رۆحی مرۆڤەکان کە پاراستنیان لەچوارچێوەی کلێسادا قەتیس کراوە). موڵکدارێتی تایبەت مافێکە لە دوورخستنەوەی کەسانی تر لە دەسکەوتەکان، هەروەك چۆن موڵکدارێتی گشتی مافی خۆیانە کە لەوە دوورنەخرێنەوە.لەو ساتەوەختەوە کە موڵکدارێتی لەوە دەکەوێت کە پەیوەست بێت بەدەسەڵاتی دەوڵەتەوە، ئەمەش بەردی بناغەیە لە فیکری سەرەتای لیبرالیزمدا، ئەو دوورخستنەوەیە دەبێتە پرسێکی سازش هەڵنەگر، هەرچی (پەرۆشی‌و دڵسۆزیشە) لەوەدا دەردەکەوێت کە مافێکی مرۆڤە لە ئەرك پێسپاردنا(لە بیرو باوەڕو لە هەڵسوکەوتیشدا) کە لەلایەن کۆمەڵگاوە وەك شتێکی باو سەپێنراوە. بەمجۆرەش دەبینین لێبووردەیی لە بیرو باوەڕو نەزعەی تاکێتی‌و موڵکدارێتی تایبەت، دیدو بۆچوونە نوێکان(ئازادیی بێدەستوەردان، ئازادیی نێگەتیڤ)، مافیش لە پەرۆشی‌و دڵسۆزیدا، هەموو ئەمانە لە ماوەی نێوان ناوەڕاستەکانی سەدەی حەڤدەو سەرەتای سەدەی هەژدەهەمدا لەگەڵ سەرهەڵدانی سەرمایەداری ئەورووپیدا هاتنە ئارا.یان هەماهەنگ لەگەڵ زەمانەتی بەرهەمی سەرمایەداریدا فەراهەم هاتووە؟هەلومەرجەکان ناخوازن لەجێی ئێمە وەڵامی پرسیارگەلی لەو جۆرە بدەنەوە. بەڵکو تەنها ئێمە دەتوانین وەڵام بدەینەوە. هاوکات دەکرێت سیناریۆگەلێکی دژبە یەکیش

هەبن لەچوارچێوەی سیستەمی پێوەرو گریمانەکانی خودی خۆیدا کە پەیوەستن بە جیهانەوە. وەك حاڵەتی لەو جۆرەی لێبووردەییش، دەبینین ئەم پێوەرو گریمانانەیش لەلایەن مرۆڤگەلێکی ترەوە داهێنراون، کەسانێك لەبەرامبەردا زۆر بە پەرۆشی باوەڕیان پێیەتی.بەجۆرێك کە رەنگە خۆیان لەهەر جۆرە پێوەرگەلێکی دیکە بەدووربگرن، تەنانەت گەر پێوەرەکانی دیکەیش کەمتر نەبن لەرووی عەقڵانیەتەوە. هەرچی(من)یشە، بەخۆکشاندنەوە لەم سیستەمە پێوەرانە بۆ سیستەمێکی تر، بەبێئەوەی هاوسەنگییان بشێوێنم بەلایەکیاندا دەتوانم خاڵی جیاوازی هەر یەك لەو دوو سیستەمە دیاری بکەم، وەك راڤەیەك بۆ ئەوەی بگەمە دەرەنجامێك بەوەی هیچ کامیان بەکاوەخۆ پشتبەستن نەبن بەوەی کە خۆیان بەتەواوی حەقیقەت دابنێن.کەواتە راڤە تایبەتەکان لە بارەی رەگوڕیشەی بیرۆکەیەکی وەك بیرۆکەی لێبووردەییەوە لەلامان مکوم دەرناکەون. لێبووردەیی ئایینی وەك بیرۆکەیەك سەردەمی خۆی هەبووە .. سەردەمێك کە گەلانێکی زۆر ئاتاجی بوون .. بۆیە بوو بە واقیعو دەستیان پێوەگرت.

با لێرەدا پەند لە رووداوەکەی ساڵی ١٩٨٩ی ئەوروپای خۆرهەڵات وەربگرین، بەو شێوازەی دیواری، شورای بەرلینی پێڕوخێنرا. با یادی کۆبونەوە پڕهەراو زەناکەی ناوەڕاستی(بوخارست)ی رۆژی ٢١ی کانوونی دووهەم سەبارەت بە(چاوچیسکۆ) بکەینەوە، ئەو دەمەی وەك لافاو وشەکان لەزاری دیکتاتۆر دەردەپەڕینو خۆیشی قسەی دەپچڕان. ئەو رۆژە کەسێك پێیوابوو کە ئەگەر پەخشی تەلەفزیۆنی لێبچڕێت لەبەرژەوەندیی ئەودا بێت و ئاشکرا لەو مەیدانەدا، لەو رۆژەدا لەو ساتەدا، دەسەڵاتی رۆمانیا بەرەو رووخان چوو، بیرۆکەی دەستپێکی سەرەتایەکی نوێش دەرکەوت. لەراستیشدا ئێمە لەئاستی هەموو راڤەراگەیانراوەکاندا، یان ئەوانەی دەردەکەون تا پێمان بڵێن کە چۆن گەلی رۆمانیا گەیشتنە ئەو ساتەوەختە، رێگەی دەربازبوون نیە لە بوونی سەرسووڕمانو لوغزێك سەبارەت بە کردەی داهێنانی خودی بۆ ساتە وەختی هەمان کردە، لەهەمان شوێندا، لەکاتێکی هاوشێوەی نیوەی دووهەمی سەدەی حەڤدەهەمدا، شتێکی هاوشێوە لە جوانیدا روویدا ئەو دەمەی لێبووردەیی هاتە ئەم جیهانەوە.

## زمان وەك داهێنانێك

بەمانایەك لە ماناکان، کەواتە لە زمانی عەرەبیدا وەك بیرۆکە شتێك لەئارادا نیە بۆ راڤەکردن لە نائامادەگیی لێبووردەیی،چونکە زمان(بۆردی کۆنترۆڵ) نیە بەجۆرێك نەخشە کێشرابێت کەلە خزمەتی ئامانجێکی تەواو سوود بەخشێ دیاریکراو بێت. زمانەکان سەرەتا تەنها کۆمەڵێك ریشەخوازی نوێن، کە ئیشی هونەری پێکدەهێنن بەمانای وردی وشەکە، ئیشگەلێك دەروازە والا دەکات لەبەردەم سیستمێکی تەواو لەتوانا تەعبیریو بەردەوامبوونەکان.

زمان یەکەمین داهێنانەکانی مرۆڤە لە سیستمێکی بێکۆتایی لەو هۆکارانە بۆ دەستەبەرکردووین کە بەهۆیانەوە بتوانین وەسفی جیهان بکەین،(نەحتەکان، موزیك، وێنەگرتن، ماتماتیك(بیرکاریی) لەنێوان شتی تردا)، بیرۆکەی دیاریکراو وەك ئەو بەردەی (هێنری مۆر) بەپەیکەریکرد، یا سۆناتایەکی شەکسپیر، یا سەمفۆنیایەکی بیتهۆڤن ـ چ نیە جگە لە بەشێك لەو وەسفکردنە، کەبەخۆیدا داخراوەو لەچوارچێوەی مەرجە تایبەتەکانیشدا سنووردارە. شتێکی بێهوودەش دەبێت کە زمانێك یان بیرۆکەیەك لەنێوان زمانەکانو بیرۆکەکاندا هەڵبژێرین، لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەم یان ئەویان لەوی دیکەیان زیاتر لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا شیاوو گونجاوترە(ئەم

کرداره وەك دانانی بۆچوونێك كە بۆ سرووشتی گەوهەریی مرۆڤ وەك جیهانێك كە لێبووردەیی بەشێکی بنچینەییەتی) ئاخۆ دەتوانین بڵێین تایبەتمەندیە تەعبیریەکانی زمانی هاوچەرخی ئینگلیزی، لەتایبەتمەندیە تەعبیریەکانی ئینگلیزییەکەی شەکسپیر باشترە، ئەمە وەك داخوازیی هەڵبژاردنی پارچەیەك بلوور(کریستاڵ) دەبێت لەنێو چەندین پارچەدا کە ئەندازەییان هەیە، لەسەر ئەو بنەمایەی کە رەنگە یەکێکیان، بەرێگەیەك لە رێگەکان، لە حەقیقەتیدا لەوانەی تر کریستاڵی ترە.

تەنانەت گەر گریمانەی ئەوەیش بکەین کە زمانی عەرەبی قورئان پوختەو روونترە لەزمانی عەرەبیی هاوچەرخ، ئەمە ئەوەش ناگەیەنێ کە تەنانەت بەفەرهەنگە تەعبیریەکانیشەوە لەم زمانە دەوڵەمەندترە،هێندە بەسە کە هەوڵبدەیت بەو زمانە تەعبیر لە چەمگەلێکی وەك هاوڵاتی، ئەنجومەنی نوێنەران(پارلەمان)ـ، یان کۆمارو دامودەزگای کار .. بکەیت .. دەبینیت ئەو توانایەی تێدا نیە، ئەمرۆ زمانی کلاسیك لەبەرکارهێناندا کەموکورتی هەیە. لەبەرامبەر ئەوەشدا دەبینین زمانی هاوچەرخی عەرەبی وەك(کان)ێکی پڕ لە توانستە.زمانی هاوچەرخیش وەك ئەو کولتوورەی کەلەوەوە سەرچاوەی گرتووە، بەخوڕەو لەقەیرانی خۆیدایە، چونکە زمانێکی نەچەسپاوەو لەکردەیەکی گۆڕانکاریی قەیراناویدایە، بەقەیرانبوونی رژێمەکانی حوکمی ئەمڕۆی خۆرهەڵاتی ناوین، بەڵام ئەم قۆناغەی مێژووی زمان قۆناغێکی سەرنجڕاکێشە، بەقەدەر ئەوەی کە هاوکات قۆناغێکی تۆقێنەرە .. بوارەکە کراوەو بەرفراوانو دوو گیانە بەجۆرەها ئەلتارناتیف. لەبەرامبەرو پێچەوانەی ئەم حاڵەتەشدا، دەبینین زمانی ئیگلیزی خاوەنی فەرهەنگێکی گەورەیە کەلەگەڵ جۆرەها ئامانجدا دەگونجێت، بەڵام لەبەرامبەردا، ئەم زمانە خۆی والێکردووە کەمتر رامو زیاتر شایستە بە(ئەگەر) بێت، لەبەر ئەوەی زمان رەنگدانەوەی تێگەیشتنی قسەکەرانە لە کولتوورو سیستەمی بیروڕاو مومارەسە یەکتر بڕەکان و ئاکارو بەهاکانیانە، ئەم زمانە گۆڕانی بەسەردا نایەت تا ئەو دەمەی قسەکەرانی وشەی نوێی تێدەکەن، یان خۆیان مانای نوێ بە وشە کۆنەکان دەبەخشن. ئاخۆ مومارەسەکەران بەر لە وشەکان دەگۆڕێن یان بەپێچەوانەوە؟ ئەم گۆڕانکارییە هزریە کە بۆ ماوەیەك لەبەستوویيدا بووە، ئەمرۆ بێهوودەو وەڕسکەر دەردەکەوێت.

وشەکە فۆرمی شیعر، پەخشان، دەقی قورئانیو فەرموودەی وەرگرتووەو بۆتە کتێبە گەورەکانی سەردەمی کلاسیکی ئیسلام.

لەمێژووی عەرەبدا بایەخێکی تایبەتی هەیەو لەهەندێ باردا وەك قەرەبووکردنەوەیەکی ئەو حاڵەتانەیە کە بە موزیكو هونەرە بینراوەکان لەژیارەکانی دیکەدا تەعبیریان لێدەکرێت.کەلەپووری رۆشنبیریش لێرەدا زۆر دەوڵەمەندە. هەروەها وشە عەرەبییەکان لە سەدەی نۆزدەهەمداو بەشێوەیەکی بەرفراوان گۆڕانی بەسەر زۆرێك لەماناکانیدا هێنرا، هەر بەمجۆرەش زمانی هاوچەرخی عەرەبی هێنرایە بوون. ئەوانیش لە گۆڕینی زماندا رۆڵیان هەبوو و کاریان بۆ کرد، زۆرباش دەیانزانی کەچی دەکەن. (بوترسی بوستانی) ئاماژەیکردووە کە (نیوەڕۆکی زمانی عەرەبی زۆر ئاتاجە بە زاراوەگەلێك تا لەگەڵ پێداویستیە نوێیەکاندا بگونجێت".(ئیبراهیم یازجچی)یش سیفەتی (پەككەوتە) بەسەر زمانەکەیدا دەداتو بەجۆرێك لە (دەردەداری)لەقەڵەم دەدات"[٧].

لەسەرەتادا تەعبیرەکان هەڕەمەکی بوون، کەسانێك دایاندەڕشت کە خۆیان لەهەندێك باردا لە ئاستی شتە نوێیەکاندا کە دەبوو خوێنەرانیان لەسەری رام بکەن لەوپەڕی سەرسامیدا بوون، بەڵام لەگەڵ کۆتایی سەدەدا

کەڵکە بوونی ئەو ئیشانەی کە (رەفاعە رافع تەهتاوی) بەهاوکاریی کۆمەڵێك وەرگێڕو بوستانیو یازجیو ڕۆژنامەنووسە سەرەتاییەکانو هاوکات گەڕیدەکان کە سەرانی ئەوروپایان دەکرد کردیان، بووە هۆی بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە نوێکردنەوەی زمانی عەرەبیو دەمەزەردکردنیو دەستەبەرکردنی(وێنەی) باشتر بۆ بەکارهێنەانیو گەیشتن بە وەسفێکی باشتر بۆ هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی لای گەورە پێشینان روویاندا:

واتە ئەوروپاو دامودەزگا هاوچەرخەکانی. وشەگەلێکی وەك نەتەوە ـ امە ـ لەبەرامبەر Nation و هاوڵاتی لەبەرامبەر citizen، ئازادی لەبەرامبەر Freedom، گەل لەبەرامبەر people، وڵات لە بەرامبەر Country ، Homeland ، نەتەوە لە بەرامبەر Nationalism ، دەستوور لە بەرامبەر Constitution، کۆماری لە بەرامبەر Republic، پەرلەمان لە بەرامبەر Parlament، حیزب لە بەرامبەر Party، ئەمجۆرە وشانە، دەبوایە لەشێوە ئەزموونگەریەکەیدا بەکار بهێنرایە، دیاری بکرانایەو خەباتیان لەپێناودا بکرایە، بگرە گۆڕانیان بەسەردا بهێنرابا بەر لەوەی بەشێوەیەکی بەرفراوان قبوڵ بکرانایە.

پێداویستی بۆ ئەم وشانە لەناوخۆو پلە بە پلە سەریهەڵنەداوە، بەڵکو لە ژوانێکی زۆرەملێدا لەگەڵ دەرەوەدا فەراهەم هاتووە، دەرەوەیەك کە دەبوو وەسف بکرێت بۆ ئەوەی لێی تێبگەین، بەڵکو تەنانەت بۆ ئەوەی رەفزیشی بکەین گەر ئەوە بخوازێت.بەڵام شتێك چۆن رەتدەکرێتەوە گەر وتەیەك نەبێت تەعبیری لێوە بکەیت؟ لەگەڵ ئەوەشدا هەر تەنها بوونی دەستەواژەیەك بۆ خوڵقاندنی وشەیەکی نوێ، کردەیەکی گۆڕینی خودیە. بەمجۆرە گەورە نوێخوازانی ناوەڕۆکی زمانی عەرەبی لەسەدەی نۆزدەهەمدا، لەسەردەمێکدا دەرکەوتن یادەوەریەکانو زیهنیەکان بزۆزانە بە رووی جیهاندا کرابوونەوە، بەپێچەوانەی ئەوەی ئەمڕۆ روویداوە کە زهنیەکان بەخودی خۆیاندا داخراون لە شەپۆلانی جۆرێك لە ستایشی ناجۆری خودکردن.شتێکی سرووشتیە مانای وشە نوێکان کە لەلایەن یەکەمین داهێنەریانەوە تاقیکرانەوە، بەردەوام لە زیهنو ناخی جەماوەری بەرفراواندا پەسەند نەبوون بەر لەوەی لەنێو خودی زمانەکەدا جێی خۆیان بکەنەوە، جێیەك کەلە سەرەتاوە شوێنی دروستی خۆیان نەبوو. هەر ئەمەیشە هۆکاری ئەو تێکەڵو پێکەڵ بوونە گەورەیەی کە روویدا. بەڵام لە بەردەستی شاعیرێکی باشدا ئاشکرایە دەکرێت ئەم تێکەڵیو لێتێکچوونانە بکرێت بەسەرچاوە گەلێك بۆ ستاتیکاو تەعبیری نوێ. بەهەرحاڵ دەرك پێنەکردنی چالاکانەی ئەمجۆرە توانستانە، تەنانەت گەر لە زەمینەی واقیعیشدا بەرجەستە نەکرێت، سەرەڕۆیی دەگەیەنێت بەروانین بۆ ئێستای ژیانی عەرەب، بەو حیسابەی کە ئەو حاڵەتە چارەنووس ئاسا قەدەرێکەو بۆی نووسراوە کە دەبێ هەمان شت مخابن سێبەری لەسەر بکات، لەراستیشدا داهێنانی وشەی عەرەبی نوێ لەسەدەی نۆزدەهەمدا، بەپێچەوانەی هاوردنی بەرهەمە تەکنەلۆژیەکانی ئەوروپا، یەکەمین کردەی داهێنانکاری بوو کولتوورێك مومارەسەی کرد کە بەدرێژایی چەندین سەدە نوستبوو. ئەو کردانە کردەی موڵکداریتی، نوێگەریی رەسەن، داهێنانو نوێکردنەوەی خود بوو، کردە گەلێك بون کە بوونە هۆی هێنانەژوورەوەی هەموو تازەیەك بۆ نێو جیهانێك کە پێشتر نەدیترابووەوە.

با لێرەدا وەك نموونە بڕوانینە وشەی پارلەمان کە لە وشە فەرەنسیەکەوە Parlement وەرگیراوە کە بۆیەکەمجار لە چارەکەی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا شانبەشانی وشەگەلی سینات Senate، کۆنگرێس Congress، کورتیس Cortes ، راشتاگ Reichstag دا بەکارهێنرا.

داهێنانی ئەم وشەیە هەرگیز لە پرۆسەی هاوردەکردنی ئامێری تەلەفزیۆنی ژاپۆنی، یان نوێترین مۆدێلی فرۆکەی شەڕکەری جۆری (فانتۆم) ناچێت. وشەی پەرلەمان بەرلەوەی بێتە بواری بەکارهێنانەوە، لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە لایکەمی سێ زاراوەی مەئلوف لە مێژووی عەرەبدا بەر لەو ناسرابوو: لەوانەش (دیوان) کە لەبنەمادا بۆ نوسینگە، یان نوسینگەی بەڕێوەبردن بەکاردەهێنرا، یان ئەنجومەن (مجلس) ( کە بەتەواوی مانای شوێنی دانیشتن دەگەیەنێ)بەڵام دواتر ماناکەی بەرفراوانتر کرا تاکو شوێن ئەو خەڵکانەیش بگرێتەوە کەلەو شوێنەدا کۆدەبنەوەو دادەنیشن، وێڕای کۆبوونەوەکانیان، دواجاریش وشەی (شوری) دێت کە تەعبیرە لە بیرۆکەیەك لە قوڵایی نەریتەکانداو مەبەستیش لەم وشەیە پرس‌و رای سیاسیە، پێغەمبەرو فوقەهاکانیش داوای مومارەسەیان کردووە. بۆیە سرووشتی ترین شێواز بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ نوێی وەك پەرلەمان، شێوازی هاوشێوەیەی‌و قیاسە، بەو جۆرەش پەنا برا بۆ بەکارهێنانی وشەی عەرەبی هاوشێوەی تەعبیرکردن لە دیاردەیەك لە دیاردە نوێیەکان، کەسیما دیارەکانی تەنانەت لای خودی نووسەریش روون نەبووە.هەر چۆنێك بێت، گرفتی گەورە، گرفتی خوێنەر بوو، کاتێك کە لەبارەی سیستەمی حوکمی بەریتانیاوە دەیخوێندەوە کە رژێمێکی (شورا) راوێژکارییە، ئەوکات ئەو (شورا)یەی بە ئەنجومەنێکی راوێژکاریی رووت دەزانی‌و لەلایەن خودی حاکمەوە دادەمەزرێنرێت، کە ئەرکەکەی تەنها راوێژکاری، یان ئامۆژگاریکردن دەبێت، رەنگە سوودیش لەم تێکەڵکردن‌و لێکچوونە وەربگیرێت، وەك بۆ ریفۆرمخوازە ئیسلامیەکان لە کاتێك لە کاتەکاندا دەرکەوت، چونکە ئەوە دەکرێت لە پێدانی بۆچوونێکی هەڵەدا بەکاربهێنرێت بەوەی کە ئەو بنەما، یان دەزگا بیانیە، لە راستیدا لەگەڵ بنەما ئیسلامیە کۆنەکاندا چوونیەکن، کارکردنیش لەسەر ئەم گرفت‌و لێکچوونانەیش لە میانەی دیدێکی رۆشنبینانەو زیهنیەتێکی داهێنەرانەوە، بریتییە لەو رەوایەتیە هزریە گەورەیەی کە نووسەرو راڤەکارانی عەرەب لەسەدەی نۆزدەهەمدا هەیانبووە.

هەرچۆنێك بێت، وشەی لێبووردەیی Toleration یەکێك لەو وشانەیە کە لەسەدەی نۆزدەهەمدا خەباتی لەپێناودا کرابێت، تەنانەت لەسەدەی بیستەمیشدا، چونکە لەهۆیەك لە هۆکان ئەم وشەیە تەواو پشتگوێ خرا، بازی بەسەردا درا، یان باشتر بڵێین وا تەماشای کرا کە شتێکی سەرەکی نیە، هەروەك لە جەوهەردا تەعبیر لە هیچ شتێك نەکات. پەرلەمان دەزگایەکی بەڵگەنەویستە لە دامودەزگا سیاسیە هاوچەرخەکان، دەزگایەك کە خودانی تەلارو ئەندامانی خۆیەتی کەلەنێو ئەم تەلارەدا کاری تایبەتمەند ئەندجام دەدەن.لەبەرامبەریشدا دەبینین کە لێبووردەیی تەنها بیرۆکەیەکی دامەزراوە، گریمانەیە کەلەنێوەڕۆکدا باس لە سرووشتی ژیانی گشتی‌و پەیوەندیەکانی مرۆڤەکان دەکات، دواکەوتنی هەنگاوێك یان دوو هەنگاویش لە دوو بارە داهێنانکاری لەم گریمانەیەدا کارێکی ئاسایی‌و سرووشتیە، بەڵام بیرۆکەو پرۆگرامە تایبەتەکان بە پرسگەلێك کە سرووشتیان کەمتر ئەبستراکت نیە لە سرووشتی لێبووردەیی(وەك سۆسیالیستی، مارکسیزم، ناسیۆنالیستی‌و دیموکراتی) کەلەسەدەی بیستەمدا لەنێوەندە عەرەبیەکەیدا دوبارە بونیادنرانەوەو چەندین بیرمەندیش بایەخیان پێدان، بۆ خۆیشیان چەندین ئایدۆلیژیست‌و قسەکەری فەرمییان بۆ دەستەبەر بوو کە (روونیان دەکردەوە، بەڵام کەسێك نەبوو بیر لە لێبووردەیی بکاتەوەو بەناوی ئەوەوە قسە بکات)

لێبووردەیی

بەپێچەوانەی وشەی(**TOleration**)ی ئینگلیزی، دەبینین وشەی لێبووردەیی(التسامح) لە رەگی (سمح) وەرگیراوە، واتە هەڵگری مانای حەوسەڵەی نکولیکاریی بەرپەرچدانەوەیە وەك لە( لا سمح الله) دا هەیە. رەگە عەرەبیەکەش لێرەدا بەلەخۆگرتنی بیرۆکەی مرونەتی تەکتیکی بەکاردەهێنرێت، واتە بیرۆکەی لێگەڕان لە شتەکان کە گوزەر بکەن، ئاسانکاری لە جیاوازیەك، ناکۆکیەك لە ناکۆکیەکاندا، یان تەنازولکردن بۆ کەسێك لە چوارچێوەی دانایی‌و حیکمەتدا. بەمجۆرە دەبینین لەمیانەی مامەڵەکردنیدا لە بازاڕ لەسەر نرخی شتێك، سوپاسی ئەو کەسە دەکرێت کە وەك پیاوەتیەك لە نرخەکە دادەگرێت‌و رێگە نادات پارەیەکی کەم ببێتە هۆکاری نەگەیشتن بەرێکەوتن، ئەو سوپاسەش بۆ ئەوە دەکرێت کە ئەوکەسە لە (لێبووردەکانە).ئاخۆ ئەم سوپاسە بۆچییە؟ هەر لەبەر ئەوەیە کەسی لێبووردە لەو نرخە راستەقینەیەی داگرتووە کە خەڵکانی بەرامبەر دیارییان کردووە؟ دیارە ناکرێت ئەمە هۆکاری سەرەکی بێت، چونکە چەمکی نرخی راستەقینەو دروست لە کەلتووری عەرەبیدا بوونی نیە، نرخ بەردەوام شتێکی ر ێژەیی نەچەسپاوە، هەروەك نرخی نەچەسپاوی نەوت لە رۆژانی ئەمڕۆماندا، ئابووریناسانی خۆرئاوا هەر لە رۆژانی فیزیۆکراتەکانی سەدەی هەژدەهەمەوە، لێکۆڵینەوەیان لەبارەی نرخەوە کردۆتە زانستێك، ئەگەرچی هەموو پێشبینیە ئابووریەکانیش دواجار لاواز دەربکەون، هەرچۆنێك بێت، خەڵکەکە وا دەبینن لەم بوارەدا ئەوان، مامەڵە لەتەك شتێکدا دەکەن بەرەو بەجیهانیبوون دەچێت. جا ئەگەر مەسەلە کرا بە پرسیاری سەبارەت بە نرخێك لە نرخەکان، یان ئەم نرخە بووە بابەت‌و باسی دانیشتنێکی سازدان(وەك دانوستانەکانی یەکێتیەکانی کرێکارانی بەریتانیا) لەم حاڵەتەدا راستی‌و دادپەروەری نەك لێبوردەیی دەبێتە بنەمایەك لەو مامەڵەیەدا بە پەیوەندی لەگەڵ دەسکەوت‌و داهاتی ئەو مامەڵەو دانوستانەدا، بەلایەنی عەقلیەتی (مەرکانتیلی) عەرەبیشەوە، ئەوا پرسگەلی راست‌و هەڵە- راستەقینەو دادپەروەری، پرسەگەلێکن حیسابیان بۆ ناکرێت کاتێك مەسەلەکە بەنرخەوە پەیوەست بێت.لەهەمان شێوە دەبینین تایبەتمەندییەکانی ئەزموونی مۆدێرنەی عەرەبی، بەپێی دیاردەکانی سەدەی رابردوو، داخوازیی هیچ گۆڕانێکی ریشەیی لەخۆ نەگرت کە ئەم حاڵەتە هەستیاریە بگرێتەوە.

ئەگەر ولاتی میسری لێدەربکەین، هیچ دەوڵەتێکی عەرەبی بەدیناکەین کەلەسەر بنەمایەکی باج‌و وەرگرتنی تایبەت بەخۆی یان پەیوەندی لەگەڵ بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەی تایبەتی خەرجی خۆی بکات. سامان لەم حاڵەتەدا دروست ناکرێت، بەڵکو گەشە دەسەنێت لەرێی گۆڕینەوە یان لە سەر شێوەی داهاتی قازانجەکان‌و دەستکەوتەکان(داهاتی نەوتەکان نموونەن). هێندەمان بەسە کە بڕوانینە چۆنیەتی مامەڵەی عەرەبێکی نوێخواز کاتێك دەچێتە دوکانێکەوە، تا لەوە بگەین کە خود نرخ دانان تا ئەم ساتەوەختەش هێزێکی بنچینەیە لە رۆشنبیریدا.

کەواتە .. دابەزاندنی نرخێك بۆ کەسی بەرامبەر لەمامەڵەیەکدا بۆ سوپاسکردن بخوازێت؟ بێگومان لەبەر ئەوە نیە کە کڕیاری عەرەبی لە ئاستی قازانج‌و دەستکەوتدا بێدەربەستە. لێرەدا دەبینین مانای وشەی لێبووردەیی لەزمانی عەرەبیدا، لە خۆرئاوا لە ئاستی وشەی **TOleration** دا یەکدەگرێتەوە.

سوپاسەکەش لە مومارەسەکردنی سەخێتی‌و پیاوەتیەوە مومارەسە دەکرێت. کە هەمیشە لای عەرەب وەك بەخشەندەیی دەردەکەوێت. هەموو فەرهەنگە عەرەبیەکانی ئەمڕۆ مەسەلەکە وا دەبینن[٤] .

بەواتایەکی دی، لێبووردەیی بەمانا عەرەبیەکەی بەپێچەوانەی مانا ئینگلیزی یا خۆرئاواییەکەوەیە، لای عەرەب بە چاکە دادەنرێت کاتێك پەیوەست دەبێت بە شتێکی بالآترەوە لەچوارچێوەی پلەکانی هەمان بەهاوە. واتەلەنێو هەموو سیستەمی بەهاکانـدا کارناکاتو بەهایـەکیش نابێت نە لە خودی بونی ئەم پۆلێنکاریە، بەشێوەیەکی هێماکاری، لەو نازناوەدا تەعبیری لێدەکرێت کە بۆ ئاخاوتن لەئاستی پاشادا بەکاردەهێنرێ، ئەم نازناوەش لە هەمان رەگە، کە وشەی لێبوردەیی(التسامح)ی لێوەرگیراوە: (سماحتـه)، (سماحـه المفتی) وەك شێوازێك بۆ ئاخاوتن لەگەڵ گەورەترین کەسی ئایینی لە ئیسلامدا. بەبێ ئەم راڤەیەش، بێگومان دەستنیشانکردنی ئەم رەگە تایبەتە بۆ کردنی بە تەعبیرێك لە رێزو نەوازش، هیچ راڤەیەکی دیکەی بۆ ناکرێت.

ئەگەر بەهەر هۆیەکەوە ئەم بەها بالآیە بۆ ماناکە نەبوایە، بێگومان وشەی( سمح) دەگۆڕا بە پێچەوانەکەی، واتا مانای توندوتیژیی لەخۆ دەگرت وەك لە دەستەواژەی (أسمحت نفسه)دا دەردەکەوێ کە ئەم مانایە دەگەیەنێ(لقد ترك نفسه علی سجیتها فأزل من جراو افتقاره الی السیگره علی ژاته) واتە (لەخۆی گەڕا چۆنە وابێت تا لەئاکامی لەدەستدانی کۆنترۆڵی خودی خۆیەوە تووشی سەرگەردانی هات) بەوەش لێبووردەیی (التسامح) لەهەلومەرجێکی لەو جۆرەدا بەچاکە (فەزیلەت) ناێتە هەژمار، هەمان حاڵەت لە چەندین سەرچاوەی زمانەوانیدا بەشێوەیەکی جیاواز دەردەکەوێت لە دەستەواژەو رەگی (سمح)دا، وەك لە فەرهەنگی (لسان العرب)و بەلاوازتریش لە فەرهەنگی (متن اللغە)ی چاپی ساڵی ١٩٥٩دا، کەلەوێدا دەبینین وشەی یاخود رەگی (سمح) هاومانایە لەگەڵ دەستەواژەی (رازی بوو بە داخوازیەکە) یان بە(ویستراوەکە) لێرەشدا ماناکە بەروونی بوونی شتێکی ویستراو، داخوازیەك باسدەکات، بوونی حەقیقەتێك بەمانا ئەخلاقییەکەی نەك کرداریەکەی، کەلە ئاستیاندا مرۆڤ تەنها دەبێ ملکەچ بێت.

ئا لێرەوەو تەواو لەم خاڵەوە، خۆمان لەبەردەم پێچەوانەێتیەکی تەواودا دەبینینەوە لە ئاستی بیرۆکەی لێبووردەیی خۆرئاوایدا، کەلە ئاستە بالآکانیدا تەعبیرە لە رەزامەندی لەسەر شتێك هەرچەندە نادروستیو خراپیشی لێچاوەڕوان دەکرێت.

---

پەراوێز:

١.لە Toleration وە، وەك لەلایەن (مۆریس کرانستۆن)ەوە لە (ئەسکلۆپیدیای فەلسەفە)دا هێناویەتی لە ئامادەکردنی (پۆل ئیدواردز) بەرگی حەوتەم ( لەندەن، ماکمیلان، ١٩٧٢) ل ١٤٣.

٢.لە بابەتێك لەناونیشانی (لێبووردەییو یاسا) لە کتێبی (لەبارەی لێبووردەییەوە. لە ئامادەکردنی (سوزان مندوسو دایفید ئیدواردز،(ئۆکسفۆرد، کلارندون پرس ، ١٩٧٨)ل٦١.

٣.مشتومڕێك، دەرخستنی و.ف. کوین لە Quiddities An Intermittently Philosphical Dictionary (کامیدیج: بلآوکراوەکانی زانکۆی هارڤارد ١٩٧٨ J) .

٤.بەراوردی ئەم فەرهەنگە عەرەبیانەم کردووە( لسان العرب)، (المنجد)، (محیط المحیط)، (معجم متن اللغە)، (المعجم الوسیط).

٥.بیرۆکەی ئەوەی کە حەقیقەت دانراوە نەك هەبێت لە بنەڕەتدا لە کتێبی (الاحتمال ،،، السخریەو التـچامن)ی ریتـشارد رورپـی)داگەنگەشـە کـراوەو مـن هەسـت بـە قەرزارییـەکی زۆری دەکـەم.( کـامبریج لـە بڵاوکراوەکـانی زانکۆی کامبریدج، ١٩٨٩( فەسڵی یەکەم.

٦.چـەند پـەرەگرافێك لـەکتێبی ك.راب(حـرب الـپلاپین عامـا) (ماریلانـد . لـە بڵاوکراوەکـانی زانکۆییـەکانی ئەمریکا)١٩٨١، ل٩٢.

٧.لە کتێبی أ.ێیالون( اللغة والتغير في الشرق الاوسط العربي). تطور الخطاب السياسي العربي الحديث(ئۆکسفۆرد: لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی ئۆکسفۆرد ، ١٩٨٧ ل٥) .

# بەرفراوانبوونی چەمکی لێبوردەیی

**ن/د.جابر ئەلعوسفور**

ماناو ناوەڕۆکە باوو هاوچەرخەکانی "لێبوردەیی"چەخت لە ماناو ناوەڕۆکی بەرفراوانتر لەمانا ئاینیە دیاریکراوەکە دەکەنەوە کە لەسەر هەڵدانی ئاینەوە پەیوەست بووە پێوەی.

ئەوەش هاوتەریب بووە لەگەڵ گواستنەوەی لە ئاسۆی ماناو دەلالەتی ئاینیەوە بۆ ماناو دەلالەتە مەدەنیەکەی، وێڕای پەیوەستبوونی لە دەلالەتە مەدەنیەکەیدا بە چەندین بازنەی بە یەکداچوودا، لەڕووی کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری، سیاسیو داهێنانو ئەفراندنەوە، دەرەنجامیش ئەوەیە کە ماناو ناوەڕۆکەکانی "لێبوردەیی" هاودەمی مافی جیاواز بوونە وەك مافێکی بنەڕەتی لە مافەکانی مرۆڤو راستیەکی چەسپاو لە راستیەکانی بوون لە هەموو بوارەکانیدا. ماناو ناوەڕۆکەکانی "لێبوردەیی" لە بوارەکانی مامەڵە پێکردنیدا زیاتر بەرفراوانو لە هاوسەنگی دەلالەتەکانیشیدا زیاتر بەرەو فرەیی چووە، بە تایبەتی ئەو جۆرەی ئاماژە بە قبوڵکردنی بەرانبەر دەدات بە جیاوازییەکانیەوە، وێڕای مشتومڕ لەگەڵ کردنی بە چاکترین شێوەو لەسەر بنەمای یەکسانی کە بەرانبەر بە کەمتر، یان سووکتر دانانێت هەر لەبەر ئەوەی لەگەڵیدا جیاوازە!

ئەم چەمکە لە ژیاری خۆرئاوادا بەکارایی مایەوە کە تا ئێستاش یەکێکە لە چەمکە چەسپاوەکانی، بەڵام تەنانەت لە بەرفراوانبوونی ماناو ناوەڕۆكو فرەیی ماناکانیدا بە دوو قۆناخدا گوزەری کرد: قۆناخێکی نێگەتیڤ کە قۆناخی یەکەمێتی بە پێی بۆچوونی رەخنەگرانی کە هەوڵیاندا بیگۆڕن بە چەمکێکی تر، قۆناخی دووهەمیش پەیوەستە بە چاوخشاندنەوە بە چەمکەکەو فراوانترکردنی سنووری دەلالەتەکانی، یەکەمین رەخنەی نێگەتیڤیش کە رووبەڕووی ئەم چەمکە هاتەوە، پەیوەست بوو بە کێشەیەك کە تیایدا لایەنێکی بەهێز بەسەر لایەنێکی بێهێزدا بالأدەست بوو، ئەوەش هەلو مەرجێکە وا دەکات لایەنی بێهێز داوا لە لایەنی بەهێز بکات مافی بوونیو مانەوەی بۆ دەستەبەر بکاتو هاوکات هیچ لە پێگەی لایەنی بەهێزیش کەم ناکاتەوەو لە حاڵەتی پلە بەندیەوە نەیخاتە حاڵەتی وەك یەك بوون، بەڵگەیش بۆ ئەوە ئەوەیە کە چەمکی لێبوردەیی بەردەوام ئامرازی کەمینەی ئاینی یان تایفی بووە بۆ بەرگریکردن لە بوونو مانەوەیان، بە هەوڵدان بۆ ئەوەی لایەنی بەهێز شەرعیەتیان بداتێ.

بۆیە ئەم چەمکە، لە بنەمای سەرهەڵدانو هاتنە ئارایەوە لەسەر دوانەی بەهێزو بێهێز، باڵادەستو ژێر دەست بونیاد نراوە، دوانەی پلەبەندنی لە دوانەی هەوڵی چەوساوە لای چەوسێنەی جودا نابێتەوە، یان باڵا دەست لای ژێر دەست، بەڵام گۆڕانێکی پلە بە پلە بەسەر ماناو ناوەڕۆکەکانی چەمکی لێبوردەییدا هات، دەبوو لەگەڵ بڵاو بوونەوەی بیرۆکەی دیموکراتیەکاندا ئەم حاڵەتە رووبدات، ئەویش هاوتەریب لەگەڵی دروشمەکانی شۆڕشی فەرەنسیدا: ئازادی، یەکسانی، هاوتایی، لە دەرەنجامیشدا دوانەی پلەبەندی گۆڕا بەدوانەی هاوتایی لەداڕشتنو بۆچووندا بۆ چەمکەکەو پەیوەستبوونی، دوای بەرفراوانبوونی دەلالەتەکانیو وەرگرتنی دەلالەتی نوێ، بەدوو بنەماوە کە ئیدی هەرگیز لێی جوودا نەبووەوە: بنەمای یەکەم مەعریفییەو پێیوایە کە مەعریفە رێژەییەو هیچ کەسو گرووپێك ناتوانێت مەعریفە قۆرخ بکات، یان لەوێوە بۆتۆپیایەدابێت کە تەواوی مەعریفەی لە کەسانی تر زیاتر هەیەو هەر خۆی دەتوانێت بڕیارێك بدات کە بەدەربێت لە هەڵەو کەموکورتی، ئەمەش حاڵەتێکی نزیك لەوەی دیکارت دەگەیەنێت کە پێیوایە "عەقڵ"لەنێو خەڵکیدا بەدادپەروەرانەترین شێوە دابەش کراوە، هەروەك لە مەعریفە هاوبەشنو بە هەوڵی هەموویان نەبێت بەرەو پێش ناچێت، بەبێ جیاوازیکردن لەسەر بنەماو پلەی خواستو ئارەزوو بۆ مەعریفەو پەرۆشی بۆ گەشەپێدانی، رێژەییبوونی مەعریفەش سیمایەکی تری سیفەتە هەمیشەییەکانی ئەو مرۆڤانەن کە خودی مەعریفە کە بەرهەم دەهێنن، تەنانەت لە ئاستو مەودای مەعریفەی ئاینیشدا کە سەربەخۆنیە لە عەقڵی مرۆڤەکاندا کە بە راڤەو تەئویلکردنەوە وەریدەگرن، هەردوو بارەکەیش لە رێزنان لە عەقڵ جودانابنەوە، کە عەقڵ لە دۆزینەوەو پەیبردن بە جیهاندا سنوورو کۆتا حەقیقەتێکی نیە، ئەویش شانبەشانی رێزنان لە زانست کە ئەمیش بە هەوڵەکانی مرۆڤ بەردەوام لەپێشکەوتندایە.

بنەمای دووهەمیش بنەمایەکی سیاسی سۆسیۆلۆژیە کە بە هۆیانەوە ماناکانی ئازادیو یەکسانی لە دەوڵەتی مەدەنی هاوچەرخدا بەرقەرار دەبن، کەواتە بنەماو بنچینەیە کە جودا نابێتەوە لە مەرجەکانی هاوڵاتیبوون لە دەوڵەتی هاوچەرخدا، چ وەك ئەوەی پەیمانێکە بۆ رێزگرتن لە مافی تاك لە پەیڕەوکردنی مافە مەدەنیو سروشتییەکانی، هاوڕێ لەگەڵ مافی تەعبیرکردن لە خودی خۆیو بیروڕاکانی لە هەموو ئاستەکانی بیروباوەڕو سیاسەتو ئابووریو رۆشنبیریو کۆمەڵایەتیدا، مەودای نێوان رێزنان لە ئازادیو مافی جیاوازبوون زۆر

بەرتەسك‌و لاوازە لەوەدایە بگاتە ئاستی یەكگرتن، بەتایبەتی لە جەخت كردنەوەیان لە لێبوردەیی لە پەیوەندیی تاكدا بە بیرو ڕاو داهێنانی بەرانبەر، یان پەیوەندی دامودەزگای ئاینی بەتاكەوە لەنێو خودی دەوڵەتی مەدەنیدا.

ئەگەر جیاوازی لەگەڵ نا ئامادەیی لێبوردەییدا مانایەكی نەبێت، ئەوكات بنەماكانی ئازادی‌و یەكسانی‌و هاوتاییش لەنا ئامادەیی مانای هاوڵاتیبووندا مانایان نابێت، كە ئەمەی دوایی، واتا هاوڵاتیبوون، مافی تاكەكان لەنێو دەوڵەتدا مسۆگەر دەكات، بەبێ جیاوازیكردن لەسەر بنەماكانی ئاین، ڕەگەز، ئیتن، ڕەنگ‌و تەنانەت سەروەت‌و سامانیش!

"فەرەج ئەنتوان"ئاگاداری زۆرێك لە ڕەهەندە پۆزەتیڤەكانی ئەم چەمكەبووە، ئەو جەختی لە پێویستبوونی دەوڵەتی مەدەنی كردووەتەوە بەو جۆرەی كە فەزایەكە تیایدا لێبوردەیی دەژی‌و گەشە دەكات، بگرە لە دەوڵەتی مەدەنیدا پارێزگاری لە لێبوردەیی دەكرێت، ئەویش لەچوارچێوەی سیستەمی مافەكانی مرۆڤ كە لە دەوڵەتی مەدەنیدا پێدا دانی پێدا دەنرێت.

لە هزرو بیری فەرەج ئەنتواندا دوو بیرۆكەی پێكەوە هاودەم پەیوەستن بەم بارەوە: یەكەمیان ئەوەیە كە بەبێ قبوڵكردنی بنەمای ئازادی‌و پیادەكردنی لە هەموو بوارەكانیدا لێبوردەییش بوونی نابێت، دووهەمیشیان باوەڕهێنانی بێ سنوورە بە توانای بێ كۆتایی بە گەشەدانی بێ سنوور بە مەعریفە.

باوەڕیش بە عەقڵ واتە باوەڕ بەو زانستەی كە لە گەڵیدا هەلومەرج‌و پێگە جێ گۆڕكێ ناكەن‌و هەردووكیان دەبنە هۆكارو پشتگیر لە زانست لەسەركەوتنیدا بۆ پلەكانی پێشكەوتنی بێ سنوورو بێ كۆتایی كە هیچ لەمپەرێكی لەڕێدانیە، مەبەستم لەو پێشكەوتنەیە كە بەدی نایەت بە هەنگاوی یەكەم نەبێت كە هاودەمێتی لە ڕۆشنكردنەوەی كۆمەڵگە بە ڕووناكیەكانی عەقڵ كە بەسەر تاریكییەكانی نەزانیندا زاڵ دەبێت، لەوێدا كە لێبوردەیی دەبێتە دژەكرداری دەمارگیری تا ئەو دەمەی بەسەریدا زاڵ دەبێت،ئەوكات كرانەوە جێی داخران دەگرێتەوە، جیاوازبوون قبووڵ دەكرێت، ڕۆشنبیری خورافە بە زانست دەگۆڕێتەوە عەقڵیش بە نەقڵ(١)و دواجاریش دواكەوتن بە پێشكەوتن.

بەمجۆرەیش، چەمكی لێبوردەیی لە بازنەی دەلالەتداریی هاودەمی پلەبەندی دوور دەكەوێتەوەو دەچێتە چەقی بازنەی مانداری‌و دەلالەتی سەنتەری یەكسانی‌و هاوتایی..

ئێستاش لێبوردەیی بۆتە هاودەمی قبوڵكردنی ئەرێیانەی جیاوازبوون‌و باوەڕبوون بە ئامادەیی سرووشتی جیاوازبوون لەسەر ئاستی تاك‌و كۆمەڵ‌و كۆمەڵگەكان، ئەمەش ئەوە

دەگەیەنێت کە مشتومڕ لەگەڵ بەرانبەردا بکرێت بە باشترین شێوە لە بوارەکانی جیاوازی راوبۆچوونە تاکە کەسیەکان، بەبێ ئەوەی دەستبەرداری باوەڕ بە یەکسانیو هاوتایی بهێننو لەو باوەڕەدابین کە لایەنێك نیە لەسەر حەقی رەهایان هەڵەی رەهادابێت،هەروەك ئەوەش دەگەیەنێت کە تاکەکانی کۆمەڵێك وتووێژو دیالۆگ لەگەڵ یەك بکەن بێئەوەی گرووپێك خۆی لە گرووپێکی تر بە باڵادەست بزانێت، یان لەسەر بنەمایەك لە بنەماکان خۆی بە جیاواز بزانێت، دواجاریش دیالۆگی ئەفرێنەرانە دەگەیەنێت لە نێوان کلتورو ژیارەکاندا لە دیدێکی مرۆڤدۆستانەی بەرقەرار لەسەر دەوڵەمەندیی فرەییبوونی مرۆڤەکان کە هاودەمە لەگەڵ فرەییو جیاوازبووندا،ئەویش لە دیدێکەوە کە ئایندەی مرۆڤایەتی دەگێڕێتەوە بۆ مامەڵەی دوو لایەنە لەنێو وڵاتاندا، بەتایبەتی لەو کێشەو گرفتانەدا کە بە تەنها دەوڵەتێك ناکرێت هەرچەندە خودانی هێزو دەوڵەمەنیش بێت، وێڕایدیدی دیالۆگ کردن لە جێی کێشەو ململانێ، هاوکاری لە جێی خۆپەرستی، دیالۆگی ژیارو تاکەکان لە جێی لێبوردەییان بەبێ جیاوازی لە بواری زاڵبوون بەسەر دەمارگیری، رەتاندن، جیاوازیی رەگەزپەرستی، ئەوەش تاکە رێگەیە بۆ ئایندەیەکی باشتر بۆ مرۆڤایەتی.

(١)ئەقڵ-ئەو حاڵەتانە دەگرێتەوە کە زیاتر میتافیزیکن پێوەرە عەقڵیەکان لەچوارچێوەی مەتریالدا ناتوانن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن (وەرگێڕ).

سەرچاوە/گۆڤاری "دبی الثقافیة"ژمارە ٢٦ی مانگی تەموزی ساڵی ٢٠٠٧.

### پاژی دووەم

# لێبووردەیی وەك نموونەیەكی ئاكاری

## ن/پیتەر ب.نیكۆلسۆن

لەنمایش‌و پێودانگكردنی وتووێژیەكدا سەبارەت بە لێبووردەیی كە بەم دواییە ئەنجامدرا، دوو جیاوازی زۆر گەورە دوچاری شۆكیان كردم:

یەكەمیان/ هەندێك لە هەوڵی ئەوەدان بەبێ لایەنی لە رووی ئاكارییەوە وەسفی بكەن، لەكاتێكدا هەندێكی تر وەك نموونەیەكی ئاكاری ــ ئەخلاقی ـ مامەڵە لەگەڵ لێبووردەییدا دەكەن.

دووهەمیش/ هەندێك وایدەبینن كە پێویستی بەپاساودانێكی بەهێز. هەیە، یان وەك خراپترینی دوو خراپە نەبێت پاساو نادرێت، لەكاتێكدا هەندێكی دی وا دەبینن كە لێبووردەیی یا بەخودی خۆی جۆرو بەكەڵكە، یان مەحاڵە لەشێكی تر جودا بكرێتەوە كە ئەویش خودی خۆی جۆرو بەكەڵكە.دیارە ئەم دوو حاڵەتەش دوو جیاوازیی زۆر قوڵن، كە من لەئاستی چارەسەریاندا بێتوانام، بەڵام ئامانجی من لێنۆڕین‌و وردبوونەوەیە لە نموونەی مەئلوف‌و باوی لێبووردەییە، ئەو نموونەیەی كەلەلایەن كۆمەڵگەكەمانەوە دانی پێدانراوە بەچاوپۆشی لە كەمیی ئەو دان پێدانانە لە رووی ومارەسەوە ئامانجێكی دیكەی من بریتییە لە روونكردنەوەی گریمانەو ناوەڕۆكی ئەم نموونەیە بەجۆرێك كە بابەت‌و كەرەستەیەكی باشتر دەستەبەر بكرێت.

هاوكات داكۆكیش لەو بەڵگەیە دەكەم كە دەڵێت وێڕای بوونی دوو ئاراستەی جیاواز بۆ لێبووردەیی هەردووكیان لەباری پێویستدا پێكەوە گرێدراون،واتە دوو چەمك سەبارەت بە لێبووردەیی لەئارادا نیە

گرنگە لەمبارەیەوە پرسەكان روونبكەینەوە، چونكە شیكارم بۆ لێبووردەیی پڕاوپڕ ئەو رەگەزو پێكهاتانە بەرهەمدەهێنێت كە ئارەزوومەندی بۆ رەچاوكردنی دابەشكردنی دوو چەمكی پۆزەتیڤ‌و نێگەتیڤی لێدەكەوێتەوە لەبارەی ئازادییەوە.

من پێموایە جیاكردنەوەی ئازادی بۆ دوو ئازادیی پۆزەتیڤ‌و نێگەتیڤ (ئەرێ‌و نەرێ) جیاوازیكردنێكی هەڵەیە، چونكە لەوێنەیەكی تایبەتیدا تێگەیشتن لەئازادیی پۆزەتیڤ ساختە دەكات‌و دەیشێوێنی‌و ئاراستەی هەوڵدان بەدووی یەكێتی راستەقینەی ئازادیدا بزر دەكات. من ناخوازم لەئێستادا باسی ئەم مەسەلەیە بكەم. ئەوەی دەمەوێت باس‌و خواسی لەسەر بكەم نەبوونی دوو چەمكە لەبارەی لێبووردەییەوە. مشتومڕەكەیشم ئەوەیە كە لێبووردەیی، ناسراو وەك نموونەیەكی ئاكاری (ئەخلاقی) لایەنێكی پۆزەتیڤیش كە زۆر كەم باسی لێوەكراوە.هەرچی هێزیی ئاكاریی لێبووردەییشە، ئەوا ناتوانین بەتەواوی لێی تێبگەین ئەو كاتە نەبێت كە هەردوو لایەنەكەی پێكەوە وەربگرین.

**زاراوەكە:**

لەزمانی ئینگلیزیدا سێ وشە هەیە :**Toleration** و **Tolerance** و **Tolerationism** . هەندێك نووسەر بەجۆرێك هەوڵی ئەوەیانداوە كە جیاوازی لەنێوان ئەم وشانەدا بكەن كە بتوانن بەهۆیەوە رواڵەت‌و لایەنە جیاوازەكانی لێبووردەیی دیاریبكەن، منیش كە هیچ رێكەوتنێك بەدیناكەم لەبارەی بەركارهێنانیەوە، ئەوا

هاوكات پێشنیارێكی گونجاو و باشیش شك نابەم لەم باسەمدا.بۆ نموونە(كریك **crick**) بۆ كردەی لێبووردەییو مومارەسەكردنی پێشنیاری وشەی (**Toleration**)ی كردوە بۆ وەسفكردنی ئەو بنەما راگەیەنراوەش كە دەڵێت مرۆڤ دەبێ لێبووردە بێت وشەی (**Toleration**)ی دیاریكردووە، بەو تێبینیەی كە وشەی (**Tolerance**) بەپێی مێژوو بەر لە (**Toleration**) هەبووە، پێموایە كە وشەی (**Toleration**) لەبەكارهێنانی رۆژانەو ئاساییدا تەواو مانای كردەی مومارەسەی لێبووردەیی دەگەیەنێ(یان ئەو خواستەی كە مرۆڤ دەیەوێت لێبووردە بێت)، جیاكردنەوەیشی لەبنەمای لێبووردەیی ئاسانترە بەبێ پەنابردنەبەر هەر جۆرە دەربڕینێكی تر.

لەوەش زیاتر، گەر بخوازیت دەربڕینێكی تر بەكاربهێنرێت، ئەوكات (**Tolerationism**) گونجاوتر دەبێت، هەروەك (رافایل **Raphael**)یش تێبینی ئەوەیكردووە.

بۆیە منیش وشەی (**Toleration**) م پێ باشترە بەهەموو فۆرمەكانیەوە، وەك كرداری (**Tolerate**) و ئاوەڵناوی (**Tolerant**) و بكەری ((**Tolerator**)و وشەی (**Tolerance**) بەكارناهێنم.فەرهەنگی (ئۆكسفۆردی ئینگلیزی سەبارەت بە وشەی (**Toleration**) لەهەندێ باردا چەندین مانای بەیەكداچوو لەیەكجیاوا دەهێنێتەوە. لەباری جیاوازیشدا من زیاتر بایەخ بە دەلالەتەكانی (**Toleration**) دەدەم نەك (**Tolerance**).

بەو مانایەش (رافایل) دەنووسێت كە (**Tolerance**) زیاتر باوە. كاتێك مرۆڤ دەیەوێت باس لە موعاناتی یان بەرگری لە پاكێتیو نێگەتیڤی جەستەیی خۆی بكات). (كینگ **king**)یش هەمان تێبینی دەكات، بەڵام پێیوایە دەكرێت پشتگوێ بخرێت)، بەڵام ئەوەی من دەیخەمە بەر باسو لێكۆڵینەوە هیچ جۆرە پەیوەستیەكی بە موعاناتە نێگەتیڤەكانەوە نیە، چونكە لەزۆر باردا(كریك) وشەی (**Tolerance**)ی بەكارهێنا بۆ گەڕانەوە بۆ وزەی كۆمەڵگە لە بەردەوامیدان بەجوداخوازیو نارەزاییو دژایەتی، ئەمەش بەكارهێنانێكی چنراوە، لە شێوە هۆشمەندیەكدا، لەسەر هەمان رەوتی مانای تەكنیكی ئەوەی فەرهەنگی ئۆكسفۆردی ئینگلیزی بۆ (**Tolerance**) هێناویەتی بەو مانایەی (بڕێكی رێگەپێدراوە لە جیاوازبوون)، لەكێشو نەرمو ناسكیی پارچە دراوێكی كانزایی، یان لەدوورخستنەوەی ئامێرێك یان بەشێك.

بیرۆكەكەیش، وەك من لێی تێگەیشتبم، وەك ئەوە وایە كە ئامێرەكە ئیش ناكات گەر تەواو ئامادە نەكرابێت، چونكە ئەو كۆمەڵگەیەی زیادەڕۆیی لەجودابونەوە لە پێوەرو مومارەسەكردنیدا بەڕەوا دەزانێت، ناتوانێت وەك كۆمەڵگە بمێنێتەوە. بێگومان، پرسگەلی سەرنجڕاكێش هەن كە پەیوەستن بە (**Tolerance**)ەوە، لەبارەی ئەو ئاستو پلەیەی كە دەكرێت تیایدا كۆمەڵگەیەك لەئاستی جودابونەوەو ناكۆكیو كێشەكاندا لێبوردە بێت، بەڵام ئەم پرسگەلە زۆر كاروباری زانستیو كۆمەڵایەتی دەگرێتەوە كە لەم وتارەدا باسیان لێوە بكەین.لێبووردەیی دەكرێت لەلایەن تاكو كۆمەڵەكانەوە بەیەكسانی مومارەسە بكرێت. پیاوانو ژنانیش دەكرێت لە ژیانی تایبەتی خۆیاندا لێبووردەبن یان نا، هەمان شت، كەلەبواری گشتیشدا، بەسەر كۆمەڵگەو هەموو گروپە كۆمەڵایەتیو حكومەتو دەوڵەتەكاندا بەرجەستە دەبێت. لێرەدا بابەتەكە تایبەت بە لێبووردەیی سیاسی كورت دەكەمەوە، واتە لێبووردەیی حكومەتو دەوڵەتان وەك لەدەستوورو سیستەمو رێوشوێنە سیاسیەكاندا مومارەسە دەكرێت، لەگۆشەی پەیوەندارییەوە بەڕاوبۆچونو كاروباری تاكو كۆمەڵەكان لەچوارچێوەی یاسادانانو دەسەڵاتەكانیاندا.

**پێناسەیەك**

**کەواتە:چۆن دەتوانین وەك نموونەیەکی ئاکاری پێناسەی لێبووردەیی بکەین؟پێکهاتەکانی ئەم پێناسەیە، کەزۆربەیان لە شرۆڤەکاندا لەبارەی لێبووردەیییەوە هاتوون، ئەمانەن:**

**١.(لادان ـ الانحراف)چونکە ئەوەی چاوپۆشی لێدەکرێت لەئاستیدا لێبووردەیی دەنوێنرێت، لادانێك دەبێت لە بیروباوەڕی کەسی لێبووردەو کردەوەو ئەوەی کە دەبێ بیکات.**

**٢.(گرینگیو بایەخ) چونکە کەسی (لادەر ـ منحرف) کەسێکی بێ نرخ نیە.**

**٣.ناڕازیبوون ـ نا تەبایی) چونکە کەسی لێبووردەلەرووی ئاکارییەوە بە(لادان) رازی نیە.**

**٤.(تواناو دەسەڵات) کەسی لێبووردە تواناو دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە رێگە لە لێبووردەییەکەی بگرێت( یان لایکەمی دژی بێتو لەمپەر بخاتە رێی)**

**٥.(رەتکردنەوە) کەسی لێبووردە، لەهەر حاڵەتێکدا مومارەسەی تواناو دەسەڵاتی خۆی ناکات، بەو پێیەش بواری بەردەوامی بەو لادانە دەدات((من لێرەدا تەعبیری (رەتکردنەوە) لە (قبوڵکردن) بەباشتر دەزانم کە ئەمەی دوایی زیاتر سادەیە))**

**٦.(باشبوون ـ ساڵحبوون) چونکە لێبووردە کارەکەی راستە، خۆیشی بەکەسێکی باش دادەنرێت.**

**ئەم بنەماو راگرانە پێویستییان بە روونکردنەوەی درێژو بەرفراوان هەیە. چونکە زۆر جار وشەی(خۆدوورگرتن ـ النفور) لە بری دەستەواژەی (ناڕازیبوون ـ عدم الموافقە) بەکاردەهێنرێت، چونکە ئەمەیان وادەبینرێت کە پشت بەهۆکاری ئاکاری دەبەستێت، بەڵام (خۆدوورگرتن) وەك هەستێکی نائاکاری نا عەقڵانی تەماشا دەکرێت. لەو بارەیەوە (کرانستۆن) پێیوایە کە ئێمە ئەگەر مانای (خۆدوورگرتن)گشتگیر نەکەین ئەوا پرسگەلێك جیادەکەینەوە، وەك پاکتاوی رەگەزی، بۆیە زیادکردنی (خۆدوورگرتن) دەکرێت گرنگیی خۆی هەبێت لە لێکۆڵینەوەی مێژوویی‌و سۆسیۆلۆژیی لێبووردەییدا، چونکە ئەوکات لێبووردەیی وەك زاراوەیەکی وەسفی دەمێنێتەوە.**

**بەهەرحاڵ، پێناسەی نموونەی ئاکاری دەبێ وشەی (خۆدوورگرتن ـ النفور) وەلابنێتو رافایلیش لەسەر ئەوە سوورە کە بەراستی دەبێ ئێمە نموونەی ئاکاریی لێبووردەیی تەنها لەچوارچێوەی (ناڕازیبوون)دا بمێنینەوە، چونکە لەم کایەیەدا دەبێت حوکم دەربکەینو ئەو بەڵگانە بخەینە روو گۆشەنیگای ئاکاریی لەسەر دامەزراوە.**

**چونکە لێبووردەیی خۆی پرسێکی بڕیاردانی ئاکارییەو زەوقو خواستە ئارەزووییەکانمان هیچ رۆڵێکی ئەوتۆ نابینن، ئەگەر هەر دەشبێت لایەنگیریو هەستە نائاساییو کوتووپڕەکانی خەڵکی بەهەند وەربگیرێت، بە قبوڵو خۆدوورگرتن، لەهەوڵەکاندا بۆ راڤەی لێبووردەییو لێنەبووردەییاندا، ئەم هەستانە هیچ بنچینەیەکی ئاکارییان نیەو ناشتوانن بنچینەیەك بۆ پێگەیەکی ئاکاری پێکبهێنن.**

**بەشێوەیەکی بەرفراوان ئەوە یەکلایی بۆتەوە کە تواناو دەسەڵاتی خودی مەرجێکی پێویستە لەمومارەسەکردنی لێبووردەییدا. چونکە تەنانەت کەسێکی بێتواناو دەسەڵاتیش دەتوانێت ئارەزوو و باوەڕی لێبووردەیی لەلا دروست بێتو مومارەسەیشی بکات گەر دەسەڵاتی بۆ دەستەبەر بێت.**

**لەواقعیشدا، لە بواری رامیاریدا هەموو کەسێك رادەیەك دەسەڵاتی هەیە، چونکە تەنانەت حکومەتیش لەئاستی کەسێك یان کارێکی دیاریکراودا دەبێ لێبووردەیی بنوێنرێت یان نا، ئەوکات هەموو هاوڵاتیەك دەتوانێت بڕیاری**

ئەوە بدات کە ئاخۆ لەگەڵ یاسایەکی لەو جۆرەدایەو حەز بە جێبەجێکردنی دەکات، واتە: لەسنورێکی دیاریکراودا، دەتوانێت لێبووردە نەبێت لەو بوارانەدا کە یاسا داوای لێبووردەییان تێدا دەکاتو بەپێچەوانەشەوە.بۆیە گەر ژمارەیەکی گونجاو ئەو یاسایەو پراکتیزەکردنیان رەتکردەوە، ئەوکات دەشێت هەژموونی دەسەڵات بکەوێتە ژێرباری بەرتەسکبوونەوەیەکی لەبەرچاو.

دەسەڵاتو توانستی لێبووردەییش، تاڕادەیەکی زۆر لەنێوان حکومەتو رەعیەتا دابەشکراون، ئەمەش لەو خاڵە سەرەکیەدا کە دەسەڵات مەرجێکی پێشوەختە بۆ رەتکردنەوەی ئەوانی دی هیچ کاریگەریەکی نابێت. قەیرانی لۆژیکیش، گەر بخوازین بە وردی باسی لێوە بکەین، ئەوەیە لە راوبۆچوونو شاردنەوەیاندا بە وردی لێبووردەیی نیە، بگرە لە تەعبیرکردن لەراوبۆچوونەکانیشدا، بەو هۆیەی هەر ئەمەی دوایی دەکەوێتە چوارچێوەی دەسەڵاتی خەڵکی لەرەتکردنەوەو نەکردنەوەدا.

پێکهاتەی شەشەمیش کەلە هەموو ئەوانی تر زیاتر مایەی جیاوازیو ناکۆکیە، هاوکات ئەمەیشیان ئاڵۆزە، چونکە(لێبووردەیی) بەشێکە لە فەرهەنگی ئاکاریمانو هەرتەنها چەمکێکی ئاکاری نیە بەو مانایەی بەرجەستەمکردنی بەسەر کارێکی ئاکاریی وەك (بەرپرسیارێتی) بۆ نموونە، بەڵکو هاوکات چەمکێکی ئاکاریە بەمانایەکی بەرتەسکتر وەك لە (جەربەزەیی ــ ئازایەتی)دایە، واتە وەك چاکەیەك.

لێبووردەیی، وەك نموونەیەکی ئاکاری لە رووی بەهاکانەوە ناتوانێت لایەنگیری بێت، هەر بەو هۆیەشەوەیە کە دەبێ لەچەمکی وەسفی لێبووردەیی جودای بکەینەوە کە ئەمەی دوایی لەرووی بەهاییەوە دەتوانێت لایەنگیر بێت، بەڵکو دەبێت هەر وایش بێت.

هەریەك لە (کینگ، کریك)یش لەهەندێ باردا لێبووردەییو لێنەبووردەیی بە وەسفی پێناسە دەکەنو دەڵێن هەردووکیان (لەخودی خۆیاندا نە باشنو نە خراپیش). واتە خەڵکی دەتوانن لەشتێکدا لێبووردەبن کە دەبێ لێبووردە نەبن تیایداو بەپێچەوانەیشەوە، بەڵام (لۆکس) لەسەر ئەم بنچینەیەی لایخوارەوە مەسەلەکە دیاری دەکات.

مادەمەکی وەسفکراو بەهایە، ئەوکات چەمکی وەسفی بۆ لێبووردەیی ناتوانێت لەکۆبەهاکان ئازاد بێت، چونکە ئەو کەسەی لێبووردەیی دەنوێنێت ناڕەزاییەکەی لە رووی ئاکاریەوە پاساو دەدات بەوەی کە مافی هەیە بەو پێیە مامەڵە بکات گەر بیەوێت: ئەو نەك هەر تواناو دەسەڵات، بەڵکو سەرپشکیو بڕیاری پیادەکردنیشی هەیە. لەوەش زیاتر، لۆکس پێیوایە کە وەسفکردنی یەکێك بەوەی کە لێبووردەیە، لەحاڵەتە ئاساییەکاندا، ئەوە دەبێتە راگەیاندنێك بۆ مافی خۆی لەدەرکردنی بڕیارەکاندا، لەنەریتی لۆکسدا لێبووردەیی وەك چەمکێکی وەسفیو سۆسیۆلۆژی دەردەکەوێت. لای ئەو، ئەو بەهایانەی لای کەسێك هەن پەیوەستن بەو حاڵەتانەی ئەم کەسە لە ئاستیاندا لێبووردەیی دەنوێنێت، بەڵام بەشەرعیەت دانانی هەموو بەهاکان بەشێوەیەکی یەکسان، لێبووردەیی لەرووی بەهاییەوە دەکاتە لایەنگیر.

بیروباوەڕە ئاکارییەکان کە لێبووردەیی لەگەڵیاندا تەباو هەماهەنگە، پشت بە پێوەرە دەقییەکان دەبەستن، هەرچی جیاوازیشە لەنێوان بەهاکانو ئەوەی کە دەکرێت لێبووردەییان لەئاستدا بنوێنرێت، ئەوەیە کە دەبێ وەك سۆسیۆلۆژیا شرۆڤەیان بکرێت نەك حوکمیان لەبارەوە دەربکرێت.

دیـاره مـن نكـوڵیم لەخاڵـه دیارەكـانی گۆشـەنیگای لـۆكس نیـه، مەبەستیـشم لەخـستنه روویـان جیاكردنـەوەی هەردوو چەمكی وەسفیو ئاكاریی لێبووردەییه.. دەبـێ ئامـاژەو سـەرنج بـۆ دوو جیـاوازی رابكێشین.یەكـەمیان، ئەگەر لەرووی ئاكارییەوە دروست بێت: لای لۆكس پشتبەسته بەسیاقێكی كۆمەڵایەتی، چونكه نموونـەی ئاكـاری پرسـیارێكی دوور دەوروژێنێـت لـەبارەی ئـەوەوە كـە بیروبـاوەڕە ئاكارییـەكان لەكۆمەڵگەیـەك، یـان بەشـێك لەكۆمەڵگەیەكدا راستو دروستبن.

دووهـەمیش، ئەگـەر هـەبێت، لای لـۆكس مافێكـە رێگـە بـەمرۆڤ دەدات لێبـوورده نـەبێت، دیـاره لێبـوورده لـەم حاڵەتـە دەردەچێت، لەبەرامبەریـشدا مافێك نـەبووە كـە مـرۆڤ لێبـووردەیی هـەبێت، چـونكه كـاركردن بـەپێی نموونەی ئاكاری كەدەڵێت لێبووردەیی ئەركە، ئیدی ئەو مافه ناهێڵێت كه مرۆڤ لێبـورده نـەبێت، هـەروەها ئـەو مافەش دەستەبەر دەبێت كه رێدەدات به مرۆڤ لێبووردە بێت.بـەكورتی لێبـووردەیی بریتییـه لـەوەی كـە مـرۆڤ دەستنەخاتە كارو راوبۆچونی كەسانی تر،ئەگەرچی ئـەو راوبۆچـونو كارانـەیش جیـاوازبن كـە كەسـی لێبـووردە بەلایـەوە گـرنگن، بـەجۆرێك كەلـەرووی ئاكارییـەوە ئەوانـەی بەرامبـەری بەدڵنـەبێت.لێنـەبووردەیش كـە پێچەوانەی لێبووردەییـه، شـتێكی هێنـده روونـه كـه رەنگـه شـرۆڤەكردن نـەخوازێت، بـەڵام كریـك بـۆ نموونـە: دەنووسـێت (گوێنـەدان، بێدەربەسـتی) پێـچەوانەی لێبووردەییـەو قبـوڵكردنی تـەواویش پێـچەوانەی لێنەبووردەییه. ئەوەی راستیشه ئەوەیه كاتێك بێدەربەستیو گوێپێنەدان یان قبـوڵكردن دێنـه كایـەوە، ئـەوكات مەسەلەی لێبووردەیی وەلا دەچێت، بەڵام مەرجی یەكو دوو، یان هەردووكیان پێكـەوە دەسـتەبەر نـابن، ئەگـەر دەسـتەبەریش بـوونو وەڵامیـان دایـەوە، هـەر لێنـەبووردەیی دەبێتـه پەرچـەكرداری پێچەوانەی لێبـووردەیی: خراپەیەكە، كەتیایدا مرۆڤ دەسەڵاتی خۆی بەگەڕدەخات لەدەستووردان لـه راوبۆچوونو كاروبـاری خەڵكیـدا، ئەوانەی كە راوبۆچوونو كارەكانیان بەجۆرێك لەگەڵ ئەمدا جیاوازەكە لەرووی ئاكارییەوە لەبەر دڵی نیه.

له عورفی مندا سیمای سەنتەریی بابەتەكە لەو وتەزایەدایه كه لێبووردەیی باشو دروسته، هـەمووشمان لەسـەر ئەم حاڵەته تەبا نین، چونكه هەندێك پێیان وایه كه لێبووردەیی بەپێی هەلومەرج دەكرێت باش دروسـت بێـت یان نا. ئەوانەیش وادەبینن كه لێبـووردەیی شـتێكی بـاشو جـۆره ـــ لەهـەموویان لەهەنـدێ بـاردا ـــ ئـەوانیش لەبارەی هۆكاری ئەم باشو دروستیەوە ناكۆكن، ئەوەی لەبەشی دووهەمیـشدا روانینـی بـۆ دەكرێـت، یەكێكـه لـه هێڵەكانی بیركردنەوە كه باشیو دروستیی لێبووردەیی باس دەكات، ئەمیش له رووی جەوهەرییـەوە، مـشتومڕی دژ بـەوە دەكات كـە مـرۆڤ لێبـوورده نـەبێت، چـونكه لێبـووردەیی لـەم گۆشـەنیگایەوە ئەگـەری بەباشـترزانینی لێـدەكرێت بـەهۆی قورسـایی ئـەو رەگەزانـەوە كـە لێنەبووردەییـه. دواتـر هێڵـی پـۆزەتیڤی لێبـووردەیی نمـایش دەكرێت، كه ئەمەیان هۆكاری راستەوخۆ بۆ ئاراستەگیری بەرەو خودی لێبووردەیی دەستەبەر دەكات. دواتریش، هـەوڵی خـستنەڕووی ئـەوەی دەدەیـن كـە چـۆن دەبـێ ئـەم دوو هێڵـەی لێبـووردەیی پێكـەوە وەربگـرین، لـەرێی وتووێژكردنی(مناقشه) ئەم پرسیارەوە: ئایا لێبووردەیی ئازادیی كەسی لێبووردە بەرتەسك دەكاتەوە؟دواجاریش سنورەكانی لێبووردەیی تاقیدەكەمەوە.

## تێزی نێگەتیڤی لێبووردەیی

رەنگه كەسی لێبوورده رووبەڕووی رایەك یان كارێك بێتەوە كه بەهەڵەی بزانێت، ئەم راو كاره هەڵەیـەش هـەر تەنها بەلایەن خۆیەوە مایەی نابەدڵی نیه، بەڵكو پێی وادەبێ هەڵەیه هەر كەسێك بیانكات. مادامەكی ئەو رایـه

یـان ئـەو کـارە هەڵـەن، گریمانـەی دروسـتی ڕێگـرتن و قەدەغـەکردنیان ڕەوا دەبێـت، دواتـریش ڕاگرتنـی بیرۆکـە هەڵەکان و ڕێگرن لە بڵاوبونەوەو دووبارەبوونەوەیان. کەواتە، لەم حاڵەتەدا ئەو بەڵگانە کامەن کـە دەبنـە هـۆی هاتنە ئارای وازهێنان لەوەو خۆگرتن لەسەر هەڵوێستی لێبووردەیی.

لەزۆر باردا ئەم هۆکارە نێگەتیڤانە دەهێنرێنەوە:

یەکەم/ڕەنگە مەسەلەی ڕێگرتن و نەهێشتنی هەڵە خەرجی زۆر بخوازێت لە رووی ماددیو بەها ئاکارییەکانەوە. چونکە ڕەنگە چەوساندنەوەی ئاینـەکان و ئایدیۆلۆژیـە سیاسیەکان ببێتـە هۆکـارو لەمپـەری گەشـەی ئـابووریو نائارامی لـە کیـانی سیسـتەمە سیاسـیەکاندا، ئـەو یاسایانەش کـە هەنـدێك کـردەی سێکسیو بـەرکاهێنانی مـادە بێهۆشـکەرەکان دەخاتـە بازنـەی تاوانـەوە، بـەبێ پێـشێلکاری لەبەرچـاو لـەژیانی تایبـەتی خەڵکیـدا پراکتیـزە ناکرێت. هەوڵەکانیش بـۆ نەهێـشتنی ناهەمواریـەکانی داوێنپیـسیش لەلایـەکی تـرەوە توندوتیژییـەکی سێکـسی گـەورەتر لـەدژی ژنـان دەوروژێنـێ، کەلـە خـودی داوێـن پیـسیەکە خـراپتر دەبێـت.هـەروەها کاتێـك فرۆشـتنی شـتەگەلێکی داواکـراو لەلایـەن خەڵکـەوە قەدەغـە دەکرێـت، وەك مـەیو وێنـەو نووسـینە رووتو سێکـسیەکان، مەترسیی دەرکەوتنی کەسانێك دێتە ئارا کە بەشێوازێکی نـا شـەرعی کەموکورتیـەکانیان پڕبکەنـەوە، هـەروەك ڕەنگە ببێتە هۆی هاندانی تاوانی ڕێکخراوەیی.

بەمجۆرەش سیستمی کۆنترۆڵکردن دەبێ دەسەڵاتی بداتە کەسێك، یان دەستەیەك بـۆ بڕیـاردان لـەوەی کـە دەبـێ لێبووردەیی لە ئاستدا بنوێنرێـت یـان نـەنوێنرێت، بـەوەش هـەردەبێ لـەڕێی هەڵـەکردن و کـەموکورتیو خـراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەوە مەترسیی تر بهێنرێتە ئارا.

دووهەم/ڕەنگە ئـەزموون و مومارەسـە ئـەوە بـسەلمێنێت کـە لەڕیشەهەڵکێـشانی راوبووچـون و ڕێگـرتن لـەکارێك کەبەهەڵە دابنرێت مەسەلەیەکی زۆر دژوار بێت. چونکە گـەر مەبەسـتەکە لـەوە بێـت ئـەوا ڕەنگـە لێبـووردەیی ببێتە هۆکارێکی تر لەئاستی ئـەم دوو حاڵەتـەو هاوکاتیش لـەڕێی دژە هەڵمەتـەوە بتوانرێت قەڵاچۆ بکرێـت. بۆیە لەبری ئەوەی ناچاریان بکـەیت بـەکاری نهێنـی، بـەجۆرێك کـە هـەردوو حاڵەتەکە وەك خۆیـان بمێننـەوە بێئەوەی پەردەیان لەرووی هەڵبدرێتەوە، باشتر وایە کە راشکاوانە روو بە روویان ببینـەوەو قەناعـەت بەخـەڵك بهێنین کە دەبێ ڕەفزی ئەم راو بۆچوونە بکەن و ئەو کارەش نەکەن.

سێهەم/ ڕەنگـە بـوترێ بیروبـاوەڕو پاڵنـەرەکان لـە مـەودای یاسـا، حکزمەتـەکان دەتواننخـەڵکی ناچـاربکەن بەوەرگرتنی بیرو باوەڕێکی دیاریکراو، بەڵام ناتوانن ناچاریان بکەن بەقبوڵکردنی ئەو بیروباوەڕەو وازهێنانیـان لـە بـیرو بـاوەڕە راستەقینەکانیان. دەتـوانن بەرێگەیـەك لـە ڕێگـەکان وایـان لێبکـەن هەڵسوکەوت بکـەن، بـەڵام ناتوانن لەڕێی پاڵنەرێکی دروستەوە ئەو هەڵسوکەوتەیان پێ بنوێنن.

بەمجۆرە بەپێی هێڵی نێگەتیف لەبیرکردنـەوەدا، لێنـەبووردەیی زۆرمـان لەسـەر دەکـەوێت، وەك ئـەوەی شـتێکی ناکـارا بێـت، وێـڕای مـەحاڵبوونی لـەدوای سـنوورێکی دیـاریکراو، دواجـار، دەکرێـت تـەواوی پرسـەکە بگـۆڕین و پرسیارەکە بەمجۆرە بکەین: مادام راو بۆچوون و کارەکان لەرووی کۆمەڵایەتیەوە زیانیان نەبێت، چ هۆکارێـك وا دەکات لە ئاستیاندا لێبووردە نەبین؟

بـەڕوانین بـۆ ئـەم پرسـە لەلایـەنێکی نێگەتیڤـەوە، لێبـووردەیی وەك کـارێکی نـاجۆر دەبێـت، ئـەویش پڕاوپـڕ کردنەوەی بوار دەبێت بۆ رایی بوونی راوبۆچوون و کارە هەڵەکان، نـەك وەك خواسـتێك بـۆ ئـەو حاڵەتـە بـەڵکو

لەبەر ئەوەی خواستی لێنەبووردەیی کەمترو نزمترە، لێبووردەیی لەم گۆشەیەوە، بریتی دەبێت لە ڕێکخستنی کارە لەپێشینەکان(الاولویات)، وەك (کینگ) پێشنیاری ئەوە دەکاتو لای (بیری باربر) یش هەڵوێستێکی ژیرانەیە، یان (کۆمەڵێك ئەڵتارناتیفی کاتیو جۆرن بۆ هەسارەیەکی چڕوپڕ لە دانیشتوانو پلەی گەرما بەرز بوو) وەك (فۆرستر) وادەبینێت.(٢)

ئەگەر دوو نموونە لە نموونەکانی(کینگ) وەربگرین، ڕەنگە مرۆڤ لێبووردە بێت لەئاستی ئاینێکدا کە دژی ئەوە لە وڵاتی خۆیدا، لەپێناوی ئەوەدا کە مۆدێلێك بهێنێتە ئارا تاکو بکرێتە پێشەنگو لەئاستی ئاینەکەدا لە وڵاتانی دیکەدا مامەڵەی پێبکرێت، یاخود مرۆڤ ڕەنگە لەئاستی کۆمۆنیزمدا لێبووردە بێت، چونکە تەك پێهەڵچنین یان ڕاستکردنەوەی بنچەینەیی زۆر دەخوازێت کە هەڵگری مەترسی زۆرن لە خودی خۆیاندا، بەڵام کاری لەپێشینە بەپێی ئەم بۆچوونە، لەتاکە کارێکی لەپێشینەدا چڕدەبێتەوە. ئەگەر هەلومەرجو بارودۆخ گۆڕاو توانرا تەنگ بەئاینی دژ کۆمۆنیزم هەڵبچێنرێت بەبێ سەرهەڵدانی دەرەنجامی لاوەکیی خراپ، بێگومان مرۆڤ ئەو کارە دەکات، بەهەمان مانا، ئیدی مرۆڤ داوای لێبووردەیی لێناکرێت لە ئاستی ڕاوبۆچوونو کاری هیچ کەمینەیەکدا کە دەکرێت بەئاسانی بەتەواوی شوناسی دیاری بکرێت: بچووكو بێنرخ لە ڕووی ئابووریو بێهێز، لەگەڵ ئەوەشدا شتی زۆر لەوەش گەورەتر دەمێنێت کە دەبێ لێبووردەییان لەئاستدا بنوێنین، ئەمەش لەم باسەی تردا ڕوون دەبێتەوە.

## تێزی پۆزەتیڤی لێبووردەیی

تێزی پۆزەتیڤی لێبووردەیی بارێکی دیکەی هەیە، لێرەدا ئەگەر لێبووردەیی خۆی باشبێتو هۆکاری پۆزەیتیڤیشی لەدواوە بوو، ئەوکات پێویست بە بیرکردنەوەی لەو جۆرە ناکات کە شتێکمان کردبێت حەزمان بەکردنی نەکردبێت، بەڵام گفتوگۆ چۆن بکەین بۆ سەلماندنی ئەوەی کە لێبووردەیی باشو دروستە. دوو گروپ هۆکار هەن بڕیاری ئەوە دەدەن کە لێبووردەیی لەڕووی پاساو هێنانەوە باشو دروستە یان بەشێکە لە هەموو باشو دروستێکی گەورەتر، یاخود لەلایەکی ترەوە کە لێبووردەیی لەخودی خۆیو ناوەوەیدا باشو دروست دانرابێت.

لەگۆشەنیگای یەکەمەوە لێبووردەیی باشو دروست دەردەکەوێت، یان لەبەرئەوەی هۆکارێکی پێویستە بۆ شتێکی تری باشو دروست لە خودی خۆیو لەناوەڕۆکیداو مەرجێکیشی یا بەشێکە لە هەموو باشو دروستی باڵاتر.

ڕەنگە ئەم شتە باشو دروستە لەخودو ناوەڕۆکدا بریتیبێت لە ئازادی، دادپەروەری، مەدەنیەت، ڕاستگۆیی یان کۆی هەموو ئەم چەمکانە پێکەوە، لەو بارەیەوە(ڕافایل) دەنووسێت کە لێبووردەیی بەهایەکی پۆزەتیڤی هەیە چونکە بەشدارە لە بەهێزکردنی ئازادیدا، ئەویش کە داکۆکی لە لێبووردەیی دەکات لەبەر ئەوەیە کە بواری بۆ ئازادی ڕەخساندووە، هاوکات داکۆکیش لە ئازادی دەکات کە بوار بۆ گەل دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی چی بەباش دەزانێت بیکات.

(ڕۆلز)یش لەلایەن خۆیەوە، وەك بەشێك لە دادپەروەری مامەڵە لەتەك لێبووردەیدا دەکات، بەجۆرێك کەبنەماکانی دادپەروەری ماناو ڕۆڵ بە لێبووردەیی دەدات. هەموو کەسێك مافی خۆی هەیە لە لێبووردەییدا بەیەکسانی لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا کە هەمان مافیان هەیە، هیچ کەسیش ناتوانێت لێبووردەیی بەسەر

راوبۆچوون و کارەکانی خۆیدا کورت بکاتەوە، بەجۆرێك نکوڵی لەوە بکات کە خەڵکانی تریش بگرێتەوە و هاوکاتیش ئەم حوکمەی بەراست و دادپەروەرانە دابنێت.[٣] .

بیرمەندانی تریش، لەوانە (ج.س میل) بۆ نموونە: بەجۆرێك داکۆکی لە لێبووردەیی دەکەن کە بەپێویستی دەزانن بۆ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و پەرەسەندنی شارستانەیت لە هەردوو باری تەکنیکی و ئاکاریەوە. هەریەك لەم بیرۆکانەیش دیدێکی پۆزەتیڤانەیان بۆ لێبووردەیی هەیە، چونکە ئەو بەڵگانەی کە هەڵگرتنی راستەوخۆ لێبووردەیی دەخوازێت، بەڵام ئەم بیرۆکانە سنووری ئەوتۆیان هەیە کە دەبنە هەڕەشە بۆیە بورتەسککردنەوەی لێبووردەیی بەسەر رووداوێك یان بەسەر جۆرێك لەبەهایەکی تر. لەوەشدا بێتوانایە کە وەك نموونەییەکی ئاکاریی سەربەخۆ بڕوانێتە لێبووردەیی و هاوکاریی دیاری ئاکاریی بەهەند وەربگرێت.

گۆشە نیگای دووهەم، تێزێکی پۆزەتیڤانەی بەهێزتری هەیە، کە تیایدا لێبووردەیی هێند باش و دروست دەردەکەوێت کە لەهەموو باش و دروستێکی تر جودا بکرێتەوە کاتێ: مرۆڤ خۆی لەبەردەم ئەوەدا دەبینێتەوە کە دەبێ ئاگاداری بیرۆکەی خەڵکانی تر بێت کە لە فۆرمەکانی ژیانیاندان، ئەوکات ئەم مرۆڤە فێربوون و رۆشنبیرکردنی خۆی پێسپێردراوە .

ئەو، بەم حاڵەتە، پێی رادەگەیەنرێت کە هەندێك ئاکارداری و هەندێك مامەڵەی هۆکارو نێوەند ئاکاریان لە رووی ئاکارییەوە، لەدوتوێی پێدانی بایەخێکی گەرموگوڕدایە بەراو بۆچوونەکانیان.

هەرچی نەکردنی ئەم کارەیشە لەگەڵ داخوازی بە بایەخدانی جدی بەڕاوبۆچوونەکانی خودی خۆیشی، ئەوە خۆپەرستیش دەگوزەرێنی و شەڕێکی ناڕەوایە بۆ بەدەستهێنانی ودەو (ئیمتیازات)، ئەم حاڵەتە بێڕێزیی کەسێتی مرۆڤایەتی و بێئاکاریە بە تەواوی مانای ئەم وشەیە.

جارێکی تریش، دەبێ لەو هزرانە تێبگەین کە رەنگە نامۆو نەویستراوو بگرە شەڕەنگێزیش دەربکەون، بەڵام مافی داخوازیی ئاگادار بوونی ئێمە یان هەیە چونکە خۆیشیان بیروباوەڕگەلێکی رەگوڕیشە قووڵن لای خاوەنەکانیان وەك مرۆڤ....

کەواتە نموونەی ئاکاریی لێبووردەیی ناخوازێت کەسی لێبووردە دان بەوەدا بنێت ئەو بیروڕایانەی کەلەگەڵیاندا تەبا نیە رەواو جۆرن، بەڵکو داوای ئەوەی لێدەکرێت کە رێز لە هەڵگرانی ئەو بیرو رایانە بگرێت و وەك نێوەندگەلێکی عەقڵانی و ئاکاری مامەڵەیان لەگەڵدا بکات کە بتوانێت پیلەکە (مناقەشە)ی گۆشەنیگاکانیان بکات و بەڵکو رەتیشیان بکاتەوە، یان وەك خەڵکانێك بتوانن لەرێی بنچینە عەقڵانیەکانەوە گۆڕانکاری لە هزریاندا بەرپا بکەن.

بێگومان رەنگە وەبەرگرتنی هەڵوێستی لەو جۆرە مرۆڤ هانبدات بۆ وردبونەوە لەراو بۆچوونەکانی خۆی و گەیشتن بە دەرك کردنێکی باڵاتری ماناو ناوەڕۆکەکانی، ئەوەش رەنگە بیگەیەنێتە ئەنجامدانی هەندێك پەرەسەندن و راستکردنەوەو رەتکردنەوەی هەندێك یان هەموویان، یان لەبەرامبەردا مکوڕ و بەهێزکردنیان.

ئەمەش بەلای ئەوەوە بەئاسەوارێکی لاوەکیی دەمێنێتەوە لە بارەی بەهای ئاکاریی نێوخۆی لێبووردەیی.

گەر لەم گۆشە نیگا پۆزەتیڤەوەو بەتایبەتی بەپێی دەستەواژەی دووهەم، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لێبووردەیی لەخودی خۆیدا باش و دروستە، ئێمە لەبەر ئەوە لێبووردە نین، کە ناتوانین خۆمانی لێلابدەین، بەڵکو باوەڕمان وایە کە لێبووردەیی دروست و ویستراوە. بۆیە لەبری ئەوەی سروودی بەباڵادا بڵێین، دەبێ

بەنیازەوە بەدوویدا بگەڕێین، چونکە لێبووردەیی خواستی دووهەمو ئەو خراپە نیە کە نەتوانین لەدەستی قوتار بین، ئەو بارەگرانەش نیە کە ناچاربین لەپێناوی ئاشتیو ئارامیدا لە ئەستۆی بگرین، بەڵکو باشیەکی پۆزەتیڤو چاکەیەکە نیشانەی باشترین کەسو کۆمەڵگەکانە.

## لێبووردەییو ئازادیی

هەروەك لەسەرەتاوە وتم، نامەوێ ئەوە بسەلمێنم کە هەردوو لایەنەکەی لێبووردەیی دوو چەمکی جیاوازو لەیەکجیان لەبارەی لێبووردەییەوەو هەردوو کیشیان پێچەوانەی یەکترنو دەبێ یەکێکیان هەڵبژێرین.

ئەوەی کە باسیشم لێوەکردووە رەنگە راڤەیەکی لەمجۆرەی لێبخوێندرێتەوە، پێموایە کاتی ئەوە هاتووە شرۆڤەی ئەو هۆیە بکەم کە ئەم بۆچوونەی لایخوارەوەم لەلا دروست دەکات. هەرچەندە لایەنی پۆزەتیڤی لێبووردەیی لەزۆر رووەوە پێچەوانەی لایەنە نێگەتیڤەکەیەتی، بەڵام هەردوو لایەنەکەش تەواوکارن بەجۆرێك کە دەبێ وەك یەکێتی هەردوولایەنەکە لە نموونەی ئاکاریی لێبووردەیی تێیبگەین، هیوادارم لە روونکردنەوەی ئەوەدا سەرکەوتووبم لەرێی ئەو پرسیارەوە کە ئاخۆ لێبووردەیی ئازادیی مرۆڤ بەرتەسك دەکاتەوە.لەسەرەتاوە وا دەردەکەوێت کە لێبووردەیی شتێك لە دەستچوونی ئازادی لەخۆ بگرێت، چونکە کەسی لێبووردە، وەك پێناسە کراوە، ئازادە لەوەی ناڕەزایی خۆی بخاتە چوارچێوەی جێبەجێکردنەوە، بۆیە کاتێك بڕیار دەدات ئەو دەسەڵاتەی بەگەڕ نەخات، ئەوکات دەستەبەرداری ئەم ئازادیە دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، باسکردنی چەند (مواصفات)ێك حاڵەتێکی پێویست دەبێت، چونکە لەزۆر حاڵەتدا کەسی لێبووردە ئەو بڕیارو توانایە بۆ خۆی دەهێڵێتەوە کە هەر کات بخوازێت لێبووردەییەکەی راگرێتو دواجار بگەڕێتەوە سەر مومارەسەی دەسەڵاتی خۆی( باسمان لەیەکێك لە حاڵەتە جیاوازەکان کرد) بەڵکو کەسی لێبووردە دەکرێت مافی شەرعیی هەبێت لەوەدا کە لێبووردە نەبێت، بەوەش لەو کەسە دەچێت کە واز لەبەکارهێنانی مافی خۆی دێنێت تاکو بوارو هەلی لێبوردەیی بۆ کەسانی تر برەخسێنێت کە خۆی پێشتر دەستەبەرداری بوو بوو، لەم مانایەدا کەسی لێبووردە وەك پێشووتر بەئازادی دەمێنێتەوە.

کاتێکیش لەگۆشە نیگایەکی ئاکارییەوە دەڕوانینە پرسەکە، پێدەچێت پێگەی کەسی لێبووردە جیاواز بێت، بەڵام دواجار وەك خۆی دەمێنێتەوە. مادام لێبووردەیی شتێکی رەوایە، کەواتە لێبووردەبوونی مرۆڤ دەبێتە ئەرك(چ لەئاستی خۆیدا بێت یان لەئاستی کەسانی تردا) بۆیە کەسی لێبووردە مافی ئاکاریی نابێت لەوەدا کە لێبووردە نەبێتو ئازادیش نیە کە لەلێبووردەییەکەی پەشیمان بێتەوە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە بە لێبووردەیی ئیدی ئازادیی بەرتەسك دەبێتەوە، ئەوەش سووكو ئاسان، گەر بخوازین بەپێی ئاکار بدوێین، لەبەر ئەوەیە کە مرۆڤ بۆخۆی ئازاد نیە، چونکە لێبووردەیی هێند ئەرکە کە ناکرێت پرسی ئازادی بهێنیتە ئارا بۆ مومارەسەکردنی یان نەکردنی.

لە(مواصفات)ی تریش ئەوەیە کاتێ مرۆڤ رازی دەبێت بەوەی کە لێبووردە بێت، ئیتر بەوە کۆتو بەند ناخاتە بەر ئازادیەکەی، چونکە ئەو حکومەتەی کە یاساو رێساو سیستمگەلی لێبووردە دادەنێتو ئەوانەیش کە بەو حکومەتەو کارەکانی رازی دەبنو ئەوانیش کە دادپەروەریی یاساو سیستمەکان قبوڵ دەکەن، هەموو ئەوانە کۆتو بەندی شیاو دەخەنە سەر مومارەسەی دەسەڵاتەکانیان. من پێموایە ئەوەی لێرەدا حیسابی بۆ دەکرێت، ئەوەیە کە نموونەی ئاکاریی لێبووردەیی، مرۆڤ وا لێدەکات ئازادانەو ژیرانە لێبووردە بێت، چونکە ئەو ئاتاج

بەوە نیە بخرێتە جێی کەسێکی دۆڕاوی ملکەچو ناچار بەحوکمی داگیرکەر، بەمانا)هۆبزییەکەی، کە بەناچاری لە لێبووردەیی رازی بێت بەو هۆیەی حاڵەتێکی تر شك نابات. لەبەرامبەریشدا دەتوانێت لێبووردەیی وەبەر بگرێت بەو بڕوایەی شتێکی دروستەو ئەمیش چالاکانە هەوڵی بۆ دەدات.

ئەمەش بەرەو دوا (مواصفە) پەلکێشم دەکات، ئەویش ئەوەیە کە ئەو مرۆڤەی بە ویستو ئازادیی خۆی دەگات بە لێبووردەیی، لەوەش دەگات کە چۆن لێبووردەیی دەبێتە چاکەیەکی ئاکاریی، واتە ئەوەی دەتوانێت لەلایەن پۆزەتیڤەوە ببینێت، ئەو کەسە دەتوانێت لەوە بگات کە ئازادییەکەی بەرفراوانتر بووە. لەوەش دوورترو قووڵتر دەرککردنێتی بەوەی کە ئازادییەکەی لەسەر حیسابی دابەزینی ئازادیگەلێکی رەسەن نەبووە کە دوچاری سڕینەوە هێنرابن، چونکە ئەو لەم حاڵەتەدا ئازادیەکەی پێشووی بەو ئازادیە نوێیە ناگۆڕێتەوە کە بەهۆیەوە فیکرەکانی خۆی لەدژی رای بەرامبەرەکانی تاقیدەکاتەوە. بەکپکردنی ئەم رایانە، چونکە دانانی کۆتوبەند لەلایەن مرۆڤەوە بەسەر خۆیدا بەشێکی پێویستە لەوەی کە ببێتە کەسێکی لێبوورده کە رەگەزێکە لەپێکهاتەی ئازادییەکەی. لەبەر ئەوەی رەنگە ئەوەی سەرەوە وتەزایەکی هێند دوو فاق بێت کە بگاتە حاڵەتی ناڕوونیی نەویستراو، ئەفسونکاری .. چ نابێت گەر نموونەیەکی تر بهێنینەوە.

کاتێك یەکێك لە ئەلقەیەکی وانە خوێندندا بابەتێك دەخاتە بەردەست، دەبێ هەندێك لەو کۆتو بەندانە قبوڵبکات کە دەخرێتە سەر هەڵسوکەوتی، مادامەکی رازییە بەوەی نەریتەکانی رەوشت پوختی حوکمی بەسەردا بکەنو بە پۆلێنە باوەکانی بەڵگە دروستو باشو گۆڕاوەکانیش رازیە، وێڕای رێگەدان بە کەسانی تر بەقسەکردنو گوێگرتن لێیانو بەدواداچوونی وتەکانیانو .......هتد. جا لەبەر ئەوەی تێزەکەی بخرێتە بازنەی وتوێژەوە(مناقەشە)، دەبێ ئاگاداری یاساو سیستمە کارپێکراوەکان بێت، هەموو ئەمانەش بێگومان نابنە هۆی کۆتکردنی ئازادییەکەی، مادام حەزبە پێشکەوتنێکی سیستماتیك دەکات، بەجۆرێك کە بوار بەهیچ کەسێك نەدات ــ تەنانەت خۆیشی ــ بەئارەزووی خۆیو هەرکات بخوازێت چی دەوێت بیڵێت.

کەواتە، ئەوەی ئەو ئارەزووی لێیەتی گەشەکردنی سیستماتیکاریە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کۆتو بەندەکانی سەرخۆیو ئەوانی تریش لەپێکهاتەی ئازادییەکەین.

ئەم هێڵە بەشێوەیەکی روونتر بەسەر پرسگەلێکی گشتگیرتردا راستو دروست دەبێت کە بوارەکانی ئازادیو یاساو دەوڵەت دەگرێتەوە، چونکە ئەوە باوە کە( ئازادی) لەدەرەوەی یاساو دەوڵەتو سەربەخۆ لەو دوانە، تەنها وەهمێکەو بەس. بەهەمان مانایش، گەر لەگۆشەیەکی ئاکارییەوە قسەمان کرد، دەبینێت بیرۆکەی کۆمەڵگە بەبێ لێبووردەیی بیرۆکەیەکی پووچە.

هاوکات بەئاسانی دان بەوەدا دەنێم، ئەمەیان پێشتر شاراوە بووەو باس نەکراوە، لێبووردەیی ئازادیی کەسێك بەرتەسك دەکاتەوە کە بەناچاریو بەزۆر وایلێکراوە لێبووردە بێت، چونکە ناکرێت بە زۆرو ناچاری وایلێبکرێت ئازاد بێت، هەرچەندە دەکرێت ناچاری بکەیت لێگەڕێت کەسانی تر ئازادبن. دەشکرێت ناچاری بکەیت لەشێوە نێگەتیڤەکەیدا لێبووردەبێت، بێئەوەی ناچاری بکەیت لەشێوە پۆزەتیڤەکەیدا لێبوردە بێت، چونکە ئەم زۆرکاریە لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەت یان کەسێکی تردایە، تەنها دەسەڵاتو ویستی مرۆڤەکە خۆی ئەوە دەسەپێنێ، لەلایەکی ترەوە، لەوێدا کە نموونەی ئاکاریی لێبووردەیی نێگەتیڤ دەکات دەبینێت کەسانی بەرامبەر بە لێبووردەییە پۆزەتیڤەکە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەنو تێبینی دابڕانەکەی لە لێبووردەیی

دەکەنو هەوڵی سازانەوەی دەدەن لەگەڵ چاکەکانیدا. لەباری سەرکەوتندا واتە ئەم مرۆڤە لەئازادکردنی خۆیدا هاوکار بووە.

بەمجۆرە زۆر شت پەیوەستە بەو پرسیارەوە کە ئاخۆ ئێمە باوەڕمان بە بوونی دوو چەمکی لێبووردەیی هەیە، ئەگەر وەڵام بوونی دوو هەردوو چەمکەکە بسەلمێنێت، یەکەمیان نێگەتیڤو دووهەمیش پۆزەتیڤ، لەباری دژواریی تێگەیشتن لە یەکێتی نێوان هەردوو لایەنەکەدا، ئەو کات مرۆڤ لەمبارەدا، رەنگە بەلای ئەو باوەڕەدا بچێت کە (چەمکی نێگەتیڤ) لێبووردەیی راستەقینە بێتو (چەمکی پۆزەتیڤ)یش شتێکی تری زۆر جیاوازو رەنگە بەهایەکی سەربەخۆو جیاوازیش بێت، (با بڵێین: پەرەسەندنی خودیی، وەك نموونە)، کە ئەرك‌و فەرمانو مانا بە لێبووردەیی (نێگەتیڤ) دەبەخشێت.

هەر کورتکردنەوەیەکی لێبووردەیی کە وایلێبکات تەنها لایەنە نێگەتیڤەکەی بگرێتەوە، بەتەواوی نموونەی ئاکاریی لێبووردەیی بنبڕ دەکات.بەڵام لەلایەکی دیکەوە، گەر ئامادەبووین بۆ وەرگرتنی ئەو فیکرەیەی کە دەڵێت: لێبووردەیی چەمکێکی ئاکاریی یەکپارچەیە بەهەردوو رواڵەتی نێگەتیڤو پۆزەتیڤەوە، ئەوکات، پێمبوایە دەتوانین بەشێوەیەکی هەمەکی لە لێبووردەیی بگەینو بتوانین راستەقینە(حەقیقەت)ی نێو ئەم دەستەواژەی (لێبووردەییو ئازادیە) بنرخێنین کە هاوکات خاڵی جیاوازیی رواڵەتیی زۆر لەخۆ دەگرێت.

کەواتە بەشداریی لێبووردەیی لەئازادیدا هەر ئەوە ناگرێتەوە کە کەسی لێبووردەیی لەئاستدا نوێنراو ئازادیی بۆ دابینکرا، بەڵکو کەسی لێبووردەیش ــ بێئەوەی دەستبەرداری هیچ ئازادیەکی بێت ــ ئازادی بۆ خۆیشی دەباتەوە، چونکە هەرکات کەسی لێبووردە خۆویستانەو بەدەرککردن بەوەی دەیکات بە لێبووردەیی قایل بوو، ئازادیی خۆی کۆتناکات لە ئاکاردا، بەقەدەر ئەوەی خواستو هەلێکی ئاکاری دەخولقێنێت کە یەکێکە لە بنەما راگرەکانی ژیانی ئازادانە.

## سنورەکانی لێبووردەیی

لێبووردەیی خۆی سنوورەکانی خۆی دادەنێت، هەروەك چۆن نموونەیەکی ئاکاری ئەوە دەکات، چونکە نموونەو هەندێك بنەما ئاکارییەکان یا گریمانە ئاکاریەکان لەخۆدەگرێت کە دەبێتە بەشێك لەو پاساوەی دەیهێنێتەوە بۆ سڕینەوەی هەندێك لەو کاروبارانەی کە نموونەکە پاساوی نادات‌و پارێزگاریشی لێناکات بەو هۆیەی لەدەرەوەی بازنەی ئەودایە. بۆیە نمونەی ئاکاری بەرپرسیارێتی هیچ شتێکمان ناخاتە ئەستۆ، هەرچۆنێك بێت، بەڵکو لەبەرامبەردا، دوو سنووری بنەڕەتی لەخۆدەگرێت، یەکەمیان ئەوەیە دەبێ هەموو ئەو شتانە رەتبکەینەوە لەگەڵ ئەو بنچینەو رێسا ئاکارییەدا دژ دەوەستێت کە نموونەی لێبووردەیی لەسەر بەرقەرار بووە، واتە رێزنان لەهەموو خەڵکی، بەو سیفەتەی نێوەندی تەواوی ئاکارین. بۆ نموونە ئێمە ناچارنەکراوین کە دەبێ بێدەنگ بین کاتێك کەسێك قسەیەکی نابەجێ یان پەلاماری کەسێك دەدات: چونکە ئەمەیان دەچێتە بازنەی پێشێلکاریی مافە شەرعیەکانی خەڵکیو ئەوەش ناچێتە مەودای تەعبیرو ئەو کارەی کە نموونەی ئاکاریی لێبووردەیی دەیگرێتەوە، بۆیە لەم بارەدا پرسی لێبووردەیی لەئارادا نابێ.

سنوری بنچینەییو سەرەکیی دووهەمیش، کە بارێکی تایبەتە لەبارەکانی سنووری یەکەم، ئەوەیە کە دەبێ هەموو ئەو شتانە رەتبکەینەوە کە لەدژی نموونەی خودی لێبووردەییدان. کەواتە ئەو پێشنیارەی دەڵێت مرۆڤ دەبێت تەنانەت لەگەڵ تێکشکاندنی لێبووردەییشدا لێبووردە بێت، بێگومان پێشنیارێکی خود پارادۆکسیە.

\شتێکی سروشتییە کە بەوردی دیاریکردنی مەوداو سنوورەکانی لێبووردەیی کارێکی دژوارە. پێموایە هەموو رادەربڕینێك دەبێ لێبووردەیی لەئاستدا بنوێنرێت ئەگەر مژدەدانیش بێت بە لێنەبووردەیی. بەڵگە لەبەردڵەکان بۆ لێبووردەیی کە دەکرێت لەلایەنە پۆزەتیڤەکەیدا بهێنرێتەوە،لەبارن بۆ پراکتیزەکردنیان بەهەمان هێز بەسەر هەموو راکاندا، گرفتی کرداریی کاریگەریش لەتوانای جیاوازیکردندایە لەنێوان تەعبیرکردن لە راکان، کە دەبێ هەمیشە لێبووردەیی لەئاستدا بنوێنرێتو هەڵسوکەوتکردن بەپێی راکان، کەدەبێ هەمیشە لێبووردەیی لەئاستدا بنوێنرێت. لەمبارەیەوە(کالینیکۆس) چەند حاڵەتێکی سەخت دێنێتە ئارا کاتێك پرسی رەگەزپەرستو فاشیستەکان لەبەریتانیایی هاوچەرخدا دەوروژێنێ، رەنگە لەمجۆرە بارانەدا، خەملاندنی دژوار بریتیبێت لە ناسینی ساتەوەختی گەیشتن بە (خاڵی نەگەڕانەوە، نقگە اللاعودە)، کە ئەگەر بگوزەرینرێت ئەوا هەلی وەرچەرخان لە میتۆدی لێبووردەیی لەدەست دەچێت، چونکە ئەوکات مرۆڤ توانای مومارەسەکردنی ئەو وەرچەرخانە دەدۆڕێنێ.

هیچ نموونەیەکی ئاکاری ناتوانێت هەڵگری وەڵامی ئەو گرفتانە بێت کە پراکتیزەی کرداریی خۆی دەیانخولقێنێت. دەبێ ئەوەشمان لەیادنەچێت ئەم گرفتانە رەنگە بەمەوداگەلێکی گەورەو بەرفراوان بگەن.

بەشێك لەو بەهەندوەرگرتنانەی وامان لێدەکات بەجدی لەگەڵ ئەو رایانەدا مامەڵەبکەین کە لەگەڵیان تەبا نین، لەو سەلماندنەدا نموونە دەگرێت کە دەکرێت ئەم رایانە بڵاوببنەوەو ئەگەر بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەوا رەنگە ببنە دژو هەڵوەشێنەری دامودەزگاو بەهاگەلێك کە ئێمە بەرێزو نەوازشەوە لێیان دەڕوانین، بەڵام تەنها ئەم ئەگەرە بواری لێنەبووردەیی نادات لەگەڵ تەعبیرکردن لە راکان.

لەوەش زیاتر، لەرێی زامنکردنی تەعبیری ئازادانە لە رایەکی ناجۆر، یان رایەکی نا لێبوردە، کەسی لێبوردە بەهاکانی خۆی بەرزو بەهێزتر دەکاتو دەیانخاتە روو کەچەندە لێبووردەییو ئەو ئەخلاقیاتەش بەرز دەنرخێنرێ کە پشتی پێدەبەستێت، گەر لەوێنە پێچەوانەکەیدا بڕوانینە ئەم مەسەلەیە، روونەبێتەوە کە لێنەبووردەیی حکومەتی چ زەبرێك بەم ئەخلاقیەتە دەگەیەنێ، زەبرێك کەلە کارەکانی کەمینەیەکی نا لێبوورده بەئازارترە.

دەبێ ئەوەشمان لەیاد بێت کە لێبووردەیی هیچ کەموکورتییەك لەپابەندبوونو دەستەبەرداربوونمان لەبەهاکان ناگەیەنێت، چونکە ئێمە ئەرکە لەسەرمان کە نابێ ئەو راوبۆچوونانە سەرکوت بکەین کە لەگەڵیاندا تەبا نین، بەڵام هاوکاتیش داوای ئەوەمان لێنەکراوە کە ئەو رایانەمان خۆش بوێتو پشتگیرییان لێبکەین.

ئەوەی کە لێبووردەیی دەیخوازێت.. لەگۆشەیەکی نێگەتیڤەوە رێگەدانە بە تەعبیرکردنی ئازادانە لەو راوبۆچونانەی کە لەگەڵیاندا تەبا نیین، لە گۆشەیەکی پۆزەتیڤەوە .. رازی بین لەو بەها ئاکاریەی کە بوونی تەعبیرکردنی ئازادانە لەو راوبۆچوونانە بە ئەرك دەزانێت کەلەگەڵیاندا ناتەباین. گەر ئەمەش چاودێری بەدوور ئەزانێت، بەڵام پارێزگاریش دەکات لەمەوداو بواری رەخنەو رووبەڕووبونەوەی ئەو بیرۆکانەی لەگەڵیاندا تەبا نین بەچەندین شێوازو رێگا.

لەراستیدا نموونەی ئاکاریی لێبووردەیی پێشتر ئەوەمان بەسەردا دەسەپێنێ کە ئێمە پڕاوپڕ کارێکی لەو جۆرە دەکەین. وەك نموونەیەك، لەئێستاماندا دەبینین حکومەت، بەپێی ئەم گۆشە نیگایەی لێبووردەیی، رەنگە ئازادی دەربڕینیی رەگەزپەرستانیش سنووردار نەکات( بۆ زانین مەرسومی پەیوەندیە رەگەزیەکانی ساڵی ١٩٧٦

ئەم سنووردانانە لە خۆدەگرێت، ئەگەرچی بەکەمیش بێت)، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە حکومەت نابێ ئیتر کارێ نەکات، چونکە حکومەتەکان جۆرەها هۆکاریان هەیە دەتوانن بەهۆیانەوە پاڵپشتیەکی پاکو بێگەردی بیرۆکە دروستەکان بکەنو هاوسەنگییان رابگرن. دیارە پێشتر (میل) لەو بارەیەوە تاکەکانی هانداوە.(٤)

حکومەت دەتوانێ لەرێی زیاتر پشتگیریکردنی فیکرەی بەرامبەر کەلەگەڵیدا تەبایە، سیاسەتی جیاکردنەوەو جیاوازیکردن لەدژی بیرۆکەیەك لە بیرۆکەکان پەیرەو بکات، نموونەش لەوە پیادەکردنی ئەو سیاسەتی دژە جیاوازیکردنە کە کەمینە رەگەزەییەکان سوودی لێدەبینن.(٥)

حکومەتەکان هەروەها دەتوانن ئامۆژگاری پێشکەش بکەن بەدەستبەرداربوون لە بیروڕا رەگەزپەرستیەکانو لەبەرامبەریان قەناعەتو بیروڕای زیاتر حیکمەت ئامێزو باڵایان پێبدەن. بەوەش حکومەت رەنگە بگاتە ئاستی مشەخۆری بەسەر تاکەوە کە راوبۆچوونو ئامۆژگاریی بخاتە بەردەست. بۆیە حکومەت نابێ سنووری قەناعەتپێکردن ببەزێنێ، چونکە تاك خۆی دوابڕیار دەرە لەنێوان راوبۆچوونەکاندا، بۆ نموونە: نابێ تاك بەهۆی راوبۆچوونەکانیەوە لەهیچ پۆستێك بێبەش بکرێت، کە پێوەری تەواو لەوەدا تواناو پاکێتییە لە ئەنجامدانی ئەركو فەرمانەکاندا.

پێشتریش (مرۆمێل) بەشێوەیەکی دروست ئەم هاوکێشەیەی داڕشتۆتەوە: ( دەوڵەت ئەو کەسانە هەڵدەبژێرێت کە خزمەتی خەڵکی دەکەنو هیچ پەیوەندییەکی بەراوبۆچوونیانەوە نیە، هێندە بەسە کە خواستو ئارەزووی خزمەتکردنی راستگۆیانەی خەڵکیان هەبێت.(٦)

رەنگە لەوەش زیاتر بوترێت، کەسی لێبووردە ناچار نیە هەمان پارێزگاریی بەهەمان بڕی پێویست بۆ ئەو بیرۆکەو مومارەسانە دەستەبەر بکات کە لەرووی ئاکارییەوە لەگەڵیاندا تەبایە. بۆ نموونە(باکۆنین) لەیەکێك لە ساتە رۆشنەکانی پشتگیریدا لەئازادی، وادەبینێ کە تەواوی کەسانی پێگەیشتوودەبێ دوای شۆڕش بەشێوەیەکی رەها ئازاد بن کە بتوانن(لەنێوان کارەکانی دیکەیاندا) تەعبیر لە هەموو راوبۆچوونەکانیان بکەنو پەیوەندییەکانیان رێکبخەن، تەنانەت گەر ئامانجەکانیش نائاکاری بێت( وەك ئەوەی کەسانی سادەو مەست فریو بدەن، یان (خودا بپەرستن) بگرە تەنانەت لەپێناوی بانگەشەدا بۆ تێکشکاندنی ئازادیی تاکە کەسو گشتیش، بەڵام باکۆنین بەوە قایلبوو کە مشتومڕی گشتی فریودەرو تەڵەکەبازو پەیوەندیە ئازاردەرەکان ریسوا بکات، ئەویش بەو مەرجەی کۆمەڵگە گرەنتی مافە مەدەنیەکانی هەر جۆرە پەیوەندیەك رەتبکاتەوە کە ئامانجو یاساکانی دادپەروەرانە نەبن. بەو جۆرە هەر پەیوەندیەك بانگەشە بۆ وەلانانی لێبووردەیی بکات" لەرووی شەرعیەوە دانی پێدا نانرێت"و هیچ رێککەوتنێکیش لەگەڵیدا مۆرکی پابەندبوون وەرناگرێتو ناشتوانێت لێپێچینەوە لەقەرزارباراني بکات.(٧)

کەواتە رێگری لەبەردەم کەسانی لێنەبوردە نادابەروەردا نیە کە بیروڕای خۆیان هەبێتو بانگەوازیشی بۆ بکەن، بەڵام هیچ پشتگیرییەکی شەرعیو پارێزگاریەکیان لێناکرێت، هیچ نیشانەو بەڵگەیەکی دانپیانانیشیان پێنادرێت، ئەگەر هەر ئەندامێکی پێگەیشتووی کۆمەڵگە وەك نێوەندێکی تەواوی ئاکاری مامەڵەی لەتەکدا کرا، ئازادیی بیروڕاو بانگەشە بۆکردنیش بۆ هەموان دەستەبەرکرا، ئەو کات فریوخواردنی فیکریو هەڵخەڵەتاندنی هەر کەسێك دەکەوێتە تەنها ئەستۆی خۆی.لەبەرامبەریشدا، کۆی گریمانەکانی تر ئارەزوومەندانی

سەرکوتکردنی دەربڕین لەراوبۆچوونە جیاوازی رەگەزپەرستیو بەهێزکردنی دامودەزگا گەلێکی نادادپەروەر، تەنهادەکەوێتە ئەستۆی خۆی.

لەبەرامبەریشدا، کۆی گریمانەکانی تر ئارەزوومەندانی سەرکوتکردنی دەربڕین لەراوبۆچوونی جیاواز رەگەزپەرستیو بەهێزکردنی دامودەزگاگەلێکی نادادپەروەر، تەنها بێمتمانەیی لێدەخوێنرێتەوە بەتەواوی تاکەکانی تری کۆمەڵگە، ئەم رێگریە گریمانەی ئەوە دەکات کە هەندێ کەس لایەنگیری ئەو فیکرانە دەکەن، یان لەبەر ئەوەی پێشتر ئامادەی ئەوە بوونو ئامادەشن کە ستەم بکەنە بیروباوەڕیان، یان وەك پێویست ژیرو وریا نین تا بزانن قایلبوونیان بەو راوبۆچوونانەیان چی لێدەکەوێتەوە. هاوکات گریمانەی ئەوەش دەکات بانگەشە بۆ سەرکوتکردن بۆخۆی خاوەن دیدێکی وردو سەرکەوتووە لە دیاریکردنی ستەمو دواتریش روو بەڕووبونەوەی بە پلەیەکی گەورەتر.

ئەم گریمانانە زۆر شپرزەکەر دەردەکەون گەر لەپێگەی ویژدانی نموونەی ئاکاریی لێبووردەییەوە تەماشای بکەین، چونکە دەبێ وەك نێوەندێکی ئاکاری مامەڵە لەتەك تاکەکاندا بکاتو بواریش بۆ هەموو کەسێك بڕەخسێنێت چاکەی لێبووردەیی پەیڕەو بکات، گەرچی ئەوەش ئەگەری بوونی مەودایەکی لێدەکرێت کە خراپەی لێنەبووردەیی داگیری بکات. بۆیە هاوکات دەبێ دانبەوەدا بنێت کە دژواریی کردەیی زۆر دەوری نموونەکەیان داوەو مەرجە سەرەکیو پێویستیەکانی پەیڕەوکردنی ئەم نموونە سەرکەوتووە رەنگە لەهەندێباردا کەمو زۆر هەر دەستەبەریش نەبن.

هەندێك کەس رەنگە تا ئەو رادەیە لە بیرۆکەکانیاندا سەرسامو بێجوڵەبن کە تەنانەت نەتوانن بەوردی بیر لەو راوبۆچوونانە بکەنەوە کەلەگەڵیاندا تەبا نین، وێڕای مامەڵە لەگەڵ خاوەنەکانیان کە وەك رکەبەری ئاکارین، جارێکی تر رەنگە خۆمان لەبەردەمی کۆمەڵگەیەکدا ببینینەوە کە کەمینەیەکی گرنگ، یان زۆرینەیەك لەخۆ دەگرێت کە لایەنگیری تەواویان بۆ لێنەبووردەیی هەیەو لەدژی ئەو ئاکارەن کەلەپشت لێبووردەییەوەیە. ئاخۆ حکومەت لە بارێکی لەو جۆرەدا هەڵەیە ئەگەر بڕیاری سووککردن یان بەیاساکردنی لێبووردەییەکەی بدات یان لەرێی هەڵبژاردنەوە پراکتیزەی بکات، چونکە بەردەوامبوون لە لێبووردەیی رەنگە مەترسیی زۆرو بەرپرسیارێتی کەم بێت؟

شتێکی ناجۆر دەبێت گەر نکوولی لە ئەگەری هاتنە ئارای بارودۆخی لەو جۆرە بکەین، بەڵکو بانگەشەیەکی پووچ دەبێت گەر لەو باوەڕەدابین کە هەر وتەیەك نموونەی ئاکاری لەخۆبگرێت دەتوانێت ئەم جۆرە گرفتە سیاسیانە چارەسەر بکات، بەڵام ئەوە دەمێنێت کە نموونەی ئاکاریی لێبووردەیی پارێزگاریی لە خۆگونجاندنو بایەخی خۆیدەکات بەپێی جەختکردنەوەی لەسەر سیماکانی ئاکاریبوونێکی یەکلاکەرەوەی دۆزە کرداریەکان. چونکە لێبووردەیی بوار بە سنوردارکردنی خودی خۆی دەدات کاتێك ئەوە پێویست دەبێت بۆ پاراستنی ئەو بەها ئاکارییانەی کە پاساوی دەدەن، بەڵام ئامانجی ئاکاری لە لابردنی ئەو سنوورانەو رەخساندنی بوارێکی بەرفراوانتردا لەبەردەم لێبووردەییدا نموونە دەگرێت. بۆیە ئەگەر حکومەتێك نەیتوانی وەك پێویست پەیڕەوی لێبووردەیی بکات دەبێ دان بەو شکستەیدا بهێنێو سەرچاوەکەیشی دیاریبکات. ( وەك وتنی ئەوەی کە کۆمەڵگە خەڵکێکی زۆری تێدایەو ناکرێت لەوە دڵنیابین کە هەموویان لە شێوە بەرپرسیارێتییەکەدا مامەڵەو هەڵسوکەوت دەکەن)، دواتر بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێت بۆ چارەسەری شکستەکەی، بەڵام ئەوەی لەسەروو

هەموو بەهەندوەرگرتنەکەوەیـە، ئەوەیـە کـە نموونـە ئاکاریی لێبووردەیی وا دەکات کـە دەبـێ هـەموو کەسـێك توانـای بەرپرسـیاربوونی ئاکـاریی تێـدابێت، ئـەوەش لـەدژی هـەموو نەزعەیـەکی باوکایـەتیی هەمیـشەییە کـە پێیوایە کەسانێك هەن لە کۆمەڵگەدا هەرگیز ناتوانن لێبووردە بن، چونکە گریمانەو ئەگەری لـەو جـۆرە لەگـەڵ بیرکردنەوەی ئاکاریی نێو لایەنە پۆزەتیڤەکەی لێبووردەییدا ناگونجێت.

گرفتیش لەگەڵ ئەم مشتومڕەدا لەوەدایە کـە زەمینـەخۆشـکەرە بـۆ ڕێزگـرتن لـە هەنـدێك لەکەسـانی بەرامبـەر نـەك هـەموویان( هـەروەك سارتەر بەراسـتی تێبینـی ئـەوەی کـردووە) پێموایـە تاکـە ڕێگـەی گوزەرانـدنی ئـەم دەرەنجامــە نــاجۆرە، لەگــەڵ هێــشتنەوەی خۆمــان لەچوارچــێوەی پرســی خــود بەرژەوەندیــدا، لەوەدایــە کــە بەشێوەیەکی هەمـەکی مـۆرکی ئاکاری بـەخودەکانمان ببەخـشین: لـەو وتەزایـەدا کـە هـەمووومان بـەپێی بۆمـاوە زیندەوەرگەلێکی ئاکارین هەر لە خودی خۆماندا بایەخدان هەیـە بـەرێزگرتنی بەرامبـەر.. ئـەوەتا (گـرین) زۆر بەجوانی ئەم فیکرەیەمان بـەمجۆرە بـۆ دادەڕێژێتـەوە کـە دەڵێـت:" ئێـستا دەبیـنین ئـەو خـودەی مـرۆڤ هـەوڵی بـەدیهێنانی دەدات، نـە شـتێکی ئەبـستراکتو نـە بـێ ناوەڕۆکیـشە، بـەڵکو خودێکـە پێـشتر چـۆتە نێـو بـەرزترین فۆرمـە خۆڕسـك(فگـری)یـەکانی مرۆڤایەتیـەوە، ئـەویش لـەڕێی بەرژەوەندیـە مرۆڤایەتیەکانـەوە، لەنێویـشیاندا بایەخدان بە بەرامبـەر. دیـارە ئـەوەش بەرژەوەندگـەلێك نـین پەیوەسـتنبن بەکەسـانی بەرامبـەرو بەمەبەسـتی بەدەسـتهێنمانی ڕەزامەنـدییان، بـەڵکو بەرژەوەندگـەلێکن بـۆ خێـری ئـەوانو بـەدیش نایـەت بـەبێ ئاگـاداریو هۆشمەندی بەوەی کە ئەو کەسانە ڕازیکراون.)

ئەمەش دەگاتە دەرەنجامی دروست، بەڵام وەك ئەوە دەردەکـەوێت کـە دۆزەکـە وەلابنێـت یـان لایکـەمی پرسـەکە لەومەودایەدا دەکرێتەوە هەوڵی گەیشتن دەدات بە پاسـاوی دانـانی مـافی ڕێزگـرتن وەك پرسـێکی عـەقڵانی، بـۆ مەودایەکی تر کە لەهەوڵی پاساودایە بۆ گریمانەی ئـەوەی کـەخود، هـەر لـەبۆماوەدا خوازیـاری ڕێزنانـە لـەکۆی کەسانی بەرامبەر. بەهـەرحاڵ، تیـۆری هیگلیـزم هەنـدێك زەمینـەمان بـۆ ئـەم بۆچوونانەبۆ دەسـتەبەر دەکات، بەڵام وەك پێویست نـا، وێـڕای ئـەوەیش، ئـەو ڕاوبۆچـوونانەی بـەو شـێوازە دەخـوازن مـۆرکێکی ئاکـاری بـەخود بدەن، لەبایەخی بوونی ماهەیەتە جۆراو جۆەکانی ئێمـە تـەنها خەسـڵەتگەلێك بـین کـەدواجار بگەینـە بنـەمای (تەواوکاری ــ کمال) کەلەسەر بناغەی بەدیهێنانی خود بەرقەرار بووبێت، وەك گرین دەڵێت، بێگومـان ئـەوکات ڕێزگرتنی کەسانی بەرامبەر دەبێتە پێویستیەك لای هـەر یـەك لەئێمـە، بـەڵام هـەروەك (سـید جویـك) تێبینـی دەکـات، دەربڕینێکـی ئـەوتۆ لـەئارادا نابێـت بـۆ کەسـێك کـە داوای قوربانیـدانی لێبکرێـت بـەخودی لـەپێناوی خەڵکیدا. دواجاریش، ڕاستیەکەی ئەوەیە کە هـەرژماردنێکی لـەو جـۆرە پێدەچێت فرەیـیـەك، هەمەڕەنگییـەکی زیاتر یا کەمتری عەلمانیەت بێت بەسەر ئەو لاهوتیە سروشتیەی کە(لۆك) پەیڕەویی لێدەکرد، بۆیە گەر جارێك لە جاران وا بڕوانرێتە لاهوتی سروشتی کە داکۆکیی لێناکرێت، ئەوکات حاڵی هەژماردنـەکانی لـەو جـۆرەش کـە بەو شێوازە دەخوازن مۆرکی ئاکار بەسەر خودا سەپێنن هەمان حاڵ دەبێت.

ئاخۆ شێوازێکی تر هـەبێت خزمـەت بەپاسـاوی عـەقڵانیبوونی مـافی سـەرەکیی لەرێزگرتنـدا بکـات، مـن لێـرەدا خوازیاری دۆزینەوەو پەردە هەڵدانەوەم لەسەر شێوازێکی ئەگەرلێکراو.

بەشێوەیەکی بەردەوام تێبینی ئەوە کراوە کە، خودپەرستی یا خودیستی وێڕای وەك پێویست یەکانگیر نەبوونی ئۆرگانیی لەتـەك خـودی خۆیـدا، بـەردەوام وەك پاڵنـەرێك دیـار دەدات کـە ناتوانێـت ڕاشـکاوانە دەمـامکی سـەر

روخساری خۆی لابدات بەو مانایەی کەسی خودپەرست ناتوانێت ئەم خودپەرستیەی خۆی وەك هۆكارێك بخاتە سەردەستی خەڵكانی تر تا لە خزمەتی بەرژەوەندیە تایبەتیەكانیدا بن. جا گەر دەبێ هۆكارێكی تر بۆ نواندنی هەڵوێستی لەو جۆرە بخاتە بەردەستیان، دەبێ ئەو هۆكارە بواری بایەخەكانیان بەشێوەیەك بدوێنێت كە ببێتە پاڵنەریان بۆ نواندنی ئەو جۆرە هەڵوێستە، واتە خزمەتكردنی بەروژەندیە تایبەتەكانی كەسی خودپەرست، بێگومان ئەم هۆكارەش كاری لەو جۆرە مسۆگەر لەبەرامبەردا بەهای بەرژەوەندیەكانی ئەوان بەكەمتر بگرێت( بەو گریمانەی كە ئەوان، واتە خەڵكانی بەرامبەر بەرژەوەندییەكانی خۆیان دەزانن) بەو مانایە، دواجار دەزانین هۆكارەكانی بەبیانوو دانراو بۆ رەفتاركردن، تەنانەت گەر لەپلەی یەكەمیشدا ئەوپەڕی پلەكانی خودبەرژەوەندییان لەبەرچاو بگرتبێت، بەڵام دەبێ لە ئاستی بەرامبەركاندا رێز بنوێنێت، بەڵام ئەوە ناخوازێت كە ئەو رێزە لەئاستی هەموو تاكەكاندا بێت، چونكە تەنانەت كاتێ دزەكانیش لەنێوان خۆیاندا باس لە ئابروومەندیو قسەی پیاوانە دەكەن،پێویستیان بەوە نییە قسەكانیان بەسەر قوربانیەكانیاندا بەرجەستە بكەن، بەڵام ئەوە دەخوازێت كە هۆكارە پاڵنەرەكان بۆ رەفتاركردن كە دەبێ ئاراستەی كەسێك بكرێت، پێویستە رێز لەهەموان بنوێنێ، بەو مانایەش، مرۆڤ دەتوانێت ئەوە بڵێت كە مافی رێزگرتن جۆرێك لە(عەقڵیەتی دیالەكتیكی جەدەلی) لەخۆدەگرێت، كە تیایدا ئەم مافە پێشێل ناكرێت، بەبێ پەنابردن بۆ جۆرێك لە نایەكانگیری ئەزمەنگەری كە ئەو وتەزایانە دیاریدەكات كە دەبێ هۆكارەپاڵنەرەكان بۆ رەفتاركردن دەستەبەردەكات. ئەی كەواتە دەبێ ئەم وتەزایانە چۆن بن؟ باشە، پێدەچێت وتەزا سیاسیەكان نموونەیەكی لەو جۆرەمان دەداتێ، بەڵكو رەنگە تەنها نموونەی بایەخدار بێت لەرووی كرداریەوە. بەهەرحاڵ هەمەكیبوون ئەم وتەزایانە لەو فیكریەوە نایەت كە دەڵێتو وتەزاكان دەشێت بۆ هەر كەسێك بێت ئاراستەی بگرێت، چونكە فیكرەی لەو جۆرە دەشێت دەستبەسەر پرسكەدا بگرێت، بەڵكو لەو فیكریەوە هاتووە كە پێیوایە ئەگەر كارێكی لەو جۆرە نەكات، ئەو كات ئەو دەوڵەتەی جێبەجێی دەكات رەعیەتی ئەوتۆ لەخۆ دەگرێتكە دەوڵەت هەلی كاركردنی بۆ دەستەبەر نەكردووە، ئەوەش دەبێتە هەڵتەكاندنی هەر زەمینەیەكی سەرهەڵدانی ئەركی سیاسی لای ئەو رەعیەتە. بەمجۆرە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی  كە دەوڵەت كاتێك داوای (ولاو) لە رەعیەتەكەی دەكات، ئەوكات دەبێت وەك مافێكی بنچینەیی لەبەدەستهێنانی رێزگرتنیان خۆی پێیان بناسێنێت. رەنگە ئەم داكۆكیكردنە لە عەقلانیبوونی مافی رێزگرتن داكۆكیكردنێكی لاواز بێت، رەنگە كەسێكیش رەخنەی هەبێتو بڵێت: ئەم مشتومڕو بەڵگانە لە باشترین حاڵەتیاندا، تەنها داكۆكیكردنە لەقسەكردن لەسەر رێزگرتنو لەراستیدا داكۆكۆیكردن نیە لە نواندنی رێزگرتنەكە. لێرەدا دەبێ دان بەوەدا بنێینكە هیچ شتێك ناتوانێت مۆركی عەقلانی لەو ئایدیۆلۆژیانە بسڕێتەوە كە دەمامك دەكەنە سەر شكستەكانیان لە رێزگرتن لە كۆمەڵێك لە كۆمەڵە مرۆییەكان، هەرچەندە بوونی ئەم ئایدیۆلۆژیەتانە سەرانەیەكە دەبێ دراوی ساختە بیداتە دراوی راستەقینەو بەوەش لەمیانەی شێوازی تایبەتەوە ئەو عەقلانیەتە جەدەلیە بخاتەڕوو كە مافی رێزگرتن ناودەنێتو دیاریدەكات. لەگەڵ ئەوەشدا هەر هێندەی دەگاتە دانان بەوەدا كە نەزعەیەكی خودپەرستی سركو ژیرییەك كە رێزگرتنێكی هەمەكیی بەرامبەر ناخوازێت، دەتوانێت نەبێتە رێڕەوێكی شێلگیر بۆ كردە لەگەڵ خودی خۆیدا، ناتوانم بینای ئەوە بكەم كە چۆن لەگەیشتن بەم دەرەنجامە خۆ بەدوور بگرین. ئەوەی مرۆڤ دەتوانێت بیڵێت ئەوەیە كە هەر هێندەی دان بەو عەقلانیەتی جەدەلەتیەدا دەنرێت كەلەچوارچێوەیەكی

وتاریی دیاریکردودا مافی ڕێزنان دەسەلمێنێت کە دواتر لەشێوەیەکی شیاودا رادەگەیەنرێت، کۆمەڵێك هۆکاری وریایی بەهێز لەئارادا دەبن کە خەڵکی لەو بازنەو چوارچێوەیەدا کارەکانی خۆان لەئاست مافی ڕێزگرتنا بەراورد بکەن.

لێرەوەو لە سیاقێکی لەم جۆرەدا، نارەزاییەکی دی دێتە ئارا کە دەڵێت: عەقلگەرایی مافی بنچینەیی لە ڕێزگرتندا(تەناسوبی گردی) هەیە لەگەڵ چوارپێوەیەکانی کارکردن دەکرێتو ئەو تەعبیرەش هەموو کەسێك دەگرێتەوە ـــ چوارچێوەیەکی لەو جۆرەش بەشێوەیەکی نەمەتی لەنێو خودی خۆیدا هەلگری جۆرێك لە پرۆژەی کرداری دەبێت کەبەبێ دەستەبەرکردنی هاوکاریی کەسانی تر بەدیناهێنرێت، ئەو هاوکارییەش بەزۆرەملێ نابێت، بەڵکو ئامادەیان شتێکی خوازراوەو ئەو ئامادەییەشیان دەستەبەر نابێت تاکو ئەو هۆکارانەیان پێنەدرێت کە دەبنە پاڵنەری ئامادەییان بۆ هاوکارییکردن لە پرۆژەکەدا، لێرەشدا ئەوە روونە کە پێدانی هۆکارەکان بەشێوەیەك کە ببێتە وەڵامدانەوەی مافی بنچینەیی ڕێزگرتن، هەر بەتەنیا ئەو ئامادەییە دەستەبەر ناکات، دەڵێم هەر لێرەدا تەنها پێویستیەکەو بەس، بەڵام ئاخۆ چوارچێوەگەلێکی لەو جۆرە هەن: من وادەبینم کە بوونیان مەسەلەیەکی گرنگو پێویستە، گەرچی بۆ ئانو ساتییش بێت، بۆ بونیادنانی تیۆری سیاسیی هاوچەرخ، چونکە یەکەم خواستو ئامانجی زۆر هەن کە خەڵکی بایەخیان پێدەدەن، بەڵام بەبێ هاوکاریی کەسانی تر بەدیناهێنرێن، دووهەمیش ئەم هاوکارییە لەزۆر باردا بەزۆرەملێ بەدەستنایەت. کەواتە ئەم وتەیەی خالی دووهەممان گفتوگۆی زۆرتر دەخوازێت کە لێرەدا ناتوانم باسیان لێوە بکەم، بەڵام گومان لەوەدا نیە مێژوو کۆمەڵگەی زۆری لەو جۆرە بەخۆو دیوەکە بنەمای زۆرەملێیان پیادە کرووە،( بۆ نموونە کۆمەڵگەی کۆنی ئەسپارتە). بۆیە دەبینین ناخوازم دیدێکی هەمەگیر باسبکەم سەبارەت بەو تواناپراکتیزەییەی عەقلگەرایی دیالەکتیك هەیەتی کە مافی ڕیێزگرتن دەسەلمێنێ، ئەوەی لێرەدا جەختی لێدەکەمەوە ئەوەیە کە مرۆڤ بۆ نموونە ئەگەر لەمیتۆدەکانی بەرهەمهێنانو دابەشکردنی تاقیکراوە لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکانی ئەورووپادا وردبێتەوە، ئەوکات دەتوانێت دان بە سنورداریی زۆرەملێ، دواجاریش توانستی پراکتیزەیی ئەو مشتومڕانەی لای ئێمە دابنێت کە لە عەقڵگەرایی دیالەکتیکی دەکەن کە مافی ڕێزگرتن دەسەلمێننو دیاریدەکەن.

ئێستاش دوای ئەوەی ئەم کێشەیەم روونکردەوە، دەخوازم مەسەلەکە لەم ئاستەدا بوەستێنمو بگەڕێمەوە سەر دۆزی مافی ئازادی. گەر لێرەدا وامانـدانا کەلەمبارەیەوە عەقلگەرایی دیالەکتیك پێوەری عەقلگەرایی بێت، ئەوکات ماهیەتی ئازادی دەبێتە تەوەری ئەو باسەمان کە ماف دەیگاتێ، بەڕوانین بۆ ڕاستیە هەلومەرجە پەیوەندارەکان بە خواستو پێداویستیە مرۆییەکانەوە لە مافی سەرەکیو بنچینەیی لەڕێزگرتندا،هەروەك لەسەرەوە بینرا، ئازادی(ئەگەر شتێك هەبێت بەو ناوەوە، کەئێمە مافمان تێیداهەیە، هەرگیز دیاریناکرێت تا ئەو دەمەی مافەکانی دیکەمان دیاردەکرێن، قایلکردنی خود بە وتەزای لەوەی کە مافی ڕێزگرتن مافگەلێکی تری نێگەتیف دێنێتە ئارا کارێکی ئاسانە، وەك مافی ژیان، جەستە، نائامادەیی ئەو موعاناتانەی کە دەکرێت خۆیان لێبەدووربگیرێت، ئەوەی کەمتریش رونە، ئەوەیە کە ئاخۆ دەکرێت مافگەلێکی پۆزەتیڤی لەو جۆرە، یان مافەکانی خاوەنداریێتی، بەو شێوەیە فەراهەم بهێنرێت. لەبەر ئەوەی من خوازیاری رۆچوون نیم بەم بابەتانەدا، هێندە بەسە کە بڵێم تایبەتکاری تەواو بۆ هەر مافێکی لەئازادیدا لەمبوارە بەهەمان جۆر رون

نابێـت، بـەڵام ئـەوە روونـدەبێت کـە مافێـك لـەئازادی ڕەنگـە بەرهەمبێت،چـونکە بـەروانین بـۆ خواسـتو جێبایەخـەکانمان کـە لـەتوانای دیـاریکردنی خەسـڵەتگەلێکی گرنگـی ژیانمانـدا دەردەکـەوێت کـە خۆمـان دەستنیشانیان دەکەیەن( بۆ نموونە وەك: لەکوێ بژێین، چ کارێك بکەین، هاوسەر بگرین یـان نـا، منداڵمـان ببێت یان نا ... هتد- بڕوانە ج.س میل(لەبارەی ئازادییەوە، پاژی سێهەم). ڕێزگرتنی بەرامبەر ئەوەمان لێدەخوازێت کـە دەسـت لـەو کردەوانـەی وەرنەدەیـەن کـە مـافی هـیچ کەسـێکی دی پێـشێل ناکـات. چـونکە ئـازادی ئـەو لـە کردەوەکانیدا(کەبەوە نەبێت لەسەر ئێمە پێویست نابێت) مافی ڕێزگتنمان لێدەخوازێت، بەوەی ڕێگر نەبین لە کردەوەکانی، واتە دەبێ ئەوە بسەلمێنێت ئەوەی دەیکات مافی خۆیەتی.

ئەم مافی ئازادیە ـــ بێگومـان ئەمـە نـابێ ببێتـە هـۆی سەرسـوڕمان ـــ مافـە لـە(ئـازادی ڕەوا) هـەروەك پێـشتر پێناسەم کردووە. ئایا ئەمە هەمان مافە لە(ئازادی سروشتی) بـەو مانایـەی (لۆك) مەبەسـتیبو؟ دیـارە کتوپڕی دەبێت لای ئێمە گەر وانەبێت، مادامـەکی چوارچێوەی مـشتومڕی سیاسـی ئـەو چوارچێوەیە بێت کـە دەکرێت لەنێویدا داکۆکی لەو عەقلگەراییە دیالەکتیکە بکەین کە مافی بنچینەیی ڕێزگرتنمان بۆ ڕووندەکاتەوە، ئەوکات دەرهێنانی مافی ئازادبوون لەهەر دەسەڵاتێکی سیاسی لەم مافەوە شتێکی سەیرو نامۆ دەبێت.

چونکە پرسێکی لەو جۆرە وادەردەکەوێت کە مرۆڤ بۆ دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە پاڵبنێت کـە دەکرێت لێیـەوە بەرگری لە مافی بەدەستهێنانی ئەو ئازادیە بکات.

لەمەشـەوە دەردەکـەوێت کـە ئـەم مـشتومڕە بـۆ (ئەنارشیـستەکان) نادادپەروەرانەیـە، چـونکە بۆچـی ڕێگـەیان پێنادرێت لە سنووری مینبەری سیاسیدا تەعبیر لە پرسەکانیان بکەن؟ وەڵامیش ئەوەیە کە ئەوان لەوە بـەدوور نەگیراون، ڕوون کە دەتوانن دۆزەکەیان بخەنە چوارچێوەی گفتوگۆوەی سیاسیەوە.

ئەوەی بەدوور گیراوە، توانای داخوازیانە بۆ هەڵوێستێکی مـەعریفیو جەوهـەری بەپـەنابردنیان بـۆ داواکردنـی مافیان لە ئازادی سروشتیدا، ئەوەش هەر ئەوەیە کە لەچوارچێوەی مشتومڕی سیاسیدا شـتێك نیـە بتوانێت وا بکـات ئـەم مافـە عـەقڵانیتر بێـت لـەو مـافی ئازادییـەی ڕوو بـەڕووی هـەر دەسـەڵاتێکی سیاسـی نابێتـەوە کەبەئیفلیجکەری ئازادی ناسرابێت، بەڵکو وا دەڕوانێتە مافی ئازادی کە مافێکە لەچوارچێوەی سیستمێکدا تەواو دەکرێتو لەسەر کەمترین ئاستی دەسەڵاتی سیاسی بونیاددەنرێت کە داکۆکیو پارێزگاری لەمافـەکانی تاکـەکان دەکات، لەو ساتەوەختەوە مرۆڤ بەوە قایلدەبێت کە بنەمای مافی ئازادی هەمان ماف نیە لە ئازادیی سروشـتیدا، دەبێ بەو فیکرەیەش قایلبێت کە دەڵێت هەموو دەسەڵاتێکی سیاسیش لەسەر بنەمای تـەوافوق بونیـاد دەنرێـت، ئەمە لایکەمی بەو مانایەی کە لۆك بیرۆکەیەکی لەو جۆرەی خستۆتە ڕوو، بۆیـە بـەروانین بـۆ ڕادەی بێهودەیی لە تیۆرەکەی (لۆك)دا ڕەنگە بەهەندوەرگرتنی ئەم مەسەلەیە شتێکی ناجۆر نەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا، تیۆرەکەی لۆك، گەر بەجۆرێك لە دوودڵیشەوە بێت، ئەو پرسەش کە دەخـوازم تیایـدا کۆتـایی بـە قـسەکانم بهێـنم لێرەدا، ئـەو پرسـیارەیە کـە ئـاخۆ لێـدوان لـە مـافی ئـازادیی ڕەواو داکۆکیردنی هـاودەم لـە مـاف وەك عەقلگەراییـەکی دیالـەکتیکی، کـە پێـشتر خەسـڵەتەکانی دیـاریکران، بەشـێوەیەکی هەمـەکی بنـچینەیی هـیچ مـافێکی سیاسـی دیموکراتیمان بۆ دەستەبەر دەکات.

ڕوونتریـنو دیـارترین هەڵوەشانەوەی هـەر پەیوەسـتیەك (ڕابگـە) لـەم بـوارەدا، ئەوەیـە کـە (ئیزایـا بـرلین) بـۆ لێکۆڵینەوەکان بەناوی( دوو چەمك بۆ ئازادی) پەلکێشمان دەکات.

لەنێوان چەندین ڕێگەدا ــ کە هیچیان هەر تەنها ڕەهەندێکیان نیە، کە(بەرلین) دەخوازێت لێیانەوە بگاتە وێناکردنی پارادۆکسەکانی نێوان ئازادیە(نێگەتیف)و(پۆزەتیف)ەکان، ڕەنگە پارادۆکسی دیارو هەژموونـدار ئەوە بێت کە دەڵێت ئازادی نێگەتیف ئەو ئازادیەیە کە بە(ئازادی ڕەوا) ناوبراوە، ئازادیی پۆزەتیڤیش بریتییە لە مافی دەربڕینی سیاسی لەنێو دەوڵەتێك لە دەوڵەتاندا .. لەبەر ئەوەی (بەرلین) جەخت لە بوونی پارادۆکسی لەنێوان ئەو دوو ئازادییەدا دەکاتەوە، دەبینین نکوڵی دەکات لەبوونی هەر جۆرە پەیوەندیەکی ئۆرگانی لەنێوان ئازادیی ڕەواو مافە دیموکراتیەکاندا، بەمجۆرەش تەعبیر لەو نکوڵیکردنە دەکات:" ئازادی بەو مانایە(واتە بەمانا نێگەتیڤەکەی) ، لەڕووی لۆژیکیەوە هیچ پەیوەندییەکی بەدیموکراتییو خود وڵاتییەوە نیە، خود دەسەڵاتی دەتوانێت گرەنتیەکی باشترمان بۆ پاراستنی ئازادیە مەدەنیەکان بۆ دەستەبەر بکات .. هەر ئەمەشە وایکردووە کە ئەنارشیستەکان بەرگریی لێبکەن، بەڵام هیچ پەیوەستیەکی پێویست لەنێوان ئازادی تاکە کەسیو دەسەڵاتی دیموکراتیدا نیە.

کەواتە وەڵامی پرسیاری: کێ حوکمی من دەکات؟ بەشێوەیەکی لۆژیکی جیاواز دەبێت لە پرسیاری: حکومەت تا چ ئاستێك دەست لە کاروبارم وەردەدات؟ بۆیە پارادۆکسی گەورە لەنێوان هەردوو چەمکی ئازادی پۆزەتیڤو نێگەتیف لە کۆتایی شیکارەکەدا لەدوتوێی ئەم جیاکردنەوەیە دایە.

لەلایەکی ترەوە، بۆچوونەکەی(برلین) لێرەدا ڕەت ناکرێتەوە، چونکە بەشێوەیەکی دیاریکراو، لەباری کرداریەوە حکومەتگەلێکی نا دیموکراتی هەبوون کە توانیویانە پارێزگاری لە مافی ئازادیو مافە مادیەکانی تری ڕەعیەت بکەن، بەشێوەیەکی باشتر لەوەی زۆرێك لە حکومەتە دیموکراتیەکان، بۆ نموونە (بروسیا) لەسەردەمی(فریدریك)ی گەورە، (نەمسا) لە سەردەمی (جۆزیف)ی دووهەمو ئۆگەنداش لەژێر کۆلۆنیالیزمی بەریتانیادا نموونەیەکی تری گونجاوە. لەگەڵ ئەوەشدا، من دەخوازم بڵێم جۆرێك لە پەیوەستی هەر هەیە، مادامەکی پاساوی دانان بەمافی ئازادی لە پاساودانەوە بۆ مافە دیموکراتیەکان دەردەکەوێت: مرۆڤ ناتوانێت وەك مەسەلەیەکی عەقلگەرایی بۆ مافی ئازادی بڕوانێت، تەنانەت گەر دارای مافی یەکەمیان بین بەبێ دووهەمیان، ئەو مشتومڕانەش کە داکۆکی لەم دیدە دەکەن.. لەبنچینەدا دەگەڕێنەوە بۆ ئەو عەقلگەراییە دیالەکتیکیەی کە مافی ئازادی ڕووندەکەنەوەو دیاریی دەکەن. جا گەر چوارچێوەی مشتومڕی سیاسیو گفتوگۆی کرداریو دەستەبەرکردنی هۆکارەکانی پاساو دانی ئەو کارە بەشێوەیەکی عەقلانی ڕێزگرتن لەمافی ئازادی بخوازێت، بێگومان چوارچێوەیەکی لەو جۆرە وەك ڕێزگرتنێکی عەقلانی لە مافی بەشداربوون لە سەیرورەی سیاسیدا دەردەکەوێت. چونکە بەلایەنی کرداریەوە دەبێ ئەوە چی بێت کە بکرێتە تەوەرەی باسو خواسەکان لەگەڵ بەرامبەری گەر بەر لە هەمو شتێك مامەڵەمان لەگەڵ بەرامبەردا وەك زیندوەرگەلێك نەبێت؟ دەبێ بەر لەوەی هیچ کارێکیش بکەن ئێمە ڕاوبۆچوونەکانیان بەهەند وەربگرین؟ گفتوگۆی کرداری لەهەموو بارێکدا لەسەر بنەمای بڕیاردەرکردنو ملدان بەرقەرار نابێت، بەڵکو بەڕوونی لەوێوە پێگەی خۆی وەردەگرێت کە هەژموونی هیچ دەسەڵاتێکی سەپێنەر لەئارادا نەبێت کە پێشوەخت بوونی ئامادەیی بۆ وەڵامدانەوەی ڕاوبۆچوونەکانی بەرامبەر بسەپێنێو پلانو نەخشە تایبەتەکان هەموار بکاتەوە هەرکات بەرامبەر لەئاستی سەیرورەی هەر بزاڤو جوڵەیەکدا ناڕەزاییو ناتەباییان خستەڕوو، بەمجۆرەش زەمینەی

گریمانەی مافی ئازادی کە وەك بوونەوەرێکی بەئاوەز پێمان ڕەوا دەبینرێ، پێدەچێت هەر هەمان زەمینەی مافی بەشداریکردنمانە لە پرۆسەی دەرکردنی بڕیاردا لە دەوڵەتدا.
ئەوەی لەم مشتومڕەوە بەرهەمدێت بریتییە لە مافی بەشدرایکردن!
من باشیو جۆریو ئەم نزیکبوونەوەیە لەوەدا دەبینم کە هەوڵێك نیە بۆ هێنانە ئارای مومارەسەی مافە دیموکراتیەکان، نە وەك ئەوەی جۆرێك لە تەوافوق بێت(لۆك)، نە وەك مومارەسەیەکیش کە تیایدا ئەرکێك بەسەر مرۆڤدا بەسەپێنرێت کە دەکرا خۆی لە باردا بگرێت گەر کەسانی دی بەسەریاندا بسەپاندایە، (ڕۆسۆ).
ئەویش لەبەر ئەوەی هیچ کام لەم دوو وێنەیەی مومارەسەکردنی مافە دیموکرایتەکان، بایەخێکی زۆر نادەن بە هەلومەرجی کەسێکی سەربە کەمینەیەك لە کەمینەکانی نێو بازنەی دەسەڵاتێك کە زۆرینە بەڕێوەی دەبات.
کەواتە دەبێ کەسێکی لەو جۆرە مل بەیاسایەك بدات کە لەدژی ئەو دەنگی پێدراوە؟ دەبێ ئەم یاسایە بەسەرخۆیدا بسەپێنێ لە میانەی دەنگپێدانیەوە لەدژی خۆی؟ لەراستیدا پێچو پەنای زۆر هەن کە دەکرێت لەپێناوی رزگارکردنی رەواڵەتەکاندا پەنایان بۆ ببرێت، بەڵام من یەکێکی دروستو قەناعەت پێهێنەر شك نابەم.
ئەم نزیکبوونەوەیە لەمیانەی سووربوونەوە لەمافی بەشداربوون لە سەیروراتی بڕیاردروستکردنی دەوڵەتەوە لەو جۆرە ئاستەگانە خۆ بەدوور دەگرێت،نەك لە جەختکردنەوە لەسەر پێویستی بۆ تەوافوق وەك بنەمایەك بۆ مافە دیموکراتیەکان. بێگومان لەمیانەی لاوازکردنی وتەزای تاکەکانەوە ئەمکارە دەکات.
کەسێك کەلە مشتومڕێکی گشتیدا بەشداریدەکات رەنگە لە دەنگداندا شکست بهێنێت تەنانەت گەر هەستی وابێت کە ئەو باشترین وتووێژو بەڵگەی هێنابێتەوە لە مشتومڕەکاندا.
گەرچی ئەم خەسڵەتو سیمایەکی نەناسراوە لەشێوەی مشتومڕە کرداریەکان، هەرچەندە عەقڵگەرایی لەسەیرورەتیا هەژمونو پێگەی هەبووبێت، رەنگە بەهیوابین کە رەزامەندیی کەسانی تر وەدەست بهێنین، بەڵام نابێ چاوەڕێی ئەو رەزامەندییە بین یان داخوازی بکەین.ئەوەی دەتوانین داوای بکەین بریتییە لە رێزگرتنێکی پێویست لەلایەن ئەوانەوە کە گوێ لەراوبۆچوونەکانمان دەگرن، وێڕای بوارپێدانمان بەوەی کە ئێمەش گوێ لەراوبۆچوونەکانیان بگرینو ئەوانیش بەجدی مامەڵە لەتەك دیالۆگەکانماندا بکەنو رێگەمان پێبدەن هەڵەکانیان راستبکەینەوەو .....هتد. ئەم داخوازیە بەئاوەزەشە کە لەبنچینەی مافە دیموکراتیەکانماندایە.
لەم خاڵەدا، دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ پرسی لێبووردەییو پاساودانیشی، مافی بەشداریکردن ئەرکی رێگەدان بەو بەشدرایکردنە بەسەر هاوڵاتیاندا دەسەپێنێ. ئەم رێگە پێدانەش بەهیچ جۆرێك لەگەڵ لێبووردەیی لە تەعبیرکردن لە هەڵوێستە سیاسیە جیاوازەکان لە کەسانی تر جودا ناکرێتەوە، یان لەگەڵ دەرخستنی ئەو هەڵوێستانە بەدیالۆگو گفتوگۆکردن. هەر لێرەشەوە لێبوردەیی لەگەڵ جوداخوازی سیاسی، یان ئۆپۆزسیۆنی سیاسیدا نابێ وەك ئەوە سەیر بکرێت کەلەرێزگرتن لەمافی ئازادیەوە سەریان هەڵگرتبێت.چونکە ئەم مافە جۆرێك لەپاساودەهێنێتە ئارا بۆ لێبووردەیی سیاسی، هەروەك چۆن رەفتارێکی بێزیان بهێنێتە ئارا، بەڵام لەبەر ئەوەی جوداخوازی سیاسی لەهەندێ باردا هەڕەشە دەبێت بۆ سەر مافەکان( بۆ نموونە هەڕەشە دەبێ بۆ سەر خاوەنداریێتیو سەربەستی، ئازادی) ئەوکات لێبووردەیی لەسەر ئەم تاکە زەمینەیەدا سنووردار دەبێت.

داكۆكیكردن لە لێبووردەیی سیاسی بەگەڕانەوە تەنها بۆ مافمان لە ئازادیدا، مەسەلەیەکە رەنگە بازدانێك بەسەر ناوەڕۆکی سیاسیانەی ئەو کردارانەدا بێنێتە ئارا کە دەبێ لێبووردەییان لە ئاستدا بنوێنین. بەپێچەوانەیشەوە، دەبینین ئەگەر داخوازی بۆ لێبووردەیی نواندنی سیاسی بەروونی لەسەر بنەماو بنچینەی مافی سیاسیو بەشداریکردن دامەزرابێت، دەشێت ئەم لێبووردەییە بەدڵنیایی زیاترەوە بچەسپێت ئەویش لەبەر ئەوەی گەر مافی بەشداربوون ــ وەك پێشتر باسم لێوەکرد ــ هاودەمی دارای هەر مافێك لە مافەکان بێت، ئەوکات داکۆکیکردن لەو مافەو ئەرکی لێبووردەیی سیاسی هاودەمی، دەلالەتێك لەخۆدەگرێت کە هیچ مشتومڕێك لەبارەی مافەکانمانەوە لەئازادیدا بۆی دەستەبەر ناکرێت.

## پاژی سێیەم

# لێبووردەیی و مافی ئازادی

## ن/تۆماس باڵدوین

هەلومەرجی زۆر هەن کە باشتر وایە دەوڵەتان لەئاستی هاوڵاتیاندا لێبووردەبن. لەهەندێ هەلومەرجیشدا لێبووردەیی هەر تەنها باشبوون و حیکمەت نابێ، بەڵکو دەبێتە ئەرك. ئەم ئەرکەش وا راڤە دەکرێت کەلە مافی هاوڵاتیانەوە سەرچاوە دەگرێت لە نواندنی لێبووردەیی لەئاستیاندا، زۆرجاریش وەك ماف لەئازادیدا بۆ ئەم مافە روانراوە، ئامانجی سەرەکیش لەم لێکۆڵینەوەیە تێڕوانینە لە مافمان لەئازادی لە رێی وردبونەوە لەو ئازادییەی کە دەکرێت راستگۆیانە بەمافی خۆمانی بزانین و تێڕوانینیشە لەو زەمینەیەی ئەو گریمانەیەی لەسەر بەرقەرا بووە کە دەڵێت ئێمە مافی خۆمان هەیە لەو ئازادیەدا بەیەکسانی. ئەوەشمان بۆ روونەدەبێتەوە کە ئەرکی لێبووردەیی هەر تەنها لەمافەکمانانەوە بۆ ئازادی سەرچاوە ناگرێت. بەو هۆیەی مافێکی سیاسی روونتر هەیە کەلەسەر بنچینەو ئەرکی لێبووردەیی دادەمەزرێت.

لێرەوەو لەرێی وردبوونەوە لە تیۆرە سیاسیەکەی(لۆك)ەوە لێکۆڵینەوە لەمافەکانمان دەکەم لەئازادی. دیارە ئەمەش دەسپێکێکی شیاوە بەهۆی ئەو داکۆکیە بەناوبانگەی(لۆك) لە لێبووردەیی ئاینی کردی، بەڵام من زیاتر سەرنجەکان لەسەر کتێبی(دراسات في الحكم)ی لۆك چڕدەکەمەوە، کەتیایدا نووسەر ئەو تیۆرە سیاسیەی باس و دیاریکردووە کە بەبەڵگەوە مشتومڕێکی داکۆکیکەرانەی لە لێبووردەیی ئاینی کردووە(هەرچەندە پراکتیزەی تیۆری لێبووردەیی ئاینی لە لێکۆڵینەوەی دووهەمدا باسی لێوەکراوە).گەرچی تێۆرەکەی لۆك کەموکورتی زۆری تێدایە کە دواتر باسیان لێوەدەکەین، بەڵام پێشموایە ئێمە تەنها لەرێی کارکردن بەراوبۆچونەکانی ئەوەوە دەتوانین ئەو رێگەیە بدۆزینەوە کە دەمانگەێنێتە راستەقینە(حەقیقەت) لەم پرسەدا.

لۆك(لەهەردوو لێکۆڵینەوەکەیدا) بەجەختکردنەوە لەسەر ئەوە دەستپێدەکات کە هەموو مرۆڤەکان(ئازادیی سروشتی) یان هەیە. بەڵام ئەم ئازادیە سروشتییە (مۆڵەتدان نیە) بەوەی خاوەنەکەی چیی بوێت بیکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئازادیەکی مەرجدارە بەئاکارەوە، یان وەك لۆك خۆی بە(یاسای سروشتی) ناوی دەبات. لۆك بۆ ئاکاریبوونی ئەرك و جەبر( ناچاری لەپابەندبوون) وەك سیستمگەلی ئەو یاسایانە دەڕوانێت کە دەربڕی سرووشتی ئێمەن وەك زیندەوەرگەلێکی ژیر کە خوای خێر دروستی کردووین(دواتر باس لەم چەمکەی ئاکار دەکەین) . لێرەوە، مادامەکی مافمان لەئازادی مافی مامەڵەو هەڵسوکەوتمان بەپێچەوانەی یاسای سروشتیەوە نادات، هاوکات مافی لادانیشمان لە ئەرك و پابەندبوونی سەنتریالیزمی خۆی هەیە نەك هەر لە تیۆرەکەی(لۆك)دا، بەڵکو لەهەر تیۆرێکدا سەبارەت بەئازادی کە دەکرێت قبوڵی بکەین. ئێمەش ، بۆ ئەوەی زیاتر لەتیۆرەی لۆك وردبینەوە، دەبێ زیاتر وردبینەوە لە دیدو بۆچوونەکانی لەبارەی ئازادیی سرووشتی و ناوەڕۆکەکانی(کێ ئازادە)، لەهەلومەرجەکانی(کەسی ئازاد، ئازادە لە ... ئامانجەکانی(کەسی ئازاد، ئازادە لە ..) یەکەم بابەتەکان هەن: نەك ئەو بابەتانەی کە لۆك بە روونی لە بارەیانەوە دەڵێت هەموو مرۆڤەکان وەك ئاوابن ... بەڵکو وەك مرۆڤگەلێکی ژیر.."ئێمە بەئازادی و بەژیری لەدایکبووین" کەواتە راڤەکردنی ئەم ئاماژەیە بە عەقڵگەرایی پەیوەستە بە پەیوەندیی ئازادیی سروشتی بە ئاکاریبوونی یاسای سروشتییەوە کە

بەدوو جۆر تـەعبیری لێدەکرێت: رێگەی یەکەمو ئاسانتر، ئەوەیە کە لۆك وەك پرسێکی پێوستو تـەواو بـۆ ناسینی یاسای سروشتی لە عەقڵانیەت دەڕوانێت، لێرەشەوە هەر تەنها زیندەوەرە ژیرەکان دەتوانن بـەگونجاوی لەگەڵ ئەخلاقیەتی یاسای سروشتیدا مامەڵە بکەن، دواجاریش ئازادبن. رێگەی دووهـەمیش لـە بڕگەیەکدا کورتو رونکراوەتـەوە کـە لـۆك تیایـدا دەنووسێت: عـەقڵ(ئاوەز) بۆخـۆی یاسـای سروشـتە(نـەك عـەقڵ ئـەم یاسایەمان فێر بکات) ئەمەش ئەو دیدە تەقلیدیەمان پێشنیار دەکات کە پێیوایە یاسای سروشتی خۆی لە ریشەدا عەقڵانیە، لێرەشەوە هەر ئەوانە بەئاوەزن(عاقڵن) کە ژیانی پێدەگوزەرێنن، بەپێچەوانەی ئەوانـەوە کـە تەنها دەیناسنو مامەڵەی پێناکەن. ئەو مەرجانـەش کەبەشێوەیەکی تایبـەتی لـەئازادیی سروشـتیدا هـەن تـەنها بـریتین لـە دەسـەڵاتی سیاسی. ئـازادیی سروشـتی ئازادبوونـە لـە هـەموو فۆرمـەکانی دەسـەڵاتی سیاسـی، وتـەزا سـەنتەریەکانی لۆکیش لەگەڵ (سێر رۆبـەرت فیلمـەر)دا لـەوەدا چڕبۆتەوە کـە مادامـەکی هـەموو زینـدەوەرە بـەئاوەزەکان ئـەم مـافی ئازادییـەیان هەیـە، کەواتـە دەسـەڵاتی سیاسـی رەوایـی نابێـت تـا ئـەو سـاتەی هاوڵاتیـان دەسـبەرداری ئـەو مافـەیان دەبـنو مـل بەدەسـەڵات دەدەن. هەرچـۆنێك بێـت، ئـازادیی سروشـتی هـەر تـەنها ئازادبوون لە دەسەڵاتی سیاسی نیە، بەڵکو ئەوەش دەخوازێت کە گەلێکی تر بەمەبەستی رێگری لـە وەرگرتنـی ئامانجەکانی ئازادی دەست لەکاری گەلێکی تر وەرنەدات. بەشێوەیەکی گشتی دەڵـێین ئـازادیی سروشـتی ئەوەیـە کـە مـرۆڤ بـەوەی کـە هەیـەتی، شـتێك بکـات کـە خـۆی بەشـیاوی دەزانێـت، بـەڵام بـەو مەرجـەی لەچوارچـێوی ئەخلاقیـەتی یاسـای سروشـتیدا بێـت. بۆیـە بـەهۆی بـوونی مـەرجی لـەو جـۆرە لـەئازادیی سروشـتیدا، گرەنتـی گەیشتن بەئازادیی سروشتی لەهەلومەرجێکی سروشتی ـ بەر ـ لەسیاسیدا لەئارادا نابێت: چونکە هەلومـەرجی سروشتی دەگۆڕێت بەهەلومەرجی جـەنگ، ئـەو دەمـەی خـەڵکی ئـازادیی سروشـتییان لەدەسـتدەدەن، بێئـەوەی مافیان لەو ئازادیە لەدەستبچێت، بەڵام لەدەرەوەی ئەو چوارچێوەیەدا دەبن کە سەر بە دەسەڵاتێکی سیاسی بـن، وێڕای ئەوەی گەر رووبەڕوو بڕوانینە پرسەکان، دەبینین لۆك، بـەهۆی بـوونی ئـەم رێگەیـەوە کـە مـرۆڤ تیایـدا ئازادیـە سروشـتیەکان لەدەسـتدەدات، دەیتـوانی بڵێـت دەسـەڵاتی سیاسـی هـەر لەبـەر پاراسـتنی ئـەو ئازادیـە دامـەزراوە، هەرچـەند ئـەم تێبینیـە لەسـەرەتادا، وات دەردەکـەوێت پارادۆکـسی(نـاکۆك) بێـت، مادامـەکی ئـەو ئازادیەی کە دەخوازرێت بەو جۆرە پارێزگاری لێبکرێت ناتوانێت بۆ مرۆڤ ببێتە ئازادیەکی تەواوی سروشتی.

لەبارەی ئامانجەکانی ئازادیی سروشتییەوە، ئێستا پێویست بە وتنی شتی زۆر ناکات، تەنها ئەوە نـەبێت کـە ئـەم ئامانجە لەو کردەوەو حاڵەتانە بەدوور دەگرێت کەلە رووی ئاکارییەوە رێگەیان پێنادرێت.(لۆك) یش پرسـەکە بەمجۆرە لێدەکات: ئازادیی مرۆڤ بریتییە لـە(ئـازادیی لـە هەڵسوکەوتو بـەڕێوەبردنی کەسێتیو کـردارو مـاڵو موڵكو هەموو شتەکانی خۆی، لەچوارچێوەی ئەو یاسایانەدا کەلەسایەیدا دەژی، بەو جۆرەش دەبـێ لـە جـەوری ویستی کەسانی تر بەدەر دەبێتو بەوپەڕی ئازادی بەپێی ویستی تایبەتی خۆی کاربکات.

وەك دەبینین، لۆك سوورە لەسەر بوونی گرێدانێکی نیوەرۆکی لـەنێوان ئاکاریبوونی یاسای سروشـتیو ئازادیـە سروشـتیەکانماندا. بـەو هۆیەشـەوە جـەخت دەکاتـەوە کـە ئـەم ئازادیـە سروشـتییە بنچینـەی کـۆی ئازادیـەکان پێکدەهێنێت، پێوایە ئەم گرێدانە لەنێو خودی خۆیدا راسـتیەکی گشـتی لـەخۆدەگرێت کـە وەك ئـازادی، خـودی ئازادیش دەگرێتـەوە، ئـەو شـتەش کـە دەبـێ ئـەو پەیوەسـتیو گرێدانـە دابمـەزرێنێت، دیـدی مرۆڤـە کـە تیایـدا دەکرێت لاهوتیو عەقڵانیش بێت لەیەك کاتـدا، لەلایـەك دەبیـنین یاسـای سروشـتی ویسـتی خوایـەو مادامـەکی

ئێمەش ئافریدەکراوی ئەوین، ئەوا ئەم یاسایە بەتەوافوق لەگەڵ ئەودا ئێمەی دروستکردووە. لەلایەکی دیکەشەوە، دەبینین(عەقڵ) یاسای سروشتیە، کەواتە ئێمە دواجار، وەك زیندەوەری بەئاوەز ناچارین بە فەرمانڕەوایی. لێرەشەوە ئەو شێوازە هەرچۆنێك بێت کە یاسای سروشتی بەهۆیەوە تەعبیر لەبنەما سەرەکیەکانی بونمان دەکات، گەر ئازادیمان بەو مانایە بێت کە بە تەوافوق لەگەڵ سروشتی تایبەتی خۆماندا وەك زیندەوەرگەلی بەئاوەزو خواوەندی مامەڵە بکەین، ئەو شێوە تەعبیرە دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە ئەوخلاقیەتی یاسای سروشتی ئازادیمان سەرکوت نەکات، بەڵکو پارێزگاری لێدەکاتو مەوداکانی بەفراوانتر دەکات". حاڵەتی لەو جۆەش بەرهەمدێت گەر بەو شێوەیە بڕوانینە مەسەلەکە گەر ئازادبوونمان مانای ئەوە بێت بە تەوافوق لەگەڵ سروشتی تایبەتماندا رەفتار بکەین، گەر بەو جۆرەش بڕوانینە لۆك مانای پەیڕدنمان دەبێت بە رەگەزە پۆزەتیڤەکانی نێو بۆچوونەکانی لەبارەی ئازادییەوە. گەیشتن بە وەڵامی پرسیاری لەمەڕ زانینی ئەوەی کە ئەم راڤەیەی لۆك پاساوی هەیە، بەڵام لێرەدا پێویستمان بەوە نیە، چونکە بە گەڕانەوەمان بۆ سەرەتا تیۆرەکانی لۆك کە دەڵێت ئێمە مافی ئازادیی سروشتیی خۆمانمان هەیە، دەکرێت وەك بانگەوازێك بڕوانینە ئەم بۆچوونەی بەوەی کەئازادیی سروشتی تاکە ئازادیە کە مافی سروشتیمان هەیە لەئاستیدا. گەر شێوازی ئەم بۆ روانینەمان وەك شێوازێکی شیاو دانا، ئیدی نکوڵیکردن لەوە پێویست نابێت کە مۆڵەتدان ئازادیەکە شایستە بەم ناوەی نیە (تەنانەت لۆك بە Liberty ناوی بردووە) ئەوەی مرۆڤ پێویست بە وتنی دەکات ئەوەیە کە هیچ مافێکی سروشتیمان لەمجۆرە ئازادیەدا نیە. رۆڵی یاسای سروشتیش لەپێناسەکردنی ئازادی سروشتیدا ئێستا بەشێوەیەکی رێژەیی ئیشکالیەتی نیە: ئەوە ئاسانترە کە بزانین چۆن تاکە ئازادیەکە مەرجدارە بە ئاکاریەتی یاسای سروشتییەوە، وەك لەوەی بزانین یا ببینین کە ئازادی لەو جۆرە تاکە ئازادیی راستەقینەیە. دەرەنجامیش ئەوەیە کە دەکرێت مرۆڤ رەگەزە پۆزەتیڤەکان لە دیدی لۆکدا لەمەڕ ئازادییەوە دەربهێنێت، ئەگەر خۆی لە پرسیاری(ئازادی چیە) بەدوور بگرێت. لەراستیشدا هەموو ئەو بەهەندوەرگرتنانەی کەرکوك بۆ پشتگیریی لە وتەزاکەی بەوەی ئازادیی سروشتی، تاکە ئازادیی رەسەنە .. بەهەندوەرگرتنەکان پەیوەستن بە سروشتی ئێمەوە وەك زیندەوەری بەئاوەزو ئیلاهی ،،، رۆڵێکی دەمێنێ، بەو سیفەتەی پاساوگەلێکن بۆ گریمانەکان بەوەی کەبەشێوەیەکی رەها مافگەلێکی سروشتیمان هەیە.بەڵام لەبەر ئەوەی بەهەر شێوازێك بێت دەبێ لێرەدا باسیان لێوە بکرێت، بەڵام لەبارەی چەمکیەوە روونتر دەبێت گەر لەبارەی حیسابکردنی گشتیەوە بۆ ئازادی بەو جۆرە وەلایان بنێین. ئاڵۆزیەکی تر لە وتەکانی (لۆك)دا هەیە سەبارەت بەئازادیی سروشتی لەو واقیعەوە سەرهەڵدەگرێت کە ماف لە ئازادی سروشتی لەنێو خودی یاسای سروشتیدا دەستەبەر دەبێت، ئەویش بەو هۆیەی مەسەلەکە واپێدەچێت کە جۆرێك لەخولخواردنی ناسەرکەوتووی هێنابێتە ئارا: ئازادیی سروشتیی بەدەستەواژەکانی یاسای سروشتی دیاریدەکرێت کەلەچوارێوەی مافی ئازادیدایە. ئەمەش کتوپڕیەکمان بۆ دروست دەکات لە پرسیارێکدا کە ئاخۆ ئەم دوانە کامیان لەپێشەوەن: ئازادی یان یاسای سروشتی؟ وەڵامی لۆك ئەوەیە کە هەردووکیان پێکەوەن، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بگەین بەوەی کەچۆن ماف لەئازادی، یان مافی ئازادی دەتوانێت لەچوارچێوەی یاسای سروشتیدا بەرجەستەو دەربکەوێت بێئەوەی لەو خولخواردنە ناجۆرەدا رۆبچێت لە میانەی پێناسەکردنماندا بۆ ئازادی سروشتیی. من پێموایە دەتوانین بەشێوەیەکی باشتر بگەینە ئەوە لەرێی وێنەکردنێکی پلە بە پلەیی( هەنگاو ــ هەنگاو یاسای

سروشتی. با پێناسەی یاسای سروشتیی بنەڕەتی بکەین، وەك ئەركی ڕێزگرتن لە ئاستی كەسانی دی لەژیانو تەندروستیو جوڵەو خاوەندارێتی، لێرەشەوەو لەگەڵ بەردەوامی یاسا سروشتیەكەدا، ئەوكات ئازاد دەبین لەوەدا كەچی بخوازین بیكەین، بەو مەرجەی ڕێزی مافە سروشتیە بنەڕەتیەكانی كەسانی تریش بگرین، بەڵام هەرچۆنێك بێت، ئەم ئازادیە لەنائامادەیی ئەركی ڕەفتاركردن بەشێوەیەكی جیاواز لەلایەن خۆمانەوە بەولاوە شتێكی زیاتر نیە، هەروەك شتێكی ئەوتۆش لەئارادا نیە كە دەبێ بەرامبەر ڕێزی لێبگرین. كەواتە، لەگۆڕانو وەرچەرخاندا لەیاسای سروشتیی بنەڕەتیەوە بۆ یاسای سروشتیی تەواو، دەبێ وەك مافێك مامەڵە لەگەڵ خودی ئەم ئازادیەدا بكەین. بەهەرحاڵ، بنچینەی دەركەوتنی خولخواردنەكەی كەپێشتر باسمان لێكرد لێرەدایە، لەو ساتە وەختەوە كە ئەم ئازادیە دەبێتە ماف، دەبێ دووبارە دەربكەوێتەوە، بەڵام لەچوارچێوەی خەسڵەتە تایبەتەكانیدا، بەو هۆیەی ئەگەر ئازادی مافی هەموو كەسێك بێت، دەبێ ئەم ئازادیە كە بەرقەرار بێت، ئەو ئازادیەی كە ئێمە مافمان تیایدا هەیە، ناكرێت هەمان ئەو ئازادیە بێت كەلە چوارچێوەی یاسا سروشتیە بنەڕەتیەكەدا چی بخوازین بیكەین، چونكە هەر هێندەی ئەم ئازادیە دەبێتە ماف، ئازادی هەموو كاتێك بەمافی كەسانی تر لە ئازادیدا سنووردار دەبێت، لەو مانایەی ئازادی دەبێتە كردەوەگەلێك لە سنوری یاسای سروشتیی تەواو گوزەر ئەكات.

بەمجۆرە، دەكرێت پەیوەندی گۆڕاوەی نێوان ئازادیو یاسای سروشتی ڕوونبكرێتەوە، بێئەوەی باسی خولخواردن بكەین.

وێڕای ئەوەیش، دوو خاڵ هەیە كە دەبێ لێرەدا جەختیان لەسەر بكەینەوە. یەكەمیان ئەوەیە كە دەبێ ئاكاریبوونی دیاریكراوی یاسای سروشتی نێوەڕۆكێكی دیكەی جگە لە ڕێزگرتن لەئازادیش لەخۆ بگرێت. چونكە بەبێ بوونی یاسایەكی سروشتیی سەرەكی پشت پێبەستراو دەكرێت پێناسەی ئازادی بكرێت بەبێ گەڕانەوە بۆ خودی مافی ئازادی، ئەو كات خولخواردن(جوڵەی بازنەیی) كەلەسەر بنەمای دیاریكردنی مافی ئازادی مەرجدار بەیاسای سروشتیی ڕێكخراوە، كارێكی خراپو ناجۆر دەبێت. دووهەمیش/ نادروست بە ڕوانین بۆ ئەوەی كە وا دەردەكەوێت پێشنیاری ئەوە بكات ئەو ئازادیەی مافی خۆمانە، دەبێ بەردەوام ناكامڵ(قاصر)ە بێت، بەمانایەكی تر، دەبێ بەردەوام بوار بەمافەكانی تر بدەین كە هەژمونداربن. ئەگەر ئەو مافانەی تر فراوانخوازی بن، وادەبینین ئەو ئازادیەی كە مافی خۆمانە، لەبەرامبەردا دەبێ سنووردار بێت.

# له بارەی دیموکراتیەوە

رۆڵی میدیا ئازادەکانی راگەیاندن ........................ ن/جۆن دەبلیو. جۆنسۆن
یاسادەرکردن له کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیدا .................... گۆردن مۆریس باکی

# رۆڵی میدیا ئازادەکانی راگەیاندن

ن/جۆن دەبلیو. جۆنسۆن

بۆ ئەوەی هەر کۆمەڵگەیەك بە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی دابنرێت، بەراستی دەبێ ئاستێکی زۆر باڵای پارێزگاری بۆ دەربڕینی فیکری بڵاوکراوە دابین بکات، لە رۆژنامە دابێت یان کتێبو گۆڤارو بڵاوکراوەکان، یاخود فیلمی سینەماییو tv، یان ئامرازی هاوچەرخی وەك ئینتەرنێت.

ئەزموونی ئەمریکا لەماوەی دوو سەد ساڵی رابردوودا نمونەیەکی رۆشنی دەستەبەر کردوە ـ سەبارەت بە هەوڵی دەوڵەتێك کە رێسای تایبەتی داناوە بۆ ئازادیی دەربڕین بەشێوەیەکی کرداری. بێگومان ئەم ئەزموونانە لەسەر سرووشتی کولتورو مێژوی ناوازەی ویلایەتە یەکگرتووەکان دامەزراوە .. دەکرێت بنەما گشتیەکانیشی بەشێوەیەکی بەرفراوان لە کۆمەڵگە دیموکراسیەکانیتردا بەرجەستە بکرێت.

هەر (١٣) ویلایەتە سەرەکییەکەی ئەمریکا لەساڵی ١٧٩١دا متمانەیان بەدەستوورەکەی نەدەدا، کە بنەمای سیستمی دەسەڵاتە لەم وڵاتەدا، بەبێ ئەنجامدانی ١٠ حاڵەتی هەموارکردن لەو دەستوورەدا کە بە (بەڵگەنامەی مافەکان) ناسراوەو ئامانج لەوەش پاراستنی ئازادیە تاکەکسیەکان بووە. چەسپاندنی مافی ئازادیی دەربڕینیش بۆ ئامرازەکانی راگەیاندن لە یەکەمین هەموارکردنی ئەو کۆمەڵە هەموارکردنەدا پرسێکی هەروا رێکەوت نەبووە. لەیەکەمین هەموارکردندا هاتووە:" کۆنگرێس مافی ئەوەی نیە هیچ یاسایەك دەربکات کە ئازادیی دەربڕین یان ئازادیی رۆژنامەگەری بەرتەسك بکاتەوە) بەلایەنی سەرکردە دامەزرێنەرەکانەوە کە دانەری دەستوورو بەڵگەنامەی مافەکانن .. لاپەڕەی چاپکراو ـ رۆژنامەو بڵاوکراوەکان بەشێوەیەکی گشتی ئامرازەکانی راگەیاندنی ئەو سەردەمە بوون. هەر لێرەیشەوەیە کە دەستەواژەی (رۆژنامەنوسی) لەیەکەمین هەموارکردنی دەستووردا هاتووە.

لەتەواوی مێژووی ئەمریکادا هەردوو ئازادیی قسەکردنو رۆژنامەنوسی، کە پەیوەستن پێکەوەو بەو شێوەیەی کەلە یەکەمین هەموارکردندا هاتووە، لەزیهنی گەلو تەنانەت ئەو دادوەرانەشدا لەیەك ئاڵاوە کەلە سکاڵا تایبەتەکان بەئازادیی دەربڕینی رۆژنامەنوسیدا حوکمیان دەرکردووە.

رەنگە لەبارترین رێگە بۆ نرخاندنی رۆڵی ئاڵۆزو نەچەسپاوی چەمکی ئامرازەکانی راگەیاندنی سەربەخۆ لە ئەمریکادا، وردبونەوە بێت لە پەرەسەندنی مێژوویی ئەم چەمکە لە میانەی بڕیارەکانی دادگاکانی ئەم وڵاتەوە. چونکە لەکاتێکدا یەکەمین هەموارکردن بڕێکی زۆر لەئازادیی رۆژنامەنوسی دەستەبەر دەکات، سیستمی دادوەری ئەمریکی بەوردی ماناو دەلالەتی ئەم چەمکە دیاری دەکات لە مومارەسەکردندا، دادگاکان هەروەها بەشێوەیەکی گشتی بیرۆکەکەیان زیاتر لە رەگوریشەکانی ئینگلیزدا هەیەو هەر ئەویش لەدژی هێزەکانی کۆمەڵگەی ئەمریکی کە بەئازادیی زیاتر بۆ رۆژنامەنوسی دەستەبەرکراو خۆشگوزەران نین .. پاراستنی ئەم مافەی زامن کردووە.

## دادگاییکردنی زنجرو ئاژاوەگێڕی لەرێی بڵاوکراوەکانەوە

دادگاییکردنی (جۆن پیتەر زنجر)ی رۆژنامەنوسی نیۆرکی لە ساڵی ١٧٣٤دا نمونەیەکمان دەخاتە بەردەست سەبارەت بەو بیرۆکە گشتیەی کە دەڵێت: ئازادیی رۆژنامەنوسی لە کۆلۆنیالەکانی بەریتانیا لە ئەمریکای باکوردا وەك ئەمڕۆ نەناسرا بوو. حکومەتی کۆلۆنیالیستی نیویۆرك (زنجر)ی بەپشێوی نانەوە تۆمەتبار کرد بەهۆی بڵاوکردنەوەی نوسینێك کەتیایدا بە توندی رەخنە لە حاکمی پاشایەتی کۆلۆنیالەکە دەگرێت.

فەرهەنگی(بلاك) بۆ زاراوە یاساییەکان وا باس لە (سوکایەتیکردن) دەکات کە پەیوەندیکردنێکی نوسراوەو (دەبێتە هۆی دوچارهێنانی کەسێك بە رق لێهەڵسانی جەماوەریو ئابڕوو بردن .. گاڵتەپێکردنو شەرمەزارکردن)لەنێوان چەندین پرسی دیکەدا، رۆژنامەکەی(زنجەر) ئەوەی بڵاوکردۆتەوە کە حاکمی ناوچەکە بەبێ رەزامەندیی ئەنجومەنی یاسادانان چەندین دادگای دامەزراندوە، بەشێوەیەکی درندانە ئەندامانی کۆلۆنیالەکانی لەمافی دادگاییکردن لەلایەن سوێند دەرانەوە بێبەری کردووە. زنجەر لەرێی پارێزەرەکانیەوە نکوولّی لەوە نەکردووە کە ئەو تۆمەتانەی بڵاوکردۆتەوە. ئەو سووكو ئاسان جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە مافی خۆیەتی رەخنەیەك بڵاوبکاتەوە تایبەت بە فەرمانبەرێکی حکومەتە، مادام رەخنە کە دروست بێت. لەبڕیارێکیشدا کە دەکرێت بەدیاردەیەك دابنرێت، دەستەی سوێند دەران زنجەریان بێتاوان دەرکرد، ئەوەش هاوکاربوو لە چەسپاندنی ئەوەی کە راستگۆیی بەرگریکردنە لە دژی تۆمەتەکانی سوکایەتیکردن. هەرچەندە حوکمی دەستەی سوێنددەران لەو دۆزەدا ئەو بنەما یاساییەی نەگۆڕی کە(ویلیام بلاکستۆن) نوسەری مافناس لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا رایگەیاندو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە :" بڵاوکردنەوەی هەر شتێك کە مایەی زیان بێت" تاوانێکە کە دەکرێت سزای یاسایی هەبێت.لەساڵی ١٧٩٨و لە ترسی ئەوەی رادیکاڵیەتی شۆڕشی فەرەنسا رێگەی خۆی بەرەو زەریای ئەتڵەسی بکاتەوە، کۆنگرێسی ئەمریکی بەزۆرینەی دەنگ، دەنگیان لەسەر یاسای(سوکایەتیکردن)دا کە نووسەرو چاپکەرو بڵاوکارو بێژەری هەر جۆرە نوسین یا وتنێکی درۆ بڵاوبکاتەوە لەدژی حکومەت.

بەپێی ئەو یاسایەش چەندین کەسو رۆژنامەش حوکمدران.یەك لەوانە (جیمس تۆمسۆن کالندەر)ی بلاوکەرەوە بوو، کە بە(سوکایەتیکردن) تۆمەتبار کرا لەدژی سەرۆك (جۆن ئادەمز) لەساڵی ١٨٠٠ دا کاتێك بە (سەرێکی سپیو پشێوی نەرەوەو دەست بەخوێن سور بوون) وەسفی دەکات، دیارە کالندەر کەلەو دەمەدا بەکەسێکی نەفام دادەنرا، بەچەندین ساڵ زیندانی حوکم درا. بەڵام دوای ئەوەی تۆماس جیفرسۆن لەساڵی ١٨٠١دا گەیشتە حوکم بەماوەیەکی کەم بڕیاری لێبوردنی بۆ دەرکرد.

## سوکایەتی پێکردن لەسەدەی نۆزدەهەمدا

لەگەڵ سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا، وردە وردە تۆمەتی سوکایەتیپێکردن بوو بە مادەیەکی پەیوەست بە یاسای مەدەنیەوە زیاتر لەوەی کە بابەتی دادگاییکردنە تاوانکارییەکان بێت.واتە، لەبری ئەوەی حکومەت ئەو نوسەرانە بداتە دادگا کە رەخنە لە دەسەڵات دەگرن، خەڵکی دیار خۆیان لەدادگاکاندا بۆ پاراستنی شکۆی خۆیان سکاڵایان تۆمار دەکرد.

هەر لەبەر ئەوەش بوو کە تا سەدەی بیستەم بەلایەنی مافی تاکەکانەوە بەرامبەر بە حکومەتی نەتەوەیی

هیچ تاقیکردنەوەیەکی دادگایی ئەنجام نەدرا، هاوکات لە سەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیستەمیشدا گرنگترین دۆزە دەستوریەکانیش باسیان لە ئازادیی دەربڕین نەکردووە. بەڵکو تاقیکردنەوەی هێزبووە لەنێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانو حکومەتی فیدرالیدا، وێڕای چەند سکاڵایەك سەبارەت بە هەوڵەکانی حکومەت بۆ ڕێکخستنی کۆمپانیا بازرگانیەکان.لەو ڕۆژانەدا، نەریتی درێژخایەنی ئەمریکا لە دەمارگیری ئیقلیمیدا زیاتر بەلای کەمکردنەوەی پێکدادانی راستەوخۆی نێوان تاکەکانو حکومەتی نەتەوەییدا دەچوو.

لەساڵی ١٨٣٣شدا، دادگای باڵای ئەمریکا ـ کە باڵاترین دادگای ئەمریکایە ـ جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە بەڵگەنامەی مافەکان تەنها حکومەتی نەتەوەیی کۆت دەکات لەدەست وەردان لەکاری تاکەکانو ویلایەتەکان بەو شێوەیە کۆت نەکراون. دواجار ئەو بنەمایە وای لە ویلایەتەکان کرد کە بەردەوامبن لە چاودێریکردنی ڕۆژنامەو ئامرازەکانیتری راگەیاندن تا کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم .. ئەوەش وێڕای زمانێکی ڕەونەقدارو پەیماندەر بە ڕۆژنامەنوسێکی ئازاد کەلەیەکەمین یاخود لەهەموارکردنی یەکەمدا بڕیاری لێدابوو، بەڵام دادگاکانی دەوڵەت پاراستنێکی پچڕپچڕ نەبێت شتێکی ئەوتۆیان نەکرد بۆ ئەو ژنو پیاوانەی بەهەڵەشەیی ڕەخنەیان ئاراستەی حکومەت کرد، لەسایەی بڕیارەکانی ساڵی ١٨٣٣دا، دۆزگەلێکی ئەوتۆ لە بارەی ئازادیی دەربڕینەوە بۆ دادگای باڵای ئەمریکا بەرز نەکرایەوە تا سەرهەڵدانی جەنگی یەکەمی جیهانی، بەڵام نەریتی کولتوری لە ئازادیی سیاسیو زۆریی ژمارەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان، نوسەرانو کاریکاتێرستەکانی هاندا بۆ ئەوەی لەو ماوەیەدا ئازادیی دەربڕین بگەیەننە ئاستێکی باڵا .. تەنانەت ئەبراهام لینکۆڵن کرا بە بابەتی وێنەی کاریکاتێری زەق .. هەروەك چۆن(ولیام جینگیز)ی سیاسەتوانی میللی لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا کەوتە بەر هەمان هەڵمەت. جێی باسە کەلە ساڵانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا نووسەرو ڕۆژنامەنوسەکانی وێڵی دوای گەندەڵیەکان، لەرێی ئەو گۆڤارانەوە کەلەسەرانسەری وڵاتدا بڵاودەکرانەوە، کەوتنە نووسینی بابەتو نوسینی هەڵتەکێنەر سەبارەت بە بەرتیل خۆری لە نێوەندە بازرگانیو سیاسیەکاندا.

ئەو راپۆرتانەش گۆڕانکارییەکی سیاسیو سیستماتیکیان فەراهەم هێناو هاوکاربوون لە پێکهێنانی بزاڤێکی پێشکەوتووخواز وەك هێزێکی سیاسی بەهێز لەسەدەی بیستەمداو ژینگەیەکیشی بەدەستهێنا کەدوای دەیان ساڵ بووەهۆی بەرفراوانبوونی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی.

## ڕۆژنامەنوسیی ئازاد .. لەکاتی جەنگدا

لەساڵی ١٩١٧و هاوکات لەگەڵ چوونە نێو جەنگی جیهانیی یەکەمەوە، وەك لایەنێك لەجەنگەکەدا .. کۆنگرێس یاسای سیخوڕیکردنی دەرکرد کە سزای تێدا بوو بۆ دەستکەوتنو وەرگرتنو گواستنەوەی زانیاریەکانی تایبەت بە بەرگریی نەتەوەیی بەبێ مۆڵەت. ساڵی دواتر، کۆمەڵێك هەموارکردن لەو یاسایەدا سەپێنرا کە بەشێوەیەکی گشتی بەیاسای هاندانی پشێوی نانەوەی ساڵی ١٩١٨ ناسراوە، سزاکانی دەربڕین کە ڕەنگە دوژمنانی ئەمریکا سوومەند بکات .. دواجاریش دادگایەکردنەکان بەپێی ئەم یاسایە وایکرد دادگای باڵا چەندین بڕیار بدات سەبارەت هەردوو مادەی ئازادیی دەربڕینو ڕۆژنامەنوسیی کەلەهەمواری یەکەمی دەستووردا هەن. یەك لە گرنگترین ئەو پرسانە کە دادگای باڵا لەساڵی ١٩١٩دا بڕیارێکی سەبارەت دەرکرد، دادگاییکردنی (جاکۆب ئەبرامز) بوو کە بەسەرپێچیکردنی یاسای هاندانی پشێوی نانەوە تاوانبار کرابوو، بەو

هۆیەی لە نوسینو بڵاوکردنەوەی دوو بڵاوکراوەدا رەخنەی لە سەرۆك (وۆدرۆ ویلسۆن)و حکومەتی ئەمریکا گرتبوو بەوەی هاوکاریی سەربازیی قەیسەری روسیایان کردووە بۆ شکستهێنان بە شۆڕشی بەلشەفیەکان. هەردوو بڵاوکراوەکەش تەنها لە بەشێکی کەمی شاری نیویۆرکدا بڵاوکرابوویەوە .. هەرچەندە نوسراوەکەی (ئەبرامز) تەنها پەیوەندییەکی لاوازی هەبوو بە ئیدارەی ئەمریکاوە بۆ شەڕی لەگەڵ ئەڵمانیادا. وێڕای ئەوەیش دادگای باڵا جەختی لەسەر ئیدانەکردنی ناوبراو کردەوە بە بڕیارێكو بەڕای زۆرینەی ئەندامانی دادگا ئەو رەفتارەی (ئەبرامز) مەترسیەکی روونو ئەگەرلێکراوی بۆ سەر ئاشتی مەدەنی هێنایە ئاراو لەبەر ئەوەش دەکرا حکومەت سزای بدات.(ئۆلیڤەر ویندل هۆڵمز)ی دادوەر بنەمای (مەترسیی روونو ئەگەرلێکراو)ی بەکارهێنا لە بڕیارێکی دیکە کە ساڵی بەر لە جەنگی جیهانیی یەکەم دەریکرد لەبارەی ئازادیی دەربڕینەوە، بەڵام بەلایەنی دۆسیەکەی (ئەبرامز) ەوە دادوەر (هۆڵمز) لەگەڵ رای دادوەرانی‌تردا جیاواز بوو، ئەو ئاماژەی بەوەدا کە زۆربەی ئەندامانی دادگا تاقیکردنەوەکەی ئەویان بەهەڵە بەکارهێناوە لەبارەی نرخاندنی دەستووریی ئەو فۆرمە لە فۆرمەکانی دەربڕینی ئازادەوەو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە کۆمەڵگە هیچ مەترسییەکی نیە لە:" دەرکردنی بڵاوکراوەیەك بە نهێنی، بڵاوکرایەوەیەکی پووچ کە لەلایەن کەسێکی نەناسراوەوە دەکراوە".

دەستەواژەی (مەترسیی روونو ئەگەرلێکراو) زۆرجار لەلایەن دادگاکانەوە بەکارهێنراوە کاتێك لەماوەی هەشتا ساڵی رابردوودا، داوای بەراوردکردنی دەستووریێتی دەربڕینی سەرزارەکیو نووسراوو هێماکاری لە رەخنە لە حکومەتدا کراوە.

هەندێك لەیاساناسان پێیانوایە تاقیکردنەوە هێندە ئاسان بووە دەکرێت ئەوە بڵێین زمانەکەی تا رادەیەك لەگەڵ هەموو هەڵوێستێك لە هەڵوێستە سیاسیە گشتیەکاندا دەگونجێت .. لەچاودێریی رەهایشەوە کە مۆڵەتدانێکی تەواوە بۆ دەربڕین.

دۆزەکانی دەربڕینی ئازاد لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانیدا خاڵێکی گرنگ روون دەکەنەوە سەبارەت بە یەکانگیری نێوان هەردوو بابەتی ئازادیی قسەکردنو رۆژنامەنوسی لە یەکەمین هەموارکردنی دەستووری ئەمریکادا. دادگای باڵای ئەمریکا بەروونی جیاوازیی نەکردووە لەنێوان (قسە)و(رۆژنامەوانیدا)، چونکە لەرووداوەکانی دۆزێکدا چەندین جار پێکەوە دووبارە بوونەتەوە. بۆ نموونە، (ئەبرامز) لەمیانەی نامیلکەیەکەوە داوای مافی بەئازادی دەربڕینی راوبۆچوونەکانی خۆی کردووە. بۆیە لەداکۆکیکردن لەخۆی ئەوەی روونکردووەتەوە کە روونکردنەوەی ئەو دوو چەمکە پارێزگاری لێدەکەن: ئازادی قسەکردنو رۆژنامەنوسیش کەلە یەکەمین هەموارکردنی دەستووردا هاتووە. وەك رێسایەکی گشتیش، دادگاکان وەك ئەو کەسانەی بەقسەکردن رای خۆیان دەردەبڕن مافی پاراستن بە رۆژنامەنوسانیش دەدەن.

## دوو بڕیاری دادگای باڵا ئازادی رۆژنامەنوسیی بەهێزتر دەکات

پەنابردن بۆ یەکەمین هەموارکردن وەك بنەمایەکی دەستووری بۆ پاراستنی ئازادیی دەربڕینی تاکەکان بەپلەو ئاستێکی گەورە لەساڵی ١٩٢٥داو لە دۆزی یەکێك لە کۆمۆنیستەکاندا زیاتر جەختی لەسەر کرایەوە ..

ئەو كۆمۆنيستەش (بنيامين غيتلۆ) بوو كە ناميلكەيەكى بڵاوكردەوەو تيايدا بەرگريكرد لە پەنابردن بۆ مانگرتنو چالاكيى چينايەتى بۆ سەرخستنى دۆزى سۆشياليستى، ويلايەتى نيويۆرك غيتلۆى بە پيشێلكردنى ياساكانى ويلايەتەكە تۆمەتبار كرد، ياساكەش باس لەوە دەكات كە بانگەشەكردن بۆ روخانى دەسەڵات تاوانە. هەرچەندە دادگاى باڵاى ئەمريكا ئيدانەى غيتلۆى كرد، بەڵام بڕيارى ئەوەيشى دا كە پاراستنى ئازادى قسەكردنو رۆژنامەنوسيى بەپێى يەكەمين هەموارى دەستوور لەنێوان ئەو ئازاديە تاكە كەسيە بنچينەييانەدان كە نە لەلايەن ويلايەتەكانو لەلايەن حكومەتى نەتەوەيشەوە كۆتو بەنديان ناخرێتە سەر. دادگاى ناوبراو ئاماژە بە دەستەواژەيەك دەكات كەلە هەمواركردنى چواردەهەمى ساڵى ١٨٦٨ متمانەى پێدراو دەڵێت:" هيچ ويلايەتێك مافى ئەوەى نيە (ودم ـ ئيمتيازات)و حەسانەوەى هاوڵاتيانى خەڵكى ئەمريكا كەموكورت بكاتەوە، هەروەها هيچ ويلايەتێك بۆى نيە مرۆڤەكان لەژيانو ئازادىو خاوەندارێتى بێبەرى بكات بەبێ پەنابردن بۆ رێوشوێنە ياساييە پيادەكراوەكان، هەروەها ناتوانن لەچوارچێوەى دەسەڵاتى دادگاييباندا هيچ مرۆڤێك لە پاراستنى بێ جياوازى لەبەردەم ياسادا بێبەرى بكەن. دادگاى باڵا گەيشتە ئەو دەرەنجامەى دانەرانى دەقى ئەو هەمواركردنە مەبەستيان بووە كە هەر لەو ساتەوە ويلايەتەكان دەبێ پابەند بن بەرێزنان لە ئازاديە تاكە كەسيە گرنگەكان هاوشێوەى حكومەتى نەتەوەيى، ئازاديى قسەكردنو رۆژنامەنوسيش دوو لە ئازاديە سەرەكيەكانن.

بەوەجۆرەش كردەى بەكارهێنانى زمانى هەمواركردنى چواردەهەم وەك ئامرازێكى فشارى ياسايى بوو بۆ ئاراستەكردنى پاراستنى بەڵگەنامەى مافەكان رووەو تاكەكان كاتێك روو بەڕووى دەسەڵاتى ويلايەتەكان دەبنەوە. بڕيارى دۆسيەكەى غيتلۆ بڕيارى دادگاى باڵاى ساڵى ١٨٣٣ى هەڵوەشاندنەوە، كە پابەندبوونى ويلايەتەكانى بەدەقەكانى بەڵگەنامەى مافەكانەوە جەخت لێدەكردەوە، بەو جۆرەش ئاراستەيەك دەستى پێكرد كە ٤٠ ساڵ بەردەواميى بەخۆوە بينىو تيايدا وێنەى ئينتيقائيەتى پاراستنەكانى ترى ئاوێتەكرا بۆ ئەوەى وەك پاراستنى تاكەكان لەدژى سنووربەزاندنەكانى ويلايەتەكان بەكاربهێنرێت .. ئەم ئاراستەيەش لەسەر ئاستى ناوخۆيى مافى دەربڕينى ئازاديى بەهێزتر كرد.

رەنگە گرنگترين بڕيار لە بارەى رۆژنامەنوسيى ئازادەوە كە لەنێوان هەردوو جەنگى جيهانيدا دەركرابێت، ئەو بڕيارەى دادگاى باڵايە كەلەساڵى ١٩٣١ دا سەبارەت بە دۆزێك بەرزكرايەوە تايبەت بوو بە مافى ويلايەت بۆ سنووردارکردنى، يان كۆتكردنى بڵاوكردنەوەى رۆژنامەى (ساتر دەى) كە ناوبانگێكى خراپى هەبوو لەلايەن (جاى. ئێم. نير)ەوە دەردەكرا .. ئەم رۆژنامەيە لە ساڵانى بيستەكانى سەدەى رابردوودا بەوپەڕى هێزەوە هەستى رەگەزپەرستىو دەمارگيرىو ئيتنى بڵاوكردەوە. ئەنجومەنى ياسادانانى ويلايەتى (مينيوسوتا)ش لەساڵى ١٩٢٥ دا ياساى لابردنى هەر هۆكارێكى دەركرد كە پشێوى گشتى بنێتەوە، (بەپێى ئەو بڕيارەش دادوەر دەتوانێت هەر رۆژنامەيەك دابخات كە بەخراپو ئاژاوەنێرەوە و سووكايەتيكارو .. هتدى بزانێت. ماوەيەكى كەم دواى دەركردنى ئەو بڕيارە دادوەر (قازى)ى ويلايەتى ناوبراو رۆژنامەى (ساتر دەى پرێس)ى داخست، دواى تێهەڵچوونەوەى بڕيارەكە لەدادگاى باڵادا .. دادگا بە زۆرينەى ٤ دەنگ لە ٥ دەنگى ئەندامانى دادگاكە بەرگريكردنێكى دەستوورى راگەياند بۆ هەڵوێستێكى ئەمريكى كە تاماوەيەكى زۆر رەچاو دەكراو پشتبەستبوو بە ياساى گشتى ئينگليزىو سەرانى دامەزرێنەريش لەسەرى رازيبوون. ئەو بڕيارە كۆتكردنى پێشوەختى

رۆژنامەنوسیی بەرەوا نابینێت ... دادگا بڕیاریدا کە هەندێکجار و لە هەندێك باردا سزادانی کەسێك کە بلاوکراوەیەکی خراپ بلاْوبکاتەوە رەوا دەبێت، کە پرسەکە زۆر گرنگو مەترسیدار بێت ـ وەك پرسی ئاسایشی نەتەوەیی ـ ئەوکاتە دەکرێت پێشوەخت بلاْوکردنەوەی بابەتێك قەدەغە بکرێت .. بۆیە لەو بارەیەوە (رۆبەرت ئار. ماك کۆرمیك)ی بلاْوکەرەوەی رۆژنامەی ساتەردەی پرێس) رایگەیاند کە راوبۆچونی(چارلز ئیڤانز هیوگ)ی سەرۆکی دادگای بالاْ کە زۆرینەی دەنگی لەو دۆزەدا بەرەوا زانی، وەك گەورەترین سەرکەوتنی فیکری ئازاد دەچێتە مێژووەوە)ژ

## کەسێتیە گشتیەکانو یاسای سووکایەتی پێکردن

بنەمای (کەسێتی گشتی)، کەلە سالاْنی حەفتاکانو هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە لەلایەن دادگای بالاْوە لەزۆر دۆزی جێبایەخدا پەرەی پێدرا، بوعدێکی گرنگ پێکدەهێنێت لە ئازادیی زیاتربوونی رۆژنامەنووسیی ئەو سەدەیەدا.

ئەو دیدەی کە بنچینەی ئەم بنەمایەشی دروست کردووە، ئەوەیەکە تاکێك(کەسێك)ی ئاسایی لە کەسێتیەکی گشتی زیاتر پارێزگاریی لێدەکرێت لەو رەخنانەی لە میدیاکانەوە ئاراستە دەکرێن .. لەلایەکی تریشەوە، کەسێتیە گشتیەکان دەبێ لەبەر رەخنەو توانجەکانی راگەیاندندا بەئارام بنو خۆڕاگرن، واتە قبولْی بکەن .. تەنانەت گەر لەسەر هەلْەش بونیاد نرابێت، مەگەر ئەوە بسەلێنرێت کە بلاْوکردنەوەی ئەو رەخنەو توانجە مەبەستی خراپەکاری بووبێت .. واتە لەکاتی بلاْوکردنەوەیدا بلاْوکەرەوە زانیبێتی بابەتەکە هەلْەیەو گوێی پێنەدابێو بەهەندی وەرنەگرتبێت. زۆرینەی ئەو دۆزانەش کەلەدادگادا تێڕوانینیان بۆ کراوە بە پشتبەستن بە بنەمای(کەسێتی گشتی) بەر لە هەر شتێك کار بۆ ئەوە کراوە کە بزانرێت کەسی سوکایەتی پێکراو لە واقیعدا لە (کەسێتیە گشتیەکانە)، ئەگەر بە (کەسێتی گشتی)دانرا، ئەوکات سەلماندنی ئەوەی کە سووکایەتپێکراوە کارێکی دژوار دەبێت.

رەنگە دۆزی وێنەی نموونەیی(کەسێتی گشتی) لەو راگەیاندنەوە پێکهاتبێت کەلەسەرەتای سالاْنی شەستەکانی سەدەی رابردوودا بلاْوکرایەوە .. خەرجی بلاْوکردنەوەیشی کۆمەلْێك دای گکە خوازیربوون لە دۆسیەی (مارتن لۆسەر کینگ)ی سەرکردەی مافەکانی مرۆڤدا هاوکاربن لە یارمەتیدانیدا. ئەو ئاگاداریەش ئاماژەی بەوە کردووە کە (کینگ) لەلایەن چەندین بەرپرسی حکومەتەوە دوچاری تەنگ پێهەلْچنین هاتووە سەبارەت بە پیادەکردنی یاساکە لە هەموو ناوچەکانی باشووریشدا، لەوانەش شاری (مۆنتیگۆمری) لە ویلایەتی (ئالاباما)دا.

## زنجیرەیەکی قوچەك (هەرەمی) لە پارێزگاریەکان

لەو حوکمانەی سەبارەت بە ئازادیی دەربڕینو رۆژنامەنووسیی لەدادگای ئەمریکاوە دەرکرا.دادگاکان بەدرێژایی چەندین سالْ پاراستنو پارێزگاریکردنێکی زۆریان دا بە نامە سیاسیەکان زیاتر لەوەی بە فۆرمەکانیتری دەربڕین رەوا بینرا، ئەوەش مایەی سەرسوڕمان نیە، چونکە دیموکراتیی ئەمریکی زادەی رەخنە سیاسیەکانی مومارەسەی حوکمی بەریتانی بوو لە ئەمریکای باکووردا لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەمدا.

ئەوەش کارێکی رێکەوت نیە کە زۆرینەی ئەو دۆزانەی تۆژینەوەیان لەبارەوە کراوە پەیوەستبون بە دەربڕینی سیاسیەوە .ئەگەر دەربڕینی سیاسی بەباشترین زانرابێ، کەواتە ئەو فۆرمانەیتری دەربڕین کامەن کەلە زنجیرەی قوچەك(هەرەمی)دا پلەیان کەمترە؟ یەك لەو فۆرمانەی دەربڕین کە دادگاکان لە دەربڕینی سیاسی بەکەمتریان داناوە .. قسەو وتووێژە بازرگانیەکانە. دادگای باڵا بەردەوام بڕیاری داوە، هەموارکردن ریکلام پارێزگاری لە ریکلام ناکات ئەگەر راستو دروست نەبێت. لەسەر ئەو بنەمایەش، پارێزگاریکردنی قەزایی کەلە بارەی هەڵەو زیادەڕەویو هەڵەی بچوکی واقیعیەوە لە وتاری سیاسیدا رێگەی پێدەدرێت، لەریکلامێکی بازرگانیی tv دا رێگەی پێنادرێت.. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاسانیی لێکۆڵینەوە لە راستیی ریکلامەکان .. وێڕای ئەوەیش دادگاکانی ئەمریکا بە شێوەیەکی گشتی بینیان کە هێزی پاڵنەرو هاندەر بۆ سوودمەندبونو قازانج لە میانەی خستنە بازاڕی شمەکە ریکلام بۆ کراوەکان ئەوە رووندەکاتەوە .. کە چ کاریگەرییەکی سنووردارکراو "رەنگە لە یاسایەکی حکومی فەراهەم بێت.

فۆرمێکی دیکەی دەربڕین هەیە کەلە پلانی پارێزگاریو پاراستنا کەمترین پێگەی هەیە کە بریتیە لە بەدکرداری(الفحش) لەساڵی ١٩٥٧ و لە دۆزێکدا دادگای باڵا بڕیاری ئەوەیدا کە (بەدکرداری) و (بەدڕەوشتی ـ للاباحیە) هیچ گرنگییەکی کۆمەڵایەتی نابێتە پاساویانو هەر لەبەر ئەوەیش بەدەربڕینێك دادەنرێت کە پاراستنیان رەوا نابێت. کێشە لەگەڵ (بەدکرداریدا) بەردەوام کێشەی پێناسە بووە .. رەنگە بەدکرداری مرۆڤێك لای مرۆڤێکتر ببێتە بیرۆکەی دروستکردنی توحفەیەکی هونەری .. بەلای هەندێکەوە رۆمانی (یۆلسیس)ی جیمس جۆیس هێندە خراپە مایەی قێزهاتنەوەیە .. بەڵام لەمەزنترین راپرسیی بیرمەندە ئەدیبەکاندا ئەو کتێبەی جۆیس بەگەورەترین شاکاری ئەدەبی دانرا لە سەدەی بیستەمدا. لەبارەی پێناسەی بەدکرداریشەوە دادگای باڵا هەوڵی زۆریدا تا بگاتە پێوەرێك تا لەساڵی ١٩٧٣دا دەقێکی لەسێ بەشدا پوخت کردەوە بۆ دیاریکردنو تاقیکردنەوەی بەدکرداری و بڕیاریدا کە هەندێك لە فۆرمەکانی دەربڕین لە بازنەی پارێزگاریکردنی دەستووری دەردەچن:

١.ئەگەر تاکێك(کەسێکی) ئاسایی لە حاڵەتی بەرجەستەکردنیدا بەپێی پێوەرەکانی کۆمەڵێکی ناوخۆیی بۆی دەرکەوت ئەگەر هەموو کارەکە وەربگیرێت ئەوا دەبێتە هۆی وروژاندنی ئارەزوە سێکسیەکان.

٢. یان کەسێك وەسفی کارێك، یا بەشێوازێکی بریندار کەر وێنەیەکی سلوکی سێکسی کێشا زۆر بەڕوونی.

٣.یان ئیشەکە هیچ بەهایەکی ئەدەبی، هونەری، سیاسی، زانستی گرنگی نەبوو، دیارە لەگەڵ بونی پێوەرگەلێکی ناڕوونی لەوجۆرەش، شتێکی نامۆ نابێت کە هیچ ئاراستەیەکی روونیش لە بڕیارەکانی دادگای باڵادا نەبێت لە سی ساڵی رابردوودا کە چەمکی بەدکرداری لە ئامرازەکانی راگەیاندا دیاری بکات.

دادگای ئەمریکاش سەراسیمەیی کۆمەڵگەی ئەمریکی دووپات دەکاتەوە، لەلایەك بەهۆی کاریگەریی ئەو هێزانەوە کەمەندکێش کراون کە جەخت لە ئازادیی تەواوی دەربڕین دەکەنو لەلایەکی تریشەوە هێزگەلێکیتر بەرەو پارێزگاری کۆمەڵایەتیان پەلکێش دەکەن.

## کۆکردنەوەی هەواڵو یەکەمین هەمواری دەستوور

جارناجارێك کرداری کۆکردنەوەی هەواڵەکان بەر لە بڵاوکردنەوەیان رووبەڕووی دادگا کراوەتەوە. دادگای

بالاَ لەساڵی ١٩٧٢ دابڕیاری ئەوەیدا کە دەکرێت داوای ناوبردنی سەرچاوەی نهێنی لە پەیامنێران بکرێت لەبەردەم دەستەی دادوەرانی باڵادا(دەستەی سوێنددەران)بەڵام لەساڵی ١٩٩١دا، دادگا بڕیاریدا کە ئازادیی رۆژنامەنووسی رێگە لە ویلایەتەکان ناگرێت تۆمەت ئاراستەی ئەوپەیامنێرانە بکەن کە پەیمانی نهێنیبونی سەرچاوەکانیان پێشێلکردووە. دادگاکانی ئەمریکا بەشێوەیەکی گشتی بەپێویستیان زانیوە کە رێوشوێنە قەزاییەکان کراوە بن بۆ گەلو رۆژنامەنوسان ئەگەر بە رەژەوەندیەك دژی ئەوە نەبێت، وەك مافی داوا لەسەر تۆمارکراو بەدادگایکردنێکی دادپەروەرانە، دیارە ئەوەش بەداخستنی هۆڵی دادگا نەبێت لەبەردەم جەماوەردا دەستەبەر نابێت، رەنگە یادەوەری مێژوویی بۆ دادگاییکردنەکانی هەردوو سەدەی شازدەو حەڤدەهەمی تایبەت بەدادگای(هۆڵی ئەستێرەکان) بەریتانی وایکردبێ کە دادوەرانی ئەمریکا تا رادەیەکی زۆر دوو دڵ بووبێتن لە ئەنجامدانی دادگاییکردنی نا ئاشکراو نهێنی. دادگای باڵا مافی بەدادوەرانی ویلایەتەکان داوە، گەر بەگونجاویان زانی، رێگە بە کامیرای tv کان بدەن بۆ وێنەگراتنی رووداوەکانی نێو دادگا. بەڵام هەلومەرجی واش هەبووە کە تیایدا مافی بڵاوکردنەوەی راپۆرتەکان لەبارەی رێوشوێنێکی دادگاییکردنەوە لەلایەن ئامرازەکانی راگەیاندنەوە، کێشی لەمافەکانی داوالەسەرکراو کەمتر بووە.

بەتێپەڕبوونی ساڵانێک ویلایەتە یەکگرتووەکانیش وەك زۆرێك لە سیستمە دیموکراتیەکانیتر، بینیی بەهۆی گۆڕانکاریە تەکنەلۆژیەکانەوە بنەما یاساییەکانی دووچاری ململانێ هاتوون. دادگاکانی ئەمریکا بەشێوەیەکی گشتی پاراستنی چاپکراوەکانی لە tv و رادیۆکان زیاتر دەستەبەر کردووە.

## لاپەڕەکانی پنتاگۆن

رەنگە گرنگترین دۆزی ئەمریکی لەنیوەی کۆتایی سەدەی رابردوودا کە ئامرازەکانی راگەیاندنی گرتبێتەوە، دۆزی (لاپەڕەکانی پنتاگۆن) بێ .. ئەو شەڕەی نێوان حکومەتی ئەمریکاو رۆژنامەی (نیویۆرك تایمز) کە رواڵەتی زۆرێك لە پرسە مەترسیدارەکانی سەبارەت بە هەمووارکردنی یەکەمی دەستووی خستۆتەوە بەردەستمانو رەنگە لە رابردوویەکی نزیکدا زۆرێك لە بابەتە سیاسیەکان سەرنجەکانی گرتبێتەوە .. ئەویش شەڕی ئەمریکاو ئیدارەی شەڕەکە بوو لەگەڵ وڵاتی ڤێتنام. بنچینەی جەنگەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٧ .. کاتێك (رۆبرت ماکنمارا)ی وەزیری بەرگری تیمێکی پێکهێنا بۆ ئامادەکردنی دۆسیەی مێژووی سیاسەتی ئەمریکا لە ئاستی ڤێتنامدا لە ماوەی نێوان ١٩٤٥-١٩٦٧ دا. تیمەکە توانیان لەرێی کۆمەڵێك بەلگەنامەوە راپۆرتێکی ٧ هەزار لاپەڕەیی ئامادە بکەنو لەساڵی ١٩٦٩دا تەواو کراو بەراپۆرتی (لاپەڕەکانی پنتاگۆن) ناسرا .. تەنها ١٥ دانە لەو راپۆرتە بەچاپ گەیەنرا بەمەبەستی بەکارهێنانی لەناوخۆی پنتاگۆندا .(دانیال ئەلزبرگ) کە فەرمانبەرێکی کۆمپانیای (راند)بوو .. یەکێك بوو لەوانەی رۆڵێکی ناسەرەکی هەبوو لە ئامادەکردنی راپۆرتەکە. ئەم پیاوە دوای ئەوەی لەداواکەیدا لە کۆنگرس بۆ ئەوەی راپۆرتەکە ئاشکرا بکرێت شکستی هێناو لەبەر ئەوەی کە گومانیشی هەبوو لە سیاسەتی ئەمریکا لە ڤێتنامدا .. ژێر بەژێر چەند دانەیەکی لە راپۆرتەکە کۆپیکردو دایبە رۆژنامەنووسان لە رۆژنامەی (نیویۆرك تایمز)و (واشنتۆن پۆست). هەرچەندە راپۆرتەکە کەمترین زانیاری نهێنی تێدا بوو .. بەڵام هەندێك لەبەشەکانی چەندین پرسیاری هێنایە ئارا سەبارەت بە مەبەستو ئامانجی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ڤێتنامدا، پێشو دوای تێوەگلانی ئەمریکا لە کارە

سەربازیەکانی لە خوارووی خۆرهەڵاتی ئاسیادا.

لەمانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩١٧دا نیویۆرك تایمز دوو بەشەکەی لە (لاپەڕەکانی پنتاگۆن) بڵاوکردەوە بەرلەوەی ئیدارەی سەرۆك نیکسۆن داوا لەدادگا بگات بڵاوکردنەوەی بەشەکانیتر قەدەغە بکات. ئەوەش یەکەمین حاڵەتی قەدەغەکردنی پێشوەختی بڵاوکردنەوەی بابەتێکی رۆژنامەنوسیی بوو لە مێژووی ئەمریکادا .. ئەوەش نموونەیەکی کلاسیکی بوو بۆ کۆتکردنی پێشوەخت. لەرۆژی ٢٦ مانگی حوزەیراندا، دانیشتنەکانی دادگا بۆ ئەو دۆسیەیە بە ئاشکرا بەستراو دادگای باڵا لەماوەی چوار رۆژدا حوکمی خۆی لەبارەیەوە دەکرد. بەگشتی لەبەر ئەوەی بەپێی ئەندامانی دادگا بڵاوکردنەوەی بەشێك لە راپۆرتەکە زیانو مەترسیی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی نەبووە، دادگای باڵا پاساوێکی نەدۆزیەوە بۆ رەوایی وەستاندنی بڵاوکردنەوەی بەشەکانیتری راپۆرتەکە.. بەڵام هەڵوێستی حکومەتی قبوڵکرد بەوەی دەکرێت فەرمانێك دەربکرێت بۆ دانانی کۆتو بەندی پێشوەخت لەبڵاوکردنەوەدا لەسەر بنەمای بەڵگەهێنانەوە بۆ ئەوەی بابەتی بڵاوکراوە لە حاڵەتی بڵاوکردنەوەیدا زیانێکی گەورەی دەبێت .. ئەوەش سەرکەوتنێکی گرانبەها بوو بۆ ئازادیی رۆژنامەنووسیی بەنرخێکی گران دەستەبەرکرا.دواتر وەك چارەیەك بۆ ئەو پرسە ئاڵۆزە (نیویۆرك تایمز)و (واشنتۆن پۆست)و ئەوانیتر تەواوی راپۆرتەکەی (لاپەڕەی پنتاگۆن)یان بڵاوکردەوەو ئاسایشی نەتەوەیش دووچاری هیچ مەترسیەك نەهاتەوە.

## رۆشنایی خستنە سەر حکومەت

بەکورتی، ئامرازەکانی راگەیاندن مێژوویەکیان هەیە لە تاقیکردنەوەی توانای بەرەنگاری بەلایەنی هەردوو بواری ئازادیی دوانو رۆژنامەنووسی لەیەکەمین هەموارکردنی دەستووردا، ئەویش لە رێی ململانێی هەر هەوڵێك کە بدرێت بۆ سنووردارکردنی بەدواداووچونو گەیاندنی هەواڵە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکانو لە میانەی مشتومڕە توندو تیژیەکانی(مافی گەل لەوەدایە کە بزانێتو ئاگادار بێت). دەبێ مەسەلەکانیش بەو جۆرە بێت .. مادامەکی رۆژنامەنوسیی ئازاد، بەوانەشەوە کە زۆر جار سنووری زەوقێکی دروست دەبەزێنن. مەسەلەیەکی بنچینەییە لە پاراستنی کۆمەڵێکی دیموکراتیدا. تۆماس جیفرسۆن پێیوایە کە رۆژنامەنوسیی لەو جۆرە باشتر ئازادی دابین دەکات.

جیفرسۆن بەردەوام چاوپۆشی لە سنووربەزاندنەکان دەکرد بە مەبەستی بەدەستهێنانی سوودمەندی لە رەخنەکان کە بەهۆیانەوە رووناکی دەخرێتە سەر چالاکیە حکومیەکان.هەموو دیموکراتیەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەشداری ناکەن بە هەمان پەرۆشیەوە بۆ بەرقەرابوونی رۆژنامەنوسیەکی ناسنووردار.. کۆتو بەندکراو، بۆیە تەنانەت دادگاکانی ئەمریکاش، هەرچەندە خوازیارن بۆ پێدانی پلە بە پلەی ئازادیەکی زیاتر بۆ ئامرازەکانی راگەیاندن، بەڵام بەردەوام پشتگیری ئازادیی تەواوی دەربڕینیان نەکردووە. دەگەڕێینەوە بۆ ئەو بنەمایەی کە پێشتر باسمان کرد: بۆ ئەوەی هەر کۆمەڵگەیەك بە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی راستەقینە دابنرێت، دەبێ پلەیەکی باڵا لە پاراستنی دەربڕینی فیکری بڵاوکراوە دەستەبەر بکات. لەکاتێکدا دۆسیەی ئەمریکا لەبارەی ئەم پرسەوە نەگەیشتووەتە ئاستێکی تەواوکار، بەڵام خواستو ئارەزوی بەهێز بووە بۆ ئەوەی کە دادوەر (ئۆلیڤەر وەندل هۆلمز) لەساڵی ١٩١٩دا ووتویەتی:"ئەوە ئەزموونی ئەمریکایە لە تیۆری دەستووریدا"

# یاسا دەرکردن لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتدا

## گۆردن مۆریس باکی

ئەمریکییەکان لەسەردەمی کۆلۆنیالیستییەوە دەستیان کردووە بە یاسادانانو ئێستاش بەردەوامن لەوە، بەمەبەستی پارێزگاریکردن لەکۆمەڵگەیەکی رێکخراو. وێڕای پەرەسەندنی رێوشوێنە تایبەتەکان سەبارەت بە دەرکردنی یاسا بەدرێژایی سەدەکان، بەڵام دانانی یاسا لەشێوە دیموکراتیەکەدا هەمیشە پەیوەست بووە بە زەرووڕەتی وەرگرتنی رەزامەندیی گەلو بوونی سیستمێك لەمەرجو هاوسەنگیەکانو بەرجەستەکردنی جۆرێك لەمرونەت کەلەگەڵ کاتو شوێندا گونجاو بێت.

لەهەردوو سەدەی حەڤدەو هەژدەهەمدا، ئەمریکا لە سەردەمی کۆلۆنیالیستیدا نوێنەری ناردە ئەنجومەنەکانی یاسادانان بۆ دانانی بنەماو رێسای پێویست بە رێکخستنی پەیوەندییە ئابووریو کۆمەلایەتیەکانی رۆژانەی نێوان هاوڵاتیان. لەو ئەنجومەنانەدا دەکرا ئەوە دیاری بکرێت کەلە کوێوە گەنگەشەی ئەو پرسانە بکرێت کە دەبنە مایەی بێزاریی گشتیو بڕیاریان سەبارەت دەربکرێت.

دامەزراندنی رێگەو بانەکان پرۆسەی مامەڵە بازرگانیەکانی ئاسانکردو فرێدانی پاشەڕۆکشتیارەکانیش پرسێکی زیاتر لە جوانیی پێکهێنا، هەروەك ئەو دوو پرسە کاریگەریان هەیە لەسەر باری تەندروستی کۆمەڵگەیەکی باش رێکخراو.

لەسەدەی نۆزدەهەمیشدا، ئەمریکییەکان لە ویلایەتی (میزوری) کۆبونەوە بۆ رێکخستنی چۆنیەتی رەوتی کاروانی ئۆتۆمبیلەکان.مەبەست لەم رێسایانەی رێگەو بانیش دەستەبەرکردنی پاراستنی ئەو کاروانانەن بە درێژایی هەزاران میل بۆ کەنارەکانی زەریای ئارام، کاتێکیش گەیشتنە کالیفۆڕنیا، کاروانی ئۆتۆمبیلەکانیان بەجێهێشت، بەڵام دواتر کۆبونەوە بۆ دانانی رێساگەلێکی تایبەت بەناوچە یان کانەکانی کانزا ناوخۆییەکان.

ئەو کنە کارانە ویستیان کۆمەڵگەیەکی باش رێکخراو دابمەزرێنن کە پارێزگاری لە پرۆژەکانیان بکاتو پەرەیان پێبدات.

لەکالیفۆرنیاش، لە سەدەی بیستویەکەمدا بەردەوام خەڵکی کۆدەبونەوە بۆ هەموارکردنی رێسا یاساییەکان، ئەویش لەمیانەی راگەیاندن، یان ریکلامی تۆمارکراوی بەڵگەنامەو مەرجو کۆبونەوەکانی رێگە دراو بە هەموارکردنی مافی خاوەندارێتی ئەوانەی لە سایەی پرۆژەیەکی نیشتەجێبووندا دانیشتوون. ئەو خاوەن مولکانە هێندە دەسەڵاتیان هەبووکە رێسای پێویست بەدامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی تەندروست دەربکەن. خاوەن مولکەکانو هاوڵاتیان داخوازیکارانیش بۆ بەدیهێنانی خەونو ئاواتی خەڵکی ئەمریکا.. هەموو ئەمانە لە هۆڵی شارەوانیەکانداو لەتەلارەکانی کۆنگرسو کۆلۆنیالیستە سنووریەکاندا، یان لە ژوورە خۆشەکاندا کۆدەبونەوە بۆ دانانی یاسای تایبەت بە رێکخستنی پەیوەندیە کۆمەلایەتیو ئابووریەکان. ئەم کولتورەش لە دامودەزگا

خۆجێیەکانو لەسەر ئاستی ویلایەتەکانو تەنانەت لەسەر ئاستی نەتەوەییشدا بەردەوامە کەلەوانەدا یاسا دەردەکرێن.

## بنەماکانی نەریتی یاسادانان لە ئەمریکادا

پرۆسەی کاری رۆژانەی یاسادانان بەشێك لە پرۆسەیەکی مێژوویی پێکدەهێنێت کە بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئینگلتەرا، کاتێك داگیرکاران لەسەردەمی کۆلۆنیالیستیدا کەلەپووری یاسادانانیان هێنایە ئەمریکاوە، هەموار کردنیان لەو یاسایانەدا ئەنجامدا تاکو لەگەڵ ژینگەی نوێیاندا بگونجێت. شای ئینگلتەرا ودم(براوە امتیاز)ی بەخشی بە چەند کەسانێکی خاوەن موڵكو ئەو کۆمپانیا هاوبەشانەی خاوەن کاری زۆرێك لە کۆلۆنیالیستەکان خاوەنی پشکەکانیانن بەوەش پلەگەلێکی جیاوازی دەسەڵاتی یاسادانانیان بۆ رەخسا، بەڵام زۆرێك لە ئینگلیزەکان یاسای بێ(بەرائەت)و کۆلۆنیالیزمیان هەبوو، ئەوان دەستووری کۆنی خۆیان هەبوو، واتە یاسای ئینگلیزی نەنووسراو کەلای ئەوان بە(یاسای گشتی ئینگلیز) ناسراوەو رێگرە لەوەی حکومەت بەخراپ مامەڵە لەگەڵ مافی هاولاتیاندا بکات.

ئەم یاسا گشتیانەش گەورە بەڵگەنامەی مافەکان مسۆگەر دەکات، ئەو بەڵگەنامەیەی کەشا(جۆن) لەساڵی ١٢١٥دا واژۆی کردووەو وەبەرگرتنی رێوشوێنی یاساییو پاراستنی مافی خاوەندارێتیو دادگاییکردن لەلایەن دەستەی دادوەرانەوە مسۆگەر دەکات. پەیوەندی نێوان خاوەندارێتی تاکە کەسیو ئازادی، تەوەری گرنگو هەستیاری یاسای کۆنی ئینگلیزی پێکدەهێنا. خاوەندارێتی تایبەتی زەویو زار هەر لە سەدەی چواردەهەمەوە پێناسەو پارێزگاریی یاسایی تایبەتی خۆی هەبوو، بەڵام مێژووی ئیگلیزو ئەزموونی کۆلۆنیالیستی لە زەینی ئەمریکیەکاندا دەرککردنێکی روونی بەجێهێشت، بەجۆرێك کەلە رێی گەلێکی خاوەن سەروەرییەوە ئەبێت هەموارکردنی مافە خاوەندارێتییەکانو ئازادی تایبەتی تاکەکان ئەنجام بدرێت. کەواتە وتەزای شەرعیەتی حکومەت لەگەلەوەیە بنەمایەکی دێرینی هەیە لە مێژووی یۆنانیو رۆمانیداو تیۆرسینە سیاسیە ئەوروپیە هاوچەرخەکانیش ئەو چەمکەیان پتەوتر کرد.

کۆلۆنیالگەرە ئەمریکییەکانیش لە سەردەمی جەنگی شۆڕشگێریدا ئەم چەمکەیان لەرێی زیادکردنی ئاستو مەوداکانی حوکمەوە بە پلەیەکی زیاتر پتەوتر کردو ئەم مافە پارێزراوانەش رێگەی خۆیان دۆزیەوە بۆ نێو یاسای مافەکان کە لەسەر ئاستی ویلایەتو حکومەتی نەتەوایەتیدا دانراون.

لەگەڵ مامەڵەشیاندا لەگەڵ چۆنیەتی رێگری لە حکومەت بۆ پێشێلکردنی مافەکان لە میانەی بەزاندنی سنوورەکانی ئەو دەسەلاتەوە کە گەل پێیداوە، نوێنەرانی ئەمریکا بۆ کۆنگرەی دەستووری نەتەوەیی، سیستمگەلێکیان پێکهێنا بۆ مەرجو هاوسەنگیە ناوخۆییەکان، ئەویش لەمیانەی بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی یاسا لە بەشەکانی تری دەسەلات تا سەربەخۆیی خۆیان دەبێ لە یاسادانان، بەڵام ئەم دەسەڵاتانەش تا ئەو رادەیە بەیەکداچوون کە دەبنە هۆی کۆتکردنی ئاستی دەسەڵاتی دامودەزگا جۆراوجۆرەکان، ئەویش لەچوارچێوەی سیستمێکدا کە بەشداریەکی بەرفراوانیمیللی لە(یاسادانانداَ)دەرەخسێنێت.

## بەرفراوانکردنی ئاستی دەسەڵاتی یاسا

لەمێژووی ئەمریکادا ئاستی بەشداریی بەرفراوانی میللی لە حوکمدا جیاوازی زۆری بەخۆوە بینیوە.

لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتدا، خاوەن موڵکە سپی پێستە نێرەکان تاکە رەگەزی بەشداربوون لە دەنگدانو بازنەکانی یاساداناندا .. لەسەدەی حەڤدەهەمدا، مەرجی خاوەنداریێتی زەوی‌و زار بۆ دەنگدانو وەرگرتنی پۆستە حکومیەکان هەڵوەشێنرایەوە، بەڵام بۆ ساڵانێکی زۆر چەمکی یاسادانان ژنانو کۆیلە بەرەگەز ئەفریقییەکانو هیندیە سورەکانو خەڵکی ئاسیای هەڵبوارد. هەر لەسەدەی حەڤدەهەمدا هەڵمەتی بەدیهێنانی یەکسانی پەرەی سەندو لەسەدەی بیستەمدا سەرکەوتنی بەدەستهێناو ژنان ریزەکانی خۆیان رێکخست لەسەر ئاستی ناوخۆیی بەمەبەستی فشار خستنە سەر یاسادانەران بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان.

ژنان هاوکات چوونە ریزی کۆمەڵو گروپەکانی دژ بە کۆیلایەتی‌و لە(سینیکا فالیز)و لەساڵی ١٨٤٨دا، داخوازیی یەکسانیان راگەیاند، دواتر بەرەو خۆرئاوا جوڵانو لەوێ زەمینەیەکی بەپێزو لەبارتریان بۆ مافە سیاسیەکان دۆزیەوە. لەناوچەکانی هەردوو ویلایەتی(وایۆمینگ)و (یۆتا)و لەساڵی ١٨٦٩ ــ ١٨٧٠ دا ژنان مافی دەنگدانولەساڵی ١٨٤٩شدا بەپێی مامەڵە بەیاساکانی ئیسپان / مەکسیك لە کالیفۆرنیادا مافی خاوەنداریێتیان بەدەستهێنا.. بەڵام تا ساڵی ١٩١١ نەیانتوانی لەوێ مافی دەنگدان بەدەستبێنن. ژنان بۆ بەدەستهێنانی مافی دەنگدان لەسەر ئاستی نەتەوەیی دەبوو کاربکەن بۆ دەستووری ساڵی ١٩٢٠ی ئەمریکا.

ئەمریکییە بەرەگەز ئەفریقەکان لەساڵی ١٨٦٨ بەپێی چواردەهەمین هەموارکردنی دەستوور مافی هاوڵاتیبوویان بەدەسهێناو لەساڵی ١٨٧٠یشدا پیاوانی ئەم نەژادە بەپێی پازدەهمین هەموارکردنی دەستوور مافی دەنگدانیان وەرگرت.

هیندیە ئەمریکیەکانیش دەبوو چاوەڕێ بن تا ساڵی ١٩٢٤ بۆ بەدەستهێنانی مافی هاوڵاتیبوونو دەنگدان. کۆچبەرە ئاسیاییەکانیش دوای دووەمین جەنگی جیهانی ئەو دوو مافەیان پێڕەوا بینرا. مناڵانی کۆچبەرانی ئاسیا بەهۆی لەدایکبوونیانەوە لە خاکی ئەمریکادا بەهاوڵاتی ئەمریکی لەقەڵەم دەدران، بەڵام دایكو باوکانیان مافی وەرگرتنی رەگەزنامەیان پێنەدرا .. کۆچبەرانی وڵاتانی (چین)یش لەساڵی ١٨٧٠وە بەپێی یاسا لەمافی هاوڵاتیبوون بێبەری کران، بەڵام کۆنگرس وەك بەشێك لە (مەجهود حەربی) لەدژی ژاپۆن لەساڵی ١٩٤٣دا مافی وەرگرتنی رەگەزنامەی پێبەخشین. یاسای(ماکاران ــ واڵتەر) لەساڵی ١٩٥٢دا هەمان مافی دایە کۆچبەرە ژاپۆنیەکان. وێڕای ئەوەو بەچاوپۆشی لەوەی کە ئەو کۆچبەرانە مافی دەنگدانیان دەبێت یا نا، ئەمریکییەکان سکاڵای خۆیان دەدایە لیژنەکانی یاسادەکردن بەمەبەستی ئەنجامدانی گۆڕانکاری لەیاساکاندا. ژنانو ئەمریکیەبەڕەگەز ئەفریقییەکان بەر لە وەرگرتنی مافی دەنگدان لەچالاکیە گشتیەکانو سیاسیەکاندا بەشدارییان دەکرد بەمەبەستی خستنە بەردەستی سکاڵانامەو نارەزایەتیەکانو رەزامەندی وەرگرتن لەسەر مافەکانو بەرگریکردن لێیان. واقیعی کرانەوەی لیژنەکانی یاسادانان لە ئاستی ئەم بەشداریە دیموکراتیەی پرۆسەی پێکهێنانی سیاسەتی گشتی دەبێ گشتگیر بێت.. هەرچەندە ئەم حاڵەتە بەشێوەیەك کرا کەجێی رەزامەندی زۆرینەی بەشداربوان نەبوو.

## دەنگدانی گشتی

فەلسەفەی سیاسی باو لەسەدەی هەژدەهەمدا یەکێك بوو لە هۆکارەکانی دوودڵی لەپێدانی مافی دەنگدان بەهەموو هاوڵاتیان، لەمۆدێلی ئینگلیزی‌و زۆرێك لەوڵاتانی دیکەی جیهاندا لەو سەردەمەدا، پاشاو ئەندامانی

پەرلەمانو قازیەکان لە توێژی پیاوان بوو، لەوانەی کە کاریگەریی تیۆرەکانی حوکمو مافە هاوبەشەکانی وەرگیراو لە خاوەندارێتی زەویوزاریان لەسەر بوو کە پیاو خاوەنیان بووە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێژەیەکی زۆر لە تیۆرو وتاری سیاسی هەبوون کە لەمافو ئازادیەکان دەکۆڵانەوەو دانیان بەوەدا دەنا کە بەهاگەلێگی گشتی هەن بۆ هەموو خەڵکی. هەر بۆیە مافی پیاوانی ئینگلیز، وەك ئەمریکییەکان ڕاڤەیان بۆ کردووە. بنچینەی دەستووریی ڕاگەیاندنی شۆڕشی ساڵی ١٧٧٦ی پێکهێنا لە پێناوی ڕزگارکردنی دەستوورە کۆنەکەی ئینگلیز لە ستەمو پارێزگاریکردن لەو پەیمانانەی کە ئەمریکییەکان داویانە. هەرچی چۆنیەتی بەدیهێنانی ئەو ئامانجەیشە لە رووی مومارەسەوە، ئەوە ئەرکی نوێنەرانی کۆنگرە دەستووریە فیدرالیەکان بوو لەسەر ئاستی ویلایەتەکان.

لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەمو لە کۆنگرە دەستووریەکاندا .. نوێنەران بەڵگەنامەیەکیان نوسی کەبەجۆرەها شێواز مافی هاوڵاتیانی کۆلۆنیالە ئەمریکییەکانی بەرفراوانو بەرجەستە دەکرد. ویلایەتی (ماریلاند) مەرجی شیاوبوونی خاوەندارێتی سووکترکرد بۆ بەشداربوونی نوێنەران بۆ کۆنگرەی دەستووری دانرابوو. ویلایەتی (جۆرجیا)ش میکانیزمی دانا بۆ پێشکەشکردنی سکاڵانامەکان کە بووە هۆی دانانی چەندین دەستووری نوێ بۆ ویلایەتە لەساڵەکانی ١٧٩٧،١٧٩٤،١٧٨٩، ویلایەتی ماشاسۆتس لەساڵی ١٧٧١ دا کردارێکی ئەنجامدا کە بووە هۆی زیاتربوونی دەسەڵاتی گەل لە ئەنجامدانی گۆڕانکاریی لە دەستووردا، ئەنجومەنی یاسادانان ئەم ویلایەتەکەبە(دادگای گشتی)ناسرابوو  داوای لەشارەکان کرد کە سەرپشکی بکەن لەدانانی دەستووردا لە دانیشتنی داهاتوویاندا، چونکە شارەکان، نەك زۆرینەی دەنگدەران، کۆنترۆڵی دەرەنجامی ئەو دەنگدانەیان دەکرد... بۆیە شاری (بۆستن) و هەشت شاری تر دەسەڵاتی ئەنجومەنی یاسادانیان ڕەتکردەوە بۆ دانانی یاسایەکی بنەڕەتی بۆ ویلایەتەکە. بەڵام لە ساڵانی دواتردا .. شارەکان ئەنجومەنی یاسادانان(دادگای گشتی، یان سەرپشککرد کە بەپێی دەسەڵاتی شارەکان متمانە بە دەستوور ببەخشن، بەڵام دواجار شارەکان ئەم بەڵگەنامەیەشیان ڕەتکردەوەو هاوڵاتیان بەبێ هیچ کۆتو بەندێکی تایبەت بە خاوەندارێتی خانووبەرە لە هەڵبژاردەنەکاندا دەنگیان دایەوە.

لەساڵی ١٧٧٩شدا ئەم دادگای گشتیە دەسەڵاتی هاوڵاتیانی قبوڵ کرد بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانیان بۆ کۆنگرەی دەستوری تا لەساڵی ١٧٨٠ بەهۆی ئەم کۆنگرەیەوە متمانە درا بە دەستووری ویلایەتی ماشاسۆتسو ئەم متمانەدانەو مێژووەکەیشی چەندین بنەمای لێکەوتەوە: کۆنگرەی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان یەکێکە لە پێداویستیەکان بۆ دانانی دەستوور، دەبێ مافی گەیشتنی گەل بەم پرۆسەیە لە میانەی هەڵبژاردنو هەموارکردنەوە مسۆگەر بکرێت، گەلیش دەبێ خاوەنی کۆتادەسەڵات بێتو لە سندوقەکانی دەنگدانەوە متمانە بە دەستوور بدرێت.

## ئازادیو خاوەندارێتی

دەستوورەکەی ویلایەتی ماشاچۆتس هەلومەرجێکی کاریگەری لەسەر نوێنەرانی کۆنگرەی دەستووری ساڵی ١٧٨٧ی فیلادلفیا بەجێهێشت کە تایبەت بوو بە داڕشتنی دەستوورێکی فیدرالی.بەشێکی تری سەرەکیی ئەم هەلومەرجە لە پەرەسەندنی پەیوەندی نێوان ئازادیو خاوەندارێتی تاکە کەسیدا لە هاوکێشەی یاسادانانداا

خۆی دەبینییەوە.(جۆن لۆك) فەیلەسوفی ئینگلیز کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر فیکری ئەمریکی لەبارەی ئەم پەیوەندیەوە.

(لۆك) جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە گەل رازیە بەوەی لە (کۆمۆنویلس)ێکدا گوزەران بکات تاکو حکومەت بتوانێت یاساو مافە سروشتیەکان بەرجەستە بکات. مافەکانی مرۆڤیش بۆ خۆی ئازادیو خاوەداریتیش لەخۆ دەگرێت. ئەمریکیەکانیش بەگەرمی ئەم بیرۆکەیەیان لە ئەستۆ گرت، بەجۆرێك کە وتاری سیاسیو دەستووریان لە ئاماژەکردن بە ئازادی کەسێتی دا کاری لەسەر چەمکەکانی یاسای خاوەنداریێتی کردووە: ئەمریکیەکان دەتوانن خاوەن ئازادی خۆیان بن.

لۆك وا دەبینێ کە ژیان و خاوەنداریێتیش پشبەستن بە خاوەنداریێتی کەسێتیەوە، بەلام بەکارهێنانی تاکەکەسی خاوەنداریێتی نابێ ببێتە هۆکاری بەهەدەردانی سامانو رێگری لە خەڵکانی تر بۆ گەیشتن بە سرووشتو پیتو فەڕەکانی. بەو جۆرەش نوێنەرانی کۆنگرەی دەستووریی ساڵی ١٧٨٧ لەنێوان چەندین پرسدا، رووبەرووی پرسی چۆنێتی دابینکردنی پاراستنی باشتری بەرەکانی ئازادی بوونەوە کە مافی خاوەنداریێتی تایبەتو گەیشتنی گەل بە سامانی زەوی تەعبیری لێدەکەن.

نوێنەرانی کۆنگرەی دەستوری ئەمریکی لە دەستووردا فۆرمێکی کۆمارییان بۆ حوکم پەسەندکرد کە هاوسەنگی دەکرد لەنێوان بەرژەوەندیەکانو هاوکات رەگەزەکانی دامەزراندنو بەرقەرارکردنی حکومەتێکی ئاوێتەو تێکەڵ لەخۆ دەگرێت. چەمکی حکومەتی ئاوێتەو تێکەڵیش رەگەزە مێژوویەکانی حوکمی پاشایەتیو ئەرستۆکراتیو حکومەتی میللی کۆدەکاتەوە، هەرچەند هەریەك لەم دەسەلاتانە مەیلی کۆدەکاتەوە.

هەرچەندە هەریەك لەم دەسەلاتانە مەیلی بۆ لایەنگری خودی خۆیان هەیە، چونکە ئەگەر چاودێری نەکران، چاودێریەکی دەستووری، رەنگە هەریەك لەو فۆرمانەی حوکم بگەنە فۆرمێکی توندڕەوانەی ستەم یا حوکمی کەمینە یان تەنانەت دیموکراتی، هەروەك شیمانەی ئەوە دەکرێت ئەم خواستانەی بەدەستهێنانی دەسەلات ببنە هۆکاری سەرهەڵدانی هەڕەشە بۆ ئازادی خەڵکی لە خاوەنداریێتی تایبەتیان، وێڕای ئەوەیش، هەموو ئەم بەرژەوەندیانە ئاتاجن بە سیستمێکی نوێنەرایەتیان، لەپێناوی پارێزگاریکردن لە کۆمەڵگەیەکی باش رێکخراو.چارەسەری دانراو لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرەی دەستووریەوە بریتیبوو لە جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان لەنێوان بەشەکانی حوکمدا، بەلام هاوکات بەیەکدا ئالانێکی هێنایە ئارا لەنێوان فەرمانو کاروبارە ئیدارەیە حکومیەکاندا. بەجۆرێك هەر بەشێك یان هەر لقێك لە لقەکانی حکومەت خاوەنی دەسەلاتی تەواو بوون کە بتوانن دەسەلاتی بەشەکانی تری حوکم هاوسەنگ بگەن.

## یاسادانان لەسەر ئاستی نەتەوەیی

سیستمی یاسادانان لە ئەمریکادا لەسەر ئاستی ویلایەتەکان بەجۆرێك پەرەیسەند کە هەر ویلایەتێك چوارچێوەیەکی حکومیی هاوشێوەی ویلایەتەکانی تری هەبێت، بەلام هەریکەو لە دانان یالە یاسا دەرکردندا نەریتی جیاوازی خۆیان هەبێ.

لەهەندێك لەویلایەتەکاندا ئەنجومەنەکانی یاسادانان ساڵانە کۆدەبونەوەو زۆربەی رۆژانی ساڵ بۆ یاسادانان تەرخان دەکران .. لەهەندێ لەویلایەتەکانی تریشدا هەردوو ساڵ جارێكو بۆ ماوەیەکی زۆر کورتخایەن

ئەنجومەنەكانی یاسادانان كۆدەبوونەوە.دەسەڵاتی ئەم ئەنجومەنانەش لە یاسادەركردندا لەڕێی دەركردنی یاساوە لەگەڵ كۆنگرسدا بۆ وڵات وەك یەكو هاوشێوەن.

لەهەندێك لە ویلایەتەكاندا حوكمی دەستووری هەن بۆ زامنكردنی ئەنجامدانی هەمواركردنی میللی لەدەستووردا بەشێوەیەكی راستەوخۆو دەركردنی یاسایش لەڕێی پێشنیارو راپرسیەوە كە دەبوو رێگە دابنرێت لە میانەیانەوە هاڵاتی ئاسایی بتوانن پێشنیاری یاساو سیستم بكەنو بیخەنە بازنەی دەنگدانەوە لەڕێی هەڵبژاردنەوە.

بەچاوپۆشی لەوەی كە دەركردنی یاسا یان هەمواركردنی دەستوور لەڕێی كاری راستەوخۆی میللیو پرۆسەی یاسادانانەوە بكرێت، ئەم پرسە دەچێتە ژێرباری پێداچوونەوەی قەزایی. لەنەریتی تایبەتی ویلایەتەكانو نەریتی فیدراڵیشدا .. دادگاكان دەسەڵاتی پێداچوونەوەی یاسا دەركراوەكانیان هەیە بەمەبەستی بەراوردكردنیان لەگەڵ بڕگەكانی دەستوورو ناكۆك نەبوونیان لەگەڵ دەستووردا، بەڵام بەپێی چەمكی هەلومەرجو هاوسەنگیەكان دادگاكان سەربەخۆیی تەواویان نیە لە بەشەكانی تری سیستمە سیاسیەكان. لەزۆرباردا دادوەری دادگای ویلایەتەكان بەشێوەیەكی دەوری هەڵدەبژێرێنو دادوەرانی دادگای فیدراڵیش تا مردنیان لەسەر كارەكانیان دەمێننەوە، وێڕای ئەوەیش، دادوەرانی دادگاكانی ویلایەتەكانو دادگای فیدراڵیش ئەگەری وەلانانو بەدادگادانیان لێدەكرێت لەلایەن دەسەڵاتی قەزایی حكومەتەوە .. ئەویش بەهۆی خراپ رەفتاركردنیانەوە. لەسایەی چەند هەلومەرجێكی دیاریكراودا دەسەڵاتدار یان حاكمی ویلایەتەكان دەسەڵاتی دامەزراندنی دادوەریان دەبێت لە ویلایەتەكەدا. ئەمڕۆش ئەوە بۆتە شتێكی باو كە دادگای ویلایەتەكان لە میانەی بڕیاردەكردن لە دۆزەكانی دادگاوە جۆرێك یاسا دەربكەن. جیاوازی سەرەكیش لەنێوان دەركردنی یاسا لەلایەن ئەنجومەنەكانی یاسادانانو دادگاكاندا ئەوەیە كە دادگاكان تەنها دەتوانن سەبارەت بەو دۆزانە بڕیار دەربكەن كە بۆ ئەوان بەرزكراوەتەوە.

ئەنجومەنەكانی یاسادانان بوارێكی بەرفراوانتریان هەیە لە یاسادەركردندا، بەڵام ئەوانیش كاریان بە بەندەكانی دەستوورو نەریتەكانی یاسای گشتیی ئینگلیزییەوە سنووردارکراوە، دادگاكان لە روانیندا بۆ دۆزەكان دەقە راشكاوەكانی دەستوورو حوكمەكانی پێشترو نەریتەكانی یاسای گشتیو سیاسەتی گشتیش بەهەند وەردەگرن. بەمجۆرە سیستمی ئەمریكی لەیاسادانانەدا لە بنچینەدا پشتبەستە بە دەسەڵاتگەلێكی ئاڵۆزو بەیەكداچوو، ویلایەتەكانو دەستوورەكانیشیان لە سیستمێكی فیدراڵدا بەرقەرار كراونو كۆنگرسو سەرۆكو سیستمی دادگا فیدرالیەكان كۆنترۆڵیان دەكەنو دواجاریش دەستوور سنووریان بۆ دادەنێت.

## بڕیاردان بەشێوەیەكی دیموكراتی

خەڵكی ئەمریكا مێژوویەكی درێژخایەنیان هەیە لەپابەندبوونەوە بە یاساكانی وڵات. لە بەشێكیدا، ئەم پابەندبوونە خۆویستانەیەو دەرەنجامی نەریتی رەخساندنی هەلی بەشدارپێكردنی زۆرینەی هاوڵاتیانە لە پرۆسەی یاسادانان لەسەر زۆرینەی ئاستەكاندا. وێڕای فرەكەلتووری لە ئەمریكادا. سیستمی سیاسی هەڵبژاردنە دیموكراتیەكانو دەستە نوێنەرایەتیەكانی یاسادانانو ئەگەری بەشداركردنی زۆرینەی خەڵكی لەو پرۆسەیەدا، هەلی بەشداربوونی خەڵكی ئەمریكای لە یاسادانانەدا رەخساند، هاوكات متمانەی سەقامگیربوونی مافەكانو مافی

خاوەنداریّتی پیّبەخشیّ. گەرچی بەدریّژایی سەردەمەکان پیّناسەو پاراستنی تەواوی مافەکان جیاوازیان هەبووە، بەلاّم لەمرۆشماندا هەر خەلّکی یاسا دادەنیّن لە هەر کویّیەك بن، چونکە دەرك بەوە دەکەن کە پاریّزگاریکردن لە کۆمەلّگەیەکی باش ریّکخراو بەر لە هەموو شتیّك بایەخی تاکە کەسی دەخوازیّت بە پرۆسەی بڕیاردان لە شیّوە دیموکراتیەکەیدا، کەواتە، بنەما سەرەکییەکانی یاسادانان لە شیّوە دیموکراتیەکەیدا لە هەر کویّیەك بیّت، دەبیّت بریتی بیّت لە رەزامەندی رەعیەتو بەشداریکردنی گەل لە هەموو ئاستەکاندا لە یاسادانانددا، ویّڕای دەستەبەرکردنیّکی کراوەی گەیشتن بەنیّوەندەکانی یاسادانو بەچاوپۆشی ئەوەی ئەم پرۆسەیە بە دەنگدان بکریّت یان بە داخوازیو سکالاّی دادگایی تۆمارکردنو پیّداچوونەوەی قەزایی بۆ یاساو ریّساو سیستمە ئیداریەکانو کارەکانی دەسەلاّتی جیّبەجیّکار، یان بەپشتبەستن بە بنەما سەرەکیەکانی دەسەلاّت. کەهەلومەرجو هاوسەنگیەکانی دەگریّتەوە کە لە دامودەزگاکانی دەسەلاّتو فۆرمی کۆماریی حوکمو هەلّبژاردنە دیموکراتیەکاندا کاردەکات.